# گفتوگۆ لەگەڵ

# ئەدۆنیس

## منداڵی، شیعر، تاراوگە



وەرگێڕانی: ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

## منداڵی، شیعر، تاراوکە

# گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس

سازدانی

صەقەر ئەبو فەخر

لە عەرەبییەوە

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

ناوی کتێب:گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس
سازدانی: صەقەر ئەبو فەخر
وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
بابەت: گفتوگۆ
تایپ: ڕێگای کوردستان
دەرهێنانی هونەری: شێروان خدر
تیراژ: 500 دانە
ژمارەی سپاردن : 445 ی 2001
ئۆفسێتی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

www.sardam.net

# ئەو شاعیرەی
# بە ناو مەلەکووتی با دا سەفەر دەکات

ناوی (عەلی)یە..هەروەها ناوی (ئەدۆنیس)ە.

نە ناوی یەکەمو نە شوێنی لە دایکبوونی یەکەمی هەڵنەبژاردووە، بەڵام بۆخۆی ناوی دووەمی هەڵبژاردووە. هەروەك بەیرووتی وەك شوێنی دووەمی لە دایك بوونی شیعریی هەڵبژاردووە.

ئەو کوڕیژگەیەی لە نێوان دار زەیتوونو شەتڵەکانی تووتنندا لە دایك بووە کە پاشان گوندەکەی خۆی جێهێشتووەو لە نێوان شیعرو ئەوینو سیاسەتو شۆڕشو شارەکاندا گەشتی کردووە، تا ئێستاش گەڕۆکێکی ئاوارەیەو کەشتییەکەی لە کەناری هیچ بەندەرێکدا لەنگەری نەگرتووە.

شیعر لەلای ئەو تەقینەوەیەکی بەردەوامە لە زەمەنێکی بەردەوامدا، شیعر گەشتێکە بەرەو هەرێمەکانی (نادیار) تا شاعیر ئەو شتانە کەشف بکات کە نازانرێن نەك وتنی ئەو شتانەی دەزانرێن، شیعر هەوڵێکە بۆ وتنی ئەو شتانەی زەحمەتە بوترێن.

وەك قەدیسێکی بەربەری یان وەك پێغەمبەرێکی دەرکراو یان وەك خواوەندێکی دوورخراو، جارێکیان بەخۆی گووت: (عەلی، تۆ ویستت شتی کاتیو تێپەڕیو بە گەوهەر بکەیت) پاشان چووە ناو سەرچڵییە سیحریو ئاڵۆزو سەختەکەیەوە. لەو بیابانەدا ئاگرێکی کردەوەو لەو دەشتە چۆڵەدا شیعری خوڵقاند.

ئەمە ناوەکەیەتی. ئەوە (عەلی)یە کە مانای شیعری گۆڕی، لەسەر دەستەکانی ئەودا قەسیدە بوو بە دۆزینەوەو کردنەوەو بوو بە ڕم.

***

لە گوندی (قصابین) لە دایك بووە، ئەو گوندە قەشەنگەی دەكەوێتە باكووری سوریا و بە درێژایی سالٚ دار زەیتوونەكان سەوزن، شەتڵەكانی توتنیش لە وەرزی بەهاردا لەگەڵ رەنگی سەوز شەپۆل دەدەن.

عەلی لەم گوندەداو لە نێو گەڕەكە قوڕاوییەكانی و لەناو ماڵە تۆزاوی و لاڵەكانیدا ژیاوە كە (جگە لە نا ئامادەیی شتێكی تر راناگەیەنن). لەو ماڵە كش و ماتانەدا تەنیا دووكەڵ ئاماژەیە بۆ بوونی ژیان. شەوە درێژەكانی زستان بۆ زەمكردنی زەمەن و خوێندنەوەی شیعرو گێڕانەوەی بیۆگرافیا و باسكردنی وەرزە بە پیت و وەرزە نەهاتەكانە، دیسان باسی جنۆكەو عفریت و بوونەوەری دڕندەو خوراف و ناوهێنانی مردووەكان و گێڕانەوەی خەونە ترسناكەكانە.

عەلی لە سەرەتای تەمەنیدا بەردەوام لە ژێر ئەو درەختە كۆنەدا شیعری دەووت كە لقەكانی بەسەر ماڵ و سەكۆكەدا راخرابوون، لەوێدا (عەلوشی) شوێنێكی بۆخۆی بینا دەكردو، بۆ خوێندنەوەو وتنی شیعر خۆی جیا دەكردەوە. لە منداڵییەوە شەیدای سیحری ئەم و مژو وشەی نامۆ بوو. بۆ ماوەی چەندین كاتژمێر بە بەرد گەمەی دەكرد، شێوەی جۆراو جۆری دروست دەكردو پاشان دەیڕماندن و دروستی دەكردنەوە، كاتێكیش دایكی لێی دەپرسی: عەلوشی چی دەكەی؟ دەیووت: (مام عومەر پاپۆڕێكی حەكیمە)، كەس نەیدەزانی مەبەستی لە (پاپۆڕی حەكیم) چییە، ئەو تا ئەوكاتە پاپۆڕو ئۆتۆمبیلی نەبینیبوو. (خالیدە سەعید، چەند لاپەڕەیەكی تایبەتی لە بیۆگرافیایەكی گشتی، پاشكۆی ئەدەبیی رۆژنامەی (النهار) بەیرووت–1996/10/19).

منداڵیی ئەدۆنیس نهێنییە، وشەكانی سیحرن، قەسیدەكانی رمن، لە كتێبی (فاتحة لنهايات القرن)دا دەڵێ: (ئەم جیهانە، زیندانە. ئەركی یەكەمی هونەرمەند ئەوەیە دیوارەكانی ئەو زیندانە بڕوخێنێ)، ئەدۆنیس هەوڵیدا دیوارەكانی ئەو زیندانە بەرمی قەسیدەكانی كون كون بكا، هەوڵیدا شتەكان بڕووخێنێ و سەرلەنوێ

بنیاتیان بنێتەوە. ئەدۆنیس ئەوەی کەشف کرد کە لێرەدا بۆ گۆڕینی جیهان دوو ئاست هەیە: یان بە سیاسەت، یان بە هونەر. سیاسەت ڕاستەوخۆ جیهان دەگۆڕێ، بەڵام لەم گۆڕینەدا ڕووی زەوی دەشێوێنێ و شەقار شەقاری دەکا، کەچی هونەر ئەم جیهانە بنیات دەنێتەوەو جوانتری دەکا. کاتێکیش مرۆڤ لەناو چێژو ڕەونەقی ڕوئیای هونەریدا دەژی، ئەوسا خۆیشی دەگۆڕێ، کە خۆیشی گۆڕا، ئەوسا کار لە واقیع دەکاو ڕووە ناشیرینو دزێوەکانی دەسڕێتەوە، بەم مانایە هونەر دەتوانێ شت بگۆڕێ بەڵام لە دوای گەڵاڵە بوونو پێگەیشتنێکی دوورو درێژ.

***

ئەدۆنیس کاتێ لە سووریا دەرکەوت نەزار قەبانی زۆر بە توندی ڕەتابەتی شیعری تەقلیدیی دەلەرزاندو شوێنگە جێگیرەکانی لەق دەکرد.

لەو ساتانەدا بدوي الجبل وعمر ابو ريشة وسليمان العيسى ونديم محمد تێدەکۆشان شوێنو پایەی قەسیدەی کلاسیکی بە میسراعەکانیەوە بگەڕێننەوە، ئەو شیعرەی بە مەرگی بدوی الجبل ئەویش مرد. دەشێ مەرگی عمر ابو ریشەو محمد مهدی الجواهریو مستەفا جەمالودین گەواهیی نەمانی قۆناغێکی تەواوی شیعری عەرەبی بن.

ئەدۆنیس پڕیشکی تازەگەریی هاوچەرخی لە شیعری عەرەبیدا وەشاند، مەزەندەی ئەدۆنیس دەست لە ملانێی خواستەکانی بوو بۆ ئازادیو گۆڕانو داهێنان. هەر لە سەرەتاوە پێی وابوو ڕۆشنبیری تەنیا بەکارهێنانێکی نوێ نییە بۆ زمان بە قەدەر ئەوەی نوێکردنەوەی زمانە. بەم مانایە، مەعریفەو تازەگەری، تێکۆشانە، واتە، مەعریفەو تازەگەری ئامانجێکی بنچینەییان لە تەفسیرکردنی دنیا یان ژیان یان مرۆڤدا هەیە، ئەویش: گۆڕینی دنیا و ژیانو ئینسانە. (ئەدۆنیس، گۆڤاری-مواقف-، پێشەکیی ژمارە (1)، تشرینی یەکەمی ساڵی 1968).

ئەدۆنیس لە ئەزموونی شیعرییدا بە پێنج سەرچاوە کاریگەربووە:

1– شیعری کلاسیکیی عەرەبی، بە تایبەتی موتەنەببی و ئەبوعەلای مەعەڕی و ئەبونەواس.

2– بزوتنەوەی سۆفیزم و فیکرو خەونەکانیان، واتە بە نووسینی سۆفیزم کاریگەر بووە نەك بە شیعری سۆفی.

3– فیکری یۆنانی، بە تایبەتی هیراکلیتس–ی فەیلەسووف.

4– فەیلەسووفی ئەڵمانی فریدریك نیچە بە تووڕە بوون و ڕەتکردنەوە و یاخی بوونەکانیەوە.

5– مەعریفەی زانستی و بیرکردنەوەی زانستییانەی هاوچەرخ.

بەبێ شارەزاییەکی زمانەوانی و ئەدەبیی قووڵ و بەبێ ڕۆشنبیرییەکی چەسپیو لە مێژوو و کەلەپوورو سۆفیزم و چێژێکی جوانی شیعری، زەحمەتە بتوانی بچیتە ناو سەرکێشیی شیعریی ئەدۆنیس و بەناو کەشە بەنێویەکداچووەکانی قەسیدەو ئاسۆ بێکۆتاییەکانیدا شۆڕبیتەوە، ئەمە جگە لە پشت بەستن بە مەعریفە تیۆری و فیکرییە هاوچەرخەکان، چونکە دنیای شیعریی ئەدۆنیس هەندێ جار چڕە وەك عەتر، هەندێ جاریش نەرمە وەك هەور.

دنیای شیعریی ئەدۆنیس لەیەك کاتدا فرەدەنگ و فرە ئاستە، وەك چینە جیۆلۆجییەکان بەسەر یەکدا ریزکراون، چینێك چینێکی تر ناسڕێتەوە، بەڵکو هەر چینێك لەسەر ئەوەی پێشوو بیناکراوە و دەبێتە سەرەتایەك بۆ چینەکەی دواترو دەبێتە دامەزراندنی تەقینەوە و هەڵقووڵینێکی نوێ.

ئەدۆنیس ئەزموونە شیعرییەکەی لە کۆتایی چلەکاندا دامەزراندووە، لەگەڵ نزیك بوونەوەی ساڵی 1954دا قەسیدەی (بۆشایی)ی بەسەر خەڵکیدا بڵاوکردەوە کە ئەوکاتە بە نیشانەیەکی دیارو جیاوازی ئەزموونی شیعریی ئەو دادەنرا، ئەم

قەسیدەیە مژدەی شاعیریەتێکی دیارو هەستیارییەکی شیعریی جیاوازی راگەیاند، کەچی پرۆژە شیعرییەکەی هەرگیز تەواو نەدەبوو، چونکە روانینی شیعری لای ئەدۆنیس بازنەیەك نییە تا چێوەکەی بەسەر خاڵە ئەسڵییەکەیدا دابخات، بەڵکو ئاسۆیەکە کۆتایی نییە، فەزایەکی کراوەیە بەسەر پلورالیزمی خوێندنەوە، قەسیدە لەلای ئەو لە فەزایەکی تەماویی بێکۆتاییدا گەشە دەکات، قەسیدە تەقینەوەیەکی گڕدارە، بروسکەی سەرسوڕهێن و گەردەلوولی سەرکێش و زمانی بە پیت و خەونی جوان بە گشت لایەکی ئەو فەزا تەماوییەدا دەتەقێنێ.

ئەدۆنیس هەر لەو کاتەی لە ساڵی 1957دا شیعری (البعث و الرماد)ی بڵاوکردەوە، روخساری نوێکردنەوەی لە شیعرەکانیدا جێگیرکرد، بەڵام شیعرە جوانەکانی پتر لە کۆمەڵە شیعری (اغاني مهيار الدمشقي)دا روونتر دەرکەوتن، لە شیعرەکانی ئەم دیوانە شیعرییەدا زمان بوو بە هێمایەك و چیدی ئەو زمانە گەیاندنێك نەبوو بەبێ رەوانبێژی یان رەوانبێژییەك کە ناگات. لەسەر دەستەکانی ئەودا زمانی شیعری لە چەند موفرەدەیەکی ریزکراو یان چەند دەستەواژەیەکی ریزکراو یان ئاخاوتنی ریزکراو، گۆڕاو بوو بە شیلەی ئاخاوتنی نووسراو..شیعری پاکژو دڵۆپێنراو، بەڕاستی، لە دیوانە شیعری (مفرد بصيغة الجمع) بەروونی دەرکەوت، لەوێدا قەسیدە کۆمەڵێ پیت نییە چاو بیانبینێ، بەڵکو عەتری گوڵاوێکە وەك چرپە دەچێتە نێو خانە و کونیلەکانی هەستەوەو زۆر بەهێمنی درزە دەکاتە نێو دڵەوە. لەگەڵ ئەوەی کەسێ بەرێگەکانی (الكتاب: امس المكان الآن)دا بڕوات دەبێ هەوڵێکی زۆر بۆ تێگەیشتن بدات، بەڵام شیعر لەوێدا وەك فرمێسکەکانی سپێدەی گوندەکەی، (قصابين)، پاکژو خاوێن بوو.

***

هەمیشە بیرو هەڵوێستەکانی ئەدۆنیس ناکۆك و جیاواز بوون، لە گۆڤاری (شیعر)و لە پەخشانە شیعریشدا هەروابوو، لە هەڵوێستیشدا بەرامبەر مێژووو کەلەپوورو تازەگەری و سەردەم و سیاسەت جیاوازو ناکۆك بوو. ئەگەر چی فیکرو هەڵوێستەکانی ئەم شاعیرە رووناکبیرە، بەهۆی هێزی بەربڵاوییان، بوون بە دەسەڵاتێك، بەڵام ئەو بەردەوام خۆی لەوە دەپاراست وەك سوڵتانێك قسە بکات یان وەك کەسێ وەڵامەکان پێشکەش بکات، ئەو بەردەوام پرسیاری گرنگ و تیژبین دەخاتە روو، پاشان بە گەڕان و توێژینەوەو شیکردنەوەو وەك خاوەن روئیایەك دەچێتە نێو قوڵایی پرسیارەکانەوە، لە کێشمە کێشی ئەو کۆششانەدا دەبینی بە چەندین وەڵامی نائاشکراو بەبێ تەفسیلێ رۆشناییەك دەدا، یان وەك قەدیسێکی بەربەری کە لە دەشتاییە چۆڵەکانی زەمەندا کۆچ دەکا، دادەگیرسێ، یان وەك ریبێنێکی کۆنی وەسەنی بە بێدەنگی دەدرەوشێتەوە.

ئەو کاتەی کتێبی (الثابت و المتحول)ی بڵاوکردەوە، قیرەو هەرایەکی زۆری نایەوە کە تا ئێستاش تەپ و تۆزەکەی نەنیشتۆتەوە، قیامەتی دنیای کۆنی لەسەر هەستایەوەو بوونەوەرە ئەشکەوتییەکانی لێ راست بوونەوە، هەروەها چەند کەسێکی پێشکەوتنخوازیش بەڵام بێ ئەوەی نیەتێکی خراپیان هەبێ. هەندێ لە کومونیستەکان وەك حسین مرووەو مەهدی عامل هێرشیان کردە سەری و بە هیگڵیزم تاوانباریان کرد، هەندێ لە رۆشنبیرە ناسیونالیستە سوورییەکانیش تۆمەتی کۆمونیزمیان خستە پاڵی، ئیسلامییەکان بەرەنگاری بوونەوەو جارێك بە مارکسیزم تۆمەتبارانیان دەکردو جارێکی دی بە ناسیونالیستی سووری. ئەو هێرشانەی لە هەموو لایەکەوە بەسەریدا دەکران لە راستیدا ئەوەی دەسەلماند کە ئەدۆنیس رووناکبیرێکی دیالێکتیکی و عەقڵانیی تەواو سەربەخۆیە لە ئایدیۆلۆژیا و عەقیدەو مەزهەبەکان. ئەوەی لەلای ئەدۆنیس جێگیرو بێ بزاوتە رژێمی عەرەبییە بە گشت

دامەزراوە جێگیرەکانی و بە دەزگا زگماکییەکانی و بەرەگەزە پێکهاتووەکانی، ئەم رژێمە بە شێوەیەکی ئۆرگانی پابەندی ئاینی و تەئویلی دامەزراوی ئاینیە، بەڵام تەنیا ئۆپۆزیستو پەراوێز کراوەکانن گیانی گۆڕانو بزاوتیان تێدایەو خەمۆکیی ئەم گەردوونەو دزێویی ئەم پێکهاتەیە رەت دەکەنەوەو دەڕواننە ئاسۆکانی چۆنیەتیی گۆڕینی دنیاو دامەزراندنی جوانییەکی نوێ لە ژیانو کۆمەڵدا، ئەوەی یەکەم هێزی هەژموونو ستەمگەرا دەنوێنێ، دووەمیان هێزی نوێکردنەوەو دادپەروەری دەنوێنێ. ناولێنانی جێگیرو بگۆڕ (الثابت و المتحول)یش، وەك خۆی دەڵێ، جگە لە زاراوەیەك کە قابیلی راڤەو روونکردنەوە نییە، شتێکی تر نییە، جێگیر هەمیشە بە جێگیری نەماوەتەوە، بگۆڕیش بەردەوام بگۆڕ نەبووە، بەڵکو لە نێوان ئەم دوو رەگەزدا بەردەوام گۆڕینی شوێنو جەدەلێکی قووڵ هەبووە، بەڵام ئەو جەدەلە زۆر جارو بە تایبەتی لە وەرچەرخانە مێژووییە یەکلاکەرەوەکاندا نەبووەتە هۆی بەرپاکردنی گۆڕانکاریی رادیکاڵی کە بەرەو تازەگەری بچێ، چونکە کۆمەڵگەی عەرەبی لە جەوهەردا لەسەر فیکرو بەهاو بونیادی دژ بە تازەگەری راوەستاوە، لەبەر ئەوە نوێکردنەوەی کۆمەڵگەی عەرەبی، بە شۆڕشێکی رەگو ریشەیی، تا ئەندازەیەکی زۆر مەحاڵ بووە.

پاسەوانانی نەواویسە (1) کۆنەکان بەوەندە نەوەستان هێرش بکەنە سەر ئەدۆنیس، بەڵکو جوقێك لەو خوێندەوارانەی رۆژێ لە رۆژان نەیانتوانیوە قودرەتی خۆیان لە رۆشنبیریو داهێناندا بسەلمێنن، بە روویدا وەستان، بگرە ئەوانە توانای خۆیان لە موبارەك کردنی دەرگاکانی حاکمەکاندا دەرخستووە، ئەوانە هیچ رۆژێ رۆشنبیری رەخنەگر نەبوون لەگەڵ زوڵمەت شەڕ بکەنو لە دژی زاڵم هانی خەڵکی بدەن، بەڵکو ئەوانە نەعلی سوڵتانەکانی ئەم نەتەوەیە بوون، لە دەفری ئەوان دەخۆنو بە شمشێری ئەوان شەڕ دەکەن. لەم کوێربوونە گەورەیەی کە جیهانی

عەرەبیی تەنیوەو پاش ئەوەی کردەوە پڕ لە شوورەییەکانی عەرەب-کە ژمارەیان ئێجگار زۆرە-بەو ریسواییە گەورەیە تەواوکرا کە هەمووان بەرەو خۆ بە دەستەوەدانێکی مێژوویی بە دوژمنە مێژووییەکان رۆیشتن، لە پڕ هەندێ لەو کەسانەی وەهمی ناسیونالیزمێکی شکست خواردوویان هەبوو.خورافەی ئاساییکردەنەوەی بارودۆخ (تطبیع)یان (2) دەکرد بە بیانوویەکی لاواز تا لەوێوە تیرە پیسەکانی خۆیان بهاوێژن. ئەمڕۆ (تطبیع) بووە بە تۆمەتێکی ساکار لە لایەن کەسانێکەوە لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکان بە رۆشنبیرییەوە نییە.


ئەدۆنیس بەر لە کۆنگرەی غەرناتەی ساڵی 1994، یەك قسەی لەبارەی تەتبیع نەکردووە، ئەو وای دەبینێ تەتبیع لە نێوان عەرەبو یەهوددا پەیوەندی بەمەوە نییە، ئەمە زۆر لە مێژە لە ئاستی دەقی قورئانیو دەقی تەوراتیدا هەبووەو هەیە، تەتبیع لە ئەسڵدا لە مێژووی ئایینیی هەردوو کۆمەڵەی ئیسلامیو یەهودیدا هەیە. سەرباری ئەوانەش ئەدۆنیس دژی تەتبیعە بەو مانایەی ئەمڕۆ باس دەکرێ، هەڵوێستی ئەدۆنیس لە بەرامبەر تەتبیع بۆ ئەو کەسانە زۆر روونو ئاشکرایە کە دوو گوێیان هەیەو دەبیستن، کە دوو چاویان هەیەو دەخوێننەوە. ئەو تەنانەت لەناو یەك زمانیشدا دژی تەتبیعە. تەتبیع، بەڕای ئەو، گۆڕستانی زمانە، ئەی ئیدی ئەم حاڵە لە نێوان دوو زمانو دوو رۆشنبیریدا چۆن دەبێ. (رۆژنامەی (السفیر)-1996/3/12).

***

ئەدۆنیس بەهیچ جۆرێ هەوڵ بۆ پاداشتی نۆبڵ نادات، ئەو بۆ شتێکی تر هەوڵ دەدات: بۆ نووسینێکی جیاواز.

لێرەدا رێگە بەخۆم دەدەم بڵێم نۆبڵ شایستەی ئەوەیە خۆی هەوڵ بدا بگاتە ئەدۆنیس، ئەم شاعیرە سۆفیو یاخییە هەمیشە وەك نەیزەکێکی نامۆ دەرکەوتووە کە لە هەسارەیەکی نەزانراوەوە کەوتۆتە خوارێ.

لە بەیرووت، لە نێوان ماڵەکەی-کە نزیکە لە کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی لوبنانی-و قاوەخانەی بای رۆك لە (رۆشه)دا، ئەو کاتەی بە هەندێ لە شیعرەکانی ئەدۆنیس روخساری پیس بووی ئەم جیهانەم دەشوشتەوە، ئەم گفتوگۆیە دروست بوو.



# بەشی یەکەم:

# منداڵی و لادێ

# * سۆزی گەڕانەوە بۆ منداڵی جۆرێک لە خەبات دژی مەرگ دەشارێتەوە

# * لە راستیدا ئێمە (شار)مان بە مانای وشە نەبووە، ئێمە کەڵەکەبوونی خانوو و کۆمەڵبوونی بەشەرمان هەبووە

## منداڵیو لادێو هەوەڵین موچڕکەکان

* لە کۆمەڵە شیعری (قصائد اولی)دا(3) قەسیدەی (صلاة الی الضیعة) و (اغنیة الی الطفولة)ت نووسیوە. ئێستاش لەم تەمەنەدا هاوین لە گوندەکەی خۆت (قصابین) (4) بەسەر دەبەیت، ئاخۆ بە دەنگ بانگێشتی منداڵییەوە دەچی؟ چۆن سۆزی گەڕانەوەت بۆ شوێنی یەکەم راڤە دەکەیت؟

– سۆزی گەڕانەوەم بۆ منداڵی جووتە نییەو دوو رووی هەیە: رووی یەکەم سۆزی کەسێکە هەرگیز منداڵیی خۆی نەژیاوە، بگرە سۆزی کەسێکە هەستی بەوە کردووە لە سەرەتاوە وەك پیاوێك لە دایك بووە.چونکە من هەر لە منداڵییەوە لە کێڵگەدا کارم کردووەو لەگەڵ کەسو کارمدا زەیتوونم لێ دەکردەوە. لە منداڵیمدا یەکسەر وەك یەکێ کاری کشتوکاڵی دەکا، پیربووم. لەبەر ئەوە هەستم بە منداڵیی خۆم نەکردووە وەك چۆن منداڵانی دی خۆبەخۆ هەستی پێدەکەن. کەواتە سۆزی گەڕانەوەم بۆ

منداڵی سۆزو تاسەی کەسێکە ئەو منداڵێتییە نەژیاوە کە منداڵانی ئەمڕۆ تیا دەژین. یان ئەو جۆرە ژیانەی منداڵانی خەڵکی تر بە شێوەیەکی ئاسایی دەژین، رووی دووەمی ئەو سۆزە جووتەنییە سۆزو تاسەی کەسێکە بۆ یەکجاری منداڵیی لە دەستداوە، وەك ئەوەی تەنیا یەك جار شتێکت دەدرێتێ و پاشان بە یەکجاری ونی دەکەیت بێ ئەوەی بتوانی جارێکی تر بە دەستی بهێنیتەوە. لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەم لە لایەك بە خەیاڵ (منداڵی)م بگەڕێنمەوە، لە لایەکی تر تا کەشفی بکەم چۆن دەژیام. لەو باوەڕەدام (پیرێتی) جۆرێکە لە (منداڵی)ی دووەم.

بەڵێ لێرەدا سۆزێکی جووتەنی و لە دەستدانێکی جووتەنی هەیە، لە هەمانکاتدا جووتەنیەکی تریش هەیە کە بریتییە لە هاوتایی و هاوجووتی پیرێتی لەگەڵ منداڵی، پیرێتییەك خەیاڵی منداڵی دەکا بۆ ئەوەی وەك ئیلهامێك بەکاری بێنێ یان لە میانیدا شتێك بنووسێ، کەواتە لێرەدا جۆرێك لە سۆز (حەنین) هەیە کە تەنیا بریتی نییە لە هاوجووتی و بە یەکگەیشتنی پیری و منداڵی، بەڵکو ئاشتبوونەوەشە، لە شوێنێکدا دەڵێم: (با ئەم پیرییەت ئەو منداڵییە بێ کە لە دەستت داوە).

خاڵێکی تر هەیە دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم ئەویش ئەوەیە: زۆر گرنگە مرۆڤ بتوانێ بە سەلیقەی خۆی ئەو مەسافەیە بدۆزێتەوە کە لە نێوان رابردوو و ئێستادا، بە هەموو گرفت و ئاڵۆزییەکانییەوە، بڕیویەتی. لەو باوەڕەدام ئەم خاڵە یەکێکە لەو مەسەلە گەورانەی هەریەکێ لە ئێمە ونی دەکا، چونکە حەنین بۆ رابردوو کە بەردەوام لە کولتوری ئێمەدا هەیە، حەنینە بۆ فیکر، حەنینە بۆ شتە هاوبەش و گشتییەکان، کە چی ئەم جۆرە کەشفکردنەی خود لە کاروانی دوورو درێژیدا و لە سەرەتاوە تا ئەوەی پێی گەیشتووە، لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا، زۆر کەم و دەگمەنە، بۆیە پێم سەیرە چۆن ئەدەبی دانپیانان و ئەدەبی بیرەوەری و ئەدەبی درکاندن لەلای ئێمە باو نەبووە. پاشان من لەو باوەڕەدام سۆزی گەڕانەوە بۆ منداڵی جۆرێك لە خەبات دژی مەرگ

دەشارێتەوە، چونکە ئەمە چەکێکی ترە بۆ رووبەرووبوونەوەی مەرگ و سوککردنی. لە راستیدا منداڵی مەسەلەیەکی زۆر شەخسییەو کەسێك بەشداری منداڵیی کەسێکیتر ناکات، کەچی مەرگ شتێکی ناچیزەیەوگشتیە بۆ هەموو کەسێ.

* کەواتە منداڵیت بە تەفسیلە جوان و رەونەقدارەکانیەوە نەژیاوی. ئەو کاتەی لە گوندەکەتانەوە هاتوچۆی قوتابخانەت دەکرد، ئایا لە رووباری نزیك گوندەکە دوچاری خەتەری مەرگ بوویت؟(5) ئاخۆ ئێستاش حەنینت بۆ قمبازو کولەکەو شەتڵی تووتن هەیە؟

– بێگومان.. بێگومان. ئەمە واتە پرسیارەکەت لە گشتیەوە گواستەوە بۆ تایبەتی و بۆ بەشە بچووکەکان. من وای دەبینم"قمباز"(بە داخەوە ئێستا زۆر کەم بەکار دەهێنرێ)و کولەکەو شەتڵی تووتن و گشت شتە رۆژانەییەکانی ئەو کاتە، کۆمەڵێ رەگەزی بنچینەیین لە پێکهێنانی منداڵیدا، دەتوانم بڵێم ئەمانە جۆرێکن لە نووسین، بگرە جۆرێکن لە نووسینێکی شێوە جێگیر تا ئەگەر بشگۆڕرێن، کولەکە نووسینێکی سروشتییەو ماوەتەوە، ئەگەر هێڵی یەکەمیش بمرێ هێڵەکانی دی دەمێنن. ئەو رەگەزانەی کە بریتین لە نووسینی سروشت بەشێکی بنچینەیین لە منداڵی، بۆیە هەمیشە شەیدای ئەو رەگەزانەم، کاتێکیش دەچمە لادێ هەوڵ دەدەم لە ناو ئەو شتە بزربووانەدا بژیم، ئیدی قسەیان لەگەڵ دەکەم و جلوبەرگی قمباز دەپۆشم و بەو رێگایانەدا پیاسە دەکەم پێشتر بە منداڵی بە سەریاندا رۆیشتووم. بە بێ ئەو رەگەزە بنچینەییانە وا هەست دەکەم ئەو تابلۆیەی تیایدا دەجووڵێمەوە تابلۆیەکی ناتەواوە. پاشان تێکەڵ کردنی ئەم شتانە بەرەهەندی مێژوویی چەند رەگەزێکی یادوەریی میللیش دەنوێنن، من ناتوانم بۆ نموونە دار زەیتوون بێنمەوە بەر زەینی خۆم تەنیا لە سیاقی خۆیدا نەبێ، واتە لەگەڵ خەڵکی. لێرەدا بیرهێنانەوە تێکەڵ کراوە بە ژیانی مرۆڤ. کاتێ قمبازم بیردەکەوێتەوە لەگەڵیدا

گشت ئەو جوتیارانەم دێنە بەر چاو کە قمبازیان لەبەر بوو. ئەم شتانە هەر تەنیا کۆمەڵێ رەگەزی تایبەتی و شەخسی نین لکابن بە منداڵیی کەسێکی دیاریکراو بەڵکو دەبنە جۆرێك لە هێمای میللی و جۆرێك لە یادوەریی مێژوویی.

* وەك قوتابیەکی لادێیی لە قوتابخانەی(لاییك) لە تەڕتووس شەرواڵ و قمبازت لەبەر دەکرد. ئایا هەستت بە جیاوازیی چینایەتی یان زوڵمی چینایەتی یان هەستت بە شەرم نەدەکرد؟

– ئەو راستییەی ئەمڕۆ پێی سەرسامم، ئەوەیە کاتێ پەیوەندیم بە قوتابخانەی (لاییك) کرد، هەستم بە هیچ جۆرە شەرمێك نەکرد، بگرە بە پێچەوانە هەستم بە جۆرە فیزێك و بە گەشانەوەیەکی گەورە کرد، هەستم بە جۆرێك لە تەئکیدی شوناس کرد وەك جوتیارێکی هەژار کە بە هۆی کەم دەرامەتیی خێزان و لەبەر چەند هۆیەکی بابەتیی دیکە نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانە، لەو کاتەدا قوتابخانە لە لادێکاندا نەبوو، نزیکترین قوتابخانە سەعاتێك بەپێ دوور بوو کە ئەمە ئەو دەمی لە قوتابخانە دەگمەنەکان بوو. چوونم بۆ گرنگترین قوتابخانەی بیانیی ئەو سەردەمە، واتە قوتابخانەی (لاییك)، بە جل‌وبەرگی قمبازەوە، هەستی جۆرێك لە تەئکیدی شوناسی لەلا خولقاندم، ئەو حەقیقەتەی لەلا پتەو کردم کە جوتیاریش دەتوانێ لە نیشتمانەکەیدا بگاتە بەرزترین شوێنی مەعریفی، ئەمە وای لێکردم هەست بە جۆرە کبریا و لە خۆبایی بوونێك بکەم. ئەگەر ئەوسا قمبازم فڕێ بدایەو یەکسەر لەگەڵ ئەو کەسانە خۆم بگونجاندایە کە جل‌وبەرگی مەدەنییان دەپۆشی، لەو باوەڕەوەدام هەستێکی ترم دەبوو.

بیرم دێ ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار پانتۆڵم لەپێ کرد، پێم وابوو شوناسەکەم گۆڕرا، بە تایبەتی لە پێ کردنی پانتۆڵ چووە ناو سەمتێکی تری جل و بەرگەوە کە شارەزاییم لێی نەبوو، هەستم بە جۆرێ لە دوو دڵی و ون بوون کرد، چونکە ئەوە

یەکەم پانتۆڵ بوو لەپێم کردوتایبەت بۆ من نەدوورابوو، واتە من خۆم نەچوو بووم بۆ لای بەرگدروو تا بە گوێرەی قیاسی خۆم بۆم بدوورێ بەڵکو کەسێکی تر بۆی ناردبووم، پانتۆڵەکە کەمێك فش و پان و پۆڕ بوو، بە ئیرادەی خۆم رەنگ و شێوەکەیم هەڵنەبژاردبوو، واتە بە زۆرەملێ پانتۆڵی یەکەمم بەسەردا سەپێنرا، دەشێ لەو ساتەوەختەوە رقم لە جل و بەرگی مەدەنی بووبێتەوە کە تەنیا لە هەندێ حاڵەتی تایبەتی لەبەری دەکەم، من ناتوانم قاتێکی تەواو بە بۆینباغەوە لەبەر بکەم، زۆر کەم نەبێ بەرگەی ناگرم.

لەلایەکی تر، هەستی جیاوازیی چینایەتیم نەبوو، بگرە نەمدەزانی وشەی (چین) مانای چییە. زیرەکی و زانست و رەوشت جیاوازیی نێوان یەکێك و یەکێکی تر بوو، ئەمانە پێوەری جیاوازی بوون، پایەی کۆمەلایەتی و سامانی ماددی پێوەر نەبوون، مومکین بوو ئاماژە بۆ کەسێ بکرێ کە دەوڵەوەندەو ئاماژە بۆ کەسێکی تر بکرێ کە هەژارە، بەلام ئەوەی کە فلان کەس دەوڵەمەندو فلانە کەس هەژارە هیچ کاریگەرییەکی لە پلەی رۆشنبیری و ئەخلاقیدا نەبوو، گرنگ ئەوە بوو کەسێ رەوشتێکی جوانی هەبێ و زیرەك بێ، دوای ئەوە دەوترا:(خودا رزقی داوەو پارەی پێبەخشیوە)، واتە پێوەری ئەوەی کەسێك لە کەسێکی تر یان توێژێك لە توێژێکی تر باشترە، بریتی بوو لە : زیرەکی و رەوشت. دەشێ بە هۆی ئەم کولتوورەوە بێ کە لەگەڵ ئەوەی بەڕاستی هەژاربووم کەچی هەستم بە چەوسانەوەی چینایەتی نەدەکرد، هەرگیز ئەو هەستەم نەبوو، لەوانەشە باوەڕم بەوە بووبێ کە ئەم حاڵەتە تەنیا چەند رێکەوتێکی مێژوویەو دەتوانم بە عەقڵ و زانیاری و رۆشنبیریم پلەیەکی شایان و گونجاو بگرم. کەواتە هەستکردن بە بوونی سامان و پارە تەنیا هەست کردن بوو بەوەی پارە دەتوانێ هەندێ شتی دیاریکراو بە مرۆڤ ببەخشێ بەلام ناتوانێ بەهای پێ ببەخشێ، لەبەر ئەوە هەستێکی وام هەبوو کە چانسی من لە ژیاندا

ئەمەیە، بەڵام دەبێ خەباتی من بەرەو گۆڕینی ئەو چانسە بڕوات تا چارەنووسێکی تر بۆ خۆم بخوڵقێنم.

* لەو باوەڕەدا نیم لادێ بە ئەسڵێکی پاکژو بە بەهەشتێکی ون بوو دابنێیت، یان پێت وابێ شار زەوییەکی پیس و بەدرەوشتە. ژیانی لادێ لە دنیای عەرەبیدا هەرگیز شایستەی سەرسامی نییە. شار چیی لێ کردوویت؟

– شار هەر تەنیا ئاسۆیەکی ترە، چونکە بەردەوام شارم بە ئاسۆی گوند دەبەستەوە، من دەمووت شار پلەیەکی ترە لەو ڕێچکەیەی دەمەوێ بیگرمە بەر. شار توانایەکی دیکەم دەداتێ، توانایەکی زیاترم دەداتێ بۆ کردنەوەی ڕێگاکەم، کەچی هەستێکی وام نەبووە شار لە ڕووی چۆنایەتییەوە جیاواز بێ لە لادێ، چونکە لە ڕاستیدا ئێمە (شار)مان بە مانای وردی وشەکە نەبووە، ئێمە کەڵەکەبوونی خانووو کۆمەڵبوونی بەشەرمان هەبووە، تەنانەت پێکهاتەی بەشەریی شار بە ڕێگەیەکی سەیر دابەش بووە: بەشێکی شار بۆ خێڵێکەو بەشێکی دیش بۆ خێڵێکی تر. لەو باوەڕەدام تا ئێستاش بەشی هەرە زۆری شاری عەرەبی بریتییە لەو کەڵەکەبوونەی نەیتوانیوە (شارێك) بنیات بنێ لەسەر پەیوەندیی پتەوی شاری دامەزرا بێ. پاشان ئەو بەرائەتە سروشتییەی لە گوندەکاندا هەیە ئەویش خەریکە پەرت دەبێ و نامێنێ، دەتوانم وێنای لادێکانمان لە گشت ناوچە عەرەبییەکاندا بکەم: ئەوانە نەشارن نە گوند، ئەمانە تێکەڵەیەکن شێوەو ئەدگارێکی وایان هەیە کە لەسەر سەقفی ئەو پەیوەندیو بەهایانە ڕیدەکا کە هیچ ڕیشەیەکی نییە. وای دەبینم ئەم حاڵەتە هۆیەکە بۆ ون بوونی کۆمەڵایەتی. بە کورتی شار لەلای من ئاسۆیەکە بۆ چەند ئیمکاناتێکی تر کە هەرگیز گوند ئەو ئیمکاناتە ناخاتە بەر دەست.



## بەشی دووەم:

# خزمەتی سەربازیو

# کۆچ بەرەو لوبنان

## * فیکری راستەقینە لە دەوروبەرێکی پڕ لە نەزانی یان لە ژینگەیەکی نافیکریدا گەشە ناکات
## * تا ئەمڕۆش نەمتوانیوە کرۆکی ئەو بێ نرخیو تێکشکانو دڕندەییە کەشف بکەم کە لە سەردەمی خزمەتی سەربازی تیایدا ژیام
## * تاک لە کۆمەڵگادا کەسێکی باشو دڵپاکە بەڵام رژێمو دەزگاکانی دەسەڵات تاکەکان دەشێوێنن و نیشتمان تێک دەدەن

کاتێ ئەدۆنیس هاوڕێیانی منداڵیی خۆی بیر دەکەوێتەوە، ئەوانەی ژیان لێی دوورخستنەوە، دەست بە گریان دەکا. لەم سەمتەدا ئەدۆنیس پێی وایە هاوڕێیەتی لە خۆشەویستیو ئەوین جوانترە، کەچی خۆشەویستی لای ئێمە قەدەغە کراوە چونکە بەکارکردی بارودۆخی گشتیی کۆمەڵایەتیو سیاسی شێوێنراوە.

ئەدۆنیس لەم بەشەی گفتوگۆکەدا دەچێتە نێو قووڵایی یادەوەریی منداڵییەوە، پاشان باسی گرنگیی فێر بوونی زمانی بیانی دەکاو لەو باوەڕەدایە فێر بوونی

زمانی بیانی زۆر پێویستە چونکە ئاماژە بۆ (ئەویدی)ێك دەكا كە دواجار ئەویش یەكێكە لە پێكهاتەكانی خود. ئەدۆنیس كۆمەڵێ یادگاریی جوانی لەگەڵ یەكەم فەرهەنگی فەرەنسیی خۆیدا هەیە كە بۆ فێر بوونی ئەو زمانە پشتی پێدەبەست، لەو كۆششە سەرەتاییەی سەردەمی منداڵییەوە ئێستا لە زانكۆكانی پاریسدا بە زمانی فەرەنسی وانە دەڵێتەوە. ئەدۆنیس دان بەوەدا دەنێ كە ئەگەر چی دەستپێشخەریی لە فێر بوونی زماندا كردووە كەچی هەرگیز لە فێر بوونی زمانی خۆشەویستیدا دەستپێشخەر نەبووە. لەم بەشەدا باسی پەیوەندیی نێوان خۆی‌و (خالیدە سەعید)ی خێزانی دەكا، ئینجا باسی جێهێشتنی دیمەشق‌و سەفەر بەرەو لوبنان دەكا پاش ئەوەی خزمەتی سەربازیی تەواو كرد، پێی‌وایە سەردەمی خزمەتی سەربازی ئەزمونێكی تاڵ‌و خراپ بووەو تا هەنووكەش ناتوانێ تێی بگات. هەروەها باسی بیرەوەرییەكانی خۆی لەگەڵ (ئەنتوان سەعادە)ی دامەزرێنەری حزبی سووری نەتەوەیی كۆمەڵایەتی دەكا.

## برادەرانی منداڵی

* دەگەڕێینەوە بۆ منداڵیت. تۆ بەر لە تەمەنی سیانزە ساڵیت، ئوتومبیل‌و رادیۆت نەدیبوو، كەچی لە دواییدا بانگەشەی تازەگەریت كردو ئێستاش بە پێداگرتنێكی سەیرەوە بانگەشەی بۆ دەكەیت. ئایا پەیوەندییەك دەبینی لە نێوان ئەو كوڕەی لە گوندی (قصابين)دا ژیاوەو ئەو شاعیرەی خەون بە گۆڕینی دنیاوە دەبینێ؟

– شعورم بە جیاوازی‌و نەبوونی توانای ماددی لە منداڵیمدا، لەگەڵ ئەوەی لە توانای فێر بوون‌و زانیاریدا زۆر لە پێش بووم–ئەم قسەیە بەبێ خاكەڕاییەكی ساختەئامێز دەكەم–، لە راستیدا ئەو شعورە پەیوەستێكی بنچینەیی بوو كە وەك جووتیاری كوڕی جووتیار هەر لە سەرەتای پێگەیشتنمەوە ژیانمی بە ئێستامەوە–

وەك بانگەشەکارێکی تازەگەری، وەك تۆ دەڵێی- بەستۆتەوە، جیاوازیی باری یەکەمو باری دووەمم جیاوازییە لە پلەدا نەك لە جۆردا، چونکە من هەر لە سەرەتای ژیانمەوە لە لادێ هەستم بە جۆرێ لە جیاوازیی مەعریفی دەکرد، خواستی ئەوەم هەبوو ئەو چوارچێوەیەی تیایدا دەجووڵێمەوە لە ئاستێکی مەعریفیی شیاودا بێ تا بتوانم پلە بە پلە بەرەو پێشەوە بچم. تۆ ئەگەر لە ژینگەو دەوروبەرێکی پڕ لە نەزانیدا زانا بیت هەرگیز پێش ناکەویت، تۆ کاتێك پتر پێش دەکەویت کە لەناو ژینگەو کەشێکی پڕ لە مەعریفەدا زانا بیت، ئەو کاتە جیاوازییەکان جیاوازییەکی مەعریفی دەبنو روونتر دەردەکەونو گەشەکردنیش پتر سروشتی دەبێ. فیکری راستەقینە لە دەوروبەرێکی پڕ لە نەزانی یان لە ژینگەیەکی نافیکریدا گەشە ناکات، فیکری راستەقینە لە دەوروبەری فیکرێکی وەك خۆیدا گەشە دەکات. پاشان لێرەدا رەهەندێکی تر هەیە پەیوەستە بە ئەخلاقەوە، باوەڕم وا نییە کەسێ فڕۆکە دەئاژوێ تا هیرۆشیما یان هەر شوێنێکی تر بۆردومان بکات، ئەو کەسە، بە مانا ئینسانییەکەی، مۆدێرنتر بێ لەو جووتیارە سادەیەی رۆژانە زەوییەکەی دەکێڵێ. تازەگەری، لە دواجاردا، بەتەنیا شێوەی دەرەکی نییە، بەڵکو رەهەندێکی ئینسانیو ئەخلاقیشە، کەچی ئەمڕۆ تازەگەری لە هەندێ روویدا بووە بە شتی تایبەتیو خۆپەرستیو مۆنۆپۆلکردن لە بری ئەوەی ببێ بە بەرپرسیارییەکی فیکریو ئینسانی، وای بۆ دەچم ئەگەر لایەنی تەکنیکیو تەکنەلۆژی لە هەندێ کۆمەڵگا جیابکەیتەوە(ئەگەر بشێ ئەم ئەزموونکارییە زەینییە بەکار بێنین)و ئەم کۆمەڵگەیە لەگەڵ هەر کۆمەڵگەیەکی ئاساییو ناتەکنیکی بەراوردبکەیت، دەبینی جەستەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی ناتەکنیکیدا لە ئاستی سروشتو لە ئاستی گەردووندایە لەتەك رەوشتێکی زۆر بالاتر لەوەی لە کۆمەڵگەی تەکنییکدا هەیە. من هەرگیز لە ژیانمدا

رواڵـەتی تـەکنیکی نەیخەڵــەتاندووم‌و نامخەڵــەتێنێ، تەکنــەلۆژیا کاتــێ دەبــێ بــە تەکنەلۆژیایەکی مەزن کە گوزارشت لە رۆح‌و ماناو دەلالاتی مەزن بکات.

* تۆ تەنیا بە دوو ساڵ لە قوتابخانەی (لاییک) لـە تـەرتووس فێری زمـانی فەرەنسـی بوویت، کەچی ئەمڕۆ لە فەڕەنسەدا بە زمانی فەڕەنسی دەرس دەڵێیتـەوە. چۆن ئـەم زانیارییەت لەلا دروست بوو؟ سەرگوزشتەی تۆ لەگەڵ زمانی فەرەنسیدا چییە؟

– هەر لە منداڵییەوە خولیای گۆڕینی چارەنووسی خۆمم تیادا هـەبووە. ئاسـۆیەکم دەبینی ڕێگەی دەدام خۆم بپێوم‌و بگۆڕڕێم، ئەو ئاسۆیەش (ئـەویدی)بوو، وا هەسـت دەکەم ئەم (ئەویدی)یە دەرگای ئەو ئارەزووەم بۆ دەکاتـەوە. (ئـەویدی) کـەتوانای خۆگۆڕینت دەداتێ هەر لە منداڵییەوە چووەتە ناخمەوە، وام دەبینی هــەر کەسـێ لەناو خـودی خۆیـدا بمێنێتـەوەو پشـت لـە جیهان بکات ئـەوا هـەر کەسـەو لـە مـاڵی خۆیدا دادەنیشێ‌و تەواو. جا لەبەر ئەوەی خولیای (ئەویدی)م تیادا هەبوو ئەمە وای لێکردم بە سیفەتی (ئەویدی) سەیری زمانی فەرەنسی بکەم. کەواتە فێر بوونی ئـەم زمانە بە تەنیا بەشێك نییە لە ئارەزووەکانم بـەڵکو بەشێکیشـە لـە چارەنووسـم، بـەم مانایەو هـەر لەسەرەتاشـەوە بیرم لـەوە دەکردەوە(ئـەویدی) تـەنیا رەگـەزێك نییـە بـۆ دیالۆگ یان بۆ کارلێك کردن، ئەویدی رەگەزێکی پێکهێنەری خودە، تەنانەت ئەویدی هـەر تـەنیا رەگـەزێکی پێکهێنـەر نییـە، بەڵکو رەگەزێکیشـە ڕێگـەم دەدا خــودی خـۆم کەشـف بکـەم، مومکـین نییـە بتوانـی بـە تـەواوی خـۆت بناسـی تـەنیا لــە ڕێگــەی (ئەویدی)یەوە نەبێ. بـەم مانایـە هـەر لـە سـەرەتاوە هەسـتێکی لـەو چەشـنەم هـەبوو، هەتا ئێستاش ئەو هەستەو ئەو ئاراستەیە قووڵتر دەکەمەوە. لەبەر ئەوە یەکەم شاعیر کە خوێندمەوە (بۆدلێر)بوو. چەند حەز ئەکەم ئەو نوسخـەیەی یـەکێ لـە برادەرەکـان بـۆ خوێندنـەوە پێـی بەخشـیم تـا ئێسـتاش هـەر لـەلام بوایـە، بــەڵام بەداخــەوە لەگــەڵ کۆمەڵـێ شتیتردا ون بوو. وەختە بڵێم بۆ هەموو وشەیەك دەگەڕامـەوە بۆ فەرهەنگـە

فەرەنسی–عەرەبییەکە، ئێستا تەنیا بینینێکی ئەو کتێبە بۆ من دەبێتە دیکۆمێنتێکی گەورەو چێژو خۆشییەکی زۆر، بەڵام بەداخەوە ون بوو. بەو جۆرە فێری فەرەنسی بووم، دوای دوو ساڵ خوێندن بە فەرەنسی یەکسەر لە ڕێگەی وەرگێڕانی فەرەنسییەوە خۆم خستە بەردەم شاعیرە گەورەکانەوە، بەو جۆرە بەرهەمی شاعیرە گەورەکانم دەخوێندەوە، بۆ نموونە شاعیرانی وەك: بۆدلێرو ریلکەو نیچەو هێنری میشۆو پۆل ڤالێری‌و نۆڤالیس‌و پییێر جان جۆف‌و زۆری دیش.

* برادەرانی مندالیت کین؟ ئاخۆ ئەوانیش لە ژیاندا وەك جەنابت رەونەقدارن؟ ئیستاکە لە کوین؟

– ئەو مەسافەیەی ریکەوتەکان لە نیوان من‌و برادەرانی مندالیم دایان ناوە، مەسافەیەکی زۆر سەختە، ئەو مەسافەیە بە تەواوی منی لەوان دوورخستەوە، ئەوان لە شوینی خۆیان مانەوەو منیش شوینی خۆم گۆری، من بۆ ئەو لیکدابران‌و دوورکەوتنەوەیە زۆر خەمبارم. ئیستا کاتیَ ئاوریان لیَ دەدەمەوە دەبینم هەندیکیان مردوون، هەندیکی تریشان نابینم، نازانم لە کوین، هەندیکیشان بە سەرکەوتوویی کار دەکەن. بۆ نموونە ماوەیەك بەر لە ئیستا بەریکەوت لە بەحرەین یەکیك لە برادەرانی مندالیم بینی ناوی (نبیل السخن)ەو بەریوەبەری قوتابخانەیەکی سەرکەوتووە، کاتیَ یەکترمان بینی هەردووکمان دەستمان کرد بە گریان(1)، ئەو برادەرەم فەلەستینییەو وابزانم لە نابلس لە دایك بووە، لە ژیانمدا کەسیکی جوان‌و خانەدانی وەك ئەو برادەرەم نەدیوە، یەکەمجار لە بەیرووت یەکترمان ناسی(وای دادەنیم ئەم یەکترناسینە هی رۆژانی مندالییە چونکە 30–40 ساڵ دەبوو نەمدیبوو) نانا..لە دیمەشق یەکترمان ناسی (تەنانەت لەم یادە بەسۆزانەش خەریکە هەندیَ تەفاسیلم بیر دەچیتەوە)، کاتیَ برادەرانیکی وەك ئەوانە دەبینم، وا هەست دەکەم

هەر تەنیا بەشێکی ون بووی ژیانم دەست نەکەوتۆتەوە بەڵکو وا هەست دەکەم بەمانای قووڵی وشەکە گەورە بووم، ئەمە بووە رەگەزێکی بەهێزو نویێ بۆ ژیانم. هاورێیەتی لای من -لە هەندێ سیاقدا- لە خودی ئەوین زۆر بایەخدارترە، باوەڕم وایە خۆشەویستی نێوان ژن و پیاو ئەگەر لەسەر هاورێیەتی رانەگیرێ، ئەوا خۆشەویستییەکی ناتەواوە، ئەو قسانەی بەو پەڕی ئازادی بە هاورێکەتی دەڵێی، ئەگەر نەتوانی بە خۆشەویستەکەتیشی بڵێی، مانای وایە خۆشەویستییەکەتان ناتەواوییەکی تیایە، من ناتوانم وێنای ئەوینێك بکەم بەبێ هاورێیەتی، لەبەر ئەوە نرخێکی گەورە بۆ خۆشەویستی دادەنێم، بەڵام بەداخەوە بارودۆخی کۆمەڵایەتیمان و بە تایبەتی باردوخۆخی سیاسیمان دونیای هاورێیەتی شێواندوەو تێکیداوە تا ئەو رادەیەی جۆرێك بێبڕوایی و جۆرێك گومانی خوڵقاندووە، کەسێ بیەوێ رازێك بدرکێنێ قەناعەتی وایە شتەکان تەنیا بۆ خۆی بگێڕێتەوە تا لە گرفت و چەرمەسەری دوور بکەوێتەوە. لە کۆمەڵگەشدا- هەمیشە دەگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵگە- مومکین نییە فەردێکی سەد دەر سەد تەندروست ببینی تەنیا ئەگەر کۆمەڵگە تەندروست بێ، کۆمەڵگەی ئێمەش، بەداخەوە، ناسازو ناتەندروستە، بۆیە دەبێ هەریەکێ لە ئێمە لە زۆر شتی هاورێکانی چاو بپۆشێ و دەبێ لە ناوەوە لە هاورێکانی تێبگات نەك لە دەرەوە، من لەم لایەنەوە زۆر سوورم لەوەی هاورێکانم لە گشت رەفتارەکانیاندا لەناوەوە ببینم تا لە بارودۆخە سەخت و قورسەکانیان تێبگەم و لە ناوەوە ئەزموونی ژیانیان بزانم تا لەسەر ئەم تێگەیشتنە و ئەو ئەزموونە رایەك بنیات بنێم.

* مادام باسی سەردەمی منداڵی دەکەین، چیرۆکی ئەو کچەمان بۆ بگێڕەوە کە دەیویست زمانی عەرەبی فێر بکەیت و ئەویش زمانی فەرەنسیت فێر بکات. ئایا ئەوە یەکەم ئەوینە؟ ئاخۆ ئێستاش بەدوایدا دەگەڕێی؟

– یەکێ لە ڕێکەوتە سەیرو نامۆکانی ژیانم ئەوەیە من لە منداڵیمدا هەرگیز بیرم لە ئەوین نەدەکردەوە، کەچی یەکێ لە کچانی گوندم خۆشویست یان راستتر ئەو خۆشیویستم، بەڵام شعورێکی وام نەبوو کە پێویستیم بە خۆشەویستی هەبێ، وام هەست دەکرد پێویستیم بە شتێکی تر هەیە: پێویستیم بەوەیە یەکەمجار خۆم بنیات بنێم، ژیانم بنیات بنێم، ئەمە بە تەواوی خەریکی کردبووم. ئەو کچەی ئێستا بە بیرمی دەهێنیتەوە: ئەو کاتەی لە قوتابخانەی (لاییك) یەکترمان ناسی، بێگومان قوتابخانەکەش تێکەڵاو بوو، لەوانەیە شێوەمی وەرگرتبێ یان لەبەر ئەوەی سەیرو نامۆبووم، باوکی ئەو کچە لە سوپای فەرەنسیدا بەڕێوەبەری بەندەری تەڕتووس بوو، ئەو کچە هۆگری من بوو، ناشزانم ئاخۆ خۆشیدەویستم. جارێکیان پێی وتم (دەمەوێ زمانی عەرەبیم فێر بکەیت، منیش زمانی فەرەنسیت فێر دەکەم). لە هەمووی سەیرتر کاتێ لە بەرنامەی (گفتوگۆی عومر)ی تەلەفزیۆنی کەناڵی LBC (2) ئەو باسەم گێڕایەوە، ئەو ئافرەتە لەو کاتەدا تەماشای بەرنامەکەی دەکردو گوێی لە قسەکانم بوو، کوڕێکی ئەندازیاری هەیە، داوای لە کوڕەکەی کرد بچێ ئەدۆنیس بناسێ، ئیتر لە ڕێگەی یەکێ لە برادەرەکانی تەلەفۆنی بۆ کردمو داوای کرد سەردانم بکاو بمناسێ...

* ڕووداوێکی جوانو سەرنجڕاکێشە..

– زۆریش جوانە..بەڵام بەداخەوە نەمتوانی ئەو کوڕە گەنجە ببینم، بە دڵنیاییی لە سەردانێکی تردا دیدەنیی یەکتر دەکەین. بەهەر حاڵ من ئێستا هیوایەکی زۆرم هەیە ڕۆژێك ئەو ئافرەتە ببینم. بەڵام باوەڕ ناکەم ئەو پەیوەندییە بە یەکەم ئەوین ناو ببەم.

* باسی پەیوەندیی عاشقانەی نێوان خۆتو (خالیدە سەعید)مان بۆ بکە.

– تەنانەت خالیدەش یەکەمجار ئەو خۆشیویستم. یەکێ لە هەڵە گەورەکانی ژیانم ئەوە بوو هەرگیز دەستپێشخەر نەبووم، تا ئەمڕۆش بە دەگمەن دەستپێشخەری

دەکەم چونکە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا شارەزای جۆری پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو هەم بۆیە دەستپێشخەری بۆ ئافرەتەکە جێدەهێڵم. لە پەنجاکاندا خالیدەم ناسی، هەردووکمان لە سەرەتای گەنجیدا بووین، من تەمەنم بیست ساڵ بوو، ئەویش کەمێ لە من بچووکتر بوو، ئەو لە خانەی مامۆستایان دەیخوێندو منیش قوتابی قۆناغی یەکەمی زانکۆ بووم، لەلای خانم (عەبلە خوری)(3) یەکترمان بینی، عەبلە خوری ئافرەتێکی خانەدان و پایەبڵندی ناو کۆمەڵ بوو، خانمێکی دیارو جوانیش بوو..

– عەبلە خوری خزمی فارس خوریيە؟

– کچی برایەتی، فارس خوری مامێتی، بەم بۆنەیەوە یادی عەبلە زیندوو دەکەمەوە چونکە پێش ماوەیەك کۆچی دوایی کرد، بەراستی ئەو خانمە زۆر یارمەتی دام، هەر ئەویش لە دیمەشق کەشێکی ئەدەبی و رۆشنبیریی بۆ خوڵقاندم، چەند کەسێکی پێ ناساندم کە هاوڕێی ئەو بوون و پاشان پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان من و ئەواندا دروست بوو، ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوەو جارێکی تر یادی ئەو ئافرەتە مەزنە دەکەمەوە، پاشان هەر ئەو بوو بە خالیدەی ناساندم، بێگومان خالیدەش لە ناوەندێکی هەژارەوە هاتبوو بەڵام کچێکی رەونەقدارو جوان بوو، شەش ساڵی یەکەمی ژیانمان پڕ بوو لە کێشەو جیاوازی و تووڕەبوون لە یەکترو، تەنانەت ئێمە بە رەسمی بووین بە دەستگیرانی یەکتریش بەڵام پاشان لەبەر جیاوازیی بۆچوون و بزێویی هەردووکمان، دەسگیرانێتییەکەمان هەڵوەشاندەوە، گوزەرانی ژیانیشمان زۆر قورس بوو، دەبوو هەریەکەمان رۆژانە هەوڵێکی زۆر بدات تابتوانێ خواردنی دەست بکەوێ و کرێی ژوورەکەی بدات، بێگومان لەو کاتەدا هەلومەرجێکی واش نەبوو دوو دەستگیران یان دوو عاشق بتوانن بە ئاسانی یەکتر ببینن، کەچی لەپاش ئەو ناکۆکییە درێژەی نێوانمان، هاوڕێیەتی و یەکتر ناسینێکی قووڵ لە نێوانماندا دروست بووو هەر یەکەمان لەمەیل و هەڵەو ئازارو موعاناتی ئەویتر تێدەگەیشتین،

ئیدی پەیوەندیمان قووڵترو پتەوتر بووو هەریەکەشمان خەوش‌و کەم‌و کورتیی ئەویترمان بۆ ئاشکرا بوو، بڕیاری زەواجمان داو بە فیعلی زەواجمان کرد. بیرم دێ ئەو کاتەی لە (لاذقیة) لەلای باوکی خالیدە زەواجمان کرد، ئێمە یەك قروشمان نەبوو تا پارەی مارەکردن‌و کرێی ئەو پیاوە بدەین کە گرێبەندی زەواجەکەی بۆ کردین‌و لە یەکی مارە کردین. لە پاش زەواج، چووینە گوندەکەمان (قصابین)و لەوێ سێ ڕۆژ لەلای دایکم ماینەوە، پاشان لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1956دا شامم بەرەو بەیرووت بەجێ هێشت، خالیدەش چووە بەندیخانە تا ئەو ماوەیە تەواو بکات کە بە پێی حوکمێك لەسەری مابوو، واتە ئێمە لە ماوەی نێوان ساڵانی 1950و 1956 بە دەستگیران بووین.

– خالیدەش ئەندامی حزبی سوری نەتەوەیی کۆمەڵایەتی بوو؟

– بەڵێ، ئەویش لەو حزبە بوو، تاوانێکی نەکردبوو، بەڵکو ئەوە سەردەمێکی مێژوویی هەڵچووبووو تێپەڕی، منیش تازە خزمەتی زۆرە ملێی سەربازیم تەواو کردبوو. لێرەدا نهێنییەك لە ژیانی مندا هەیەو دەبێ بیدرکێنم؛ ماوەی نێوان دوورکەوتنەوەم لە سنووری سووریاوچوونم بۆ ناو خاکی لوبنان تەنیا پێنج دەقیقە بوو، لەو ساتەوەختەی پەڕینەوەمدا سووریا نەفیر عامی ڕاگەیاند لە بەرامبەر هێرشە سێ قۆڵییەکەی ساڵی 1956 بۆ سەر میسر، واتە ئەگەر پێنج دەقیقە لە جێهێشتنی سنووری سووریا دوابکەوتمایە ئەوا دەبوو پەیوەندی بە خزمەتی ئیلزامی سەربازییەوە بکەم، ئەوسا هەموو چارەنووسم دەگۆڕڕا. پەیوەندیم بە خالیدەوە بەو جۆرە بوو، دان بە خۆشەویستی ئەو ساتانە دەنێم کە سەر لەبەری ژیانی گۆڕیم.

## خێزان و خزمەتی سەربازیو هەڵاتن بۆ لوبنان

* پاش ئەوەی لەساڵی 1951 باوکت کۆچی دوایی کرد، تۆ وەك برا گەورە بەرپرسیاریت هەڵگرت، لە چاودێریی کردن و فێرکردنی براکانتدا زۆر ماندوو بوویت. ئایا ئەم حاڵەتە بووە هۆی ئەوەی پتر هاوپەیوەستەگیی خێزانیتان بە یەکترەوە هەبێ؟

– من سەبارەت بە براکانم وەك هەر کەسێ بووم براکانی خۆی خۆش دەوێ و حەزدەکا یارمەتییان بدا، بەڵام ڕێچکەی ژیانم، سەبارەت بەوان، وای لێکردم لە برایەك زیاتر بم بۆیان، من بووم بە هێمایەك، ئەمە پتر ئازارم دەدا وەك لەوەی دڵخۆشم بکا، ئازارم دەدا لەبەر ئەوەی بەرپرسیاریم لە بەرامبەریاندا زیادی کرد، ئەوانیش بەرگەی گرفت و کێشەکانی منیان گرت و بەهۆی منەوە و لە پێناوی مندا دوچاری ئازارێکی زۆر بوون، بە مانا سیاسییەکەی ئازاریان بینی، ئەگەرچی ئەوان هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕێبازو باوەڕی سیاسی منەوە نەبوو کەچی زۆر کاری خراپیان بەرامبەر کراو هەندێکیان لە وەزیفەش دەرکران، ئەم مەسەلەیە کارێکی زۆری تێکردم و بەرپرسیاریم لە ئاستیاندا پتر بوو، بەڕاستی ئەمە زوڵمێك بوو دەرهەق بە ئێمە کرا، لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا شتی زۆر سەیرو ناماقووڵ هەیە، کەسێ بۆ نموونە تاوانێك بکا ئیدی کەس و کارو براکانیشی تووش دەبن. ئەمە چییە..؟

* ئەمە کۆمەڵگەی بەدەوییە کە عەقڵێکی بەدەوی حوکمی دەکا، ئەمە یاسای خوێن و تۆڵە سەندنەوەیە..وانییە؟

– باوەڕم وایە ئەمە لە بەداوەتیش پترە، من ڕێزی بەداوەت دەگرم، بەڵام لێرەدا چەندین شتی خراپ و نائینسانی هەن کە هیچ ئامانج و هیچ کارو هیچ ڕژێمێك پاساویان بۆ ناهێنێتەوە، کەواتە ئەوەی بەسەر من هات وای لێکردم لە بەرامبەر

براکانمدا پتر هەست بە بەرپرسیاری بکەم، لەبەر ئەوە هەر شتێکی لە رووی ماددیو مەعنەوییەوە بمتوانیایە یارمەتییان بدەم یەکسەر دەمخستە بەردەستیانو بەڕاستی وام هەست دەکرد ئەوانە بەشێکن لە ژیانم، ئەگەر تەنیا دە فرەنکیشم هەبوایە ئەوا حیسابم بۆ بەشی ئەوانیش دەکرد، من هەر لە سەرەتاوەو تا ئێستاش بە پێی توانای خۆم بەو جۆرە رەفتارم کردووەو تا ئەمڕۆش هەر بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەم، لەهەمان کاتدا هەوڵ دەدەم ئەو هەستەیان لەلا بخوڵقێنم کە من ئەوان لە خۆم بە باشتر دەزانم، هەمیشە وام بیردەکردەوە ئەوان بەسەربەخۆیی لە منو لە بیروبۆچوونەکانم بژینو ببن بەهەر کەسێكو هەر هاوولاتییەکی تر، بەردەوام هانم داون سەربەخۆیی خۆیان هەبێو خۆیان خۆیان بن، هەرگیز نەمویستووە لەگەڵمدا بووەستنو لایەنگری بیروڕاکانم بن. پەیوەندیم لەگەڵیاندا، لەو ئاستەدا، وەك پەیوەندیم بەهەر هاوولاتییەکی تر وابوو.

* ئەی سەبارەت بە خێزانە بچووکەکەی خۆت: خالیدەو نینارو ئەرواد؟ نینارو ئەرواد زۆر کەم نەبێ لەگەڵ ئێوەدا دەرناکەون، تەنانەت نینار بەناوە ئەسڵییەکەی خۆی ئیمزا دەکات: (نینار ئیسبر)(4)و لە ناوە بەناوبانگەکەی تۆ دوور دەکەوێتەوە. ئاخۆ ئەمە ئارەزوویەکە بۆ فەردانییەتو جیاوازی؟ یان چی؟

– بێگومان وەك دەزانیو هەمووشمان دەزانین، ئەگەر ناوی باوك بەناوبانگ بێ ئەوا بە شێوەیەکی نائاگایی کار لە منداڵەکانیان دەکا، ناوی باوك سیفەتی شاردنەوەو رەتکردنەوەی تیایە، لەبەر ئەوە ئەگەر مرۆڤ لە ئەحواڵو چارەنووسی منداڵی پیاوە مەزنەکان بکۆڵێتەوە، – بێگومان من خۆم لەگەڵ پیاوە مەزنەکان دانانێم – ئەوا..

* تۆ شاعیرێکی مەزنیت ئەدۆنیس، ئەمە هیچ گومانێکی تیا نییە، ئەمە رای منەو رای زۆربەی ئەو کەسانەشە کە خاوەنی مەعریفەو چاوو هەستو چێژێکی ئەدەبین.

– ئەگەر مرۆڤ لە بارودۆخی ئەوانە بکۆڵێتەوە، دەبینێ ئەو منداڵانە ئەگەر لەژێر سێبەری باوکیاندا بمێننەوە، ئەوا کەسایەتییان دەسڕێتەوە، لەبەر ئەوە منداڵانی ئەو پیاوە مەزنانەی سێبەرەکانی باوکیان جێ نەهێشتووە، پەرەیان بە هیچ ئامادەبوونێکی راستەقینەو تایبەتیی خۆیان نەداوە.

من خۆم لەگەڵ هەردوو کچەکەمدا وەك باوك نەژیاوم. ئەم مەسەلەیە هەندێ لایەنی خراپیشی هەیە. هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ خالیدە هەوڵم داوە هەردوو کچەکەمان بەسەربەخۆییەکی تەواو پەروەردە بکەین، هەر یەکێکیان کەسایەتییەکی سەربەخۆو ئامادەبوونێکی سەربەخۆی هەیە، من زیاتر هاوڕێی منداڵەکانم بووم وەك لەوەی باوك بم، بەڵام ئەمەش دیسان لایەنی نێگەتیڤی خۆی هەیە، هەردوو کچەکەم وەك باوك لەگەڵمدا نەژیاون بەڵکو وەك هاوڕێ رەفتاریان لەگەڵدا کردووم، زۆر جار لە ساتەوەختی باوکایەتیشدا منیان لە دەستداوە، بەڵام خالیدە قەرەبووی ئەو لەدەستدانەی دەکردەوە، لەبەر ئەوە نینارو ئەرواد پتر هەستیان بە سۆزی دایکایەتی کردووە وەك لە سۆزی باوکایەتی. ئەمە شتێکی باشە لەبەر ئەوەی هێزی خودیان لەلا زیاتر دەکاو وەك دوو کەسی سەربەخۆ ئامادەبوونێکی زیاتریان دەبێ. وەك دەبینی ئەم مەسەلەیە دوو دیوی هەیە، بەڵام من لە ناخی خۆمدا کاتێ هەوڵ دەدەم ببم بە باوك کەمێك خەمبار دەبم چونکە بە پێی پێویست باوکایەتیم پێ نەبەخشیون، بەڵام کاتێ وەك دوو تاکی ئازاد چاویان لێدەکەم زۆر بەختیار دەبم لەبەر ئەوەی یارمەتیم داون کە بە تەواوی ئازادو سەربەخۆ بن، ئێستا ئەوان بە کردەوە تەواو سەربەخۆن، ئەم مەسەلەیە لەم ئاستەدا بە تەواوی بەختەوەرم دەکا.

* چۆن خزمەتی سەربازیت بەسەربرد؟ ژیانی زیندانیت لەو رۆژانەدا چۆن بوو؟

– ناتوانم بەراستگۆییەکی تەواوەوە بیگێڕمەوە، چونکە وێنــەی ئـەو کۆمەڵگەیـەی (ئـەنتوان سـەعادە) (5) خستییە زەینمەوە کە بە کۆمەڵگەی سووری عەرەبی نـاوی دەبرد، وێنەیەکی ئایدیالی بوو.

کاتێ بیر لەو ماوەیە دەکەمەوە کە لە زیندان بەسەرم برد، هەروەها سـەردەمی خزمەتی سەربازی کە ئـەویش جـۆرە زیندانێکـی تـر بـوو، ئـەو وێنەیـەی ئـەنتوان سەعادە تیامدا چاندوویەتی جڵەوی ئەوەم دەگرێ قسەیان لەسەر بکەم، چونکە تا ئەمڕۆش نەمتوانیوە کرۆکی ئەو حەقارەتو تێکشکانو دڕندەییە کەشف بکەم کە تیایدا ژیاوم، لەبەر ئەوە ناتوانم بە گشت تەفاسیلەکانەوە بیانگێڕمەوە، بەڵام رۆژێك هەر دەبێ ئەو شتانە، بۆ مێژوو، بگێڕمەوە. ئێستا دەبێ لێم ببووری. بەڵێ مومکین نییە بتوانی وێنای دڕندەییو نامرۆڤیایەتیی ئەو سەردەمە بکەیت، لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە بە شێوەیەکی رەمـزی ئامـاژە بـۆ قسـەکانم دەکـا: پـاش ئەوەی لە بەندیخانـەی (المـزە)(6) دەرچووم، لەسەر پردی (بنـات یعقـوب)(7) لەسـەر سنووری فەلەستینی داگیرکراو سەرباز بووم ، من لـە ژیـانمدا چەکم بەکارنـەهێناوە چەکیشیان بەمن نەدابوو لەبەر ئەوەی ئەو کاتـە–بە قـەولی ئـەوان– لـە دژی دەسـەڵات بـووم، رۆژێکیـان ئەفسـەری بـەرپرس هاتـە لامو پێـی وتم: (دەبـێ ئەمشـەو لەسـەر سنووری ئیمەو ئیسرائیلو لەسەر پردی بنـات یعقوب بۆ دەورییە دەربچیت)، وتم: (باشــە، ئــەم کــارە ئــەنجام دەدەم، بــەڵام تــۆ وەك ئەفســەریكو وەك بەرپرســیكی عەسکەری چۆن ریگــە بــە خــۆت دەدەی بەرپرسـیاری دەورییەیـەکی نۆکەسـی یـان حەوت کەسی (لـەبیرم نـەماوە) بسپیری بە کەسێ چەکی پێ نییەو مەشقی لەسەر بەکارهینانی چەك نەکردووەو لە هیچ حالەتیکیشدا ناتوانێ چەك بەکاربینێ؟)، زۆر بە وشکی وەڵامی دامەوەو وتی: (دەبێ بۆ دەوریە دەربچی واتە دەبێ بۆ دەوریە دەربچـی) وتم: (باشــە، فەرمانەکــەت جیبــەجێ دەکــەم)، بــەڵام لــەپر ســەربازانی

دەورییەکـە بـە گوێمیـاندا چرپـاندو وتیـان: (مەترسـەو گـوێ مـەدەرێ، ئێمـە لەگـەڵتاین)(8)، پاشـان فێریـان کـردم چـۆن ئەرکـەکانی دەوریـیـە جێبـەجێ بکـەم. لەوساوە من دامەزراوو رژێمەکانم لە تاکەکانو بەشەرەکان جیا دەکردەوە. تاکەکان بـە گشـتی کەسـانی بـاشو دڵپـاکن بـەڵام ئـەوەی سیسـتـەمی شـتـەکان تێـك دەدا دەسـەڵاتو دەزگاکـانی دەسـەڵاتن، ئیـدی بــە شـێوەیەکی ئیجـابی تەماشـای فـەردی عەرەبیم دەکرد، فەرد لە خۆیدا کەسێکی باشە بەڵام بەرپرسی یەکەمی خراپ بوونی نیشتمانو تێکدانـی فـەردەکان ئـەو رژێمەیـە کـە تـۆوی خراپـەکاریو خراپکـردنو تێکـدان دەچێنـێ، بگـرە رژێـم گشـت هێزەکـانی کۆمەڵگـە، بـەهێزی فـەردیو جەماعییـەوە، تێك دەداو پەکیان دەخا. هیوادارم رۆژێ بـێ بـە دوورو درێـژی ئـەو قۆناغـەی ژیـانم بگێڕمـەوە کـە دوو سـاڵ درێـژەی کێشـا، هیـوادارم بتـوانم شـتێکی ئیجابی لەو رەگەزە سەلبییانە دەربێنم کە لە ماوەیەکی کورتدا تیایدا ژیاوم.

* چیرۆکی دەرچوونت لە سوریاو رۆیشتنت بەرەو لوبنان چییە؟

– دوای ئەوەی لە خزمەتی سەربازی دەرچووم، مەحاڵ بوو بتـوانم لـەو کـەشو هـەوا شێواوەی سووریادا بمێنمـەوە. سـوریا لـەو کاتـەدا تـەنیا زینـدانێکـی مـاددی نـەبوو بەڵکو بەندیخانەیەکی فیکریو رۆحیش بوو، وام هەست دەکرد ئەگـەر لـە دیمەشق بمێنمەوەو دەرنەچم ئەوا وەك ئەوەیە لە گۆڕدا بژیم، ئەمە ئەو فاکتەرە بوو پاڵی پێوە نام لە دیمەشق دەربچم سا ئەنجامـەکانی هـەر چییـەك بـێ، ئیـدی شانس یارمـەتیی دامو لە شوێنێکدا دەرچووم بە هەموو مانای وشەو لە گشت ئاستەکاندا گۆڕستانێك بوو.

* دووجار چاوت بە ئەنتوان سەعادە کەوت. ئێستا چۆنی بیر دەکەیت؟

– جارێکیـان لـە لازیقیـە لـە سـاڵی 1947 بینیـمو ئـەو کاتـە بـۆ سـەردان هـاتبووە شـار، جاری دووەمیش لە ساڵی 1949 بەر لـە مردنـی بـە ماوەیـەکی کـەم لـە نووسـینگەکەی

خۆی لە بەیرووت بینیم. لە چاوپێکەوتنی یەکەمدا من قوتابی بوومو ئەندامیش بووم لە حزبی سووری نەتەوەیی کۆمەڵایەتی، ئەو کاتە وەك قوتابییەك دەناسرام کە شیعر دەنووسێ، لە لازیقیە قەسیدەیەکم نووسی ئەنتوان سەعاد بەو قەسیدەیە زۆر شادمان بوو.

ئەوەی لە بیرم مابێ ئەنتوان پیاوێکی جوانو سەرنجڕاکێشو خاکەڕا بوو بە پێچەوانەی ئەوەی باسی دەکرا، پیاوێکی زۆر حەنیِنو هاوسۆز بوو، بەڕاستی زۆر سەرنجی راکێشام، بەڵام نەمدەزانی چۆن لە بارەی مەسەلە فیکریو فەلسەفیو سیاسییەکان قسەی لەگەڵ بکەم. ئەمە لە لازقیە، بەڵام دیدەنی دووەمم لە نووسینگەکەی خۆی بوو لە بەیرووت. موناسەبەی چاوپێکەوتنەکەش ئەوەبوو: کاتێ (نادي العروة الوثقى)(9) بانگەوازێکی لە بارەی پێشبڕکێیەك لەسەر بابەتی (هەتیوی) بڵاوکردەوە، من ئەوکاتە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بوومو هێشتا بەکالۆریام بە دەست نەهێنابوو، بانگەوازەکەم لە رۆژنامەدا خوێندەوەو شیعرێکم بەناوی (هەتیو) نووسی، پاشان شیعرەکەم نارد بۆ بارەگای یانەکە لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیرووت، بیرم دێ سەرۆکی یانە ئەوکاتە (د.محمد یوسف نجم)بوو، شیعرەکەی من بە پلەی یەکەم دەرچوو، ئیدی بۆ بەیرووت بانگێشتیان کردم تا پاداشتەکە وەربگرمو شیعرەکەش لە ئاهەنگێکدا بخوێنمەوە کە بۆ ئەو مەبەستە لە زانکۆی ئەمەریکی سازکرابوو، ناسیۆنالیستە سوورییەکان زۆر دڵخۆش بوونو میدالیایەکیان لە یەخەی کراسەکەم داو وەك هاوڕێیەکی خۆیان شانازییان پێوە دەکردم، ئەو کاتە تەمەنم (18) ساڵ بوو، کاتێکیش محەمەد یوسف نەجمو ئەندامانی کۆمەڵەکە بۆیان دەرکەوت من ئەندامی حزبی سووری نەتەوەییم هەوڵیاندا رێگەی خوێندنەوەی شیعرەکەم لێ بگرن ئەگەر سووربم لەسەر هێشتنەوەی میدالیاکە، بەڵام قەومییەکان ژمارەیان زۆرتر بووو ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی بە میدالیەکەوە

شیعرەکەم بخوێنمەوە، منیش لە نێوان ئەو دوو پۆلەدا قوربانییەك بووم‌و رایەکم لەو مەسەلەیەدا نەبوو، نەمدەتوانی بڵێم دەمەوێ مەدالیەکە لێکەمەوە چونکە ئەندامی حزب بووم، نەشمدەتوانی مل بدەمە بڕیاری کۆمەڵەی عروە، ئیدی لە زانکۆی ئەمریکیدا گیروگرفتێکی گەورە قەوما، ئەوە بوو د.قوستەنتین زورەیق(10) هاتە ناوەوەو کێشەکە بەو جۆرە چارەسەر کرا: من شیعرەکەم خوێندەوەو میدالیاکەش لە یەخەی کراسەکەم بوو. ئێستاکە بیرم دەکەوێتەوە پێکەنینم بەو ناکۆکییە شەکلییانە دێ کە زۆر جار لە نێو روناکبیرو حزبەکاندا رووی دەدا. باوەڕم وایە ئێستاش ئەو ناکۆکییە رووکەش‌و ساکارانە روودەدەن، بەداخەوە، تا ئێستاش ئەم دیاردەیە لە ئاستێکی شەکلیدا دەبینین‌و کەسێ نەیتوانیوە بچێتە نێو جەوهەری کێشەکانەوە. کەواتە، پاش ئەوەی ئەنتوان سەعادەم لەو ئاهەنگەدا بینی، زۆر کەیف حاڵ بوو. سەیر ئەوەیە زیاتر دیدەنی یەکەمم لەبیر ماوە وەك لە دیدەنی دووەم، سەیرتریش ئەوەیە دیدەنی دووەم لە نووسینگەکەی، ئەمڕۆ وەك شێوە تەمێك دێتە بەرچاوم‌و تەنانەت شکڵ‌و شێوەیم بیرناکەوێتەوە، کەچی کاتێ یەکەمجار لە لاژیقیە بینیم، ئێستا شێوەکەیم لەبەرچاوە، من ئەم شتەم پێ سەیرەو هۆیەکەی نازانم..

* دەشێ سەرسامی یەکەم بینین ئینتباعێکی قووڵترو چەسپیوتر جێ بێڵێ..

– لەوانەیە.. نازانم.. بەڵام ئەو ئنتباعەی لەلام ماوەتەوە ئەوەیە کە ئەو پیاوە کەسێکی ئەفسووناوییە..

* وەك لە مێژووی حزبەکەدا دەردەکەوێ، کاریزمایەکی گەورەی هەبوو..

– بێگومان.. کەسێکی ئەفسووناوی بوو..

دیسان لێرەدا شتێکی سەیر هەیە؛ رووداوە گەورەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ کارم تێناکەن‌و لە بەرامبەریاندا هەڵناچم. کاتێ باوکم مرد نەگریام. هەر چەند مەسافەی نێوان من‌و رووداوێکی گەورە دوورتر بێ، پتر کاریگەر دەبم، کەچی لە

ساتەوەختی رووداوەکەدا هەرگیز کارم تێ ناکات. کاتێ ئەنتوان ساعادە کۆچی دوایی کرد، سەرەتا پیم وابوو مردنی ئەم پیاوە وەك مردنی پیاویکی مەزنە کە لە پیناوی مەسەلەیەکدا گیان دەبەخشێ، هەستم بە شۆکی لە سیدارەدانو ون بوونی ئەنتوان سەعادە نەکرد، بەڵام لەگەڵ تیپەربوونی زەمەندا وردە وردە هەستم بە گشت ئەمانە کرد، هەر چەند کات تیدەپەری پتر هەستم بە رووداوەکە دەکرد، لەگەڵ کاتداو پلە بە پلە هەستیکی تیکەڵو ویکچوو لە دەروونمدا گەشەی کرد (مەرگیش جۆرە ژیانیکی ترە) کرۆکی هەستەکەم ئەوەبوو مەرگی ئەنتوان سەعادە بۆخۆیو بۆ حزبیش زۆر گرنگ بوو، هەروەها وەك مانایەکی کۆمەڵایەتیش. بەدەربرینیکی تر دەبێ کۆمەلگە لە ناوەوە ئەوەندە بە پیت بێ کەسی مەزن لە پیناوی فیکرەیەکدا بمرێ، ئەو شتەی لە کۆمەلگەکانی ئیمەدا نییە، لەبەر ئەوە هەستم بەرامبەر مردنی ئەنتوان سەعادە ئەوەیە کە بەر لە وادەی خۆی مرد، کاتێ مردیش هیشتا خولاسەی فیکرەکانی خۆی دەبەخشی.

* ئەمە لە چەمکی قارەمانی ناو ئەفسانەی تەمموز دەچێ..

– بەم مانایە دەبێ لیرەدا کەسانێ هەبن لە پیناوی بیرو باوەرەکانیاندا بمرن..

* لە پیناوی نویکردنەوەی فیکرو زیندووکردنەوەی فیکر.وانییە؟

– بەلکو لە پیناوی نویکردنەوەی (فیکرو کۆمەلگە) بە یەکەوە.



# بەشی سییەم:

# سەرەتاکان و

# هەوەلین کارتیکەرەکان

# * دەبێ ئەدەب مانۆر بێ نەک ئاوینە، شیعریش لە فیکر جیانابیتەوە
# * هەموو شاعیریکی گەورە لە میژوودا رووناکبیریکی گەورەیە

ئةدؤنيس روخساری ئةو فةزايانة رةسم دةكا كة سةرةتای ئاطايی رؤشنبيری ء شيعريی ئةويان ثيكهينا، لةم بةشةدا باسی "كانيی يةكةم" دةكا (ئةطةر ئةم دةربرينة لة جةبرا ئيبراهيم جةبرا بخوازين)(1)ء هةروةها باسی سةرضاوة سةرةتاييةكانی رؤشنبيريی خؤی دةكا، لةم دركاندنةی ئةدؤنيسدا بؤمان دةردةكةوآ لةلای باوكة ريش سثييةكةيدا شيعری خواردووةء خواردؤتةوة، ئةو باوكةی مةتةليكی شيعری نةبووة ئيعرابی نةكات، ليرةوة ئةدؤنيس دةلَآ ئةطةر ضی ريساكانی ريزمانی لة بيرضؤتةوة بةلآم لة ئيعرابدا هةلة ناكات، لةطةلأ ئةوةی عةروزی بيرضؤتةوة بةلآم مؤسيقای شيعری كلاسيكيی بيرنةضؤتةوة. ثاشان ئةو ريكةوتة دةطيريتةوة كة بةرةو دؤزينةوةی كتيبی "المواقف"ی (نفری)ی بردووة، ئةو كتيبةی ، ثيیوايە، طرنطترين كتيبة لة زمانی عةرةبيداء بةريكةوت لة كتيبخانةی زانكؤی ئةمريكايی لة بةيرووت بةرضاوی كةوتووة كة ثاشان تةنء تؤزی زةمةنی لةسةر لابردووةء نرخء بةها راستةقينةكةی، بؤ يةكةم جار، دةرخستووة.

ئةطةر ضی ئةدؤنيس نكؤلی لةوة ناكات كاريطةريی شاعيرانی ثيش خؤیء سةردةمی خؤی لةسةر بووة، بةلآم باسی ئاستةكانی ئةو كاريطةرييە دةكا كة دةشآ هةندآ جار تةنيا لة ئاستی زماندا بآ.

ئةدؤنيس وای دةبينآ كتيبی "ململانيی فيكری لة ئةدةبی سووری"ی ئةنتوان سةعادة يةكيكة لةو كتيبانةی طةلَآ شتی لةلای ئةدؤنيس خولقاندووةء ضةمكی شيعريی لةلای ئةو طؤريوة. ديسان ئةدؤنيس ئةوةی بير ناضآ باسی كاريطةريی

سۆفیستە ئیسلامییەکان بکات بە تایبەتی (ئیبن عەرەبی) کە باوەڕی وایە ئیبن عەرەبی فەیلەسووفیکی ئایینیء فەیلەسووفیکی طەردوونی بووە، ئیی وایە ئیبن عەرەبی زۆر لە فەیلەسووفی ئایینی مەسیحی "تۆمای ئەکوینی" طرنطتر بووە.

*** چ شتێکی ئەنتوان سەعادە لە تۆدا ماوەتەوە؟**

**– دەشێ ئەوەی لێرەدا دەیلێم جگە لە تەئویل شتێکی تر نەبێ. ئەگەر ئەنتوان سەعادە وەك دەقێکی مێژوویی وەربگری ( هەموو دەقێکی مەزن، مەزنێتییەکەی تەنیا لەوەدا نییە کە راستەوخۆ دەیلێ یان راستەخۆ دەری دەخا، بەلکو ئەوەش کە دەرفەتی وتنمان بۆ دەرەخسێنێ. هەر دەقێ بەقەدەر ئەوەی بتوانێ دەست بەسەر پرسیارەکاندا بگرێ دەبێتە دەقێکی مەزن تەنانەت ئەگەر راستەوخۆش ئەو پرسیارانە نەدرکێنێ)، دەلێم: دەشێ ئەوەی دەیلێم تەئویلێك بێ لەسەر ئەو دەقە وەستابێ کە بووە بە مێژووو کە ناوی ئەنتوان سەعادەیە. ئەو شتانەی سەعادە لە مندا مابێتەوە، یەکەم: هەستی گۆرانکاریی بەردەوامو هەستی بەرەو باشتر چوون. دووەم: تێگەیشتنی ئەو لەبارەی رەگەزو رەچەلەك(ئەتنۆلۆجیا)، ئەو چەمكو تێگەیشتنێکی وای هەبوو بەکاری دەهێنا بۆ وەلامدانەوەی هەندێ لەو تەوژمو شەپۆلانەی مۆرکێکی ئەتنییان بە عروبەت دەبەخشیو تەنانەت ناولێنانی وەك "میللەتی عەرەبی لە سووریا"ش ئەو مۆرکەی هەبوو، وەك بلێی سووریا شوێنێك بێ تەنیا بۆ عەرەب بێو عەرەبیش تەنیا لەو شوێنەدا نیشتەجێ بن، ئەمەش ئەو حەقیقەتە پەردەپۆش دەکا کە خەلکانی تری غەیری عەرەب لەو شوێنەدا نیشتەجین. ئەنتوان سەعادە بۆ وەلامدانەوەی هەموو ئەو مەسەلانەو بۆ وەلامدانەوەی تایفەگەرییو هەر شتێ پەیوەندیی بە نەژادو رەچەلەکەوە هەبێ، چەمکی رەچەلەکی مێژوویی یان "ئەتنیی مێژوویی" داهێنا بەو مانایەی لە کۆمەلگەدا ئەتنییەکی مێژوویی هەیەو لە کۆمەلێ رەگەزی تێکەڵ پێك دێ کە بەداخەوە هەندێ کەس ئەو وشەیەیان بە سیفەتی بێنرخ کردنو هاوواتای**

شعوبییەت بەکارهیناوە، واتە زەینیەتی سوککردنی کەسانی دیکەی غەیری عەرەب، بەڵام وشەی تیکەڵ یان دوورەگ وشەیەکی جوانەو باوەرم وایە ئەم وشەیە نرخیکی گەورەی هەیەو دەبێ پیی لەسەر دابگیرێ. میللەتی ئیمە، لە کۆنەوەو بەر لە فەتحی عەرەبی، لە کۆمەلێ رەگەزی جیاو تیکەلاو پیك هاتووەو عەرەبیش بووە بە بەشیك لەو تیکەڵ بوونە، تەنیا بە رۆشنبیری بووە بە تیکەلەیەکی زاڵ، ئەنتوان سەعادە ئەم قسانەی دەکرد، واتە ئیمە تیکەلەیەکی میژوویین، بەلام رۆشنبیریو میژوومان عەرەبییە، دوا مۆرکی ئەو تیکەڵ بوونە مۆرکیکی عەرەبییانەیە، بەلام نابێ ئەو رەگەزە میژووییانە لەبیر بکەین کە بەر لە فەتحی عەرەبی هەبوون، ئەمە وای لیکردم بەسەر (ئەویدی)دا بکریمەوە، بەلێ دەبێ بە شیوەیەکی رەها بەسەر ئەویدیدا بکرێینەوە. سێیەم: کرانەوە بەسەر ئەویدی واتە هیچ شتێ تەواو نەبووە، ئەو رەهەندەی لە ئەنتوان سەعادە وەرم گرتووە بریتییە لە چەمکی (بێ کۆتایی) لە هەموو شتیکدا، هیچ شتێ نییە کۆتایی پێ بیت، هیچ شتێ نییە لە تەکیدا بووەستینو بلیین ئەمە تەواو بووە، ئەمە تەنانەت بەسەر چەمکی نیشتمانیشدا پراکتیزە دەبێ، هەموو شتێ لە جووڵانەوەدایەو بێ کۆتاییە، قەسیدەش هەمیشە (بێ کۆتایی)ی تیایە. دیسان ئەوەشم لە ئەنتوان سەعادە تیا ماوەتەوە کە دەلێ دەبێ ئەدەب مانۆر بێ نەك ئاوینە.

* کەواتە ئەنتوان دژی تیۆری رەنگدانەوە یان پیچەوانەکردنەوەیە کە بۆ ماوەیەکی زەمەنیی دریژ باوبوو؟

– بەلێ.. ئەگەر ئەدەب پیچەوانەکردنەوە بێ ئەوا هیچ شتێ پیشکەش ناکا بەلکو ئەو شتانە بەرهەم دەهینیتەوە کە هەن، تەنانەت ئەگەر ئەو بەرهەم هینانەوەیە لیهاتووانەش ئەنجام بدرێ هەر لە ئەسلەکەی خۆی ناچێ. وینەکیشانی درەختێ هەرچەند جوان بێ بەلام درەختە راستەقینەکە جوانترو بەپیز ترە، ئەدەبیش

ڕەنگدانەوە نییە بەلکو بینا کردنە، ئەدەب ئەوەیە دنیایەکی تر بنیات بنیی، زمانیش هەرچەند بەرزو جوان بێو شاعیر هەرچەند دەرۆستی بێ، ناتوانێ تەعبیر لە هەستەکانو لەسۆزو هەلچوونەکان بکات، بەلکو تەعبیر لە ڕوالەتیکی یان بەشیکی ئەو هەستو سۆزانە دەکا، بگرە زمان دەتوانێ دنیایەکی تر بنیات بنێ. کەواتە من بۆ ئەوە دەچم زمانو کاری ئەدەبی بیناکردن بێ نەك تەنها تەعبیر کردن.

لیرەوە باوەرم وایە بابەت هەرچەند بەرزو گرنگ بێ، شاعیر دروست ناکات، نرخو گرنگیی بابەتیش گرنگیتی شاعیر دروست ناکات، دەبێ ئەو کەسە لە بنەرەتدا، بە بەهرەو ئەزموون، شاعیریکی گەورە بێ. لیرەدا خالیکی تر هەیە، فیکر هەر چەندێ راستگۆ بێ (کە دەبێ راستگۆییەکەی لەسەر واقیع بپیوین) فیکریکی بگۆرە، چونکە مادەی فیکر واقیعە، لەبەر ئەوەی واقیعیش بزاوتیکی هەمیشە بگۆرە دەبێ فیکریش بە گۆرینی واقیع بگۆررێ، بیگومان ئەمە شتیکە زۆر جیاوازە لە هەلپەرستی، من بە مانایەکی قووڵ باسی واقیع دەکەم کە بەردەوام لەو واقیعەوە دەست پێ بکەین، لەبەر ئەوە دەشێ هەندێ جار فیکریك بەسەر واقیعدا پراکتیزە بکرێ بەلام ڕووداوەکان دینو گشت پیدراوەکان دەگۆرن، کەواتە دەبێ لە چوارچیوەی فیکر خۆیدا نەمینینەوە بەلکو دەبێ بیگۆرین. باوەرم وایە عەرەبو ئیسلام لە ریگەی ناسیخو مەنسوخەوە ئەم مەسەلەیەیان پرۆسە کردووە، ڕووناکبیرە موسلمانەکانیش، پاش ناسیخو مەنسوخ، بە تەئویلکاریش پرۆسەیان کردووە. ئەوەی کە بزاوتی فیکری دەبێ بەردەوام لەگەڵ بزاوتی واقیعدا بپیوین، لە ئەنتوان سەعادەوە وەرم گرتووە، دوا شت کە لەودا بۆ من ماوەتەوە ئەوەیە: ریسای بنچینەیی کۆمەلگە دەبێ بریتی بێ لە ریسای فیکری، کۆمەلگەیەکی بێ کولتورو بێ فیکریکی زیندوو هیچ مانایەکی نییە، تەنانەت سیاسەتیش ئەگەر لەسەر فیکریکی خولقینەرو کولتوریکی خولقینەر نەوەستابێ دەبیتە سیاسەتیکی بێنرخو بێ بەها. کۆی ئەو رەگەزانەی لە ئەنتوان

سەعادەم وەرگرتووە تا ئیستاش جیکەوتیان لەسەر ژیانی فیکریو رۆشنبیریم هەیە، لەو باوەرەدام ئەمانە کۆمەلێ رەگەزی زۆر گرنگن بۆ هەموو کاریکی فیکریی ناو کۆمەلگەی عەرەبی.

* کەواتە بۆ چی وازت لە حزبی سووری نەتەوەیی کۆمەلایەتی هینا؟

- دەشێ ئەو قسانەی پیشتر کردم تەفسیری وازهینانم لە حزب بکات. من کاتێ حزبم جیهیشت دەهات ببێ بە دەزگایەكو دامەزراویك وەك هەموو دامەزراوەکانی تر گشت نەخۆشییەکانی دامەزراوی هەلگرتبێ، بەم جۆرە لەلای سەرکردەکان دامەزراو گرنگتر بوو لە فیکرە، دەسەلات گرنگتر بوو لە حزب. من باوەرم وایە خالی بنەرەتیی دارمانی یەکیتی سۆڤییەت قەیرانی ئابووری نەبوو، چونکە دەشێ قەیرانی ئابووری چارەسەر بکرێ یان لەگەلیدا خۆرابهینرێ، بەلکو زالبوونی دەسەلاتی دەولەت بەسەر شۆرشو بایەخدان بە دەسەلات نەك بە فیکر، هۆی بنەرەتی بوو، بەجۆرێ هەموو شتێ خرایە پیناوی دەولەتو دەسەلات لە بری ئەوەی دەسەلاتو دەولەت لە پیناوی هەموو شتیکدا بن. حزبی نەتەوەیی سووریش وای لیهات لە پیناوی دامەزراوو لە پیناوی دەسەلاتدا کاربکا نەك بە پیچەوانەوە، کاتیکیش ئەم گواستنەوەیە روویدا، ئیدی فیکر خرایە لاوە. سەیر ئەوەیە ئەو حزبەی لەسەر بنەمایەکی رۆشنبیری دامەزراوە، نەیتوانی بە سیفەتی دامەزراویك، لە ماوەی پەنجا سالدا، یەك گۆڤار دەربهینێ کە مانایەکی رۆشنبیریی هەبێ، کەچی چەند فەردیکی ناو ئەو حزبە توانییان وەك تاکە کەس هەندێ لە باشترینو گرنگترین گۆڤاری عەرەبی لە سەدەی بستەم، دابمەزرینن.

* تاك گۆراو بوو بە ئامرازیك ئەرکی یەکەمی ئەوەبوو بگاتە ئامانجیك، واتە خودی مرۆڤ ئامانج نەبوو..

- بەلێ لەبەر ئەوە بریارم دا واز لە حزب بهینم.

## سەرەتاکان و هەوەلین کارتیکەرەکان

* ئەو کارتیکەرە سەرەتاییانە چی بوون کە دەوریان لە پیگەیاندنی تۆو پیکهینانی ئاگاییت هەبوو؟ چۆن جووتیاریك لەتۆدا گۆراو بوو بەو پیاوەی تەوژمیکی تازەگەرییانەی دەمەزراند؟

– یەکەم کارتیکەر، بیگومان، باوکم بوو. باوکم جووتیار بوو بەڵام خویندەواریکی زۆر باش بووو شیعریشی دەنووسی، باوکم بەهۆی کارو کردەوەکانییەوە بوو بە پیاو ماقووڵو ریش سپی گوندەکەمان، بەهۆی رەفتاری جوانو ماقوولیەتی خۆی بوو بە پیاو ماقوولی گوند، ئیمەش پیاو ماقوولیتی بە میرات وەرناگرین، لەناوچەکەی ئیمەدا گرنگترین تەکریم کردن ئەوەبوو ببی بە پیاو ماقووڵو ریش سپی.

من بەهۆی باوکمەوە شیعری عەرەبیم ناسی بە تایبەتی شیعری جاهیلیو شیعری عەبباسی، بیرم دیٚ موتەنەبیو مەعەرییو ئەبو تەمامو ئەبو نەواسو ئیمروئولقەیس نانی رۆژانەمان بوون. بیرم دیٚ شەوان کاتیٚ میوانمان دەهات، باوکم داوای لیدەکردم هەندیٚ لەو شیعرانەیان بۆ بلیم کە لەبەرم کردبوون، هیچ مەتەلیکی شیعری نەبوو باوکم ئیعرابی نەکات. من ئیستا بیگومان زۆر شتی ریزمانم لەبیرچۆتەوە بەڵام لەو باوەرەدام لە زمان هەلە ناکەم، عەرووزم لە بیرچۆتەوە بەڵام هەرگیز لە ئیقاعدا هەلە ناکەم، ئەمە کارتیکەری یەکەمی من بوو: کەشی شیعری عەرەبیو پاشان تەسەوفو شاعیرانی سۆفیگەری. من لە تەك شیعری عەرەبیدا، سۆفیستەکانم بەبیٚ دەرهاویشتە دەخویندەوە، ئیمە کتیبی سۆفیگەرەکانمان دەخواستو بە گەرمی دەمانخویندەوە، واتە سۆفیزم دووەم کارتیکەر بوو.

لە ناوەوەی مندا ڕەهەندیکی ئایینی هەیە بەڵام ئەو ڕەهەندە ئاینییە بوو بە ڕەهەندیکی گەردوونی و ڕەهەندیکی سروشتی و ڕەهەندیکی وجودی.

پاشان بیرۆکەی (دیار)و (نادیار) لە (الظاهر)و (الباطن)ەوە هاتووە، ئەمەشیان کارتیکەریکی بنەڕەتییەو تا ئەمرۆش ماوەتەوە. ئەم کارتیکەرە بیگومان گۆڕاو دەولەمەندترو فراوانتر بووەوە چونکە پەیوەست بوو بە رۆشنبیریی خۆرئاوایی و شەپۆلە دیار/ نادیارەکانی رۆشنبیریی خۆرئاوایی، بە تایبەتی بە سوریالیزم، هەروەها بە بزاوتی (گۆڕان) کە جاریکیان هیراکلیتس بەم وتە ناودارە وەسفی کردووە: (تۆ دوو جار لە ئاوی رووباریك نادەی) ئەگەر جاری یەکەم خۆت لە ئاوەکەدا، ئەوا ئاوەکە لە باریکدایە، ئەگەر جاری دووەم خۆتت لیدا، ، ئەوا جووڵانەوە باری ئاوەکەو شوناسە ئەسلییەکەی دەگۆڕێ، لیرەوە تۆ سەرەتاکانی ئەم جەدەلەی نیوان دیارو نادیار–ستاتیك و دینامیك لە منداڵیمدا دەبینی. شتیکی دیکەش کاری تیکردووم، ئەویش جۆری ئەو بیرکردنەوەیەیە کە دەڵێ: (ئەگەر لە جیهاندا مەعلومیك هەبێ ئەوا لە بەرامبەریدا مەجهولیك هەیە، مەعریفەی راستەقینەش بریتی نییە لە زانینی مەعلوم بەلکو بریتییە لەزانینی مەجهول)، لە سەرەتای منداڵیمەوە هەست و خەیالی مەجهولم تیدا بووە، بیگومان ئەم چەشنە بیرکردنەوەیەو ئەم چەشنە هەستەش دژی ئەو مەعریفە تەقلیدییەیە کە لە کۆمەڵگەو لە کلتووری ئیمەدا باو بووە، تەقلیدی باوی ناو ئیسلام دەڵێ باشترین شت ئەوەیە بە دوای شتی مەعلومدا بگەرییت و واز لە مەجهول بهینیت، من بە پیچەوانەوە مەعلومم جیدەهیشت و بە دوای مەجهول دەگەرام.

* کەواتە دەشێ (الخصیبی)و (المنتجب العاني)و (الحسن المکزون السنجاري)و (النفري)و (محي الدین بن عربي)(2)، هەموو ئەمانە، کاریان لە شیعری تۆ کردبێ؟

– بە ریژەی جیاجیا کاریان تیکردووم.بەلام الخصیبی بۆ نموونە شاعیریکی باش نەبوو، بگرە شاعیریکی زۆر خراپیش بوو، شیعرەکانی پتر شیعری میللی بوونو بە کۆمەلێ کیشی تیکشکاو فیکرەکانی دەهۆنییەوە، خویندوومەتەوە بەڵام بەهایەکی شیعریی نزمی هەیە. المنتجب العاني نرخیکی زیاتری هەیە چونکە شاعیرییەتیکی بەرزی تیایە ئەگەر چی خاوەنی چەند غەرەزیکی شیعریی تەقلیدی بوو، من بە شاعیرییەتو بە هەستیاریی شیعریی ئەو کاریگەر بووم، بەهەرحاڵ کاریگەریی ئەو لەسەر من زۆر کەم بوو، بەڵام (المكزون السنجاري) کاریگەرییەکی گەورەی هەیە بە تایبەتی لە بابەتی (ظاهر وباطن)، ئیستا دەتوانم تەفسیری بکەم، ئەو کاتە توانای تەفسیرکردنیم نەبوو، چۆن دەکرێ شاعیریکی ئایدیۆلۆژی فیکرەکانی خۆی بە شیعرییەتیکی بەرز دەرببرێ؟

باوەرم وایە ئەم شاعیرە لەتەك (الكميت بن زيد)ی چەرخی ئومەوی گرنگترینی ئەو شاعیرانەن فیکرو لایەنگیریو ئینتمای خۆیان بەپلەیەکی بەرزی شاعیرییەت گواستۆتەوە. بەم بۆنەیەوە من زەمەنیکە هەولم لەگەڵ شاعیرە ئایدیۆلۆژییەکان داوەو زۆرم لیکردوون شیعرییەتو هونەریتییان بگاتە ئاستیکی بەرز بەجۆرێ فیکرەکانیان لەناو هەستیاریو شیعرییەتیاندا بتویتەوە نەك ئەوەی زمانی شیعری هەر تەنها ئامرازێ بێ بۆ گواستنەوەی کۆمەلێ بیرو باوەری وشك، چونکە بەبێ توانەوەی فیکر لەناو هەستیاریی شیعریدا، شیعر دەبێ بە وتاردانو پروپاگەندە وەك لەوەی ببێ بە شیعر، بەم مانایە (السنجاري) کاریکی زۆری تیکردووم، باسی (النفري)ش ناکەم کە ئیستا یەکیکە لەوانەی بە ئەندازەیەکی زۆر دەخوینریتەوە، هەروەها باسی ئەو پیاوە مەزنەش (محی الدين بن عربی) ناکەم، پیم وایە ئەگەر ئیبن عەرەبی– کە هەندێ لە کتیبەکانی لە هەندێ وڵاتی عەرەبیدا قەدەغە کراوە– ئەگەر لە خۆرئاوا بوایە، ئەوا لانی کەم لە ئاستو پلەی هیگل(3)دا دەبوو یان لە ریزی قەشە

تۆمای ئەکوینی(4) دەبوو. ئیبن عەرەبی لە تۆمای ئەکوینیش مەزنترە بە پیی ئەو کەلەپوورەی پەیوەستە پیی، من ئیبن عەرەبیم لە تۆمای ئەکوینی پێ باشترە. راستە تۆمای ئەکوینی فەیلەسووفە بەڵام فەیلەسووفیکی ئاینییە، ئیبن عەرەبی فەیلەسووفیکی گەردوونییە، گەردوونیتی ئیبن عەرەبی لە فەلسەفەکەی گرنگترە. هەرچی (النفری)یە، درەنگ ناسیم، دوای رۆیشتنم بۆ بەیرووت ئینجا ناسیم، ناسینی نفری چیرۆکیکی هەیەو پیم خۆشە بیگیرمەوە؛ ئەو کاتە لە ناوەراستی شەستەکاندا کارم لەسەر (دیوان الشعر العربي)(5) دەکرد، لە کتیبخانەی زانکۆی ئەمریکییدا لە بەیرووت کتیب لە دوای کتیبم بۆ خویندنەوە دەخواست، ئەمەش ماندووی کردم، پاشان بیرم کردەوە: بۆچی لە کتیبخانەکەدا دانەنیشمو رەف لە دوای رەف کتیبەکان بخوینمەوە؟ بە تایبەتی لە کتیبەکانی میژووو جوگرافیا و نەوادردا گەلێ شیعری مەزنی عەرەبی هەن و ئەو شیعرانە لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا پەرت و بڵاون و شیعری مەزنیشن، ئیدی بەردەوام دەچوومە کتیبخانەو رەف لە دوای رەف کتیبەکانم دەخویندنەوە، رۆژیکیان گەیشتمە رەفیك کتیبیکی سەرنجراکیشی لەسەر بوو، لەسەر بەرگەکەی چاپی 1945 نووسرابوو، وابزانم چاپی یەکەم بوو، کتیبەکەم کردەوەو خۆم لە بەرامبەر (نفری)دا بینی، یەکەم جار بوو ئەو ناوە ببینم، پیشتر گویم لەو ناوە نەبوو، دەقە عەرەبییەکەم خویندنەوەو سەرسام بووم، هەرگیز باوەرم نەدەکرد شاعیریك لە زمانی عەرەبیدا هەبێ و بەو ئاستە بنووسێ، شتیکی سەرسورهینەر بوو، پاشان تیبینی ئەوەم کرد بۆ ماوەی بیست سالە 1945–1965 دەستیك نەبووە ئەم کتیبە، کە تەپ و تۆزیکی زۆری لەسەر نیشتبوو، دەربهینێ، کتیبەکەم بردە لای بەریوەبەری کتیبخانەکەو پیم وت: لە دانیشتنی دوورو دریژ ماندووبوومو دەمەوێ ئەم کتیبە ئیستیعارە بکەم، کتیبەکەی بە ئیستیعارە دامێ و گەرامەوە بۆ ماڵەوەو ئەو شەوە نەنووستم، لە دلی خۆمدا وتم:

ئەم کتیبە شۆرشیکە، نزیکەی هەزار ساڵ تیپەریوەو کەسێ باسی شتیکی لە بارەی ئەم کتیبەو خاوەنی کتیبەکە نەکردووە، ئەو کاتە (نفری)نە ناسرابوو، دوای دوو سێ رۆژ گەرامەوە لای بەریوەبەری کتیبخانەکەو پیم وت کتیبەکە ون بووەو ئامادەم نرخەکەی بدەم، وتی نرخی کتیبەکە حەوت لیرەیە (یان پینج لیرە، لەبیرم نەماوە)، پارەکەم دایەو داوای لیبوردنیشم لیکرد، پاشان یەکسەر لە گۆڤاری (شیعر) بابەتیکم لەسەر نووسی، لەویدا نووسیومە شیعری نفری تەرزی یەکەمی پەخشانە شیعرە. بیگومان کتیبەکەم لای خۆم پاراستو تا ئەمرۆش بۆ یادگاری لە لام ماوەتەوە، ئیتر وەك دەزانی نفری لە ئاستی نووسەرانی عەرەبدا بوو بەو نووسەرە سەرسورهینو نامۆو خولقینەرە، بەڵام تا ئەمرۆش، بە داخەوە، دەبینم زۆربەی ئەو کەسانەی وەك نموونەیەك بۆ شیعر وەری دەگرن، بە قوولی نایخویننەوە، بە گیانی نفریو بەو ئاسۆیەوە نایخویننەوە کە بۆ مامەلەکردن لەگەڵ زمان دەیکاتەوە، بگرە زۆربەی خوینەران بۆ مەبەستە ئاینییەکەی وەری دەگرن، ئەوان ناتوانن لایەنە ئاینییەکەی لێ جیابکەنەوە تا وەك شاعیرو نووسەر بیبینن، بەهە رحاڵ تۆ ناتوانی بەزۆر ئەم مەسەلەیە دروست بکەی بەلکو خۆی لەگەڵ زەمەندا دەخولقێ. گشت ئەمانە بە رادەیەکی زۆر کاریان تیکردم، تا ئەو ئەندازەیەی هەندێ جار خۆم چەند نموونەیەکم لێ دەخواستو بە دارشتنیکی تر دەمخستە ناو شیعرەکانم، بیگومان لیرەدا کەسانی ساکارو نیاز خراپ هەن ئەم خواستنو وەرگرتنەی منیان بە دزین لە قەلەم دەدا لەگەڵ ئەوەی هەموو نموونەکانم خستبووە بەینی دوو جووت کەوانەوە. دەلیی چی خەلکی ئاوهان.

* کاریگەریی کتیبی (ململانیی فیکری لە ئەدەبی سووری)ی(6) ئەنتوان سەعادە لە ریچکەی شیعریی تۆدا چی بوو؟

– ئـەو کتێبـە کـاریکی زۆری تیکـردووم، چونکـە لـەپاش خوێندنـەوەی، بـەجۆرێ سەیری شیعرم دەکـرد کـە تـەنیا گوزارشـت نییـە لـە سـۆزو هەلچوونـەکان، بـەلکو روانینیکی تەواوە بۆ مرۆڤ و جیهان و شتەکان، ئەم چەمکەم بۆ یەکەمجار لەو کتێبە دۆزییـەوە، بەراسـتی ئـەوە گواسـتنەوەیەکی یەکلاکـەرەوە بـوو لـەو پـەرت بوونـە عاتیفی و لەو پەرت بوونە ئینفعالییەی شیعری پێ دەنووسرا – تا ئـەمرۆش زۆربـەی شاعیران بەو جۆرە شیعر دەنووسن– بەرەو هەلویست و بەرەو روانین و بەرەو جۆریك لە موقارەبە. کاتیك ئەم جۆرە بینین و ئەم جۆرە تیروانینەت هەبێ، ئەوسا تیروانینت بۆ زمانیش دەگۆررێ و رەفتارت لەگەڵ زمانەکەتیشدا دەگۆررێ. هـەروەها تیروانینت بۆ بینای شیعریش دەگۆررێ. شتیکی تر، من لەم کتێبەدا پشتگیرییەکم بینی بۆ ئەو دەستپێشخەرییە سەرەتاییانەی شیعری عەرەبی کە فەرامۆش کرابوون و تا ئیستاش شاعیران فەرامۆشـی دەکـەن، واتـە ئـەوەی کـە شـیعر لـە فیکـر جیانابیتـەوە. هـەموو شـاعیریکی گـەورە لـە میـژوودا، بـە مانایـەك لـە ماناکـان، رووناکبیریکی گـەورە بـووە، مەعەری لەتەك ئەوەی شاعیریکی گەورە بوو بیرمـەندیکی گـەورەش بـوو، موتەنـەبی و ئـەبو تـەمام و ئەبونـەواس هـەموویان بیرمـەندی گـەورەبوون چونکـە نـە تـەنیا کۆمـەلێ بـەهای ئیسـتاتیکییان دامــەزراند بــەلکو چــەند بەهایــەکی فکریشــیان دامــەزراند، ئەبونەواس لە بەرامبەر هەموو بەهایەکی بە داوەتدا بەهای شاریی دامەزراند، ئەبو تەمام هەموو بەهایەکی ئیستاتیکی پەیوەست بە هەستیارییەکی نوێ و بە زمانیکی نوێ دامەزراند، دەتوانین هـەمان شـت لـەبارەی موتەنـەبی–ش بلیین کـە بیرو بـاوەرو فەلسەفەی سەردەمەکەی خۆی لە شیعرەکانیدا تواندەوە، هـەروەك لـەلای ئەبوعـەلای مەعـەری–ش هـەمان شـت دەبینـین، ئەمانـە چـەند لوتکەیـەکی شـیعری و فیکریـن. ئـەنتوان سـەعادە ئـەو ئاراسـتەیەی لـەلا پتـەو کـردم کـە دەیـووت شـیعر لـە فیکـر جیانابیتەوە، شیعر بینینیکە بۆ دنیا، پاش ئەوە ریگەی دەربرین و گوزارشت کـردن

دەمێنێ، دەبێ فیکر لە شیعردا بتویتەوە. قەسیدە هەروەکو گوڵ گشت رەگەزەکانی گەشەکردنی تیایە: خۆڵو ئاوو پەیینو کەشو تیشكو با، بەڵام دواجار گوڵ بەبۆنە خۆشەکەیەوە، نەپەیینە نەخۆڵو نەئاو، بەلکو بۆنی عەترە، لیرەوە پیداگرتن لەسەر شیوەی دەربرین دیتە پیشێ، شیعر تەنها ئامرازیك نییە بۆ دەربرین وەك لەم نموونەیەدا دەردەکەوێ:

الناس فی صورة التشبیه اکفاء

ابوهم آدم و امهم حواء

ئەمە جۆریکە لە فیکر بەڵام شیعر نییە، کەواتە شیعر وەك (با) وایە، شیعر بای جیهانە، بای جیهانیش سنووری نییەو گشت کیشوەرو شوینو کەشو فەزاکان دەبرێ. بریاری قوولی گشت شیعریکی مەزن بریتییە لەو بریارە مرۆییو شارستانییە تاكو تەنیایە، بەڵام مۆرکی ئەو زمانە دەگرێ کە لە میانییەوە خۆی دەردەبرێ، بەلێ کاریگەریی ئەو کتیبەی سەعادە کاریگەرییەکی مەزن بوو، باوەرم وایە ئەو کتیبە تا ئیستاش یەکیکە لە گرنگترین کتیبە دامەزرینەرەکانی ئەو بوارە، ئەوەندە بەسە کە ئەنتوان سەعادە ئەو کتیبەی نووسیوە.

* دەتوانین بلیین شیعر ئاخاوتن نییە بەلکو شیلەی ئاخاوتنە.

– شیعر بۆنە، ئەمە میتافۆر جەختی لیدەکا، بۆ نموونە کاتێ غەزەلیك لە غەزەلییاتی شیعری عەرەبی دەخوینیتەوە کە باسی ئەویندارو جلو بەرگو چاوو سینەو روومەتو ئارەزووو حەنینو نازانم چیتر دەکا، ئەم جۆرە شیعرە لە شیعری عەرەبیدا ئیجگار زۆرە، ئەمە شیعریکی وەسفیی راستەوخۆیەو هیچ چرییەکی تیا نییە، شیعری راستەقینە، تەنانەت لە پەیوەندیشدا، رەمزیکت بۆ دەخولقینێ، بۆ نموونە شیعری شاعیریکی کۆنی عەرەبی بخوینیتەوە کە لە میسردا ژیاوەو ناوی –الشریف العقیلی–یە لە شیعریکدا بۆ خۆشەویستەکەی، دەلێ:

ضاقت علي نواحيها فما قدرت

عای الاناخة فی ساحاتها القبل

کاتێ شیعریکی وەك ئەمە دەخوینیتەوە، هەموو شیعریکی غەزەلی مەئلوف دەبیتە شیعری بێ مانا، کاتیکیش دیرە شیعریکی ئەبو تەمام دەخوینیتەوە کە وەسفی باران و بیداربوونەوە دەکا، ئەوسا جیاوازییەکەت بۆ دەردەکەوێ، ئەبو تەمام دەڵێ:

مطر يذوب الصحو منه و خلفه

صحو يكاد من النضارة يمطر

ئەم وینەیە جیهانیکی سەرسورهینت بۆ دەکاتەوە، هەموو ئەو فیکرانەش کە ساف دەبنەوە دەگەنە جۆریك لە دەربرینی تەواوە، سنوورەکانی نیوان شیوەو ناوەرۆك دەسرنەوەو وەك ئەو شتانەیان لیدێ کە لەناو یەکتردا دەتوینەوە. ئەمەیە شیعر.

* لە قەسیدەی "قالت الآرض"(7)دا بە بدوی الجبل-ی شاعیر کاریگەر بوویت، پاشان لە دیوانی "قصائد اولى"دا کاریگەریی سەعید عەقل (8) دەرکەوت. لە شاعیرە گەورەکان بە کیی دیکە کاریگەر بوویت؟

– پیم وایە نکۆلی کردن لە کاریگەری هەلویستیکی تەواو هەلەیە چونکە ئەگەر تۆ زیندوو بیت ئەوا کاریگەریت لەسەر دەبێ، تەنها بەرد هیچ شتێ کاری تیناکات، بگرە تەنانەت بەردیش رتوبەت کاری تیدەکا، شیعر وەك با وایە، لە گشت شاعیریکی راستەقینەدا کاریگەری هەیە، بەلام لەم ئاستەدا سەرەتاکان دیار نین، سەرەتاکان زنجیرەیەکی نادیارن، بۆیە جیدال و گفتوگۆی جیاواز لەبارەی کێ بۆ یەکەم جار، بۆ نموونە، پەخشانە شیعری نووسیوە، بە هیچ جۆرێ مانای نییە، گرنگ ئەوە نییە کێ یەکەم کەسە، گرنگ قەسیدەکە خۆیەتی، دەشێ فلان کەس یەکەم کەس بێ بەلام قەسیدەکەی باش نەبێ. کاریگەری لەیەك کاتدا ئاگا و نائاگا دەبێ. کاریگەریی بە

ئاگایانـە، لـەلای مـن، لـەو کەسـانەوە هـاتووە کـە تـۆ نـاوت هینـان، بـەڵام لـیرەدا کاریگەرییـەکی تیپـەڕیوو نائاگا لـە قۆنـاغیکی دیـاریکراودا هەیـە وەك کاریگـەریم بـە سەعید عەقل و بەتایبەتی بە زمانەکەی، سەعید عەقل زمانی کورت دەکردەوەو یەکەم قەسـیدەی کـورت و مەحکـەمی بەرهـەم هینـا، سـەعید عـەقل لـە ئاسـتی زمـاندا کاریگەرییەکی گرنگی هەیە کە چی دنیای شیعریی، بەرتەسك و سنووردارو دووپات کراوە، من بە هیچ شیوەیەك بە دنیـای شـیعریی سـەعید عـەقل کاریگـەر نەبوومـە، بـە پیچەوانـەوە مـن لـەم ئاسـتەدا بـە تـەواوی هـاودژم، ئەگـەر چـی لـە سـەرەتاکانی نووسینمدا وەك تۆ ئاماژەت بۆ کرد کاریگەریی زمانەکەیشیم لەسەر بووبێ.

بەڵام لە بدوی الجبل–دا بە روونی و شەفافیی شیعرەکانی کاریگەر بووم، ئـەو روونی و شەفافیەتەی لە شیعری کۆنی عەرەبیشـدا هەیـە بەڵام بایـەخی بـدوی الجبل لەوەدایە کە بە تەواوی کلاسیکییە، واتـە، توانـی ئـەو زمانـە شـیعرییە سـافە هـەرس بکاو لە سەمتیکی تردا بینووسیتەوە، بەم مانایە لەو باوەڕەدام بدوی الجبل بۆنـی گـوڵاوی شـیعری عـەرەبیی لـە جـەواهیری (9) پـتر تیایـە، بـۆ نموونـە لـە شـیعری جەواهیریدا گەلـێ ئالۆزیو قۆقـزیو موفرەداتـی مـردووو لیکـدراوی بەسـەرچووی تیایە بە چەشنێ، لە تەك گرنگیی شیعرەکانی، بەڵام بۆنـی گولـی زۆر کـەم تیدایـە بـە بەراورد لەگەڵ شاعیریکی وەك بدوی الجبل، کەچی جەواهیری لەبەر کۆمەلـێ هـۆی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، لەلای رژیمەکان زۆر ناودارترو بڵاوتـر بـوو، جـەواهیری لـە بدوی الجبل زیـاتر دەست بۆ ئایدیۆلۆژیا و فیکـرو رووداوەکان دەبا، بـدوی الجبـل هـەموو ئـەو مەسـەلانەی تیکـەڵ بـەخۆیو بـە ئەزموونەکـەی کـردووەو تـەنیا بۆنـی گوڵاوەکـەی هیشـتۆتەوە، دۆزینـەوەی بۆنـی گـوڵا و زۆر دژوارتـرە لـە دۆزینـەوەی رووداو. جگە لەوانەی باسم کردن کاریگەریی ئەزموونـە شیعرییەکانی خۆرئاوام بە

سەرەوەیە، بە ئاگابووبێ یان بەبێ ئاگا  بە هەندێ لە شاعیران کاریگەر بووم، بەڵام زیاتر کاریگەر بووم بە بزاوتە فیکرییەکان، هەر بۆ نموونە نیچەو هیراکلیتس(10)



# بەشی چوارەم:

# شاری کۆتاییەکان و

# شاری سەرەتاکان

* مۆنۆپۆلیزەکردنی دامەزراوەکان لەلایەن دەسەڵات و ریگە نەدان بە دامەزراندنی ئازادانەی

# دەزگای رۆشنبیریو زانستی، دەرفەتەکانی داهینان دەخنکینێ

# * شارەکانی ئیمە پرن لە گیروگرفتی کارەباو ئاوو گرفتی هاتووچۆو پۆستو ... تەنانەت نان پەیداکردنیش خۆی گرفتیکە، باشە چۆن دەکرێ شوینیکی وا ببیتە شاریک بۆ داهینان

ئةدؤنيس لةم بةشةى طفتوطؤكةدا باسى ديمةشق دةكا وةك شاريكى داخراو كـة بة ميذوو ثةرذين كراوةء ئاسؤيةكى بؤ تةقينـةوة يـان بـؤ كرانـةوة تيانييـة، شـارى سةوداكردنةء لة نيوان سياسةتء بازرطانيدا ديتء دةضآ، كةضى بةيرووت شارى سـةرةتاكانةء ئاسـؤيةكى كـراوةى هةيـةء، بـةلآم ئـةو بةيرووتـةى لـة سـةردةميكدا ئةدؤنيسي تيادا ذياوة زؤر جياوازة لةم بةيروتةي ئةمرؤ كة شاعير ترسيكى زؤرى هةية ئةم شارة دلطـيرة بـةرةو ويرانـىء داخـران بضـآ، ترسـى لةوةيـة بـةيرووت بطؤردرآء ببآ بةو شارةى خيلأء تايفةكان تةنها لةطةلأ خؤيـاندا قسـة بكـةنء مـؤلأ بخؤن كة جاران لةطةلأ يةكتردا ديالؤطيان هةبوو، ئةدؤنيس لةوة دةترسآ بةيرووت لةناو ثةرذينء شوورةيةكى طةورةدا ببآ بة كؤمةلآ شارى بضووك بضووك. هـةر لةم طفتوطؤيةدا باسى هةلومةرجةكانى سـةرهةلدانى طؤظـارى "شيعر" دةكـا كـة وةك شؤرشيكى نويكارى هةنطاوى طةورةى هاويشت.

### لە نیوان دیمەشقو بەیرووت

## شاری کۆتاییەکان و شاری سەرەتاکان

* تۆ دیمەشق بە شاری کۆتاییەکان و بەیرووت بە شاری سەرەتاکان ناو دەبەیت. لە نیوان دوو زەمەنی جیاوازدا بەیرووت چۆن دەبینی؟ مەبەستم بەیرووتی نیوەی دووەمی پەنجاکان، کە تۆ تیایدا ژیاویت، لەگەڵ بەیرووتی نەوەتەکان؟ پاشان دیمەشق لە دوو سەردەمی جیاوازدا چۆن دەبینی، دیمەشقی نیوەی یەکەمی پەنجاکان لەگەڵ دیمەشقی ئەمرۆ؟ ئەی چۆن ئەم دوو شارە لە رووی رۆشنبیری و شارستانی و هیمنی و جوانیی ژیان بەراورد دەکەیت؟

- ئەمە باسیکی دریژە جگە لەوەی ئالۆزیشە. دیمەشقم ناو ناوە شاری کۆتاییەکان یان شاریکی تەواوکراو و کۆتایی پیهاتوو لەبەر ئەوەی ئاسۆیەکی لەولەبییانەی هەیە، واتە شاریکی هەمەچەشنە لەسەر دوو بنچینەی چەسپیو راوەستاوە، ئەو دوو بنچینەیەش لە سیاسەت و بازرگانیدا قەتیس دەکەم، دیمەشق لە رووی شیوە و رووبەرەوە بەردەوام فراوان دەبیتەوە بەڵام لە جەوهەردا هەروەکو خۆی دەمینیتەوە. ئەمرۆ کاتێ دەگەریمەوە دیمەشق، ئەو گۆرانکارییانە دەبینم کە لە پەنجاکانەوە تا ئیستا بەسەریدا هاتوون-بۆ ماوەی چوار ساڵ بە چری لەو شارەدا ژیاوم- گۆرانکارییەکانی ئەم شارە تەنها چەند گۆرانکارییەکن لە روواڵەتدا، ژمارەیەکی زۆری کۆشک و خانوو زیادیان کردووە و شەقامەکان فراوانتر بوونەتەوە، دەشێ هەندیکیان پاکترو ریکوپیکتر بووبنەوە، بەڵام لە جەوهەردا دیمەشق تا ئیستاش شاریکە لەناو شوورەیەکدا دەژی، لەوانەیە ئەو شوورەیە لە جاران گەورەترو فراوانتر بووبیتەوە، بەڵام تیکرای گواستنەوە و گۆرانکارییەکان لەناو ئەو شوورەیەدا روویان داوە. دیمەشق، بەمانایەکی تر، شاری سەوداکردن و یەکلاکردنەوەی حیساباتەکانە نەك شاری تەقینەوە و هەلقولین و زیندەگی، بەم مانایە دیمەشقم بە شاریکی کۆتایی پیهاتوو ناو لیناوە، چونکە لیرەدا وەهمیك یان هەستیکی قووڵ هەیە کە ئەمە

شاریکی کاملەو پیویستیی بە هیچ شتیکی تر نییە جگە لە پاراستنی ئەوەی کە هەیە، لەبەر ئەوە دیمەشق شاریکە مومکین نییە هیچ تەقینەوەیەکی تیادا رووبدات، سا تەقینەوەی ئەدەبی بێ یان فیکری یان سیاسی، خۆ ئەگەر شتیکیش لە تەقینەوە سیاسیو ئابوورییەکانی تیادا روو بدات، ئەو تەقینەوەیە دەبیتە مەسەلەیەکی کاتیو تیپەریو، لە دۆخیکی واشدا ئەو جۆرە تەقینەوانە لە ناوەوەو لە بزاوتو زیندەگیی ناوەوە نەهاتوون بەلکو لە دەرەوە هاتوون، کەواتە دیمەشق شاریکی دلنیاو هیمنە. بەڵام بەیرووت، بە پیچەوانەی دیمەشق، شاریکی جیاوازە. بەیرووت شوناسیکی پیشینەی نییە. دیمەشق شوناسیکی پیشینەی هەیەو پاریزگاری لەو شوناسە دەکات، جا لەبەر ئەوەی بەیرووت شوناسیکی پیشتری نییە، کە دەچیتە ناوی وەك ئەوەیە بە راستی بچیتە ناو ئاسۆیەك، شوناسەکەیشی لەگەڵ کارو لەگەڵ فیکری هاوشانی ئەو کارە دەخولقێ، بەیرووت دەرفەتی بۆ هەموو گروپیكو بۆ هەموو کەسێ دەرەخساند لەتەك خولقاندنی کارو فیکردا بەردەوام شوناسی خۆیان دروست بکەن، ئەم شارە لەم لایەنەوە شاریکی کراوەیەو تەواو نەبووە، شاری سەرەتاکانە، هەمیشە دەتوانی وردە وردە دەست پێ بکەیت، بەڵام ئەمرۆ خەتەری گەورە لەسەر بەیرووت ئەو وینەیەیە کە لە دوای شەری ناوخۆ دروست بووە. زەحمەتە پیشبینی بزاوتی واقیع بکرێ، دەشێ هەر یەکێ لە ئیمە لە ئاستی فیکردا پیشبینی هەندێ شت بکات وەك ئەوەی عەقلی خۆی بۆ پیشبینیی چارەنووسی نەتەوەی عەرەبی یان نەتەوەی سووری بخاتە کار بەڵام لە ئاستی بزووتنەوەی واقیعدا باوەرم وایە زۆر زەحمەتە پیشبینی بکرێ، لەبەر ئەوە ترسی ئەوەم هەیە بەیرووت بە عەرەب بکرێ بەو مانایەی لەبارەی دیمەشق قسەم لەسەری کرد، دیمەشق جگە لە نموونەیەکی شارە عەرەبییەکانی تر شتیکی تر نییە، بەراستی ترسی ئەوەم هەیە بەیرووت بەمانا نیگەتیڤەکەی بە عەرەب بکرێ.

– واتە پیر ببێ؟

– بەڵێ، ببێ بەشارێ هەستیکی وای تیا بێ کە شاریکی کامڵو تەواوەو هەولی پاراستنی شتە جیگیرەکانی تیادا بدرێ، بە تایبەتی دۆخیخیڵو تایفەکان، تایفەکان لە رابردوودا کەمتر تایفەگەراییان دەکرد وەك لە ئیستا، تایفەکان بەر لەشەری ناوخۆ لەبەرامبەر دیالۆگی بێ سنووردا کرابوونەوە، کە چی ئەمرۆ سوننییەك زۆر لە جاران سوننی ترەو شیعەیەك زۆر لە جاران شیعەترە، هەر بە تەبیعەتی حالیش مارۆنییەك زۆر لە جاران مارۆنی ترە، واتە ئەو کرانەوەیە بەرتەسکترو بچووکتر بۆتەوە، لیرەدا جۆرە داخرانیك هەیە، ئەوەی دەمترسینێ ئەوەیە بەیرووت ببێ بە شاریکی ئالۆز لە دیمەشقیش ئالۆزتر، ببێ بە کۆمەلێ شاری بچووك بچووکی ناو شوورەیەكو ببێ بە کۆمەلێ داخرانی ناو ئەو شوورەیە، ئەوەی لیرەدا دەیلیم لە ترسەوەیە نەك لە یەقینەوە چونکە وەك وتم زەحمەتە پیشبینیی واقیع بکرێ، ئەوەی پاڵ بەهەر یەکێ لە ئیمەوە دەنێ لەو حالەتە بترسێ: ئەمرۆ لە هەموو کاتێ زیاتر مرۆڤ لە لوبناندا بە بەهرەی تایبەتیو بە توانا و لیهاتوویی خۆی کارەکان ئەنجام نادات بەلکو بە لایەنگیریی تایفەگەرایی کاردەکا، تەنانەت لەناو تایفەکەی خۆیشیدا بە پیی رادەی نزیکی یان دووریی لە سەرۆکی خیلەوە، کاردەکا، جاران ئەم جۆرە هەلسەنگاندنە لەناو خیلدا هەبوو بەڵام جۆریك لە بزاوتو جووڵانەوەش هەبوو، لەناو هەر خیلیکدا هەمەجۆرییو فرەیی هەبوو، لەبەر ئەوە پەراویزیکیش بۆ بەهرەدارە بە توانا و بویرەکان هەبوو تا لە مەتنی ئەو فرەییەدا بجوولینەوە. ئیستا لە دیمەشق مرۆڤ، لە هەموو شتێ زیاتر، لە رووی سیاسیو ئایدیۆلۆژیو بازرگانییەوە هەلدەسەنگینرێ، واتە کەسانی سیاسی – بازرگانی شاریکی مەزنی وەك دیمەشق بەریوەدەبەن، ئەمەش لە راستیدا شارەکە

پارچە پارچە دەکاو تیکی دەشکینێو دەیخنکینێ. ئیستا لەوە دەترسم تایفەگەری/بازرگانی، سیاسی/بازرگانی بەیرووتیش بخنکینێ(1).

* پیم وایە بەیرووت خاسیەتە کۆزمۆپۆلیتییەکانی ون دەکا.

- ئەگەر مومکین بێ شار بکوژرێ وەك چۆن مرۆڤ دەکوژرێ، ئەوا مومکینە بلیین بەیرووت "کوژرا"، دەلیم بەیرووت "کوژراوە" لەچاو ئەو وینەیەی پیشتر ئیمە بینیومانەو تیایدا ژیاوین، دەشێ وینەیەکی تر بۆ خۆی وەربگرێ، لیرەدا شتیك هەیە ریی بینین دەگرێ بەڵام دەبێ ئیمە بە روونی ببینین، مەبەستم بوونی ئیسرائیلییە، لایەنی پارادۆکسی لە وجودی ئیسرائیلدا ئەوەیە کە لە سەردەمی هەلکشانی ناسیونالیزمدا پەیدا بوو، لە سەردەمیبزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیو ئەو ریکخراوانەی وەك ئەلتەرناتیڤی بورژوازیی کۆنو فیودالیزمی تەقلیدی خۆیان پیشکەش دەکرد، واتە ئیسرائیل لەناو جەرگەی ئەو بزووتنەوە عەرەبیە دامەزرا کە بەرەو ئازادیو پیشکەوتن دەرۆیشت، ئەمە پارادۆکسیکە دەبێ ئاگاداری بین، خراپترین کارەساتی ئیمە لەو قۆناغەدا رووی‌دا، هەروەها هەلوەشاندنەوەی کۆمەلگەی مەدەنی لەناوەوە هەر لەو قۆناغەدا رووی‌دا، واتە ئیمە لەو کاتەی دەهات هەناسەیەکمان بیتە بەر کەچی لەگەلیدا تەنگەبەریو خەمو ئازارمان بەسەردا باری.

* ئاخۆ وای دەبینیت بەیرووت، پاش ئەو هەموو مەینەتییەی بەسەریدا هات، هیوایەکی تیا مابێ بتوانێ کەمێ لە گەشانەوە رۆشنبیرییەکەی بەدەست بینیتەوە؟

- دەبێ مرۆڤ هەمیشە هیوای هەبێ، وەك سەعدوللا وەنوس(2) دەلێ: "ئیمە مەحکومین بە هیوا"، یان وەك ئەنتۆنیۆ گرامشی(3)دەلێ: "ئیمە مەحکومین بە هیوای ئیرادە". بەڵام هیوای من وەك شاعیرێ زۆر دوورترە لە هیوای من وەك کەسیکی پابەند بە کۆمەڵ.

* شار لە جیهانی عەرەبیدا زۆرە بەڵام ئەو شارە گەورانەی جاران پێیان دەووت (حواضر)، کەمن جاران دیمەشق و بەغداو قاهیرەو لەوانەیە ئەسکەندەرییەش کۆمەڵێ (حواضر)ی دیاربوون، دەشێ بەیرووتیش ئەو رۆڵەی هەبووبێ، بەڵام هەموو ئەو شارانە هێزیان لێبراو پیر بوون. ئایا ئەمڕۆ (حاضرة)یەکی عەرەبی هەیە؟

– بەداخەوە دەڵێم نەخێر، لەگەڵ ئەوەی رەگەزە بنەرەتییەکانی کردنی شاری عەرەبی بە (حواضر) بوونیان هەیە کەچی دامەزراوەکان لەو ئاستەدا نین هەست بە گرنگیی ئەو رەگەزانە بکەن، لەبەر ئەوە دەبینی هاووڵاتی بووە بە کەسیکی نائومێدو ئیماندار. ئێمە گشتمان پتر سەیری چەندایەتی دەکەین نەك چۆنایەتی، پتر شتومەك بەکاردەبەین و هیچ بەرهەم ناهێنین، ئێمە پتر بە سیاسیی تیپەڕیو وەرگێڕاوین نەك بە سیاسیی قووڵ، من لەوە دەترسم لەسەدەی بیست و یەکدا وڵاتە عەرەبییەکان– کە شارستانیەتیکی دێرینیان هەیەو دەکەونە ناو دوو کێشوەر– بگۆڕرێن و تەنها ببن بە شوێنێکی جوگرافی.

* زیاتر حەز دەکەی لە چ شارێکدا جێگیر بیت؟

– لە راستیدا، دەبێ بڵێم: نازانم. ناتوانم دیاریی بکەم.

* لە درێژەی قسەکاندا دەمەوێ بڵێم شار لە دنیای هاوچەرخدا بەندیخانەی رۆحە، بەڵام بەبێ شاری پڕ لەهەراو ژاوەژاو، بوارێك نییە بۆ خەیاڵگەو داهێنان و یاخی بوون. کەچی شار لە دنیای عەرەبیدا بووە بە بەندیخانەی جەستەو رۆح پێکەوە، بگرە شار بریتییە لە کۆمەڵێ سنووقی بەردین و لە تەنیشت یەکترەوە دانراون، وەزیفەی شار بریتییە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵی بەشەری، ئەو بەشەرانەی بەدوای کارو پشووو نووستن و خواردن و خواردنەوەو سێکسدا ماندوون. ئایا داهێنان لە ژیانی رۆژانەماندا لەگەڵ مردنی شاری عەرەبیدا ون دەبێ؟

– وەڵام لە پرسیارەکەتدا هەیە، پرسیارەکەت خۆی وەڵامە. ئیستا ئەگەر بچینە سەر باسکردنی کارکردن دەبینین مرۆڤی تاك لە شاری عەرەبیدا بەردەوام سەرقالی دابینکردنی خزمەتگوزارییە رۆژانەییەکانن، شاریك هەموو جۆرە گرفتیکی تیایە: گرفتی کارەباو گرفتی ئاوو گرفتی هاتوچۆو گرفتی پۆستو زۆر گرفتی تریش، بگرە نان پەیدا کردن خۆی گرفتە. باشە چۆن دەکریٚ شوینیکی وا ببیتە شاریك بۆ داهینان؟

بەراستی ئەمە شاریکی بکوژو خنکینەرە، ئەمەش دەکەویتە سەر بەرپرسیاریتیی دەسەڵاتو دەزگاکانی دەسەڵات. بەڵام کاتیٚ ژیانی هاووڵاتی لەساتەوەختی لەدایك بوونیەوە تا مردنی دەبیتە زنجیرەیەك گیروگرفتی یەك لە دوای یەكو بە کۆمەلیٚ پیوەند کۆت دەکریٚ، ئیدی چۆن دەکریٚ شار ببیٚ بە شوینی خەیالگەو داهینان. خەلکی کە سەرقالی ژیانی رۆژانەن لە مردوو دەچن، بەڵام ئەگەر – تەنانەت لەو جۆرە شارانەشدا_ هەلو دەرفەت بۆ تاکەکان برەخسینریٚو کۆمەلیٚ دەزگا بۆ ئازادیی داهینان دابمەزریٚ، ئەوسا دەبینی کەسانیکی زۆر پیدەگەنو توانا راستەقینەکانی خۆیان دەخەنە کار. ئیمە لە وڵاتانی دەرەوەدا لە سەرجەم بوارەکاندا زۆر کەسی لیهاتووو بە توانامان هەیە، خۆ ئەگەر ئەو کەسە بە توانایانە هەر لە وڵاتەکەی خۆیاندا بمابان، ئەوا وەك هەر کەسیکی تری ناو وڵات دەبوون: دەبوونە ئەو بوونەوەرانەی تەنها سەرقالی ژیانو گوزەرانی رۆژانەن. کەواتە لیرەدا ناتەواوییەك هەیە، پیم وایە ئەو ناتەواوییە لە سروشتی دەسەڵاتی سیاسیدا پەنهانە.

بەکورتی دەلیم مۆنۆپۆلیزەکردنی دامەزراوەکان لەلایەن دەسەڵاتەوەو ریگەنەدان بە دامەزراندنی ئازادانەی دەزگای رۆشنبیریو زانستی، یەکیکە لەو فاکتەرە گرنگانەی دەرفەتەکانی داهینان دەخنکینیٚ.

# گۆڤاری "شیعر"و پەخشانە شیعر

## پیشبینیو نویکاری

* گۆڤاری "شیعر" بە جۆریکی وا دەرکەوت وەك بلیی لە ئاراستەو رووکاردا بە رەگەز سووری یان "سووری نەتەوەیی" بێ. تۆ و (یوسف الخال)و (محەمەد الماغوط)و (نذیر العظمة)و پاشان (کمال خیربك)و (فواد رفقه)(4) لە سووریا لە دایك بوونو لە عەقیدەشدا نەتەوەیی بوون. ئاخۆ عەقیدەو شوینی لە دایك بوون کاریان لەسەر پیکهاتنی گۆڤاری "شیعر"دا هەبووە؟

– کاتێ (یوسف الخال)م لە ئۆکتۆبەری سالی 1956 دا بینی، لە حزبی سووری نەتەوەیی کۆمەلایەتی جیا ببۆوەو بگرە بە مانای سیاسی لە دژی حزب بوو، زیاتر لە فکری (شارل مالك) نزیك بوو. کەواتە (یوسف الخال)م لە کاتیکدا بینی کە لە حزب جیا ببۆوە بەلام من تا ئەو کاتەش ئەندامی حزب بووم، حزب وەك دامەزراویك بە هیچ جۆرێ کاری لەسەر پیکهینانی گۆڤاری "شیعر" دا نەبووە، بگرە پیچەوانەکەی راستە: پاش دامەزرانی گۆڤارەکە بە ماوەیەك، حزب ئیغرای کردم تا لەو گۆڤارە جیا ببمەوە، چەند کەسێ لە حزبییەکان لە رقی (یوسف الخال) پییان وتم: وەرە لای ئیمەو هەر گۆڤارێ تۆ دەتەوێ بلاوی بکەرەوە. من دەمزانی ئەم قسەیە تەنها ئیغرا کردنە، پیم وتن: نا، من واز لەو گۆڤارە ناهینم. کەواتە لەم لایەنەوە حزب هیچ کاریگەرییەکی نەبوو. خۆ ئەوانەی تۆ ناوت هینان ئەگەر چی کەسانی سووری نەتەوەیی بوون بەلام بەراستی ئەمە ریکەوتیکی میژوویی یان ریکەوتیکی بابەتی بوو. (یوسف الخال) شوینی ریزو سەرسامیی لوبنانییەکان نەبوو تەنیا لە چوارچیوەیەکی بچووکدا نەبێ کە پەیوەست بوو بە (شارل مالك)، ئەو چوارچیوەیەش بە هیچ جۆرێ پەیوەندیی بە ئەدەبەوە نەبوو، لە سەرەتادا لوبنانییەکان دژایەتیی (یوسف الخال)یان دەکرد پاشان کەسانی دیکەی غەیرە

لوبنانیش دژایەتییان دەکرد، تەنانەت حزبی سووری نەتەوەییش دژایەتیی دەکرد، بەڵام من لەگەڵیدا وەستامو جەغدم لە هاوکاریو پشتگیریی تەواوی خۆم بۆ ئەو دەکرد. ئەوەی هەردووکمانی دەجووڵاندو لەیەکتری نزیك دەکردینەوە، ئەو ناوکۆکە قوولە بوو لە هەناوی هەردووکماندا هەبوو واتە کرۆکی کۆچکردن وکۆچبەری "موهاجیر".. من لە کۆمەلگەیەکی جیاوازەوە هیجرەتم کردبوو، کاتێ گەیشتمە بەیرووت وام زانی گەیشتوومەتە کۆتایی گەردوون، ئەمە شتێك بوو باوەرم نەدەکرد. لە منداڵیما کاتێ دەچوومە شارێکی بچووکی وەك (جبلە) یان (بانیاس) یان (لاذقیة) خۆم وا دەبینی کارێکی گەورەم کردووە. کەسێکی موهاجیرو نامۆی وەك من _یوسف الخالیش هەستێکی وای هەبوو- دەبوو شتێکی جیاوازو داهێنانێکی جیاواز ئەنجام بدەم مادامەکی لە پەراوێزی ئازادیدا دەرفەتێك هەبوو شتی جیاواز دامەزرێنم. ئەم هەستکردنە بەرەو ئەوەی بردم خزمەتی سەرجەم رۆشنبیریی عەرەبی بکەم نەك بە تەنیا رۆشنبیریی لوبنانی یان فینیقی یان تەنانەت سووری نەتەوەیی وەك هەندێ کەس ئەو پروپاگەندەیەیان بۆ دەکردم. ئیستا دەتوانم بڵێم کاریگەریی ئەنتوان سەعادە لەسەر من بەرەو ئاراستەیەکی شیعریی ناحزبیو ناسیاسی جووڵاندمی، ئەو کاریگەرییە بوو منی لە رووی شیعرییەوە لە حزب دەرهێنا. بەڵام ئەو کارتێکردنانەی تۆ ئاماژەت بۆ کردن لە سەمتێکی تردا کاری خۆیان هەبووە، ئەمە لە واقیعدا بنچینەی دامەزراندنی گۆڤاری "شیعر" بوو، هیچ فیکرێکی ئایدیۆلۆژی یان حزبیی لە پشتەوە نەبوو. بە پێچەوانەوە ئەوەی لە پشتی ئەم دامەزراندنە بوو، ئارەزووی دەرچوون بوو لەهەر ئینتیماو لایەنگیرییەك جگە لە لایەنگیریی شیعرو رۆشنبیریی عەرەبی. بێگومان ئێمە عروبەی سیاسیمان لە عروبەی شیعری جیادەکردەوە. من ئەوساو ئیستاش دژی عروبەی سیاسی و هەروەها دژی عروبەی ئایینیم، چونکە ئایینو سیاسەت شتێکەو کاری رۆشنبیریو

هونەریش شتیکی ترە، ئیمە جەغدمان لە جیاکردنەوەی (سیاسی) لە (رۆشنبیری) دەکرد، مامەلەکردنیشمان لەگەڵ شاعیران بە جۆرێ بوو هەولمان دەدا عەقیدەیان لە شیعریان جیابکەینەوە، بەلگەش بۆ ئەمە یەکەم قەسیدە کە لە گۆڤاری "شیعر" بلاۆمان کردەوە قەسیدەیەکی (سەعدی یووسفی)(5) شاعیر بوو، بیگومان سەعدی یووسف ئەندامی حزبی شیوعی عیراقی بوو، هەروەها شیعری (بدوی الجبل)مان بلاۆکردەوە کە پیاویکی سیاسیی تەقلیدی بووو بە پیی کیشی خەلیلی شیعری دەنووسی، ئەگەر تەماشای ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە بکەیت شیعری (جۆرج صیدح)(6)و هەندێ لە شاعیرە شیوعییەکان دەبینی، ئیمە لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری "شیعر"دا هیلە گەورەکانمان کیشاو لەویدا جەغدمان لەوە کرد کە گۆڤارەکە تەنها بایەخ بە بابەتی شیعریو رۆشنبیریو هونەریی تەواو دەدات لە دەرەوەی دامەزراوی سیاسیو لە دەرەوەی دامەزراوی ئایینی. ئەمە بوو بنچینەی گۆڤاری "شیعر". هەموو ئەو قسانەی لەسەر ئیمە دەکرانو گشت ئەو شەرانەی رووبەرووبمان دەبوونەوە بریتی بوون لە کۆمەلێ تیروانینی هەلە کە لەسەر ئەوهامو مەزەندەی ناراست دروست ببوون، چونکە ئەوانەی دژایەتییان دەکردین جیاوازییان لە نیوان ئایینو عروبە یان سیاسەتی رژیمە عەرەبییەکانو رۆشنبیریی عروبە نەدەکرد، ئەوانە نەیاندەتوانی لەو چوارچیوەیەدا رۆشنبیری ببینن، شیعریان تەنها وەك خزمەتکاری کیشەکانی خۆیان دەبینی. لەگەڵ ئەوەی نیازیکی خراپیشیان نەبوو بەلام ئەمە هۆیەك بوو وای لیکردن هیرش بکەنە سەر گۆڤاری "شیعر" کە لەناو چوارچیوەکانی ئایدیۆلۆژیا هاتبووە دەرێو خۆی جیاکردبۆوە. ئیستا لە دوای مەرگی گۆڤارەکە روون بۆتەوە کە ئەو گۆڤارە بە ئەندازەیەکی گەورە خزمەتی بزووتنەوەی شیعری عەرەبیی کردووە، ئەمەش ئەزموونیکی زیندووەو دەبێ سوودی لیوەربگرین. باوەرم وایە ئەدیب یان هونەرمەند یان رۆشنبیر هەر چەند بتوانێ مەسافەیەك لە نیوان

خۆیو سیاسەت دابنێ ئەوسا پتر دەتوانێ خزمەتی رۆشنبیریو هونەرو ئەدەبو کیشەکەی خۆی بکات.

* کاتێ ژمارەی یەکەمی گۆڤاری "شیعر" لە کانوونی دووەمی سالی 1957 دەرچوو، ئامانج تەنیا نویکردنەوەی فۆرمی شیعری نەبوو بەلکو نویکردنەوەی روانینو هەلویست لە مرۆڤو بوونیش بوو. ئایا گۆڤاری " شیعر" هەر تەنها پیشبینیەك بوو یان لەناو تەقینەوەیەکی گەورەی رەگەزە نوییەکانی تازەگەرییەوە هاتە دەرێ کە بە بزووتنەوە یاخیگەرییەکانی لاوانو هەروەها بە دەرکەوتنی چەپی نوێو رەخنەگرتن لە دنیای کۆن بە هەموو روالەتەکانیەوە، گوزارشتی لە خۆی دەکرد؟

– ئەو گۆڤارە نبوئەتو پیشبینییەك بوو لەناو ئەو تەقینەوەیەی تۆ ئاماژەت پیدا. ئەگەر هەستی نبوئەت نەبوایە باشتر بوو گۆڤارەکە زوو بمردایە، ئەگەر هەستی نبوئەت نەبوایە گۆڤارەکە لەو ریرەوە تەقینەوەییەدا نەدەما کە ریرەوی چەندین پرۆژەو تیزی نوێ بوون بۆ گۆرینی کۆمەلگەو رزگاربوون لە دنیای کۆن، چونکە تۆ ناتوانی کاری نویگەری ئەنجام بدەیت تەنیا ئەگەر مەسافەیەك لە دنیای کۆن جیات بکاتەوە. بەم مانایە گۆڤاری "شیعر" لە سەمتی تەقینەوەیەکی تازەگەرییانەدا پیشبینییەك بوو، پیشبینی گۆڤارەکە لە دەوری هونەرو فیکردا تەوەری بەست. گۆڤارەکە لە شیعردا مژدەی ئەوەی دا کە توانا گەورەکانی زمانی عەرەبی تەنها لە "کیش"ی شیعریدا قەتیس نەکرێ، چونکەم ئەو "کیش"ە مەزنانەی خەلیلی کوری ئەحمەدی فەراهیدی(7) پۆلینی کردن، لە مۆسیقای زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، کەواتە مۆسیقیەتی زمانی عەرەبی لە "کیش"ەکانی ئەو زمانە فراوانترە. وەك چۆن کەسانیکی لیهاتووی وەك فەراهیدی هەلکەوتن، دەبێ بوار بۆ کەسانی تریش بکریتەوە تا لە مۆسیقای زمانی عەرەبییەوە ئیقاعی ترو مۆسیقای تری جیاواز بخولقینرێ. ئەمە لە رووی پیشبینیی هونەرییەوە، چونکە هونەر لە چەند فۆرمیکی

دیــاریکراودا قــەتیس نــاکرێ، لەبــەردەمی هونــەردا کۆمەڵــێ پیکهاتــەو کۆمەڵــێ دەربرینی بیکۆتایی هەیە، ئەمەش هەرگیز مانای ئەوە نییە کۆن رەت بکریتەوە لەبەر ئەوەی کۆنە. دەشێ واز لە هەندێ شیوەی دەربریـن بهینرێ بەڵام کـەس ناتوانـێ لـە ئاگرو پریشکەکانی جیا بیتەوە کە لە پشتی ئەو فۆرمانـەن. ئەگـەر شیوە کۆنـەکانی دەربرین بەو کوانووە بچوینین کـە ئاگری تیا دادەگیرسـێ، ئـەوا کەلـەپووری زینـدوو لەو ئاگرەو لەو پریشکە هەمیشەییەدا پەنهانە. ئیمە لە گۆڤاری شیعردا بریارمـان دا لەتـەك کوانـووە کۆنـەکاندا چەندین کوانـووی دیکـە دابگیرسـینین، ئەمـەش بیگومـان خستنە سەرو دەولەمەندکردنی شیعری عەرەبییـە، ئیمـە هـەرگیز نـەمانوتوە لـە کۆن جیادەبینەوە، خۆجیاکردنەوەی تەواو لە کۆن مەحالە، چونکە هەر تـەنیا نووسین بە زمانیك کـە میژوویـەکی کۆنـی هەیـە واتـە نووسـەر لــەناو ئـەو کەلەپوورەدایـە، ئیمـە وتمـان: دەبێ دەرفـەت بۆ گشت بـەهرەکان بکریتـەوە بۆ خولقاندنی ئـەو فۆرمانـەی لەگـەڵ شوناسـە هونەرییەکـەیدا دەگونجـێ، بـەم مانایـە ئیمـە جـەغدمان لـە شـیوە نوییەکانی دەربرین کرد، لەوانە پەخشانە شیعرو قەسیدەی تەفعیلە بە هەمـەرەنگیی تەفعیلـەکان، بـەردەوام هـەولمان دەدا پشـتگیری بیرورا‌کـانی خۆمـان لـەم بـوارەدا بـە گەرانەوە بۆ خودی کەلەپوور پتەوتر بکەین، بۆ نموونە قورئان. ئەوانەی لە سەرەتادا ئیسلامیان رەتدەکردەوە قورئانیان ناو لینا شیعر، ناولینـانی قورئـان بە شیعر ئەوە دەردەخات کە ئیمکانی شیوەیەکی تـری دەربریـنی شیعری هەیـەو بۆی هەیـە بـەبێ (کیش) بنووسریت، سا ئەگەر باب‌و باپیرانی ئیمـە تیگەیەشتنیکی وایـان هـەبووبێ، کەواتە بە مسۆگەری لیرەدا چەندین ریگای دەربرینی ناکیشدار هەیـەو دەشـێ نـاوی بنیـین شـیعر. دیسـان ئیمـە لـە گۆڤارەکـە دەگەراینـەوە بـۆ سـۆفیگەری‌و میتـۆدی سۆفیگەری تـا نزیك ببینـەوە لـە بەرەسـەنکردنی بیرورا‌کانمـان، هــەروەها جـەختمان لـەوە دەکـرد مومکین نییـە دەولـەتیکی نـوێ لەسـەر ئـایین دابمـەزرێ، مومکـین نییـە

سیاسەت لەسەر ئایین دابمەزرێ، بەلکو دەبێ بە تەواوی ئایین لە ژیانی مەدەنی جیابکریتەوە بە جۆریك ئایین ببێ بە کاری شەخسی و بە ئەزموونی شەخسی، بۆ ئەوەی هەموو کەسێ، جا باوەری ئایینی و نائایینی هەرچییەك بێ، دەرفەتی ئەوەی بۆ برەخسێ بە ئازادییەکی تەواوەوە بیروراکانی خۆی دەرببرێ. بەم مانایە رەخنەمان لە رۆشنبیریی عەرەبی دەگرت، ئەو رۆشنبیرییەی لەسەر پایەکانی تیکەلکردنی سیاسەت و ئایین و رۆشنبیری و ئایین راوەستاوە، وەك پیشبینییەکی سەرەتاییش دەمانوت تیکرای حزبە عەرەبییەکان سەرکەوتوو نابن چونکە بنچینەکەیان هەلەیە، تۆ ناتوانی بە چەمکە کۆنەکان کۆمەلگەیەك بنیات بنییت، کەواتە هەر دەبێ چەمك و تیگەیشتنە کۆنەکان بەپیی واقیعی حال جیبهیلدرێ یان بگۆردرێ یان راست بکریتەوە. قسەکانی میشیل عەفلەق (8) لە بارەی ئیسلام کە پیی وایە ئیسلام جەوهەرو رۆحی عروبەیە، بێ ئەوەی مەبەستی خۆی لە مانای وشەی ئیسلام دیاری بکات، ئەمە تەنیا قسەیەکی سیاسییانەیە و لە رووی مەعریفی و زانستییەوە هیچ نرخیکی نییە، جگە لەوەی ئەم قسانە دژی ئەو بیرو باوەرە پیشکەوتنخوازییەیە کە حزبەکەی خۆی بانگەشەی بۆ دەکات. لە راستیدا پرۆسیسەی بەعسییەکان لە قولاییدا پرۆسیسەیەکی ئایینی و رەگەزپەرستی و داپلۆسینەرانە و دژی هەر جۆرە ئازادییەك بوو، نووسەرانی حزبی بەعس و فەرمانبەرو کارمەندانی حزبی بەعس بوون نەیاندەهیشت ئەو کاتە گۆڤاری (شیعر) بچیتە ناو ولاتی سوریا، لە نیوان ئەو نووسەرانەدا وەك پییان وتین، علی الجندی وزکریا تامر (9) بوون، ئەمانە سانسۆریست بوون، پاشان کە هاتنە لامان بۆ گۆڤارەکە ئیمە بە سینەیەکی فراوان پیشوازیمان لێ کردن و بابەتمان بۆ زەکەریا تامریش بلاوکردەوە، کەواتە ئیمە بەدەر لە بیرورای سیاسیی نووسەرەکە، تەماشای کارە هونەرییەکانمان دەکرد.

نابێ دەولەت لەسەر ئایین دابمەزرێ بەلکو دەبێ لەسەر کۆمەلێ بەهای تەواو شارستانی دابمەزرێ، لەم پیناوەشدا دەبێ رۆشنبیریی عەرەبی بچیتە ناو چنینی رۆشنبیریی گەردوونییەوە بەلاّم نەك وەك شووناسیکی داخراو بەلکو دەبێ بەردەوام دیالۆگی لەگەڵ کەسانی تر لە دەرەوە هەبیت. لە میژووی ئیمەدا رۆشنبیریی عەرەبی تەنیا لە ریگەی پەیوەندی کردن لەگەڵ (ئەویدی) توانیویەتی رینیسانسیك–بە مانای قوولی وشەی رینیسانس– بەخۆوە ببینێ.

سۆفیگەری بریتییە لە پەیوەندی کردن لەگەڵ ئەویدی، رۆشنبیریی ئیبن سیناو فارابیو ئیبن روشد بریتی بوو لە پەیوەندی کردن بە ئەویدی، ئیمە جەختمان لەسەر هەموو ئەمانە دەکرد، کرانەوە بەرامبەر بە ئەویدی بەشیکی بنەرەتیی کارکردنی ئیمە بوو لە گۆڤاری (شیعر)، دواجار گەیشتینە بیرۆکەیەکی بنچینەیی کە دەبێ چەمکی شیعر بگۆردرێ، نابێ شیعری عەرەبی لە چەند وەسفیکی باودا قەتیس بکرێ، واتە نابێ ئاخاوتنیکی کیشو سەروادار بێ، ئەمە مەحالە. شیعر بوو بە ئەزموونیکی شارستانی، قەسیدەش تویژیکی شارستانییە، تویژی شارستانیش هەروەکو تەقینەوەیەکی بورکانی فۆرمیکی گونجاو بە خۆوە دەگرێ، ئیمە چەمکی شیعرمان گۆری. ئەمانە ئەو توخمە بنچینەییانە بوون کە بزاڤی ئیمەیان ئاراستە دەکرد لەگەڵ سەرسامبوونیکی گەروە بە کەلەپووری عەرەبیو بە رۆشنبیریی عەرەبی، ئیمە بە سروشتو بە واقیع بەشیکین لە کەلەپوورو کلتووری عەرەبی.

مادامەکی تۆ بە زمانی عەرەبی دەنووسیتو جوانییەکی نویی تیدا دەخولقینی، ئەمە واتە تۆ جوانییە کۆنەکەی ئەو زمانە دەزانیتو ئاگاداریت. شاعیرە لاوەکانی ئەمرۆ، ئەوانەی ئاگاداری ئیستاتیکای کۆنی زمانی عەرەبی نین، ناتوانن ئیستاتیکایەکی نوێ بخولقینن ساهەرچەندێ بنووسنو هەر چەندێ دیوانە شیعر بلاّوبکەنەوە. بەم مانایە زۆر کەس بە هەلە لە یوسف الخالو لە گۆڤاری (شیعر)

تیدەگەیشتن، بەڵام رەخنەگران‌و میژوونووسانی ئەدەب ئەمرۆ تا رادەیەك‌و بە شیوەیەکی ریژەیی لەو ئەزموونەی ئیمە تیدەگەن، بەڵام بە داخەوە تا ئیستاش لە قووڵایی کیشەکەو لە قوولی نبوئەتی گۆڤارەکە تینەگەیشتوون.



## بەشی پینجەم:

# لە نیوان گۆڤاری (شیعر)و گۆڤاری (دیالۆگ)

* لەماوەی هەزار سالدا نزیکەی دە شاعیر بە درەوشانەوەیەکی جوانەوە دەرکەوتوون، شاعیرانی

## دی بریتین لە هەمە جۆری‌و هەمەرەنگیی ئەو دە شاعیرە

## *پرسیارەی سەرەکیی من ئەوەیە: بۆچی نیشتمانەکەم نابیتە نموونەیەک بۆ ئازادی‌و پێشکەوتن؟ نهێنی لەوەدا چییە ئیمە لەدواوەی جیهانین؟

طواستنةوة لةقةسيدةى كلاسيكييةوة بؤ ثةخشانة شيعر ثةرةسةندنيكى سروشتيى ذيانى شيعريى ئةدؤنيس بوو، ثةخشانة شيعر لةرؤشنبيريى عةرةبيدا كرانةوةيةك بوو بةرووى ئاسؤيةكى نوآ، يان وةك ئةدؤنيس دةلَي (هةوليك بوو بؤ كردنةوةى توانايةكى نوآ بؤ شيوة دةربرينة جديدةكانء بؤ بةخشينى ضةندين تواناى ديكة بةزمانى عةرةبى تا كؤمةلَي ثيكهاتى ديكة ثيك بهينريت)،ئةدؤنيس مةترسيى خؤى لةوة ناشاريتةوة كةلةنووسينى ثةخشان شيعردا قةيرانيكى راستةقينة هةية، ئةو قةيرانةش لةويوة سةرهةلَدةدا زؤربةى ئةوانةى ثرؤسةى ئةو شيوة نووسينة دةكةن، بةزمانيك دةنووسن لةراستيدا بةتةواوى شارةزايى زمانةكة نين، ئةوانة، بةثيى ئةدؤنيس، هةولأ دةدةن بةزمانيك جوانييةكى نوآ بخولقينن ئاطادارى ئيستاتيكاو جوانييةكانى ئةو زمانةنين بؤية مةحالة لةدؤخيكى وادا ئيستاتيكايةكى نوآ بخولقينرى. ئةدؤنيس باوةرى واية ئةو ثةخشانة شيعرةى ئيستا دةنووسرآ تةنها بريتيية لةرستةى ليكدراوو كةلةكة كراوو بيذةو ليزانى، لةم سةمتةدا ئةدؤنيس قسة لةسةر كؤتايى ثرؤذةى طؤظارى (شيعر) دةكا كةمةرجةكانى بوونى لةدةست دا ضونكة دووضارى قةيرانى روانين (روئيا) بوو. ثاشان ئاماذة بؤ ثرؤذةى هةردوو طؤظارى (شيعر)و (ديالؤط) دةكاو ئةوة رةت دةكاتةوة ثةيوةندى لةنيوان ئةو دوو

ثرۆذةيةدا هةبآ لةطةلأ ريزى زۆرى بۆ (توفيق صايغ)ى سةرنووسةرى طؤظارى (ديالؤط)، ضونكة ثرۆذةكةى صايغ-يش خزمةتى رؤشنبيريى عةرةبى دةكرد.
ئةدؤنيس دةلَآ: قةيرانى نةتةوةى عةرةبى، ئةمرؤ، بريتيية لة (قةيرانى خويندنةوة)، بؤية ئيستا ثتر سةرقالى طةرانة بةدواى ضوار ضيوةى دامةزراندنى خويندنةوةيةكى نوآ، ضونكة قةيرانى ئةمرؤى رؤشنبيريى عةرةبى لةطشت لايةنيكدا ثتر قةيرانى (خويندنةوة)ية وةك لةوةى قةيرانى (نووسين)بآ. ثاشان قسة لةسةر هونةرى شيوةكارىء ثةيوةنديىئةم هونةرة بةشيعرةوة دةكا...

## لەنیوان گۆڤاری (شیعر)و گۆڤاری (دیالۆگ)

*** تۆ لەشیعری ستوونییەوە بەرەو قەسیدەی تەفعیلە هەنگاوت نا، واتە لەشیعری (قالت الارض)ەوە بۆ دیوانی شیعری (قصائد اولی)، پاشان لەگۆڤاری شیعردا بەرەو نووسینی پەخشانە شیعر رۆیشتیت. ئەو فاکتەرە قووڵانە چی بوون تۆیان بەرەو ئەو گواستنەوەیە برد؟**

**– من هەر لەسەرتاوە قەسیدەی تەفعیلەم دەنووسی، ئەمەش لە دیوانی (قصائد اولی) بەروونی دیارە، هەروەها قەسیدەی کیشداریشم نووسیوە هەروەك لە (قالت الارض)دا دەرکەوت، پاشان پەخشانە شیعرم لەگۆشە رۆژنامەییەکان دەنووسی کەبەناونیشانی (علی الدرب) وبەناوی خوازراوی (سائر) لەرۆژنامەی (البنا ) لە سەرەتای پەنجاکان لەدیمەشق بڵاوم دەکردەوە. چەند حەز ئەکەم ئیستا بتوانم بگەریمەوە بۆ ئەو دەقە کورتانەی لەشیوەی پەخشانە شیعر دەمنووسین. نالیم من یەکەم کەس بووم دەستم بەنووسینی پەخشانە شیعر کرد، چونکە من دژی سەرەتاکانو دژی چەمکی سەرەتاو هەوەڵ کەسو دژی ئەوەم کێ یەکەم کەس نووسیویەتی، بەڵام هەر لەسەرەتاوە، وەکو ئیستا، بەرامبەر بەدنیاو بەرامبەر بەئەویدی کراوەبووم، هەروەها کراوەبووم لەبەرامبەر هەموو شیوە مومکینەکانی دەربرینی زمانەوانی، لەبە رئەوە لەدایك بوونی پەخشانە شیعر لەکاروانی شیعریی**

مندا لەدایك بوونیکی ئاسایی بوو، گواستنەوەبوو لەدنیایەکەوە بۆدنیایەکی تر، ئەمەش وایدەبینم کاریکی پەیوەندارو هەمەرەنگیی دەربرینە لەتیروانینم بۆدنیا، لەراستیدا من هەستم بەهیچ گواستنەوەیەکی کتوپر نەکردووە، نەلەشیعری ستوونییەوە بۆ شیعری تەفعیلەو نەلەمیشەوە بۆ پەخشانە شیعر، مەسەلەکە زۆر ئاسایی بوو، بەتایبەتی من دەمویست کاری (دیوان الشعر العربی) تەواو بکەم‌و بچمە سەر (دیوان النثر العربي)، تائیستاش ئەم پرۆژەیە ماوەو بەڵام پیویستم بەکات‌و بەیارمەتی هەیە بۆ ئەوەی بەتەواوی خۆمی بۆ تەرخان بکەم، کۆمەلی دەقی ئیجگار زۆرم لەپەخشانی عەرەبی لەلایە، باوەرم وایە پەخشانی عەرەبی لەرووی چەندایەتییەوە بایەخ‌و ئیستاتیکایەکی گرنگتری لەچەندایەتیی شیعری عەرەبی هەیە، چونکە جومگە گەورەکانی شیعری عەرەبی ژمارەیان کەمەو دەتوانم بلیم نزیکەی دەشاعیر هەن لەماوەی هەزار سالدا بەدرەوشانەوەیەکی جوانەوە دەرکەوتن، بەڵام شاعیرانی دی بریتین لەهەمەجۆری‌و هەمەرەنگیی ئەو دە شاعیرە، کەچی لەپەخشاندا کۆمەلی دەقی باش هەن بەبی هەمە جۆری، لەبەر ئەوە، بەم مانایە، دەولەمەندیی پەخشانی عەرەبی لەرووی بارستایی‌و چەندایەتییەوە لەدەولەمەندیی شیعری عەرەبی گەورەترە. هیوادارم رۆژێ بیت بتوانم دیوانی پەخشانی عەرەبی تەواو بکەم.

* تۆو یوسف الخال خەمی نویکردنەوەتان تیابوو، کەچی نویکردنەوە لەلای ئەو شاعیرانە نابینین کەلەدوای ئیوە هاتن. ئەمە بۆچ دەگەرینیتەوە؟

– بەپیچەوانەوە، پیم وایە خەمی نویکردنەوە تائیستاش بەردەوامە، بەڵام نویکردنەوە لەم قۆناغەدا شیوەیەکی تری وەرگرتووەو ناچیتە ناو پرۆژەیەکەوە، لیرەدا بەشیوەیەکی گشتی هیچ پرۆژەیەك بوونی نییە، نەك تەنیا لەبواری هونەری بەلکو لەبواری نەتەوایەتیشدا. نەبوونی پرۆژەی نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی،

بەتەبیعەتی حاڵ، بۆتە هۆی نەبوونی پرۆژەی هونەریش، لێرەدائاسۆیەکی داخراو هەیە، ئەمڕۆ نووسین لەناو ئەو ئاسۆ داخراوەدا دەخولێتەوە، لێرە خەڵکی پتر خەریکی کاروباری ژیانی رۆژانەی خۆیانن و لەسەر شتە راستەوخۆکانی ژیانی خۆیان دەنووسن لەکاتێکدا پرۆژەی گەورە پاشەکشەی کردووەو ئامادەبوونی نییە، دەشێ ئەمە هۆیەك بێ بۆ نەبوونی خەمی گەڕان بەدوای ئەو رێگەو شێوازانەی رێگە بۆ خوڵقاندنی دنیایەکی تر دەکەنەوە یان بۆ نەبوونی ئەوەی تۆ ناوی خەمی نوێکردنەوەی لێدەنێیت.

*خاڵی هاوبەش و خاڵی جیابوونەوەی نێوان گۆڤاری (شیعر) و گۆڤاری (دیالۆگ) چیە، بۆچی توفیق صایغ[1] بەشێوەیەك دەرکەوت وەك بڵێی ئەزموونێکی جیاوازی هەبێت و رێچکەیەکی جیاوازی لەو رێچکەیەی ئێوە گرتبێت؟

– هیچ جۆرە پەیوەندییەك و لەهیچ ئاستێکدا لەنێوان گۆڤاری (شیعر) و گۆڤاری (دیالۆگ)دا نەبووە سەرباری ئەو هەموو تۆمەتانەی بۆیان هەڵدەبەستین، بەپێچەوانەوە گۆڤاری دیالۆگ لەبەرامبەر گۆڤاری شیعر هەستی بەبێزاریو بەجۆرە رِژدییەك دەکرد. گۆڤارەکەو توفیق صایغ خۆیشی ئەوەیان نەدەشاردەوە کە (دیالۆگ) پەیوەستە بەدەزگایەکی رۆشنبیریی نێو دەوڵەتی بەناوی (رێکخراوی جیهانی بۆ ئازادیی رۆشنبیری))، بەهەرحاڵ سەرهەڵدانی گۆڤاری (دیالۆگ) پتر ئێمەی جووڵاندو بۆ کاروچالاکیی زیاتر پاڵی پێوەناین، لەوێدا مونافسەو بەربەرەکانییەکی جوان هەبوو، توفیق صایغیش رەوشتێکی بەرزی هەبووو زۆرم خۆشدەویست و رێزیم دەگرت، بەڵام هاوکاریی یەکترمان نەکرد، هەر یەکەمان بەرێگەی تایبەتیی خۆی کاری دەکرد، بەڵام ئێمە بەفیعلیبرادەر بووین، برادەری پیشەو برادەری شیعرو برادەری یەك جۆرەکار، گۆڤاری (دیالۆگ)یش گەواهییەکی شیعری بوو و خۆی سەپاندو لەکایەی ئەدەبیشدا پایەیەکی بەرزو گرنگی هەبوو، من

ڕێـزی گۆڤـاری دیـالۆگ‌و بێگومـان ڕێـزی توفیـق صایغیشـم دەگـرت. جیـاوازی بنـەڕەتیی نێوانمـان ئـەوەبوو: گۆڤاری دیالۆگ لـەناو چـوار چێوەیـەکی ڕۆشـنبیریی دیاریکراودا ئازادانە دەجووڵایەوە، کـەچی گۆڤـاری (شـیعر) لـەناو چـوار چێـوەی خەم‌و هیواو پێشهات‌و کێشەکانی ئێمەدا دەجووڵایەوە لەتەك پێداگرتنی بەردەوام لەسـەر کرانەوەیـەکی تـەواو بەرامبـەر بەگشـت شـەپۆل‌و ڕێبـازو ئاراسـتەکان، لـەم پەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ، لەبەر ئەوە بوێری‌و جەسارەتێکی زۆرمان هەبوو بۆ کرانەوە بەڕووی هەموو شتێ.

* بەم بۆنـەوە دەڵێم لەوانەیە توفیق صایغ نەیزانیبێ کـە (ڕێکخـراوی جیـهانی بـۆ ئازادیی ڕۆشنبیری) و CIA بەنهێنی تـەمویلی گۆڤارەکـە دەکـەن، بـەڵکو دواتـر ئـەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوت.

– ئەمە ڕاسـتە، لەبەر ئەوە دەسـتی لـەکار کێشـایەوە. لەڕاسـتیدا کـەس ئەوشـتەی نەدەزانی، توفیق صایغ باوەڕی وابوو ئەو ڕێکخـراوە بانگەشـەی ئازادی دەکا، بەڵام ئێمە دەمانزانی ئەمـە ڕێکخراوێکە دژی کۆمۆنیزمـە،کەچی توفیق صـایغ– ئەمـەش گەواهییە کە بۆ ئـەو– لـەگۆڤاری (دیـالۆگ)دا یـەك وشـەی دژی کۆمۆنـیزم نەنووسـی، لـێرەدا پارادۆکسـێك هەیـە؛ ئەگـەر ئـەو ڕێکخـراوە لـەدژی کۆمۆنـیزم دانرابـێ ئـەوا گۆڤاری دیـالۆگ دژی کۆمۆنـیزم نـەبوو، ئەمـە ڕێـك هـەروەکو دەزگـای فرانکلـین، ئـەم دامەزراوە ئەمەریکییە خزمەتی ڕۆشنبیریی عەرەبی کرد، باشە بۆچـی ئـەم لایەنـەش نەبینین‌و تەنها پـێ لەسـەر یـەك لایـەن دابگریـن کەدەشـێ واش نـەبووبێ. بەهـەرحاڵ کاتێ حەقیقەتی ئەو ڕێکخراوە ئاشکرا بوو، توفیق صایغ دەستی لەکارکێشایەوە.

* لەوانەیە شۆکی ئەم حەقیقەتە پەلەی لەمەرگی توفیق صایغ کردبێ؟

– لەوانەیە.

* یوسف الخال لەدوا سەروتاریدا لەگۆڤاری (شیعر) دەڵێ یەکێ لەهۆیەکانی وەستانی گۆڤاری شیعر بەریەککەوتنی بوو بە بەربەستی زمان . ئایا راستە گۆڤارەکە بەر دیواری (زمان) کەوت یان لەراستیدا بەر دیواری (واقیع) کەوت ونەیتوانی ئەو دیوارە کوون بکات؟

– ئێستا بەپشت بەستن بەزانین و شارەزاییم لەو پیاوە، دەکرێ وەڵامی یوسف الخال بدەمەوە؛ بەهانەی بەریەککەوتن بەدیواری (زمان) قەرەبوویەك بوو یان پەردەیەك بوو بۆ داپۆشینی بەریەککەوتنی قووڵی گۆڤارەکە بەدوو دیواری تر: دیواری واقیع و دیواری بزاوتی واقیع.

گۆڤاری (شیعر)، وەك بزووتنەوەو وەك پرۆژە، لەزەمەنی خۆیدا دژی هەموو شەپۆلێکی غەیرە عروبی بوو بەمانا رۆشنبیرییەکەی، ئەمەش پابەند نییە بەزمانەوە، بەرکەوتنیش بەدیواری زمان واتە بە بەربەرستی بزاوتی واقیع مانای ئەوە نییە بەر خودی زمان کەوتبێ،دەنا (یوسف الخال) زمانێکی تری نەدەگرتە خۆ کەبانگەشەی بۆدەکردو ناوی لێنابوو (زمانێك دژی زمانی سەعید عەقل)، ئەمە زمانێك نییە هی (سەعید عەقل) بێ بەڵکو خودی زمانی عەرەبییە بەڵام بەبێ بزاوت و جووڵانەوە، فەرقێکی گەورە لەبەینی ئەو دووانە هەیە، ئەو زمانەی ئێستا قسەی پێدەکەین هەمان ئەو زمانەیە کە (یوسف الخال) تەبەننیی دەکرد، ئەو زمانی عەرەبیی بەهەموو فەرهەنگەکانیەوە بەخۆوە گرت بەڵام بەبێ جووڵاندنەوە.

* بابڵێین زمانێکی بەپەتیکراو یان زمانێکی پەتی کەلەزمانی میللی نزیك دەبێتەوە..

– لەوانەیە، تارادەیەك لەبەر ئەوە یوسف الخال لەدوا رۆژەکانیدا بەو زمانە دەینووسی نەك بەزمانی میللی، نەك بەزمانی (طلال حیدر) یان بەزمانی (میشال طراد)[2] و (سەعید عەقل). ئەو بەمانا تیۆرییەکەی دژی زمانی عەوام و میللی بوو بەڵام ئێمە، وەك شێوەیەك لەشێوەکانی ئازادیی دەربڕین، پێشوازیمان لەو شێوە

دەربرینانەش دەکرد، گۆڤارەکەی ئیمە شیعری بۆ (میشال طراد) و(طلال حیدر)یش بڵاوکردۆتەوە، دەمانووت هەرکەسێ چۆنی ئارەزوو لییە بابەوجۆرە تەعبیر بکاو بنووسێ، گفتوگۆی دریژم لەگەڵ (یوسف الخال) دەکردو هەمیشە پیم دەووت تەنانەت ئەگەر وای دابنیین زمانی عەرەبی زمانیکی مردووە بەڵام من هەر بەو زمانە دەنووسم تاپیی دەمرم، بۆ زانیاری هەندێ لەریزمانزانە کۆنەکان و زانستی نەحو (سینتاکس) دەیانووت ئیعراب پیویست نییە، دەشێ هەندێ کەس وەك تیۆر ئەم رایە وەربگرن، بەڵام حەرەکاتی ئیعرابی لای من وەك شاعیریك بریتییە لەمۆسیقا، ئیعراب مۆسیقایە، ئەگەر ئیعراب لەزمانی عەرەبی دەربهینریێ دەبیتە زمانیکی ترو ناتوانم پیی بنووسم، من پابەندی ئەو زمانە پەتییەم، ئیتر تۆش هەر چ ناویکی لیدەنیی: زمانیکی فەرامۆشکراو، یان زمانیك لەرووی بابەتییەوە دەمرێ چونکە ئەهلی ئەو زمانە لاوازو بیهیزیان کردووە... هتد. زمان وەك هەرشتیکی جوان، بۆ ئەوەی شتە جوانەکەی بزانیت، پیویستیی بەکۆمەلێ موعاناتی گەورە هەیە تابگەیتە جوانییەکەی . زمانی عەرەبی وەك ئاسۆیەکی بیکۆتایی وایە، ناتوانی بگەیتە شوینیکی دیاریکراوو لەویدا بووەستیت و بلیی ئەمەیە زمانی عەرەبی، دەبێ شاعیریش ئامادەبوونیکی وای تیابێ تا ئەو (بیکۆتایی)یە لەویشدا بوونی هەبی وەك ئەوەی هەر جارەی قەسیدەیەك دەنووسێ هەست بەوە بکات جاریکی تر زمان دەخولقینێ. ئیستا عەرەب لەباریکی خراپدان بەڵام ئەم خراپیە بەهۆی زمانەکەیانەوە نییە بەلکو بەهۆی عەقلیانەوەیە، زمان هیچ خەتایەکی نییە بەلکو خەتایەکە لەعەقلی عەرەبیدایە. من دەلیم: ئەگەر زمانی عەرەبی بمرێ مانای وایە عەقلی عەرەبی و بگرە هەموو عەرەب دەمرن نەك هەرتەنها زمانەکەیان. من وایدەبینم گۆڤاری (شیعر) بەر دیواریکی تر کەوت: دیواری روانین (روئیا)، ئەم گۆڤارە گەیشتە قۆناغیك ئیتر خولی خۆی تەواو کردو ئەوسا دەبوو یان بەخوینیکی تازە

خۆی تازە بکاتەوەو پاشان روانینی تازە بکاتەوە، یان دەبوو بووستێ. من ئەوکاتە بۆچووونم وابوو دەبێ ئیمە روونترو بویرتربین بۆ وەرگرتنی کەلەپووری عەرەبی وەك بابەتیکی بنچینەیی زمانی عەرەبی ، هەروەها پتر بەرووی کیشەکانی کۆمەلگەی عەرەبیدا بکرییـنەوە دەنا گۆڤارەکە برستی لیدەبرێو دەخنکی.

هەندێ کارکردی شەخسی بەشیان لەم مەسەلەیەدا هەبوو، بەلاّم بنچینەیی نەبوون، کارکردی بنەرەتی بریتی بوو لەجیاوازیمان لە سەیرکردنی ئایندەی شیعرو ئایندەی رۆشنبیری، واتە جیاوازی لەجۆری کارکردنو لەجۆری بینین، لەراستیدا روانینی جیاوازی من ، بەرەو دامەزراندنی گۆڤاری (مواقف)ی بردم.

دەبێ جاروبار ریبەرانو دامەزرینەران (سا ئەگەر ئەوانە گۆڤار یان بزووتنەوەیەك یان حزبیك دامەزرینن) دەبێ ئاگاییو توانایەکی وایان هەبێ بتوانن مەسافەیەکی بابەتی لەگەڵ حزب یان بزووتنەوە یان گۆڤاردا بخولقینن، کاتیکیش قودرەتی نویکردنەوەی بەردەوامیان نامینێ، ئەوسا دەبێ ئەوەی دایانمەزراندووە، بیمرینن، مراندنی گۆڤار یان بزووتنەوە یان حزب لەو حالەتانەدا، لەئاستی دامەزراندندایە.

* لەوە دەچێ پەخشانە شیعر وەك یاخیبوونیك لەقەسیدەی تەفعیلە سەری هەلدابێ پتر لەوەی وەك چەشنیکی نویی شیعری دەرکەوتبێ. چۆن رەخنە لەم گوتەیە دەگری؟

– دەبێ لەرووی بابەتییەوە بەجۆرێ سەیری پەخشانە شیعر بکەین وەك ئەوەی بەشیکە لەتەقینەوەی دەربرینی شیعریو بەشیکیشە لەپەرەسندنی چیژو پەرەسەندنی پەیوەندیی مەرجەعیانە بەکەلەپوورەوە . راستە ئەم چەشنە نووسینە وەهمی ئاسانکاری پیشان دەداو پرۆسەکردنیشی جۆریکە لەیاخیبوون، بەلاّم لەم جۆرە شیعرانەداهەروەك لەشیعری کیشداریشدا، شیعری باش هەیەو شیعری خراپو ناشیعریش هەیە، هەر تەنها نووسینی پەخشانە شیعر پیوەر نییە بۆ باشیی

شیعرەکە وەك چۆن نووسینی شیعری کیشداریش پیوەر نییە بۆ خراپیی شیعر. ئیمە لەبنەرەتداو لەگۆڤاری (شیعر) یشداو لەقوولایی تیروانینماندا پەخشانە شیعرمان تەنها وەك یاخیبوون نەژماردووە، بەلکو هەولیك بووە بۆ کردنەوەی توانای نویٚ بۆ کۆمەلیٚ گوزارشتو ودەربرینی جیددی، هەولیك بوو بۆ بەخشینی کۆمەلیٚ توانای تر بەزمانی عەرەبی تا چەند پیکهاتیکی تر بخولقینریٚ، بەلام ئیستا لەنووسینی پەخشانە شیعردا قەیرانیکی راستەقینە هەیە، ئیستا کەسانیٚ پەخشانە شیعر دەنووسن زمانەکە بەتەواوی نازانن، لەتەك ئەوەی دان بەبەهرەو توانای زۆرکەسیشدا دەنیم، هەندیٚ لەو کەسانەی پەخشانەشیعری خراپ دەنووسن هەوڵ دەدەن ئیستاتیکایەکی تر بەزمانیك بخولقینن کەخۆیان شارەزای ئیستاتیکای زمانەکەنین،بۆیە مەحالە بتوانن ئیستاتیکایەکی نویٚ بخولقینن،ئەوەی ئیستا دەنووسریٚ تەنها پیکهاتەو کەلەکەبوونو کەلەکەکردنی وشەو بیژەو دەرخستنی لیهاتووییە، لەگەڵ ئەوەش لەماوەی ئەم پەنجاسالەدا بیگومان کۆمەلی بەهرەی شیعریی جوانو نووسینی چاك پەیدا بوون.

*پەخشانە شیعر لەدنیای عەرەبیدا کەی دەستی پیکرد؟ کیٚ بوو یەکەم کەس ئەو جۆرە شیعرەی نووسی؟

– لەهیچ ئاستیکدا بەلامەوە گرنگ نییە کیٚ یەکەم کەس بوو، من دەلیم لەشیعرو لەفیکردا یەکەم کەس نییە، بگرە چەمکی یەکەم کەس دژی شیعرو دژی فیکرە، چونکە یەکەم کەس جۆریکە لە لاساییکردنەوەی یەکەم ئەفرینەر (خالق)، یەکەمین شت کەدژی شیعرییەتو دژی فیکرییەتە، پیداگرتنە لەسەر ئەوەی کیٚ یەکەم کەس بووە، یەکەم کەس لەشیعرو فیکردا زنجیرەیەکی دریژی سەرەتا نادیارەکانە، لیرەدا گرنگ ئەوەیە پرسیاری ئەوە بکەین کیٚ شکلیکی جوانترو دەولەمەندتری بەو جۆرە نووسینە بەخشیوە، دەبی بەوردی دیقەتی ئەم پرسیارە بدەینو وەلامی بدەینەوە

(3). تائیستاش، لەم ئاستەدا ، لیكۆڵینەوەی جددیو بەخشینی حەقیقیمان كەمە، نەك هەر لەم بوارە بەلكو لەگەلی بواری تریشدا.

* لەگۆڤاری (شعر)دا خواستی دامەزراندنی قەسیدەیەكی نویت هەبوو، بەلام لەگۆڤاری (مواقف)دا خواستی دامەزراندنی نووسینیكی نویت هەبوو. ئەی ئیستا خواستی تۆچییە؟

– خواستی من ئیستا دامەزراندنی خویندنەوەیەكی نوییە. قەیرانی ئەمرۆی رۆشنیریی عەرەبی لەهەموو لایەنەكانیدا بریتیە لەقەیرانی خویندنەوە پتر لەوەی بریتی بی لەقەیرانی نووسین. ئەم قەیرانەش تەنیا پابەند نییە بەخویندنەوەی دەقی نویٚ بەلكو پابەندە بەخویندنەوەی دەقی كۆنیش . خویندەوەی باوی ئەمرۆش ، بە تایبەتی خویندنەوەی دەقی كۆن، ویرانەیەكە بۆ خۆی، ویرانەیەكی مەعریفییە، ئەم ویرانەیە یەكەمین شتیكە دژایەتی جوانیی هەموو شتیكی كۆنو مەزنیی هەموو شتیكی كۆن دەكا، تیشكەمومكینو پەنهانەكانی ناو دەقە كۆنەكان دەشیوینیٚو كەبتی دەكا.

بەتایبەتی لەخویندنەوەی دەقی ئاینیدا وەك ئەمرۆ باوە زۆربەی جار ئەو دەقە چیایەكەو لەم جۆرە خویندنەوانەشدا دەق تەنها بەردیكە لەگۆشەیەكی تاریكدا، ئەمە لەخویندنەوەی دەقی نویشدا هەر بەو شیوەیەیە، من وایدەبینم قەیرانی راستەقینەی ئەمرۆ قەیرانی نووسینو قەیرانی بەرهەم نییە، چونكە لیرەدا كۆمەلیٚ بەرهەمی باشو دەقی زۆرباش هەن، بەلكو قەیرانەكە قەیرانی خویندنەوەیە. لیرەدا خوینەریكی مەزن نابینین تەئویلكاری بۆ ئەو دەقە چاكانە بكات، تەئویلیك ئەو ئاسۆیەی بۆ بكاتەوە كەخواستی دەقەكەیە، گشت ئەمانە لەسەرشانی خویندنەوەیە.

* لەئەدیبانو شاعیرانی ئەمرۆ كیٚ دەخوینیتەوە؟ ئایا موتابەعەی جوولانەوەی ئەدەبیو هونەرە جوانەكانی دنیای عەرەبی دەكەیت؟

– بەشیوەیەکی تایبەتی بەرهەمی گەنجەکان دەخوینمەوە،بەڵام زۆرکەم بەرهەمی نەوەی خۆم یان ئەوانەی پیش خۆم دەخوینمەوە، بەئارەزوویەکی زۆرەوە نووسینی وەچەکانی دوای خۆم دەخوینمەوە، ئارەزوویەکی راستەقینەم هەیە بزانم چۆن زمانی شیعری پەرەدەستینێ، لیرەدا کۆمەلێ بەهرەی باش‌و جوان هەیە بەتایبەتی لەو وڵاتانەی پیشتر لەپەراویزدا بوون، بۆ نموونە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، لەو باوەرەدام لەوڵاتانی کەنداوی عەرەبیدا کۆمەلێ دەنگ هەیە لەنیوان گرنگترین دەنگە شیعرییەکانی جیهانی عەرەبیدان. موتابەعەی هونەری شیوەکاریش دەکەم‌و لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکاندا پەیوەندیم هەیە، پیم وایە زمانی شیوەکاریی عەرەبی، لەدوای زمانی شیعری، بایەخ‌و گرنگییەکی پلە دووی هەیە، باوەرم وایە ئەم دیاردەیە زۆر گرنگەو دەبێ لیکۆلینەوەی لەسەر بکەین، بەڵام نەك بەشیوەی لیکۆلینەوەی پچرپچر بەلکو وەك نزیککارییەکی نویی جیهان لەمیانی پیکهاتەو لەمیانی رەنگەکان، ئیمە هیشتا دەستمان بەم جۆرە نزیککارییە نەکردووە، من ئیستا بایەخیکی گەورە بەهونەری شیوەکاریی عەرەبی دەدەم‌و زۆربەی هونەرمەندە عەرەبەکان دەناسم بەتایبەتی ئەوانەی لەدەرەوەن . هیوادارم رۆژێ بی بەتیروانینیکی نوێ سەیری هونەری شیوەکاری دنیای عەرەبی بکرێ. پیم وایە زمانی شیوەکاریی عەرەبی زۆر لەزمانی رۆمانی عەرەبی بایەخدارترە، کەچی دەبینین بەئەندازەیەکی گەورە بایەخ بەرۆمان دەدرێ لەچاو هونەری شیوەکاری.

* بەڵام ئەم جۆرە هونەرە تائیستاش لەئاستیکی فراواندا نەچۆتە ناو ویژدانی خەلکییەوە.

– بیگومان، ئەمەش یەکیکە لەهۆیەکانی پاشکەوتوویی رۆشنبیریی عەرەبی.

* ئـاخۆ بەگشـتی چـەند نـاویکی دیـاریکراو لـەدنیای شـیعرو هونــەرو هونــەرە جوانەکاندا سەرنجت رادەکیشن؟

– لــەناوهینانـدا دوو دلــم، یەکــەم لــەوە دەترســم ناوهینــان وا لیــك بدریتــەوە کەپرکردنەوەیەکــەو پــەیوەندیی هاورییــەتی یــان هــەندی ئیعتبــاراتی تــر سەپاندوویەتی، دووەم لەوە دەترسم بەهۆی ناوهینانەوە برەو بەهەندیْ فیکرو ریباز بـدەمو هـەندیْ نـاوی دیـارو شایانیشـم لـەبیربچیْ، سـییەم دەشـیت نـەزانی یـان مەعریفەیـەکی کـەم پیشـان بـدەمو لەوانەیشـە شـارەزاییەکی ئـەوەندە فـراوانم نـەبیْ بتوانم ناوەکان دەسنیشـان بکـەم بەتایبـەتی لـەبواری مۆسـیقا (بـۆ نموونـە پیـانۆ)و گۆرانـی، هـۆی چوارەمیش دەترسم یادوەریم خیانـەتم لیبکات لـەناو نـەهینانی ئـەو کەسانەی دەیانناسمو خۆشم دەوین کەهەندی جار ئەمـە روودەدا، بـەلاّم دوو دل نیم لەوەی لەهونەری شیوەکاریدا، بەتابلۆو پەیکەرەوە، کۆمـەلیْ هونـەرمـەندی گـەورەمان هەیە، هەروەها لەمۆسیقاژەنیدا (پیانۆو عوودو...هتد) هونەرمەندی گـەورەمان هەیـە کەدەشــیْ بــەچاویکی یونیڤیرســالییەوە ســەیریان بکــەین، دەشیــ ژمــارەی ئــەو هورنەندانـە، لـەرووی چۆنایـەتییـەوە، لـەژمارەی رۆماننووسـەکان زیـاتر بـیْ، تەنانـەت دەشیْ لەژمارەی شاعیرانیش زیاتر بیْ.

* ئەی لەشیعردا؟

– ریگـە بەخۆم نـادەم هیـچ حوکمیکـی سـەلبی یـان ئیجـابی لەسـەر هیـچ شـاعیریك دەربکەم، لەبەر گەلی هۆ. ئەوکەسـەی حوکم دەدا هـەر چـەند بابـەتی بی بـەم یـان بـەو شیوەیە هەر کاریگەر دەبیْ، بەشیوەیەك لەشیوەکان خودی خۆی دەردەخا، لەبەر ئـەوە دەترسم لـەناو هینـاندا بەئینسـاف نـەبم، دیسـان دەترسـم بابـەتی نـەبم هـەر چەندیْ بابـەتیش بم. خـۆم لـەوە دەپـاریزم قسـە لەسـەر شـاعیران بکـەم بەتایبـەتی ئەوانەی لەژیاندا ماون.

* جاریکیان وتت بەر لەسالی 1971 جوبران خەلیل جوبرانت نەخویندۆتەوە. کین ئەو شاعیرە گەورە عەرەبانەی تائیستا نەتخویندوونەتەوە؟

– سەرجەمی شاعیرانی عەرەب، بەگەورەو بچووکیانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی مردوون، هەموویانم خویندۆتەوە، لەوانەیە هەندێ کەس سەریان لەمە سوربمینێ و سەرسام بن، چۆن توانیومە گشت ئەو شاعیرانە بخوینمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەلیم: هەموویانم خویندۆتەوە.

* ئایا رۆژێ لەرۆژان لەهونەرەکان نزیك بوویتەتەوە؟ ئاخۆ کاری نیگارکیشیت کردووە؟ ئامیریکی مۆسیقاییت ژەندووە؟

– من برادەری زۆربەی هونەرمەندانم و بۆ ماوەیەکی دریژ کارم لەگەلدا کردوون و تائیستاش کاریان لەگەڵ دەکەم، بەلأم تائیستا کاری نیگارکیشیم نەکردووەو هیچ ئامیریکی مۆسیقاییشم نەژەندووە، بەلأم خۆم بەهەندێ کاری (کولاژ) خەریك کردووە، ئەم هونەرە لەزمانی فەرەنسیدا پیی دەووترێ کولاژ بەلأم من پیم خۆشە ناوی بنیم هونەری گلمتك (الرقیمة) هەندێ جار ئازادیی گەمەو شیوەکاری بەدەستو پەنجەکانم دەدەم، لەم گەمە شیوەکارییەدا کۆمەلی گلمتکی کۆلاژئامیز بەرهەم دەهینم.

*دەشێ رۆژێ لەناکاو پیشانگایەکی شیوەکاریی ئەدۆنیس ببینم؟

– بەلێ، دەشێ وممکینە(4).

* لەبارەی ئەزموونی خۆت لەو تاراوگە جوگرافییەدا، دوور لەشوینی لەدایك بوونت لەسووریەو دوور لەشوینی لەدایك بوونی شیعریت لەلوبنان، چی دەلیی؟

– من پتر هەست بەوە دەکەمو مەیلی ئەوەم هەیە بلیم سێ شوینی لەدایك بوونم هەیە: لەدایکبوونی یەکەمم کەلەئیرادەی خۆم نەبوو، لەدایکبوونیکی سروشتی بوو لەگوندی (قصابین) لەسوریە. لەدایکبوونی دووەمم لەدایکبوونیکی شیعرییە

لەلوبنان . لەدایکبوونی سییەم لەتاراوگەیەکدا بوو خۆم هەلمبژارد، من ئیدیعای ئەوە ناکەم تاراوگەکراوم بەلکو بەهەلبژاردنی خۆم، خۆم تاراوگە کرد، ئەو تاراوگەیەش بەپلەی یەکەم لەپاریس بوو. من زۆر قەرزاری پاریسم، هەروەك زۆر قەرزاری لوبنانم، زۆریش قەرزاری گوندەکەمم. من نیشتمانیکم هەیە زمانی عەرەبی لەوسێ شوینەدا بۆی چنیوم، سووریشم لەسەر ئەوەی ئەم زمانە مەزنە، کە زمانی عەرەبییە، سنوورو ئاسۆو قوولایی ئەو شوینانەم بۆ رەسم بکات، هەندێ جار ئینتیمای خۆم کورت دەکەمەوەو دەلیم: نیشتمانی راستەقینەی من زمانی عەرەبییە.

* لەکتیبی (فاتحة لنهایات القرن)دا دەلیی: جۆرج شەحادە حالەت- تراژیدیایە، ئەو لەنیشتمانەکەی تاراوگەکراوە لەبەر ئەوەی لەدەرەوەی زمانەکەی خۆیدایە، لەزمانەکەی خۆیشی تاراوگەکراوە لەبەر ئەوەی لەدەرەوەی نیشتمانەکەیدایە. ئاخۆ تۆش، بەتەرزیکی جیاواز، حالەت- تراژیدیایەکی تری؟

- سەرباری ئەو هەمووگرفتو مەینەتییانەی تیایاندا ژیاوم وتا ئەمرۆش تیایاندا دەژیم، بەتەواوی خۆم بەتاراوگەکراو نازانم . لەنیشتمانەکەمدا تاراوگە بەمەسەلەیەکی سروشتی دەزانم، رەوتی بەرەو پیش چوون لە کۆمەلگەکەمدا بەو جۆرە بووەو میژووی ژیانیشم هەر بەو جۆرە بووە، خۆیشم بەشیکم لەو گیروگرفتانە، رۆژێ گلەییم لەو بارودۆخەی خۆم نەکردووەو بۆی نەگریاوم، بەلکو گلەییو نارەزاییم لەو دیوارو بەربەستانە کردووە کەبەبێ گۆران ماونەتەوە. گرفتی من لەگەڵ نیشتمانەکەمو لەگەڵ تاراوگەکەم، لەگەڵ ئەم پرسیارە پیکدادین: بۆچی نیشتمانەکەم نابیتە نموونەیەك بۆ ولاتانی تری دنیا؟ بۆچی نابیتە نموونەیەك بۆ ئازادیو پیشکەوتن؟ بۆچی؟ پرسیارەکە ئەمەیە. بەلام من نیشتمانەکەم بەهەموو شتیکیەوە قبولە، من نیشتمانەکەم بەهەموو شتیکەوە خۆش دەوێ، جاریکی تر دەیلیمەوە گرفتەکەم لەم پرسیارەدایە: چ شتیك ریگرە لەبەردەم ئەوەی نیشتمانی

من لەپیشەوەی وڵاتانی دنیادا بیت؟ ئیمە هەموو توانایەکی ئابووریو رۆحیو ماددیو رۆشنبیبریمان هەیە، میژووی ئیمە یەکیکە لەمیژووە هەر دیرینەکانی دنیا، نهینی لەوەدا چییە ئیمە لەدواوەی جیهانین؟ ئەمەیە گرفتەکە.

* ئەمە لەگرفتیك زیاترە. ئەمە کۆسپو تەنگوچەلەمەو تراژیدیایە .

– راستە، ئەمەیە کیشەو گرفت لەگەڵ نیشتمانەکەم، بەڵام لەئاستیکی تردا، تەنانەت داهینەریش لەحالەتە ئاساییەکاندا کاتێ لەناو خودی زمانەکەی خۆیدا تاراوگەکراو نییە، ئەوا لەحالەتی دلنیاییو سەقامگیریدا دەژی. بەڵام من لەلووتکەی هەستکردنی پابەندبوونم بەزمانەکەمو لەوپەری هەستکردنم بەوەی لەزمانەکەمدا نیشتەجیمو زمانیش لەمندا نیشتەجییە، واهەست دەکەم لەناو بزاوتیکی ناوەکیدام کەبەردەوام خاڵ لەدوای خاڵ نەفیم دەکا تاسنوورەکانی خۆم جیبهیلمو سنوورەکانی ئەو دەستکەوتانەش کەئەنجامیان دەدەم، تابەردەوام هەست بەوە بکەم من لە شوینیکی تردامو شەیدای ئەوەم بچمە شوینیکی تر.



## بەشی شەشەم:

# کیشەکانی تازەگەریی عەرەبی

*** رۆشنبیرانی ئیمە لەوە تیناگەن مانای چییە مرۆڤ بیلایەن و سەربەخۆ بێ، لەبەرئەوە دەیان تۆمەتی سەیروسەمەرەیان بۆ هەلبەستووم**

# * حەقیقەت لەپشتی ئیمەوە نییە بەلکو لەپیشمانەوەیەو ئیمەش بەرەو پیشەوە دەچین تاکەشفی بکەین

ئةدؤنيس باوةرى واية ثرؤذةى تازةطةريى عةرةبى هةرةسى هيناوة, عةرةبيش لة دؤخيكى وادا ثيويستييان بة تازةطةرييةكى نوآ هةية, طلةييةكـةش دةخاتـة سـةر رذيمـى سياسـى كـة وةك مولكيكـى شةخسـى مامةلـة لةطـةلأ نيشـتماندا دةكـاء لــةم مةملةكةتة شةخسييانةشدا هاوولآتى ناتوانآ راو بؤضوونى خؤى دةربرآ. ئةدؤنيس دةلآ تازةطةرى ئةوروثى, كة حالى حازر هـةنطاوى طـةورةى نـاوة, ثـةيوةنديى لةطةلأ جيهانى كؤنى يؤنانى ثضريوةو لة ثيشكةوتنء ثةرةسةندنيكى تردا دةذى كة ئيتر رؤشنبيريى يؤنانى سووديكى نيية. ليرةوة ئـةدؤنيس دةلـآ دنيـاى عـةرةبى-كـة تةنها لةطةلأ (دةستكةوتةكان)ى تازةطةريدا مامةلةى كردووة بآ ئةوةى لةو (عةقلة) تيبطات كة لة ثشتى ئةو دةستكةوتانة راوةستاوة- دةطؤرآء تةنها دةبآ بة بازار يـان تةنها دةبآ بة مةوقعيكى جوطرافى. ثاشان باسى ئةوة دةكا سـةربةخؤيىء بيلايـةنى خؤى, يان طةرانى بة دواى سةربةخؤييدا, لة ثشتى ئةو شةرانة بـووة كـة لـة دذى كـراون, ثابـةند نـةبوونى بـة هيض رذيميكـةوة دوضـارى رةخنـةو ثؤلينكردنـى نيازخراثانـةى كـردووةء طةلـآ نـاءء ناتؤرةيـان بـؤ هةلبةسـتووة: كؤمؤنيسـتء ماركسيستء ناسرىء وةهابىء زؤر ناوء سيفةتى تر كة دوورن لة حةقيقةتى ئـةم ثيـاوة. ئـةدؤنيس لـةم بةشـةى طفتوطؤكـةدا بؤ يةكـةمجار ئامـاذة بـؤ رةهـةندى تايةفةطةرانةى ئةو هيرشانة دةكاء دةلآ بةشآ لةو هيرشانة لةويوة هةلقولآون كة ئةو سةر بـة تايةفةيـةكى دياريكراوة. ليرةدا ئـةدؤنيس دان بـةوةدا دةنـآ كـة رةهـةندى تايةفةطـةرى ـ ئةطـةرضى لـةو هيرشـانةدا زؤر طـةورة كراوةتـةوة- فاكتـةريكى لابةلاية ضونكة زؤربةى خوينةرانىء جةماوةرى شيعرةكانى لة تايةفةى ئةودا نين. ديسان ثيى واية لة ثشتى ئةو هيرشانةوة رذديى هةندآ لةو شاعيرانةش هةية كة سةر بة رذيميكى دياريكراون.

# خەمو کیشەکانی تازەگەریی عەرەبی

* تازەگەری پەیوەست بووە بە داهینانو بە تایبەتیش بە شیعر. بەڵام تازەگەری لە کۆمەلگەدا پیویستیی بە دەسەڵاتیك هەیە تا بواریکی زیاتری بۆ برەخسینریّ، هەروەك ئەزموونەکانی (سلیمان القانونی) یان (مدحەت پاشا) یان (محمد علی الکبیر)(1). لەبەرئەوە تازەگەری لە کۆمەلگەی عەرەبیدا هەرەسی هینا کە دەشیّ بە شیوەیەکی کەمو جوزئی لە داهیناندا سەرکەوتوو بوو بیّ. ئەمرۆ لە شیعردا کەسیّ نییە وەك، بۆ نموونە؛ (محمود سامی البارودی) یان (ولی الدین یکن) بنووسیّ، کەچی زۆر کەس تا ئیستاش وەك (الامام الاوزاعی)(2) بیردەکەنەوە. بۆچی دەسەڵاتی نویگەرو رۆشنگەر لە دنیای عەرەبیدا گەشەی نەکردووە؟

– ئەمە پرسیاریکە لە خۆتی دەکەمو ئاراستەی تۆی دەکەم چونکە دەزانم تۆ بایەخ بە لایەنی سیاسیو کۆمەڵایەتیو شارستانیی گشتی دەدەی، من خۆیشم ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم، بەڵام گشت رۆژیّ قەناعەتم بەو باوەرە پتر دەبیّ کە تەوەرەی گیروگرفتەکان یان کرۆکی گرفتە بنچینەییەکان لە کۆمەلگەی ئیمەدا دەگەریتەوە بۆ دەسەڵات، نەك بە سیفەتی دەسەڵاتیك لەخۆیدا بەلکو بە سیفەتی دەسەڵاتیك پەیوەستو هاوجومگەیە بە ئایین لە تەك هەستی هەژمونگەری یان هەستی سەپاندنی دەسەڵات. لەو باوەرەدام ئەم هاوجومگەییەی نیوان سیاسیو ئایینی، بە دریژایی میژوومان، سەرچاوەی هەموو گیروگرفتەکانی ئیمەیە، ئەگەر ئەو هاوجومگەییە لە نیو نەچیّ ئەوا چانسی گۆرینی بارودۆخەکەمان نابیّ، لەوانەیە لە شیوەدا بگۆریّ بەڵام لە جەوهەردا هەر وەکو خۆی دەمینیتەوەو ناگۆریت، گۆرانکارییەکانی ئیمە بە دریژایی چەندین سەدە گۆرانکارییەك بوون لە شیوەدا،

گۆڕینی دەسەڵاتیش تەنیا هاتنی دەسەڵاتیك بوو هەتا شوینی دەسەڵاتیکی تر بگریتەوە.

* کە پاشان جاریکی تر سەرکوت و داپلۆسین و ستەمگەرایی بەرهەم دەهینایەوە..

– ئەم ستەم و داپلۆسینە دواجار دەکەوتە سەر میللەت، میللەتیش دوور بوو لەو گۆرانکارییانە، ئیمە هەندێ جارو لە هەندێ لایەنی ژیاندا چەند شیوەیەکی نویمان هەیە بەڵام فیکرمان هەر بە جەوهەرە کۆنەکەی ماوەتەوە و جیگیر بووە. فیکری عەرەبی لە رابردوودا –ئەگەر وەك بزووتنەوەیەك وەریبگری– زۆر پیشکەوتووتر بووە لە فیکری ئەمرۆمان، چونکە فیکری رابردوومان فیکریکی خولقینەرو مەزن بووەو لە هەموو جیهاندا بڵاو بۆتەوە. بۆ نموونە (ئیبن روشد) لە سەردەمیکدا بە تیکدەری فیکری خۆرئاوایی دادەنرا، ئەمرۆ چ بیرمەندیکی عەرەبی بەو جۆرە وەسف دەکرێ کە تیکدەری فیکری خۆرئاوایی بێ؟ ئیبن روشد کە لە زانکۆکانی خۆرئاوا قەدەغە کرا، لە راستیدا (تۆمای ئەکوینی) لە پشتی ئەو قەدەغە کردنە بوو. فیکری عەرەبی لە رابردوودا لە ئاستیکی گەردوونیدا بوو کەچی ئەمرۆ لە باشترین حالەتیدا فیکریکی ریفۆرمخوازو جوزئی و بەرتەسکەو، خەون و روانینیکی کەمی پییە، ئەم فیکرە جگە لە بەرهەمهینانەوەی مارکسیاتی ئەوروپی خۆرئاوایی یان ئایینی لۆکالی شتیکی تر نییە. ئەمرۆ ئەم پرسیارە لە ئارادایە: چۆن ئەم هاوجومگەییە لیك دەترازێ؟

دەسەڵاتە عەرەبییەکان شارەزایی و توانایەکی گەورەیان هەیە لە جیگیرکردنی ئەو هاوجومگەییەو سەرلەنوێ بەرهەمهینانەوەی بە شیوەیەکی باشتر. سەرجەمی دەسەڵاتە عەرەبییەکان، بەشیوە جیاوازەکانیانەوە، بووە بە دەسەڵاتی خەلافەت یان دەسەڵاتی خەلیفە، هەر بەتەنها پاشا میراتگری حوکم نییە بەلکو سەرۆك کۆماریش میراتگری دەسەڵات و بگرە شۆرشگیریش دیسان میراتگری دەسەڵاتە، ئەمە

دیاردەیەکە دەبێ بیرمەندو سۆسیۆلۆژیستو سیاسییەکان بە قوولی لیی بکۆڵنەوە، بەڵام بەداخەوە کەسێ ناویرێ دەستی بۆ بەرێ.

* مادامەکی پرسیارەکەت ئاراستەی منیش کرد، با ئەم موداخەلە کورتە بکەم:

پیم وایە جیلەقیو لاوازیی مولکداریتی تایبەتی لە دنیای عەرەبیدا ریگەی نەداوە چینە کۆمەڵایەتییە چەسپیوەکان نەشونما بکەن، زەوی مولکی خوداو ئینجا مولکی خەلیفە بووە، خەلیفە مولکداری هەموو شتێ بووەو خەلکیش تەنیا مافی سوود لیوەرگرتنیان هەبووە. بازرگانانیش، کە لە شاردا تویژیکی بنچینەیی بوون، سەربازە بە رەچەلەك بەدەوییەکان بەسەریاندا سەرکەوتن. ئەگەر خەلیفە لە بازرگانەکان توورەبوایە، مولكو سامانی لێ زەوت دەکردن، ئەگەر لە کەسێ توورە بوایە زەوییەکەی لێ دەسەندەوە، ئەگەر لە یەکیکی دی رازی بوایە پارچەیەك زەویی پیدەبەخشی، لیرەدا زەوی کرییە نەك تەملیك، لەو سەردەمەدا ریزیان لە مولکداریتی تایبەتی نەدەگرت، بە پیچەوانەوە لە ئەوروپا ریزیان لە مولکداریتی تایبەتی دەگرت، لە ئەوروپا میرات دەدرایە برا گەورە بۆ ئەوەی سامانەکە پەخشانو پەرتو بڵاو نەبێ، دەشێ ئەو بارودۆخەی ئەوروپا دەرفەتیکی وای رەخساندبێ مولکداریتییەکی تایبەتیی چالاكو بەهیز سەرهەلبدات کە دواتر بەرەو سەرهەلدانی سەرمایەداری هەنگاوی نا، کەچی لە دەولەتی ئیسلامیدا ئاراستەکە جیاواز بوو، مولکداریتی هەمیشە لانەوازو قیزەون بوو، دەشێ ئەو بارودۆخە ریگەی نەدابێ چەند چینیکی کۆمەڵایەتی شارنشینی بەهیز سەرهەلبداتو بتوانێ لە چەند ساتیکی دیاریکراودا رووبەرووی دەسەڵات بووەستێ. کۆمەلگەی عەرەبی دواتر، بەهۆی نەبوونی شارەوە، وەك کۆمەلگەیەکی مەدەنی شکلی نەگرت. شار لە ئەوروپادا شاری بازرگانی بوو کە بەناوی یەکسانیو ئازادیو دادپەروەرییەوە چەندین هەنگاو پیش فیودالیزمیش کەوت، کەچی شاری عەرەبی بە جەنگو سەربازەکانیەوە پیش گوندو

بەرهەمهینەرەکان کەوت، ئیتر ئەو شارانە بوون بە شاری کۆکردنەوەی باج و شاری حوکمکردن و پۆلیس، ئەمەش یەکیکە لەو هۆیە زۆرانەی چنینی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیریی ناوچەی عەرەبیی کرد بە چنینیکی پەرپووت و هەلوەشاوەو جیگیرو ستەمگەر، خەلکیش لە تاکی سەربەخۆو کۆمەلی ئازادەوە بوون بە کۆمەلی مشەخۆر کە بەهۆی خزمەتکردنی دەولەت و سولتانەکانەوە دەگوزەران و شمشیریان دەوەشاند و نیشتمانیان تیك دەداو مافی هاوولاتیان زەوت دەکرد.

– ئەم وەسفە زۆر راستە. منیش دەلیم تا ئیستاش حاکم بە جۆریّ رەفتار دەکا وەك بلیی پیکرا خاوەنی هەموو ولات و هەموو خەلکییە. مرۆڤی تاکیش ئەگەر حاکم لیی رازی نەبیّ ئەوا تەنانەت مافی شوناسیشی نییە، ئەمەش بە قوولی ئەوە دەردەخا کە خاوەن مولك لە سەرزەمینی واقیعدا سیبەری خودایە لەسەر زەوی، جا ئیتر ئەو سیبەرە هەر ناویکی لیّ بنریّ.

* تۆ دەلیی بەبیّ رووخاندنی بونیادە تەقلیدییەکانی کۆمەلگە، واتە ئەو سیستەمە سیاسییەی پشت بە بونیادی ئایینی دەبەستیّ، تازەگەری لە کۆمەلگەی عەرەبیدا بوونی نابیّ. ئەمرۆش دەبینین بونیادە تەقلیدییەکان لە جاران پتەوترن، ئۆپۆزیسیۆنیش لەو رژیمانە خراپترە کە دژایەتییان دەکا، حالی کۆمەلگەی عەرەبیش لە دەولەت دواکەوتووترە، ئەمە وەك لە جەزائیر یان لە لوبناندا دەیبینین. ئاخۆ ئەمە مانای وایە پرۆژە نویگەرییەکەی تۆیش هەرەسی هیناوە؟

– تەواوی پرۆژەی تازەگەری لە کۆمەلگەی عەرەبیدا هەرەسی هیناوە، گەورەترین بەلگەش بۆ ئەو فەشەلە ئەوەیە ئیمە دەستکەوتەکانی عەقلی خۆرئاواییمان وەرگرتووەو پرنسیپەکانی ئەو عەقلەمان رەت کردۆتەوە، خودی ئەو عەقلەمان رەتکردەوەو تەنها دەستکەوتەکانیمان وەرگرتووە، ئەمەش تەنیا گەمەیەکی ئیستهلاکییەو گەورەترین بیّ نرخکردنی مانای تازەگەرییە. تیکرای پرۆژەی

تازەگەری فەشەلی هیناوە، لەوەش زیاتر، کۆمەلگە ویران‌و هەلا هەلا بووە، تەنانەت دەستکەوتە سەرەتاییو سادەکانی وەك مافی رادەربرین‌و فرەحزبیو پەرلەمان‌و.. هتد، کە دەسەلاتە بورژوازییەکان لە دوای سەربەخۆیی بەدەستیان هینا، وردە وردە پاشەکشەیان پیکراو پەرت بوون‌و لەنیو چوون. دەسەلاتی عەرەبی بووە بە فیودالیکی دەمامك کراو بە کۆمەلێ بیژەو قسەی ساختەو هەلبژاردنی ساختەو درۆزنانە. بەم مانایە تازەگەری بوونی نییەو مەحالە لیرەدا تازەگەری هەبێ. من جەسارەت دەکەم‌و دەلیم: ئەگەر ئەمرۆ هەندێ دیاردەی هونەریی نویمان لە هونەری شیوەکاری یان لە هونەری رۆماننووسی یان تەنانەت لە هونەری شیعریشدا هەبێ، ئەگەر چەند فیکریکی درەوشەداری باشیشمان هەبێ، ئەوا ئەمە ناگەریتەوە بۆ گەشەکردنی سروشتییانەی کۆمەڵو ناگەریتەوە بۆ کرانەوەیەکی ئاسایی ناو کۆمەڵو بزووتنەوە پیشکەوتووەکەی بەقەدەر ئەوەی دەگەریتەوە بۆ ئەو چەند بەشەی کە لە میانەی پەیوەندیمان بە فکری خۆرئاواییەوە بۆمان هاتووە، لیرەوە پرسیاریکی دژ دەخەمە روو: ئەگەر ئەمرۆ سەرجەمی کارتیکەرەکانی فکری خۆرئاواییو هەموو شیوەکانی کارتیکردنی فکری خۆرئاوایی لە رۆشنبیریی عەرەبی دامالین، چی بۆ دەمینیتەوە؟ چی تیا دەمینیتەوە؟

* هیچ، جگە لەو فیکرەی لە ئەشکەوتەکانەوە هاتۆتە دەرێ.

– واتە فیکریکی ئایینی فەندەمینتالیستی داخراو دەمینیتەوە. دەبێ جورئەتی ئەوەمان هەبێ ئەم قسەیە بکەین، ئەو کەسانەی باسی هیرشی رۆشنبیری دەکەن، رستەی وا بەکاردینن لە راستیدا شەرم‌و ریسواییە بۆ رۆشنبیریو مرۆڤ.

* ئەو گرفتانەی حالی حازر رووبەرووی کۆمەلگەی عەرەبی دەبنەوە زۆر جیاوازە لەو گرفتانەی لە پەنجاکان‌و شەستەکان‌و تا نیوەی حەفتاکانیش رووبەروویان

دەبووەوە. ئایا ئەمە پێویستی بە تازەگەرییەکی نوییە لە شیعردا وەك چۆن پێویستیی بە مەعریفەیەکی نوێو بیرکردنەوەیەکی نوێ هەیە؟
- ئێمە پێویستیمان بە تازەگەریی دووەم هەیە، تازەگەریی یەکەم-تازەگەریی هونەریو شیعری- لە نێو چوارچێوە مێژووییەکەی خۆیدا ئەرکەکانی بەجێهێناوە. ئەمڕۆ پێویستیمان بە تازەگەریی دووەم هەیە ( دەمێکە ئەم قسەیەم لە "مانیفێستی تازەگەری"دا وتووە)، تازەگەریی دووەم واتە دەبێ عەقڵی عەرەبی توانای ئەوەی هەبێ چەند فۆرمەلەیەکی تر بۆ تەعبیر کردن لە کیشەو گیروگرفتە هەنوکەییەکان دابهێنێو کۆمەڵێ دەریچە بۆ ئەو گیروگرفتانە بدۆزێتەوە. پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئەمە مومکینە؟ ئایا لە ژێر سایەی ئەو دەسەڵاتانەی، وەك چۆن لە مەرگ دەترسن، ئاواش لە فیکر دەترسن، ئایا ئەوە مومکینە؟ ئەو دەسەڵاتانەی پێیان وایە بوونی ئازادی مەرگی ئەوانەو ئیدی پەنجەرەکان بە رووی رووناکبیران دادەخەنو رێگەی ئازادیی بیرکردنەوەیان لێدەگرن. لێرەدا هەندێ کەس هەن دەڵێن رووناکبیر پێویستی بە سوالکردنی ئازادی نییە، بەڵام لە راستیدا رووناکبیر کەسێکی دابراو نییەو ئەویش دەیەوێ قسە بۆ میللەت بکات، سا ئەگەر گفتوگۆی بەردەوامو کاردانەوەو مشتومر، بوونو کارلیکیان نەبێ، مومکین نییە فیکر لە کەشو هەوایەکی نائازاددا گەشە بکات تەنها فکری ئایینخوازەکان نەبێ کە ئەمیش لە بنەرەتدا پێویستیی بە ئازادی نییە بگرە ئەو جۆرە فیکرانە لە کەشو هەوایەکی دژی ئازادیدا گەشە دەکەن، تەنانەت ئایینخوازو سیاسییەکانیش ئازادییەکی سنووردارییان هەیە بەڵام ئەو ئازادییە پابەندە بە سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەت. تەنها فەندەمینتالیستەکانن ئازادیی تەواویان بۆ قسە کردنو جنێودانو تەکفیرکردن هەیەو زۆر ئازادانە تەعبیر لە راوبۆچوونەکانی خۆیان دەکەنو کەسیش شتێکیان پێ نالێت، کەچی نەیارانی ئەوان هیچ جۆرە ئازادییەکیان نییەو مافی وەڵامدانەوەو

گوزارشتیان لێ قەدەغە دەکرێ، لەبەر ئەوە زەحمەتە لە سیبەری بارودۆخیکی لەم جۆرەدا کۆمەڵێ کیشەو گرفتی وا بخرینە روو کە چاو بە شتە جیگیرو پیرۆزەکاندا بگیرنەوەو تیزی نوێ پیشکەش بکەن. بەهەر حاڵ دەبێ رووناکبیر بنووسێ و زیندانی بکرێ و ئەگەر پیویستی کرد بشمرێ، چونکە دەسەڵاتە عەرەبییەکان لەسەر نەفیکردنی ئازادی دامەزراون، باشە چۆن دەکرێ داوای ئازادییان لێ بکەین؟ چۆن دەبێ رووناکبیرو هونەرمەندو شاعیر خۆیان بۆ ئەوە ساز بدەن داکۆکی لە فیکرو هونەرو شیعرەکەی خۆیان بکەن و نرخەکەیشی بدەن.

* بەهەر حاڵ ئیمە تەنها لە ریگەی دەمەوە تازەگەریمان ناسیوە نەك لە ریگەی داهینانەوە. واتە ئیمە بەرهەمەکانی تازەگەریی خۆرئاواییمان بەکارهیناوەو خۆشمان نەچووینەتە ناو پرۆسەی بەرهەمهینانی ئەو تازەگەرییەوە. هەمیشە زانست بە تەکنۆلۆژیا بەراورد دەکرێ کەچی تەکنۆلۆژیاش لە خۆیدا بووە بە شتومەك، ئەوەی پارەی هەبێ دەیکرێ. بەڵام ئەو زانستەی تەکنۆلۆژیای بەرهەمهیناوە لەلای ئیمە بەتەواوی ونە. ئایا بە بۆچوونی تۆ تازەگەریی هاوچەرخ لایەنی خراپیشی هەیە؟

– بیگومان، یەکەم کەس رەخنەی لە تازەگەری گرتبێ خۆرئاواییەکان بوون، یەکەم کەس ئاماژەی بۆ قەیرانەکانی ناو تازەگەری کردبێ، رووناکبیرە خۆرئاواییەکان بوون. بەڵام فەرقی ئیمەو ئەوان ئەوەیە قەیرانەکە لەلای ئەوان قەیرانیکی پۆزەتیڤییە، ئەوان لە قەیرانەکە تیدەگەن و شیتەلی دەکەنەوەو سوودی لیوەردەگرن، ئەم پرۆسیسەش تیکەڵ بە بزاوتی کۆمەلگە دەبێ، قەیران لای ئەوان خولقینەرە، کەچی ئیمە لەبەر ئەوەی ئازادیی فیکریمان نییە قەیرانەکان دەبن بە قەیرانی خنکینەر، هەموو قەیرانیك کە دێ پتر دەمانخنکینێ و ناتوانین لیی دەربچین، لەبەر ئەوە ئیمە میللەتیکین بەردەوام خنکینراوین و بەردەوام دەچینەوە ناو خۆمان و

ناتوانین هەناسە بدەین، زۆرم پێ سەیرە میللەتی ئیمە قودرەتی ئەو سەبرو خۆراگرییە میژووییەی هەیە، دەشێ ئەو سەبرە وای لە میللەت کردبێ واز لە بیرکردنەوەی ئازادو سەربەخۆ بینێ و بگرە وای لیکردووە دوور بکەویتەوە لە فیکریکی رەخنەگرانە، وەك بلیی دەسەلاتەکان ئەم مەسەلەیەیان لە رووی دەروونییەوە قۆستبیتەوەو بە ئەنقەست ویستبیتیان بە رۆشنبیرییەکی تر "یارمەتی"ی میللەت بدەن تا خۆی پیوە خەریك بکات و بە تەواوی دووری بخاتەوە لە بیرکردنەوەی ئازاد.

لە خۆرئاوادا سنوورەکانی تازەگەریشیان جیهیشتووە کەچی ئیمە هیشتا پیی نەگەیشتووین، ئیستا خۆرئاواییەکان باسی گیروگرفتەکانی پاش تازەگەری دەکەن، نەك هەر ئەوە، بەلکو ئەوان خەریکی دروست کردنی دابرانیکن کە دەلێ سەرجەمی کولتووری مرۆڤایەتی کە لەسەر فکری یۆنانی دامەزرا بوو،ئیستا تەواو بووەو بەسەر چووە، ئیستا سەردەمیکی تر دەستی پیکردووە کە سەردەمی کۆمپیوتەرو ئەلکترۆنیات و فەزایە. پەرەسەندن و پیشکەوتنی زانست، بە تایبەتی پەرەسەندنی زانستەکانی گەردوون و فەزاو بایۆلۆژیا و جینات، ئاسۆیەکی فیکری دیکەیان بۆ دەکاتەوە. بۆ یەکەمجار دابرانیکی تەواو لەگەڵ فیکری یۆنانی روودەدا کە ئەو فیکرە بۆ ماوەی پینج سەدە بنچینەی فیکری خۆرئاوایی بوو، ئەم شۆرشە لەوەش گەورەترە کە هەر تەنها شۆرشیکی تەکنۆلۆژی بێ، شۆرشیکی زۆر گەورەو هەمەلایەنە و ئیمەی مرۆڤی سەرەتایی‌سەرەتای سەدەی بیست و یەك نازانین چۆن ئەم شۆرشە لە رووی فیکرییەوە وەربگرین. ئیمە لەم ناوچە گەورەیەدا تەنها دەبین بە مەوقیعیکی جوگرافی یان تەنها دەبین بە بازاریك و هیچی تر.

* ئەوەتا وا ئیمە دەچینە ناو سەدەی بیستو یەکەمو حەفتا ملیۆن نەخویندەوار لە هەگبەماندا هەیە وەك بلیی خزابینە نیو نەخویندەوارییەوەو هەولی لەناوبردنی نەخویندەواریمان نەدابێ.

– دروست ئەمرۆ بارودۆخی ئیمە بەو جۆرەیە.

* ئەدۆنیس کاروانی شیعریت هەمیشە گەشاوە بووە، ریچکەی فیکریت هەمیشە گەردەلوول ئاسا هەلی کردووە، زۆر جاریش بە هەلە لە بیروراکانت تیگەیشتوون، ئەمەش لەو تۆمەتانەدا دەردەکەوێ کە خستوویانەتە سەرت، بۆ نموونە: شعوبیەتو تیکدانی زمانو تەتبیعو ...هتد. ئەم بەدحالیبونە بۆچی دەگەرینیتەوە؟

– ئەم بەدحالیبوونە بە پلەی یەکەم دەگەرینمەوە بۆ سیاسەت، من هیچ رۆژێ پابەندی هیچ رژیمیکی عەرەبی نەبووم، ئامانجیشم ئەوە نەبوو رەخنە لە رژیمە عەرەبییەکان بگرم، گرفتی من لە رژیمو سنوورەکانی رژیم گەورەترە، گرفتی من رۆشنبیری– شارستانییە. لەبەر ئەوە خەمی من لە ئاستی سیاسیدا ئەوە نەبوو دژی ئەم رژیمو ئەو دەولەت بنووسم. پابەندنەبوونم بە هیچ رژیمیکی عەرەبییەوە بنچینەی ئەو شەرانە بوون کە رۆشنبیرانیك لە دژی من هەلیانگیرساند خۆیان بە رژیمەکانەوە پابەند بوون، بۆیە ئەو شەرانەیان لە دژی من دەکرد تا گلانی خۆیانی پێ داپۆشن. هۆیەکی تریش کە ئەو رۆشنبیرانە تەرویجیان دەکرد ئەوەبوو کە من سەر بە تایەفەیەکی دیاریکراوم(3). من لە ئاماژە بۆکردنی ئەم مەسەلەیەدا دوو دلمو لە ژیانمدا ئەمەم نەدرکاندووەو ئەوە یەکەمجارە ئاماژەی بۆ دەکەم، بەلێ یەکەمجارە، چونکە گومانم لەو هۆیە هەبووەو دوو دڵ بوومە لەوەی بیدرکینم، بەڵام لە ماوەی ئەم بیستو پینج سالەی رابردوودا بۆم دەرکەوت ئەگەر لە تایەفەیەکی دیکە بوومایە ئەوا لە هەموو لایەکەوە ئەو هیرشانەم بەسەردا نەدەباری وەك ئەمرۆ بەسەرمدا دەبارێ، پیشتر لەم مەسەلەیە زۆر دلنیا نەبووم، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە

نییە کە لایەنگران و خوێنەرانم لە دەرەوەی تایەفەکەمدا بوونیان نییە، بە پێچەوانەوە بگرە خوێنەرانیکی ئیجگار زۆرم لە دەرەوەی تایەفەکەمدا هەیە. تۆ بروانە، تەنانەت لە کەش و هەوای ململانێی فیکری و سیاسیشدا، داکەوتن و دابەزینی ئاست گەیشتۆتە چ ئاستیکی کەم و خراپ. هۆی سێیەمیش ئەوەیە؛ لەپاش یەکەم ئەزموون و دوا ئەزموونی حزبایەتیم لەناو حزبی سووری نەتەوەیی، من شاعیریکم بەزەحمەت پۆلین دەکریم، من لە خانەیەکی دیاریکراودا پۆلین ناکریم، من لەگەڵ رژێمدا نیم و دژیشی نیم، خەمەکانی من لە دەرەوەی ئەو خەمانەن کە لە لای رۆشنبیرانی عەرەب هەن، ئەوان ناتوانن لە کەسێ تیبگەن کە مومکین نییە پۆلین بکرێ، لەبەر ئەوە هیچ تۆمەتیك نەماوە نەیانخستبیتە پالم، بە راستی ئەمە شتیکی سەیرو پیکەنین هینەرە: من ناسری و شیوعی و مارکسی و قەومی و وەهابیم، بەلی وەهابیم! من سەر بەئەمریکا و سەر بە خومەینیم... بەراستی ئەمانە سەیرن. لەلایەکی تر ئەم تۆمەتانە ئاستی باوی رۆشنبیری و ئەخلاقیی ناوەندی رۆشنبیریی عەرەبی روون دەکەنەوە، تۆمەتی سەیریان پیوە لکاندووم یان هەولیان داوە پیوەمی بلکینن، تۆمەتی ئەمسەری چەپ بۆ تۆمەتی ئەوپەری راست.

رۆشنبیرانی عەرەب لەوە تیناگەن مانای چییە مرۆڤ بیلایەن و سەربەخۆ بێ، ناتوانن وینای مرۆڤیك بکەن تیدەکۆشێ و دەمرێ لە پیناوی ئەوەی بە بێلایەنی بمینیتەوە، لە بری ئەوەی ریز لەم مەسەلەیە بگیرێ کەچی حەقیقەتەکەی نازانن، تەنها دەتوانن وینای تاکێ بکەن کە دەبێ سەر بە لایەنیك بێ و بە شیوەیەك لە شیوەکان پابەندی رژێمیك، حزبیك، لایەنیك، دەزگایەك بیت، لیرەدا لەلای عەرەب بە تەواوی بروا بەخۆ نەبوون هەیە بە تایبەتی لەلای رۆشنبیران، بۆیە رۆشنبیرانی عەرەب هەمیشە گومانیان لە تاکی سەربەخۆو بیلایەن هەبووە، هەریەکەیان گومان

لەویتر دەکا چونکە هەرکەسێ باوەری وایە کە دەبێ ئەویتریش وەك خۆی پابەند بێ، ئەمە لە راستیدا فیکری نەخۆشی کەسانی نەخۆشە.

* دیسان ئەمە عەقلی پیلان دانانە، عەقلیك لە حەقیقەتەکان تیناگات، پیی وایە هەموو شتێ بە شاراوەیی و بە نهینی ریك دەخرێ.

– ئەمە عەقلی پیلانگیری و فیکری نەخۆشە، گشت ئەمانەش لە ناوەندی رۆشنبیریی عەرەبیدا بڵاوە. باوەرم وایە ئەو فاکتەرانە، جگە لە غیرەو رژدیش، پالنەری هیرشکردنی بەردەوام بوونە بۆ سەرم. زۆربەیان نەیاندەتوانی لەوە تیبگەن چۆن کەسیکی بیلایەن کە نە دەولەت پشتگیری دەکا نە حزبیك و نە گرووپیك و نە ریکخراوێ، کەچی لە هەموو شاعیرە عەرەبییەکانی تر لە دنیادا ناسراوترە، ئەوان دەلین ئەمە هەرگیز مومکین نییەو هەردەبێ لە پشتیەوە هیزیکی شاراوە یان دەسەلاتیکی دیاریکراو هەبێ. ئەوان بەم جۆرە بیر دەکەنەوە، باوەریان بەخۆیان نییەو متمانەیان بەویتریش نییە. پیم وایە ئەمانە هۆی بنەرەتیین.

* زۆر جوانی بۆ چوویت...

– بە راستی ئەم حالەتە جیی داخە.

* سوریالیزم کاتێ گەیشتە دنیای عەرەبی، لە ئەوروپادا مردبوو، کەواتە جیکەوتی سوریالیزم لە شیعری عەرەبیدا چییە؟ لە کاتیکدا ناودارترین نوینەرانی سوریالیزم لەنیو عەرەبەکاندا بە زمانی فەرەنسی نووسیویانەو هەندیکیشیان لە فەرەنسەدا ژیاون و تەنیا لەم چەند سالەی دواییدا ناسیومانن، وەك (جورج حنین) و (جویس منصور) و (رمسیس یونان)(4)؟

– من گلەیی لە کاریگەریی بزوتنەوە ئەدەبییە خۆرئاواییەکان بەسەر شیعری عەرەبی یان هونەری عەرەبی ناکەم، گلەیی من ئەوەیە کە ئەو کاریگەرییە بوونی نییە. من خۆزگە بەوە دەخوازم کە، بۆ نموونە، هەندێ شاعیری سیمبۆلیزممان هەبوایە، ئیمە

شاعیری سیمبۆلیزممان نییە، خۆزگەی ئەوەش دەخوازم شاعیری ریالیزممان بە مانای قووڵی وشەکە هەبوایە، حەزم دەکرد شاعیرانی (بەرناسی)(5)مان هەبوایە، حەزم دەکرد شاعیرانی (سوریالیزم)(6)مان هەبوایە. جا بۆ ئەوەی شاعیرێ یان هونەرمەندێ یان ئەدیبێ کاریگەر بێ بە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی یان فیکری یان هونەری، دەبێ یەکەمجار زمانەکەی بزانیت‌و پاشان دەبێ بە تەواوی بیخوێنیتەوەو ئینجا بتوانێ هەرسی بکات‌و تەجاوزیشی بکات، واتە شوناسی تایبەتیی خۆی هەبیت، بەڵام ئەگەر هەر لە لاساییکردنەوەدا بمینیتەوە، بە راستی کاریگەر نابێ، من گلەییم لە نەبوونی کاریگەرییە نەك لە بوونی کاریگەری، لەبەر ئەوە وای نابینم شیعری سوریالیمان هەبێ، هەندێ شاعیری وامان هەیە کە بە هەندێ دەستەواژەو رستەو گوتەی سوریالی کاریگەر بوونە، بەڵام سوریالیزم وەك روانینیك بۆ دنیا ئەگەر بەراستی کاریگەریی بەسەر هەندێ شاعیردا هەبووبێ ئەوا ئەوانە یەکەم شت بە سۆفیگەری کاریگەر بوونە، چونکە سۆفیگەری ئەگەر لایەنە ئاینییەکەی لێ دەربکەیت ئەوا سوریالیزمە بەر لەوەی ئەو ناوەیشی لیبنرێ. سوریالیستەکان خۆیشیان دەیانووت کە سەر بە هەندێ لە سۆفیستە خۆرئاواییەکانن. بێگومان سوریالیستەکان بێباوەر (ئاتەئیست) بوون، بەڵام ئاتەئیزم (ئیلحاد) لێرەدا مەسەلەیەکی شکلییە، دەشێ کەسێ میتۆدیکی سۆفیگەرانەی هەبێ‌و لە رووی ئاینییشەوە ئاتەئیست بێ دیسان دەشێ کەسێ میتۆدیکی سۆفیگەرانەی هەبێ‌و باوەرداریش بێ، واتە ئیمان‌و ئیلحاد مەسەلەیەکن ناچنە ناو میتۆد یان تیگەیشتنی دنیاو نزیککاریی دنیاوە.

* کەواتە، لەم سەمتەدا، سوریالیزم وەك ئەزموونیکی تازەگەریی ئەوروپی، جۆریکە لە ئاتەئیزم.

– بەلکو خودی ئاتەئیزمە.

* دژی ئاینییشە..

– بێگومان.

* ئەی سوریالیزم پەیوەندی بە سۆفیزمەوە چییە وەك ئەزموونیكی خودیی ئاینی؟

– سوریالیزم وەك بزوتنەوەیەك، لە تیكرای میژووی ئیمەدا، یەك شاعیری گەورەی بەرهەم نەهیناوە. هەموو شاعیرە گەورەكان لە قۆناغیكدا وازیان لە سوریالیزم هیناوە، واتە پیایدا رۆیشتوونو كەم یان زۆر بە هەندێ لە تیزەكانی كاریگەر بوونە.

بەم جۆرە مومكین نییە شاعیریك ببینی بشێ بە شاعیریكی گەورە وەسفی بكەیتو بە سوریالیست پۆلینی بكەیت. سوریالیزم بەبێ هیچ گومانیك بزوتنەوەیەكە كاری لە فیكرو رۆشنبیریو هەستیاریی شیعریی كردووە، بەلاّم ئەدەبیكی مەزنو هونەریكی مەزنی بەرهەم نەهیناوە. كەواتە پەیوەندیی سوریالیزمی ئاتەئیزم بە سۆفیزمەوە چییە؟ ئەگەر بمانەوێ لە سۆفیزم –وەك باوەریكی ئاینیی– بكۆلینەوە، ئەمەیان مەسەلەیەكەو، ئەگەر بشمانەوێ بە سیفەتی میتۆدیكی مەعریفی بۆ جیهان لیی بكۆلینەوە، ئەمەشیان مەسەلەیەكی ترە. من وەك (میتۆد)یك جەختم لە سۆفیزم كردووە، سۆفیزمیش لەناو كەلەپووری ئیسلامیدا بە بیباوەرو ئاتەئیزم دادەنرێ، بیگومان بە پیوەری چەمكی خودا لەلای ئیسلامییە فەندەمینتالیستەكان، چونكە چەمكی خودا لە سۆفیزمدا بریتییە لە چەمكی وەسەنیو یەكانەیی بوونو یەكگرتن. لەگەڵ ئەوەی سۆفیزم لە روالەتدا باوەری بە نهینیی جیهانو بەخوا هەیەو مۆركی دیاردەی ئیمانی پاراستووە، بەلاّم، لە بناواندا، ئەگەر لە تیروانینیكی ئاینییەوە وەری بگرین وەك ئەوەی (ئیبن تەیمیە)(7) لیی كۆلیوەتەوە، ئەوسا سۆفیزم، بەم مانایە، بێ باوەرەو بزووتنەوەیەكە لەناو ئیسلامدا ئاتەئیزمە. من بەو شیوەیە سۆفیزم وەرناگرم، بەلكو وەك میتۆدیك دیراسەی دەكەم، وەك میتۆدیكی مەعریفی بە پیی تیگەیشتنی خۆم لە بارەی دیارو نادیار، ناوەكیو

دەرەکی (باطن وظاهر)، هەروەها بە پیی ئەو کاتیگۆرییەی دەڵێ حەقیقەت لە پشتی ئیمەوە نییە بەڵکو لە پیشمانەوەیەو ئیمەش بەرەو پیشەوە دەچین تا کەشفی بکەین، خواش پنتیکی قەوارەییەو نەك تەنها سروشت بەڵکو مرۆڤیش پیی دەگات، واتە خودا بیرۆکەیەکی موتاعالیو ئەبستراکتی نییەو لە جیهان جیانەبۆتەوە، بروانە بابەتی (شطح) لەلای سۆفیزم کە جۆریك لە نووسینی ئامیرئاسا دەدا، (نووسینی ئامیری) سوریالیستەکان ئەم ناوەیان لیناوە، واتە کەسی سوریالیست دەگاتە قۆناغیك کە خۆیو گەردوون دەبن بەیەك، واتە خودو یونیڤیرسال تیکەڵ دەبن، ئەمە ریك لە رفاندنیکی خیرا دەچی کە تاك، بۆ نموونە، بە ئەفیون کیشان دەگاتە ئەو قۆناغە، کەچی سۆفیست بە وەرزشکاری دەگاتە ئەو ساتەوەختە، واتە بە مراندنی جەستە کە ئیتر هیچ شتێ لە مرۆڤدا نامینیتەوە تەنها روونیو شەفافیەتەکەی نەبێ کە وای لیدەکا راستەوخۆ پەیوەندی بە جەوهەری گەردوونەوە بکات، ئەوسا سۆفیستو گەردوون دەبن بەیەك، جا ئەگەر لەم گۆشە میتۆدییانەوە لەم مەسەلانە بکۆلینەوە، دەبینی سۆفیزم بریتییە لە سوریالیزمی یەکەم، بگرە زۆر لە سوریالیزمی خۆرئاواییش دەولەمەندترو مەزنترە.



# بەشی حەوتەم:

# کەلەپوورو رینیسانس‌و گلۆبالیزم

*** شیعر پاشەکشەی نەکردووە، ئەوەی شیعر لەرووی ئاسۆییەوە دەیدوورینێ لەرووی ستوونییەوە دەیباتەوە، من باوەرم وایە مادامەکی مردن و ئەوین هەیە، شیعر نامرێ**

*** پیم وایە محەمەد ئارکۆن باشترین رووناکبیرە کەخاوەنی پرۆژەیەکی رەخنەییە بەو پیێیەی قسە لەسەر دەقە ئۆریژینالەکانی ناو فیکری عەرەبی دەکا .**

*** مادامەکی فیکر وەک تاوانیک تەماشا دەکرێ، کەواتە بارودۆخەکە زۆر ترسناکە.**

ئةدؤنيس لة خويندةوةي ميراتي شيعريي(موتةنةبي)دا ثيي واية موتةنةبي يةكةم خالي ميذوويي عةرةبي دةتوينآ كة لايةني دينيء دنيايي، يان دةسةلآتء شيعر، تيايدا، بةيةك طةيشتن. لة ناو ئةم سةمتةدا موتةنةبي رؤشنبيريي ئةو ضةرخة دةتويني كة تيايدا ذياوة، يان بة دةربرينيكي تر موتةنةبي كورتكراوةي سةردةمةكةي خؤي بوو، لةبةرئةوة ئةم شاعيرة طةورةية ثيويستيي بة كؤمةلي

عةقلي طةورة هةية تا ليىتيبطةن، عةقليك لة كيشي( ئةبو عةلاي مةعةري) كة سةرباري ئةوةي شيعري مةزن وجواني دةنووسي بةلآم لة بةردةم موتةنةبي دا دةضةمايةوة، ليرةوة ئةدؤنيس ئامادة بؤ بايةخ و طرنطيي كةلةثوور دةكا وباسي هةندي لةو هةولآنة دةكا كة بينواناي خؤيان لة دامةزراندني كةلةثوريكي نويي عةرةبيدا ثيشانداوة ضونكة ثتر خؤيان سةرقالي شتة لاوةكييةكان كردووة بي ئةوةي بضنة سةر بابةتي ئةسلةكان و دةقةدامةزراوة ئؤريجينالةكان. ليرةوة باسي هةولةكاني عةبدوللآ عورةوي ومحةمةد عابد جابريء محةمةد ئاركؤن دةكاو وثيي واية محةمةد ئاركؤن لةوانيدي باشتر دةتواني كةلةثووري ئيسلامي بخوينيتةوة ضونكة ئاركؤن ثتر سةرطةرمي شيكردنةوةي دةقة ئةسليةكانة. لة بارةي شيعريش ئةدؤنيس لةطةلأ ئةو بؤضوونةدا نيية كة ثيي واية دةسةلآتي شيعر لة بةرامبةر رؤمان وطؤطار و تةلةظيزيؤندا ثاشةكشةي كردووة، ئةدؤنيس دةلي شيعر لة ئاستي ئاسؤييدا ثاشةكشةي كردووة، ئةمةش دةطةريتةوة بؤ دةسةلات و بةربلآويي لايةني تةكنيكي و تةكنةلؤذي وخؤخةريك كردن و طةمةي تةكنيكيي جؤراوجؤر بؤ زالأ بوون بةسةر ئةو بيزاريء بيتاقةتي وزةحمةتييانةي ذيان كة تةكنةلؤذيا دروستي كردوون، ليرةوة بايةخدان بة شيعر لة بايةخدانيكي ضةنداية تييةوة طؤراوة بؤ بايةخدانيكي ضؤنايةتي، بةم جؤرة ئةوةي شيعر لة ئاستي ئاسؤييدا دةيدؤريني، لة ئاستي ستووني و ضؤنايةتيدا دةيباتةوة.

## له بارەی مەرگی شیعرو رەخنەگرتن له کەلەپوور

***دوا کتیبی تۆ به ناوی (الکتاب: امس المکان الآن)[1] ناونیشانەکەی لە قورئانەوە وەرگیراوە کە ئەویش (کیتاب)ە. ئایا پەیوەندییەك لە نیوان ئەو دوو ناولینانەدا هەیە؟**

**– ناولینانی (کیتاب) پیش قورئانیش کەوتووە. کتیبەکان لە پیشترن، قورئانیش خاوەنی ئەو کتیبانەی بە (اهل الکتاب) ناو بردووە، ئەمەش مانای وایە لیرەدا چەند کتیبیك لە پیش قورئان هەن، پاشان قورئان هات وناوی (کیتاب)ی لینرا، (سیبویه)یش هاتووە کتیبەکەی لە بارەی زمانی عەرەبی ناوناوە (الکتاب)،**

کتیبەکەی منیش (الکتاب: امس المکان الآن) چوارەمین ناولینانە. بیرۆکەی (کیتاب) کە مالارمێ[2]– ش تەبەنی کردووە، ئەم بیرۆکەیە دەلی شاعیر کتیبیکی سەرجەمگیر دابنی وەك کتیبی تیکرای گیروگرفتەکانی بوون لە خۆ بگری، من ناوی (کیتاب)م بۆیە وەرگرتووە تا باسی پەیوەندی خۆم بە شارستانیی عەرەبییەوە بکەم بە پیی دیدوتیگەیشتنی خۆم بۆ ئەو شارستانیەتە، هەروەها قسە لە بارەی هەموو ئەو شتانەوە بکەم کە بیریان لیدەکەمەوە، بە چەشنی، ببیتە کتیبیکی تا ئەندازەیەك سەرجەمگیر وگشتگیر، من بەم مانایە کتیبەکەی خۆم ناو ناوە (الکتاب)، مەدلولی کیتاب بەر لە مالارمی بە هەزار ساڵ لە کەلەپوور و نەریتی ئیمەدا هەبووە.

*تۆ لە (الکتاب) دا موتەنەبی . ت هەلبژاردووە، چونکە پیت وایە موتەنەبی لە سەردەمەکەی خۆیدا بەدبەخترین بوونەوەرەو بگرە یەکیکە لە نەگبەترین بوونەوەرەکانی میژوو. وەك دەزانری موتەنەبیی لە تەك مەزنیی شیعرەکانی، داواکاری دەسەڵات وستایشکاری دەسەڵات و هیجاکاری دەسەڵاتیش بووە. ئایا بەد بەختی موتەنەبی لیرەدایە؟

– نە . بەدبەختی موتەنەبی لە خواستە گەورەکانیدایە، من باوەرم وایە ستایشکردن وهیجاکردنی موتەنەبی بۆ ئەوەیە شتیك بلی، دەیویست لە میانی ستایش و داشۆریندا شتیك بلیت کە مەبەستی بوو بیلیت، لەبەر ئەوە ئەگەر بە وردی تەماشای شیعرەکانی بکەیت دەبینی لە میانی ستایشکردنی خۆیەوە ستایشی ستایشکراوی دەکرد، هەروەها لەمیانی داشۆرینی دنیاوە ئەو کەسەی دادەشۆری کە مەبەستی بوو ساتیری بکات. ئەو کاتەی پەیوەندیی لەگەڵ کافوری ئەخشیدی هەبوو، بە دیرە شیعریکی جوان گوزارشتی لەو دلەراوکییە کردووە:

وما کان شعري مدحا له

ولکنه کان هجو الوری

لیرەدا موتەنەبی پیت دەلی لەوکاتەی ستایشی کافوری ئەخشیدی دەکا، لەگەلیدا هەموو دنیا دادەشۆری، ئەو بۆیە جیهانی دادەشۆری چونکە گەیاندیە حالەتیکی وا کە هەلویستیکی لەو جۆرە وەربگری. موتەنەبی خواستی گەورەی هەبووە و لەپاش (امرؤ القیس) یەکەم شاعیرە بە چەکی شیعر رووبەرووی ئەو جیهانە وەستا کە شاعیری نەفی دەکرد. ئەمە هەلویستی ئەو پیاوە مەزنانەیە کە وتوویانە دەبی شیعر ریبەرایەتی دنیا بکات. ئەگەر ئیمە بەبی ئەو رۆح و ئەو تیگەیشتنە موتەنەبی بخوینینەوە، وەك ئەوە وایە تەنها لە تیگەیشتنیکی سیاسییانەوە لە موتەنەبی تیبگەین، یان لە تیروانینیکی سادە ولە گۆشەنیگایەکی باوەوە کە شیعر لە قولاییدا ولە رەهەندەکانیەوە نابینی بەلکو تەنها ناو نیشانەکەی دەبینی، وەك ئەوەی کەسی کە تەماشای کەسیکی دیکە دەکا ئەوا لە میانی جلوبەرگەکەیەوە دەیخوینیتەوە نەك لە قوولایی و لە ناخەوەی. موتەنەبی، بەم مانایە، یەکەم شاعیرە دینی ودنیایی، دەسەلات وشیعر، یاخیبوون وملکەچ کردن، تیایدا بەیەك دەگەن. واتە موتەنەبیی رۆشنبیریی سەرجەم چەرخیك پیشان دەدا، سەردەمی رۆشنبیرییەکی چر لە موتەنەبی وشیعرەکانیدا کۆکراونەتەوە. مومکین نییە کەسی بەبی ئەبوعەلای مەعەری باسی موتەنەبی بکا، ئەو پیاوە مەزنەی رەخنەی لە هەموو شتی دەگرت بەلام لە بەرامبەر موتەنەبیدا دەچەمایەوە، کاتیکیش دیوانەکەی لە کتیبیکدا راڤە کرد، ناوی نا (( موعجیزەی ئەحمەد)). هەموو فیکریکی مەزن ئەگەر بەناو عەقلە بچووکەکاندا بروات، بچووك دەبیتەوە، تەنیا بە فکری مەزن دەتوانی فیکریکی مەزنی دیکە کەشف بکەیت. زۆربەی ئەو عەقلانەی موتەنەبیان خویندۆتەوە، بە داخەوە، عەقلی بچووك بوون. مارکسی (عەرەبی) مارکسی راستەقینە نییە چونکە بارستایی ئەو عەقلە عەرەبییەی وەرگرت کە دەیروانییە مارکس، ئەو عەقلە عەرەبییەیش، بیگومان، بچووك بوو. کاتیکیش ئەم

بابەتە لەگەڵ ئیسلام بەراورد دەکەی و چۆن ئیستا مووسلمانەکان دەروانن‌ه ئیسلام، شتی سەیرو عەجایب دەبینی، ئیسلامی ئەمرۆ لە ئاوینەی تیروانینی باودا شتیکی نامەعقولە.

*ماوەیەکە قسە لەسەر مەرگی شیعر دەکری، تۆ ئەم بۆچوونەت پی دروست نییە بەلکو باوەرت وایە مادامەکی مردن هەیە کەواتە شیعر نامری، وەك زانراویشە فەلسەفە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی مردن سەریهەلداوە. ئاخۆ شیعر لەم سەمتەدا وەك فەلسەفەیە؟ ئایاشیعر وەڵامی پرسیارەکانی مردن دەداتەوە؟

- بەلی شیعر وەڵامی پرسیارەکانی مردن دەداتەوە بەڵام بەشیوەیەکی نا راستەوخۆ. شیعر ئەوەمان فیر دەکا ئەو گرفتە راستەقینەیەی رووبەرووی مرۆڤ دەبیتەوە ژیانە نەك مردن، ئەمەش لەبەرهۆیەکی بنەرەتی: وەك پیشتر ئاماژەم بۆ کرد مردن شتیکی ناچیزەو گشتی وهاوبەشە، مرۆڤ هیچ ئیرادەیەکی لەبەردەم مەرگدا نییە، مەرگ لە دواجاردا مرۆڤ و ئاژەڵ یەکسان دەکا. مەرگ لە لایەنی شیعرییەوە گرفت نییە، گرفتەکە لای من، لە رووی شیعرییەوە، خودی ژیانە، بەلی ژیان خۆی گرفتە، واتە: چۆن ئەم ژیانە سەربەرز وئازادانە دەگوزەرینی، چۆن وا دەکەی دنیا قەشەنگتر و مرۆڤ مەزنتر بی.

* بە بۆ چوونی تۆ، شیعر لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست وتا ئەمرۆش، هەژموونی هەیە؟ یان رۆمان وسینەما ودرامای تەلەڤیزیۆنی بەربەرەکانیی وکیبەرکیی شیعر دەکەن وبگرە پلەوپایەی شیعر کەم دەکەنەوە؟

- ئەمە دیاردەیەکی روون وئاشکرایە، بیگومان لیرەدا پاشەکشەیەك بۆ شیعر هەیە بەڵام لە ئاستی ئاسۆییدا، ژمارەی خوینەرانی شیعر کەم دەبنەوە کە چی ژمارەی خوینەرانی رۆمان لە زیاد بوون وهەلکشاندایە، هەروەها ژمارەی بینەرانی سینەماو تەلەڤیزیۆنو گۆڤاری وینەدار تا دی زیاد دەکا، بەڵام من باوەرم وایە هەژموونی

لایەنی تەكنیكی لایەنی خۆ خەریك كردن وكات بەسەر بردنەو بۆ ئەوەیە كەشو هەوای بیزاری و وەرسی وزەحمەتیی ژیانی رۆژانە سووك بكاتەوە، گشت ئەمانە پاڵ بەتاكەكانەوە دەنیت تا دەریچەك لە رۆمان یان سینەما یان تەلەڤیزیۆن یان گۆڤاری وینەدار یان لە وەرزشدا بدۆزنەوە، كەچی ئەم كەشە گشتییە لە سەریكی ترەوە هەستی بایەخدان بە شیعر لای زۆر كەس قوولتر دەكاتەوە، بەلاّم لیرەدا بایەخدانی چەندایەتی دەگۆردریّ‌و دەبی بەبایەخدانیكی چۆنایەتی بەشیعر، بەم چەشنە ئەوەی شیعر لە رووی ئاسۆییەوە دەیدۆرینی، پیم وایە لە رووی چۆنایەتی و لە دیوی قووڵو لەئاستی ستوونییدا دەیباتەوە،بەتایبەتی كە مرۆڤ ناتوانیّ لە بارودۆخی خۆی و لەو جیهانە تیبگات كە تیایدا دەژی تەنها ئەو كاتە نەبی كە دنیا دەخاتە سەر ریچكەیەكی تراژیدی، مومكنیش نییە بەمانای قوولی وشە بگەینە تیگەیشتنی تەواو لەو ریچكە تراژیدییە تەنها لە بانیژەی هەستی شیعرییەوە نەبی، ئەمە وا لەشیعر دەكا ئامادەبونیكی بەرزو دیاری هەبی ئەگەرچی سنووردایش بیّ، بەلاّم لەدواجاردا شیعر بەهایەكی قول‌و كرۆكی رۆشنبیری و كرۆكی كۆمەلگەی زیندوو دەنوینی، بە تایبەتی ئەو كاتەی فەلسەفەو زانست‌و لەوانەش زانستی گەردوون دەگۆری و دەبی بە جۆریك لە خەملاّندنی شیعریی. ئیستا مانای شیعر بەرینتر بۆتەوە وگۆراوە، لەو باوەرەدام مومكین نییە شیعر بمری مادامەكی مردن بوونی هەیە. مادام مردن هەیە شیعر نامری، مادام ئەوین هەیە شیعر نامری.

* ئەمرۆ دەبینین رۆمان لە دنیای عەرەبیدا خەریكە دەبیتە دیارترین هونەری ئەدەبی. ئاخۆ ئیستاش حەز لە رۆمان ناكەیت؟

– نەم وتووە حەزم لە رۆمان نییە وەك ژانریكی هونەریی نوی، بە پیچەوانەوە، من بە رادەیەكی زۆر هانی ئەو جۆرە دەربرینە دەدەم لەبەر ئەوەی ئاسۆیەكی تر بۆ نووسین بە زمانی عەرەبی دەكاتەوە. بەلاّم حەزم لە خویندنەوەی ئەو رۆمانانە نییە كە ئەمرۆ

دەنوسـرین. رۆمـان بـە پلـەی یەکـەم لەسـەر حیکایـەت دادەمـەزری، حیکایــەتیش وایدەبینم زەمەنەکان فرە لایەن دەکا، زەمەن لـە یـەك هیـڵ و داوەوە دەکا بـە چـەندین هیلی جیاجیا، پیشتریش باسی ئەو خالەمان کرددوە ولیرەدا دووبارەی دەکەمـەوە، من حەزم لەو جۆرە زەمەنە نییە، حەزم لە زەمەنیکی شەبەکییانەی چرو شاقولییە کە گەلی شپرزەیی بە نیودا رەتدەبی، لەبەر ئەوە حەز لە خویندنەوەی ئەو جۆرە رۆمانانە ناکـەم کـە هـەر تەنـها لەسـەر حیکایـەت راوەسـتاون، بـەلکو هـەندی لـەو رۆمانانــە دەخوینمەوە کە زەمـەنیکی شـەبەکییانەیان تیدایـە، من رۆمـانی (( یۆلیسـیس))[3] ی جیمس جۆیس بە نموونە دادەنیم ئەگەر چی دریژدادریشـی تیایـە، بەلام وزەیـەکی گەورەشی تیدایە بۆ سـەیرکردنی دنیا بـە شیوەیەکی جیاواز. کەواتـە (یۆلیسـیس) رۆمانیکە شیعری تیایە.

## کەلەپوورو رینیسانس و گلۆبالیزم

*جۆرج تەرابیشی لە کتیبی ((رەخنەگرتن لە رەخنـەی عـەقلی عـەرەبی))(4)دا، محمـد عابد جابری لە شوینە بلندەکەی هینایە خواری و مەرجەعە فیکرییەکەی تیکشکاند. ئـاخۆ موتابەعــەی ئـەو گفتوگــۆ ومشــتومرانەی کـردووە؟ بـە بۆچوونــی تــۆ لــە خویندەنەوەی کەلەپووردا کی خاوەنی پرۆژەیەکی رەخنەگرانەی راستەقینەیە؟ ئایا ئەو کەسە محمد ئارکۆنە یان عەبدوللا عورەوی یان حەسەن حەنەفی؟

– زەحمەتە وەلامی پرسیاریکی لەو جۆرە بدریتـەوە تـەنیا ئەگـەر لـە گۆشـەنیگایەکی ترەوە تیگەیشتنمان بۆ کەلەپوور هەبی و هەلویستیکی تـری لـە بەرامبـەردا بگریـن و بەجۆریکی تر لەسەری بنووسین. باوەرم وایـە دەست لینـەدانی لایەنە جیگیرەکـانی کەلـەپوور، فیکریکــی خولقینــەر و راســتەقینە دروســت ناکــات، هــەموو فکریکــی راستـەقینە دەبی لـە رەخنـەگرتنی بەلگـەنەویسـتەکان و (جیگیرەکـان)ەوە دەست پــی

بکات و هەروەها لە جیلەقکردنی شتە جیگیر و بیبزاوتەکان بە جۆری ئەگەر بمانەوی فیکریکی نویی عەرەبی بنیات بنیین دەبی لە سفرەوە دەست پی بکەین. لەم ئاستەدا، لە کارەکانی (جابری) دا ئەوە نابینم یارمەتیی دامەزراندنی ئەو جۆرە فیکرە بدات کە لە رەخنەگرتنی خودی جیگیرەکانەوە دەست پیبکات، سائەو جیگیرانە ئایینی بن یان غەیرە ئاینیی، لەبەر ئەوە وایدەبینم ئەو کۆششە گەورەیەی (جۆرج تەرابیشی) پیشکەشی کردووە کۆششیکی بزرە، خۆزگە ئەو هەوڵو کۆششەی لە شوینیکی تر بکردایە بە تایبەتی لە رەخنەگرتن لە خودی جیگیرەکان. پاشان باوەرم وایە (حەسەن حەنەفی) سەرباری کۆششە گەورەکانی، ئەویش هەر لەباوەر بوون بەو جیگیرانە دەست پیدەکات کە پیی وایە جیگیرەکان شوینی قسە لەسەر کردن نیین. من نازانم چۆن دەکری فیکریك لەناو رۆشنبیرییەکدا هەبی هیچ پرسیاریك لە دروستی یان لە بایەخ و گرنگیی ئەو جیگیرانە نەکات. پیم وایە (محمد ئارکۆن) باشترین رووناکبیرە دەتوانی بە شیوەیەکی ناراستەوخۆ دەست بۆ جیگیرەکان ببات، لە ئاستی میژوویشدا (عەبدللا عورەوی) تا ئەندازەیەك ئەم کارەی کردووە بەڵام لەبەر ئەوەی عورەوی لایەنیکی دیاریکراو لە کەلتوور وکەلەپووری عەرەبی وەردەگری، پیم وایە محمد ئارکۆن جددیتر کار دەکا و بەراستی ئەم رووناکبیرە خاوەنی پرۆژەیەکی رەخنەییە بەو پییەی قسە لەسەر دەقە دامەزراوو ئۆریجینالەکانی ناو فیکری عەرەبی دەکا، کەچی عورەوی قسە لەسەر ئەو دەقە لاوەکی ولابەلاییانە دەکا کە لە پاش دەقی ئۆریجینالْ سەریان هەلداوە، بیگومان ئەوەی عورەوی دەیلی ئەویش هەر زۆر گرنگە بەڵام من نرخ و گرنگییەکی زیاتر بۆ هەولەکانی ئارکۆن دادەنیم، هەولەکانی محمد ئارکۆن پیویستیان بە جەسارەتیکی زیاتر و بەرفراوانییەکی زیاتر و بیناکردنیکی زیاتر هەیە لەو تیزەی پیشکەشی دەکا، خۆیشی دان بەمەدا دەنی، من زیاد لە جاری قسەم لەگەڵ ئارکۆن کردووە،

لەوە دەترسی بەهۆی نووسینەکانیەوە ژیانی لە دەست بدا، ئارکۆن وەك خۆی پیی وتم ئامادە نییە ئەو نرخە بدات. ئەگەر لیرەدا پرۆژەیەکی عەرەبی بەو ئاراستەیە و لەئاستی کولتووری عەرەبیدا هەبی، ئەوا دەبی کەسیکیش هەبی بیر لە بەخشینی ئەو نرخە بکاتەوە. هەر چۆنی بی هەولەکانی محمد ئارکۆن، کە لە خویندنەوەی دەقی یەکەم و دەقی دامەزراودا دست پیدەکا، واتە دەقی ئایینی وەك دەقیکی میژوویی، هەنگاویکی زۆر گرنگە، ئەمە ئەو شتەیە ئارکۆن هەولی بۆ داوەو بە فیعلی ئەنجامی داوە بەڵام بە شیوەیەکی ناراستەوخۆ، هەروەها (نصر حامد ابوزید) یش ئەو هەولە گەورەیەی داوە. من باوەرم وایە ئەگەر بمانەوی فیکریك یان بزووتنەوەیەکی فیکریی نوی دامەزرینین دەبی لەو خالەوە دەست پییکەین.

* ئایا تۆش لەگەڵ مندا ئەوە نابینی کە رەخنەگرتن لە جیگیرەکان تا ئیستاش گرفتیکی گەورەیە لە لای بەشی لە گەورە رۆشنبیرانی دنیای عەرەبی، ئەوانەی سەرکیشییە فیکرییەکانیان هەتا سەر نەبرد بەلکو لە ناوەراستی ریگادا پاشەکشەیان کرد، بۆ نموونە طە حسین لە گومانکردن لە شیعری جاهیلی(6) پاشەکشەی کرد، هەروەها منصور فهمی(7) وازی لەو بۆچوونەی خۆی هینا کە ئیسلام لە بەرامبەر ئافرەتدا بزووتنەوەیەکە بەرەو پاشەوە، عەلی عبدالرازق(8) . یش لە دوا کتیبدا ((ئیسلام وئوسولی حوکم)) قەلەمەکەی خۆی شکاند، ئەحمد ئەمین لە پیشنیارەکانی خۆی پاشگەز بووەوە؟

– بە راستی جیی داخە کە ئەوانە پاشەکشەیان کردووە، بەڵام هەموویان لە خالیکدا لەگەل محمد ئارکۆن یەك دەگرنەوە، یان بابلیین ئارکۆن لە خالیکی گرنگدا لەگەڵ ئەوان یەك دەگری ئەو خالەش : مادامەکی لە کۆمەلگەی ئیسلامیدا فیکر وەك تاوانیك مامەلەی لە تەکدا دەکری و وەك مەسەلەیەکی قانونی سەیر دەکری، ئەمەش مانای وایە بارودۆخەکە زۆر ترسناکە، واتە گرفتە گەورەکە لە عەقلیەتی کۆمەلگەی

ئیسلامیدایە. ئەمرۆ لە دنیای هاوچەرخدا هیچ کۆمەلگەیەك نییە وەك تاوانیك مامەلە لەگەڵ فیکردا بکات تەنها لەکۆمەلگەی ئیسلامیدا نەبی، دەبی خەبات لە دژی ئەم بارە هەژموونگەرایە خەباتکردنیکی گشتی بیت. خەباتی تاکەکەس بە تەنها لە بەرامبەر ئەو بەرەنگار بوونەوەیەدا، خەباتیکی لاواز و بیتوانایە. تەمەننا ئەکەم لە کۆمەلگاکانی ئیمەدا لایەنیك هەبی بە شیوەیەك لە شیوەکان پاریزگاری لە بیرمەندو رووناکبیرە بویرەکان بکات، بەلاّم بە داخەوە رووناکبیرانی ئیمە لە نەبوونی کەشیکی ئازاددا بە زۆری پەنا بۆ کۆمەلگە خۆر ئاواییەکان دەبەن تا خۆیان لە ستەم و زەبروزەنگی دەسەلاّت وگرووپەکان بپاریزن. دەبی ئەم جۆرە بویرییە دابمەزری وبپاریزری، ئەمەش بە تەنها داکۆکیکردن نییە لە ئازادی و لە مافی ئازادی، بەلکو داکۆکیکردنە لە کەلەپووری عەرەبی و لە شەرەفی عەرب و لە کەرامەتی ئینسانی عەرەبی. لە هیچ ولاّتیکی دنیادا مرۆڤی یان گرووپی نەماوە وەك تاوان سەیری فیکر یان سەیری بیرۆکەیەك بکات، سا ناوەرۆکی ئەو فیکرە هەر چییەك بی. ئەم حالەتە تەنها لە ولاّتانی ئیمەدا ماوە.

* تەنها لە خۆرهەلاّتی ناوەراست ماوە[9]..

– دروست وایە، ئەمە شتیکی سامناکە، دەبی هەموومان لە دژی رابووەستین.

* لە نیوان هەردوو کتیبی (الثابت والمتحول)[10] ی ئەدۆنیس و (تكوين العقل العربي)[11]ی جابریدا، لە کویدا رووی لیکچوو ورووی جیاواز هەیە؟

– من ریزی کۆششی هەموو ئەو بیرمەندانە دەگرم کە سەرگەرمی پرۆسەی نوسینن. لەو باوەرەدام ئەوەی مامۆستا جابری لە کتیبی (تكوين العقل العربي) دا وتوویەتی، پیشترو بە دارشتنیکی تر لە کتیبی (الثابت والمحتول) دا وتراوە، بەلاّم ئەوەی من بە شیوەیەکی سروشتی وپراکتیکی لە ناو پەرەسەندنی کەلەپووری عەرەبیدا وتوومە، جابری بەریگەیەکی تیۆریزەییی وتویەتی، واتە ئەو مۆرکیکی ئەکادیمیانەی

داوەتی، بەڵام من لە مۆرکە خۆبەخۆیی وئازادەکەیدا هیشتوومەتەوە. من کاتی خۆی گلەییەکم لە مامۆستا جابری هەبوو کە ئامارژەی بۆ ئەو حالەتە نەکردووە، سەرباری ئەوانە، ریزی جابری و ریزی هەوڵ وکۆششەکانی دەگرم.

*بەڵام یەکێ لە ئاداب و ئوسولەکانی تویژنەوەی زانستی ئەوەیە مرۆڤ ئامارژە بۆ ئەوانی پیش خۆی بکات.

– بە داخەوە، ئەمە نەکراوە، بەتایبەتی کە کتیبی (الثابت والمتحول) سەرەتای تیروانینیکی ترە بۆ کەلەپوور، یەکەم کتیبە خویندنەوەیەکی نویی بۆ کەلەپوور دامەزراندووە.

* لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تەنیا سی زانکۆ لە دنیای عەرەبیدا هەبوون: کۆلیجی ئینجیلی(12) . ی سووری لە بەیرووت، زانکۆی یەسووعی ئەویش هەر لە بەیرووت، زانکۆی فوئادی یەکەم(13) لە قاهیرە. ژمارەی دانیشتووان لەو سەردەمەدا پەنجا ملیۆنی تینە دەپەراند، کتیبی باشیش تەنها سی هەزار دانەی لی چاپ دەکرا. بەڵام ئەمرۆ 175 زانکۆمان هەیە وژمارەی دانیشتوانیش گەیشتۆتە نزیکەی 240 ملیۆن کەس، هەندی کەس ئەو ژمارەیە بەرزتریش دەکەنەوە، کەچی تا ئەمرۆش کتیبی چاك تەنها سی هەزار دانەی لی چاپ دەکری. ئایا ئەم ژمارانە شتیکت پی دەلین؟

– بیگومان، زۆر شت دەلین، بەڵام نامەوی بچمە ناو ورد ودرشتی شتەکانەوە. تیبینی یەکەم ئەوەیە: ئیمە بمانەوی ونەمانەوی لە زەمەندا پیش دەکەوین، پیشتر لە چەرخیکدا بووین و ئیستا لە چەرخیکی تردا دەژین، ئیمە ئیستا لەگەل میللەتانی تردا دەژین ولەیەك زەمەندا لەگەڵ ئەوان پیش دەکەوین، بەڵام ئەو بۆچوونەشم هەیە: ئەگەر بزاوتی زەمەن لە کۆمەلگەی ئیمەدا بپیوین، میللەتیك لە میللەتانی دنیا نابینم هەر چەندی زەمەن پیش بکەوی ئەوان دوابکەون تەنها میللەتی عەرەب نەبی. ئەمە

دیاردەیەکی زۆر سەیرە، چۆنی شیتەڵ بکەین؟ چۆنی تیبگەین؟ من داوا لە سۆسیۆلۆژیست و ئەنتروپۆلۆژیست وزانایانی ئابووری دەکەم ئەم دیاردەیەمان بۆ راڤە بکەن.

تیبینی دووەم: زانکۆ دامەزراویکی زانستییە و دەبی سوود لە گشت دەستکەوتەکانی تویژینەوەی زانستی و پەروەردە و کولتوور ونوسین وسەیرکردنی دنیا وەربگری بۆ ئەوەی وەك دامەزراویکی زانستی گەشە بکات، کە چی مەسەلەکان لای ئیمە بە پیچەوانەی ئەو ئاراستەیە ری دەکا. تەنانەت دامەزراوی زانستیی عەرەبی کە پیی دەوتری زانکۆ، هەر چەند مەعریفە بەرەو پیشەوە بچی کەچی زانکۆکانی ئیمە نەزانی وجەهالەتیان پتر دەبی. بۆچی؟ دیسان پسپۆرانی ئەو بوارە بانگ دەکەم لەم دیاردەیە بکۆڵنەوە، هەمان شت بەسەر قوتابیانیش پراکتیزە دەبی. بیرم دی لە سەردەمی منالیمدا ئەگەر کەسی بروانامەی سەرەتایی بە دەست بهینایە زۆر بە چاکی زمانی عەرەبی دەزانی وزۆریش بە چاکی ئاگادار وشارەزایی کەلەپووری خۆی دەبوو، خۆ ئەگەر کەسی بروانامەی بەکالۆریای بە دەست بهینایە ئەوا زانیارییەکی گەورەی لە زمانی بیانی وریزمانی عەرەبیش دەبوو، کە چی ئەمرۆ لەگەڵ بەرەو پیش چوونی زانست و وەسیلەکانی زانستدا، ئەو قوتابییەی لیسانس بە دەست دینی تەنانەت خویندنەوەش بە تەواوی نازانی. هۆی ئەمە چییە؟ بە راستی من بەتەواوی ئەمە نازانم، بەڵام چاودیری دەکەم.


– وەك بلیی ئیمە هەر بەرەو پاشەوە دەرۆین؟

– بەلی، وەك بلیی ئیمە بەرەو دواوە دەرۆین. بۆچی؟ ئەوە هەلە نییە ئەم قسەیە دووبارە بکەمەوە وبلیم من نازانم چۆن ئەم دیاردەیە شیبکەمەوە بەڵام هەستو مەزەنەیەکی وام هەیە کە گرفتی سەرەکی وبگرە بناوانی گرفتەکە لە (دەسەڵات) دایە، گرفتەکە لە بونیادی دەسەڵاتی عەرەبیدایە، ئەگەر ئەو بونیادە نەگۆردری

مەحالە پیش بکەوین، چونکە دەسەڵات لە نیو کۆمەلگەیەکی پان وبەریندا بووە بە دەستەڵاتیکی ترازاو، بووە بە کۆمەلیکی جودا لە کۆمەلگە، وەك قەلایەك لە هەموو لایەکەوە شوورە وپەرژینی بۆ هەلچنراوە وهەژمونیکی تەواوی بەسەر کۆمەلگەدا هەیە، کەواتە ئەم بارودۆخە کۆمەلگە ئیفلیج دەکا و ریگەلەوە دەگری کۆمەلگە لەهەر ئاستیکدا بەشداری لە بونیادنانی سیاسەتدا بکا کە لە راستیدا بنیاتنانی سیاسەت لەسەر شانی کۆمەلگەیە، کۆمەلگەو تاکەکانی کۆمەلگە لە هیچ ئاستیکدا ولەسەر هیچ شتیك راو بۆچونیکیان نییە، میللەت لەبەشداریکردنی بنیاتنانی چارەنووس و ئیستا وئایندەی خۆیدا بە تەواوی گۆشەگیر کراوە، جیاکردنەوەو گۆشە گیرکردنی میللەت کە چەندین سەدەیە دەسەلاتی عەرەبی پرۆسەی دەکا، لە راستیدا ئەمە بنچینەی دواکەوتنی ئیمەیە.

* سەد ساڵ زیاترە کۆمەلگەی عەرەبی هەوڵ دەدا راپەری و پیش بکەوی ویەك بگری، ئەوەتا ئیمە لە پاش سەد ساڵ لە هەولدانی بیوچان بۆ رۆشنگەری کە چی دەبینین سنوورەکانی ئازادی بەرتەسکتر دەبنەوە و وەختە بلیم خەریکە ئازادی نامینی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی ون دەبی، دابەشبوون ولیکداپچران پتر دەبی، عەرەب تا ئیستاش باسی حیجاب وجوببە و ریش دریژی ونازانم ئەو شتانە دەکەن، ئەوەتا ئیمە دەچینە ناو سەدەی بیست ویەکەم و کە چی لە هەگبەماندا حەفتا ملیۆن نەخویندەوار هەیە، لەوانەیە هەندی لە بزووتنەوە فەندەمینتالیستەکان شانازی بەوە بکەن کە ئیمە نەتەوەیەکین پیغەمبەرەکەمان نەخویندەوار بووە. لەو پەنجا سالەی رابردوودا پرسیار ئەوە بوو: چۆن سەربکەوین؟ سەرباری فرەیی وەڵامەکان عەرەب نەیتوانی یەك هەنگاو لە سەرکەوتن نزیك ببیتەوە. ئایا لەو باوەرەدا نیت ئیمە ئەمرۆ پیویستیمان بە وەڵامدانەوەی پرساریکی جیاواز هەیە: بۆچی دۆراین؟ ئینجا بە بۆچوونی تۆ بە راستی بۆچی دۆراین؟

– ئەمە پرسیاریکە خۆی وەڵامی تیایە. هەمیشە لە گرفت وکیشە وهەرەسدا دەووتری: لە هۆیەکاندا بە دوای ئافرەتدا بگەری، بەڵام ئیمە دەبی بلیین: بە دوای (دەسەڵات) دا بگەری. با نمونەیەکی سادە بینینەوە کە لە خوارووی لوبنان روودەدا: من کەسیکی ئاییینخواز نیم و لایەنگیری (حزب الله) ش نیم، بەڵام کاتی دەبینم ئەوەی حزب الله لە خوارووی لوبنان لەسەر سنووری فەلەستین بە ئیسرائیل و سەربازە ئیسرائیلیەکانی دەکا، دوچاری هەستی بەراورد کردن دەبم، خەلکی هەژار کە بە چەکی سووك و سەرەتایی دەجەنگن وباوەریکی گەورەیان هەیە، بەڵام لە بەشداریکردنی بریاری چارەنووسدا بریاری خۆیان هەبووە. ئەگەر سەیری کارو کردەوەکانی حزب الله لە بەرامبەر ئیسرائیلدا بکەین دەبینین حزب الله تەئسیریکی گەورەی لە ئیسرائیل کردووە زۆر گەورەتر لەوەی تیکرای سوپا عەرەبییەکان لە ماوەی چل سالدا کردوویانە. بۆچی؟ چونکە ئەگەر میللەت خۆی سەرداری چارەنووسی خۆی بی وهەموو تاکەکان بەشداربن لە بریاردان وبەرپرسیاریدا، ئەوا مومکین نییە ئەو میللەتە بدۆری، بەڵام ئەگەر بە تەنها دەسەڵات بریاری بە دەست بی و لەجیاتی هەمووان بریار بدات، ئەرکی سوپاش ـ کە دەسەڵات فەرمانی پیدەدا. تەنها پاریزگاریکردن بی لە دەسەڵات نەك داکۆکیکردن لە خاك، میللەتیش هیچ بریاریکی نەبیت، لە دۆخیکی وا دا چاوەریی چی دەکەی؟ چاوەری دەکەی ئاکامەکەی چۆن بیت؟ دەشی لیرەدا بەشی لە وەڵامەکە ببینین، ئەمەش وامان لیدەکا جاریکی تر جەخت لەوە بکەین کە بنچینەی هەلوەشانەوەو داوەشان وبنچینەی نەخۆشیەکان وبنچینەی پاشکەوتوویی لە کۆمەلگە مەییو و وەستاوەکانی ئیمەدا دەگەریتەوە بۆ دەسەڵات.



# بەشی هەشتەم:

# گلۆبالیزم و رۆشنبیریی مردووان

## * جیهانگیری دیاردەیەكی یونیڤێرسالییەو هیچ كەسێ ناتوانێ لەدژی بووەستێ، لەئایندەشدا ئەو وڵاتانەی مل نادەنە یاساكانی جیهانگیری ئەوا لەبازاردا رەتدەكرێنەوە

## * زۆر سەیرە لەلای ئیمە لەسەردەمی عەولەمەدا وتاریك رژیمیك دەترسێنێ

لة شيكردنةوةي جيهانطيريدا ئةدؤنيس وايدةبيني ئةم دياردةية تويكليكـــي تـةنكي داطيركارييـة (ئيستعمار) و ثرؤذةيةكة ئةمةريكا لةسـةرى وةسـتاوةو دةيجولينـــي و لةميانيدا بةرهةمهينان تةعميم دةكا ودةيةوي جيـهان بكـات بـة بـازاريكي طـةورة. عةرةب كة لةسةدةي رابردوودا ولة بواري دةستكةوتي ذيـاريدا هيضيـان نـةبووة، ئيستا بوونة بة بازاريكي بةكاربراو بؤ ئةو كةلتوورة نويية. ئةدؤنيس تيبيني ئةوة دةكا عةرةب لة ئاكامي ئةو طري ميذوويي‌ةي تيايدا دةذين، لة شـمةكي عةولةمـةدا شتيكيان نةبووة بةكاربردن نةبي. ليرةوة ئةدؤنيس رةخنة لةو دةتطانة دةطري كة دةيانةوي رووبةرووي جيهانطيري بووةستنةوة. جيهانطيري دواجار ئةو ميللةتانة ثةراويز دةخات كة هيض داهينانيكيان لةو ئاستةدا نيية، هةروةها كولتووري رذيمة عةرةبيةكاني ئيستاش لة ناو دةبات، بةلآم، وةك ئةدؤنيس دةلي، ناتواني موتةنـــةبي وئيبن سينا بكوذي.

ئـةدؤنيس لـة قسـةكردن دةربـارةي فيكـرء رؤشـــنبيريي دنيـــاي عـــةرةبي زؤر رةشبينة، لة نيو قسةكانيدا طةلي دةستةواذةي رةشبينانة دةدركيني لة بارةي مةرطي رؤشنبيريء عةرةبء لة نيوضوونيان. ليرةوة ئةدؤنيس بانطةشةي دةرضوون لة

نيو ئةو ئةشكةوتة تاريكانة دةكا كـة نةتـةوةي عـةرةب لـة سـةدةي نـۆزدةوة تيـايدا ذياون، دةبي ئيستا بةرةو لةقاندني بنضينةكاني ئةو بونيادة جيطـير و راوةسـتاوانة هةنطاو بنيين كـة تـا ئـةمرؤش وةكـو خؤيـان ماونةتـةوة، هـةروةها دةبـي نـةريت وميراتة بةربةست وريطرةكان بلةرزينن. رؤلي رؤشنبير لة بارودؤخي ئيستادا بة تةواوي ونة و لة رابردوو وئيستاشدا هيض دةوريكي لة رؤشنطةريدا نةبووة تةنها لـة بـواري فـيربوون وطواسـتنةوة دا نـةبي، كـة ضـي لـة بـواري ثيشةسـازي طؤرانكاريدا ئةو رؤلة وجودي نةبووة.

## جیهانگیریو رۆشنبیریی مردووان

***مرۆڤایەتی بە هەموو توانایەکەوە خۆی بۆ چوونە نیو سەدەی بیست ویەکەم ئامادە کردووە. سەرکەوتنەکانی مرۆڤ لە بواری زانست و نوژداری و گەیاندنو گەردوون وفەزا و کۆمپیوتەر وخۆراکدا وای لیکردووە تەنانەت پیش ئەوەی سەدەی بیستەم تەواو ببێ، بتوانی بچیتە ناو سەدەی بیست ویەکەم، کە چی ئیمەی عەرەب زۆر درەنگ هەولمان دا بگەینە ئەم چەرخە وسەرنەکەوتین، بەم جۆرە محمد عەلی لە بەرپاکردنی رینیسانسیکی نویی عەرەبیدا هەرەسی هینا، هەمان بارودۆخ بەسەر جمال عبدالناصر. یشدا هات. ئاخۆ عەرەب دەتوانی لە پەنجەرەکانی چەرخی بیستەم بیتە دەری پاش ئەوەی نەیتوانی لە دەرگاکانیەوە بچیتە ژووری؟**

**– ئەم پرسیارەش دیسان وەلامی تیایە، بەلام من شتی دیکە دەخەمە سەر پرسیارەکەت و دەلیم میللەتیك لە ماوەی 1400 سالدا توانی بەردەوام بی ولەم بەردەوامبوونەشیدا، لە تیروانینی بۆ دنیا وشتەکان و لە پەیوەندییدا بەئەوی ترەوە، پشتی بەو چەمکە چەسپیوانە دەبەست کە لە تیگەیشتنیکی دیاریکراوەوە بۆ ئیسلام وەرگیراون، ئەوەتا ئەمرۆ رووبەرووی بارودۆخیکی نوی وکولتووری جیاوازوگۆرانکاریی دیکە دەبیتەوە، ئیستا ئیتر ناتوانی بەو چەمکە کۆن وبەو تیگەیشتنە باوو بەسەرچووانەو بە میرات بۆ ماوانەدا لە دنیای هاوچەرخ تیبگات.**

بـۆ ئـەوەی لــە دنیــای هاوچــەرخ تیبگــەین، پیویســتیمان بــە بینینیکــی نــویو تیگەیشتنیکی نوی هەیە. بەم مانایە ئیمە کولتووری ئیسلامیمان هەیە کە دەبی لە رەگەوە چاوی پیدا بخشینینەوە دەنا ئیمە بەرەو ویرانی دەچین، دەبی ئازایەتیو بویرییەکی تەواومان هەبی بتوانین ئەو شتانە بلیین، دەنا بە تیروانینیکی جیگیرو چەسپیووچەقیو کە لەسەدەی یەکەمی کۆچییەوە بۆمان ماوەتەوە، مەحالە بتوانین لە سەدەی بیست ویەك تیبگەین. ئیمە بە کۆتکراوی ریدەکەین، ئیمە بیر دەکەینەوەو زنجیرەکانیش بەسەرو گەردنمانەوە ئالاوە، سەرباری ئەمەش کەسانی هەن کۆمەلی فیکری پەرگیرو لاگیر دەخەنە روو کە گوایە ئیسلام چارەسەری بۆ هەموو شتی داناوە، لەبەرامبەر ئەمەدا تیروانینیکی لاگیری دیکە هەیە دەلی سەرچاوەی گشت پاشکەوتووییەکانی ئیمە ئیسلامە. باشە بۆچی ئەم پەرگیری ودژایەتییە؟ چونکە ئازادیی گفتوگۆ وئازادیی رادەربرین وئازادیی فیکر بوونیان نییە.

* لە جیاتی ئەوەی مشتومرو گفتوگۆی گەرم لە نیوان بۆچوون وفیکرەکاندا گەشە بکات، کەچی سەنگەر لەبەرامبەر یەکتر دادەمەزرینن.

– بە راستی ئەمە پاشکەوتوویی ئیمە گەورەتر دەکا، بنچینەکانی کۆمەلگە هەلدەوەشینیتەوە، عومری ستەمکاری دریژ دەکاتەوە.

* لە روانگەی فیکریی تۆوەو لە میانی ئەزموونی دووردریژت لەگەڵ فیکرو رووداوەکاندا، ئاخۆ ئومیدیك بۆ رینیسانسیکی نویی عەرەبی وبۆ رابوونیکی نویی عەرەبی هەیە؟

– من نیگەران و رەشبین نیم. دەشی لە چەند بیرورایەکی دیاریکراو یان لە چەند رژیمی یان لە هەندی کەس یان لە قۆناغیکی میژوویی دیاریکراو نیگەران بم، بەلام هەرگیز لە میللەت نیگەران نیم، هەر لەم ئاستەشەوە دەروانمە ئەو ئومیدە و دەروانمە ئەو ساتەوەختەی کە میللەت دەتوانی چەندین دەریچە وچەندین پەنجەرە

بۆ قەیرانەکان دابهینی، بیگومان فۆرمەلەیەکی تر وستایلیکی تر بۆ چارەسەی ئیشکالییەتەکان دەدۆزیتەوە وپاشان بەرەو پیشەوە هەنگاو دەنی، من بە ئەندازەیەکی گەورە رەشبین نیم تەنها لە دەسەڵاتەکان ولە رژیمە عەرەبیەکان رەشبینم، هەروەها لەو تەئویلاتە توند و ستەمگەرایانەی ئیسلام وکولتووری عەرەبی. من لە قوناغیك نیگەرانم بەڵام لە میللەتیك نیگەران نیم.

* فیکری عەرەبی، بەتایبەتی لایەنە سیاسییەکەی، لە بەرامبەر پیشکەوتنە گەورە و خیرایەکانی شارستانیی خۆرئاواییدا، لە ناو داکەوتن‌و شکست‌و رووخان‌و بیتوانابیەکی گەورە دا ژیاوە. دەشی شکستی قوولی ئیمە بریتی بی لە شکستی عەقلی عەرەبی‌و هەرەسی قەڵاکانی عەقلی عەرەبی لەسەر دەستی داکەوتن وجیگیری و بی بزاوتی و نوینەرە سەلەفیەکانیان وپاسەوانانی ئەشکەوتە کۆنەکان. سەرباری ئەمە، ئایا ئەمرۆ ئامادەبوونی عەقڵ وعەقلانییەت لە ژیانی عەرەبیدا دەبینی؟

– لە ئاستی تاکەکەسدا کۆمەلی دیاردەی زۆر گرنگ هەن بەڵام بە پەراویزی یان بە پەراویزکراوی دەمیننەوە وناچنە ناو چنینی ژیانی رۆشنبیریی عەرببییەوە. چۆن ئەم دیاردانە بخەینە ناو چنینی ژیانی رۆشنبیرییەوە؟ ئەم مەسەلەیە کەمیك ئالۆزەو پیویستی بە زەمەنیك هەیە. لیرەدا کۆمەلی فەردی گرنگ و کۆمەلی بیرکردنەوەی عەقلانیی گرنگ هەن بەڵام لە پەراویزدان یان پەراویزکراون. ئیمە لەگەڵ فیکری مارکسیزمدا دەمانووت پەرەسەندنی چەندایەتی دەبیتە هۆی پەرەسەندنی چۆنایەتی، بەڵام ئەم تیۆرە لە کۆمەلگەی عەرەبیدا هەرگیز وانەبووە، بۆیە دەبی بەو یاسایەدا بچینەوە. دەشی کۆمەلگەی عەرەبی کۆمەلی یاسای تری هەبی ومن نایزانم. ئیسلام لە میژووی خۆیدا هەموو شتیکی بەرهەمهینراو وهەموو تەکنیکیکی نویی وەرگرت و لەهەمان کاتیشدا رەتی دەکردنەوە، واتە ئەو بنچینانەی رەتدەکردەوە کە دەستکەوتەکانی لەسەر رادەوەستی، ئەو عەقلەی رەتدەکردەوە کە

کاری گەورەی کردووە وداهینانی مەزنی ئەنجام داوە، مامەلە کردن لەگەڵ (ئەویدی) ی رەتدەکردەوە تەنها بەمانا بازرگانییەکەی مامەلەی لەگەلدا دەکرد: شتی لیوەر دەگری و لییشی جیادەبیتەوە. موسلمان قودرەتیکی ئەفسوناویی هەیە لە وەرگرتنی بەرووبوومی درەختیك ولە هەمان کاتدا نەفرەت لە درەختەکەش دەکا، بە راستی لەو ریرەوەدا شتی سەیر وعەجایب هەیە.

* لەوە دەچی موسلمان وەك سوپەرمارکیت سەیری شارستانیەت بکا کە هەندی شتی لی هەلدەبژیری وپشت لە هەموو ئەو شتانەش دەکا کە پەیوەندیی بەو عەقلە زانستیەوە هەیە کە ئەو دەستکەوتانەی بەرهەم هیناوە. ئەمە رەفتاری بەدەوییە لە سەدەی بیستەم.

- بە راستی ئەمە شتیکی ترسناکە. برادەران نوکتەیەکیان بۆ گیرامەوە وابزانم نوکتەش نییە بەلکو راستییە: یەکی پرسیاری کرد بۆچی ئیمە هیچ شتی بەرهەم ناهینین؟ موسلمانەکە وەلامی دایەوە : بۆچی بەرهەم بینین، ئەی ئەو هەموو بەرهەمە چییە خودا بۆ ئیمەی خستۆتە بەر دەست.

* من لە شوینیکدا خویندوومەتەوە هەندی لە زانایانی پاکستان بیریان لەوە کردۆتەوە چۆن لە جنۆکەوە وزە بەرهەم بینن بەو باوەرەی کە جنۆکە لە وینای ئیسلامیدا لە ئاگر دروست کراوە. تۆ بروانە جۆری بیرکردنەوە گەیشتۆتە چ ئاستیکی خوارق.

- شتیکی سەیرو پیکەنین هینەرە، بەراستی ئەمە تراژیدیا و ویرانییە.

* وەك دەبینی ئیمە پیش ناکەوین و هەموو پرۆژە نویگەرییەکانیش هەرەسیان هیناوە ومیللەت تا ئیستاش توانای ئەوەی نییە ئازادی بە دەست بینیتەوەو کۆتو زنجیرەکان لە خۆی دامالی و بەرووی دەسەلاتە ستەمگەراکاندا راپەری. کەواتە گرفتی هەنووکەیی رۆشنبیری لە دنیای هاوچەرخی عەرەبیدا چییە؟

– گرفتی هەنووکەیی بریتییە لە گۆڕینی ستراکتوری دەسەڵات، من وایدەبینم ئەمە گرفتی یەکەمە نەك ئازادی وکارەکانی عەقڵ. ئازادی وعەقڵ پێویستیان بە ناوەندێك هەیە، ئەگەر ئەو ناوەندە سازنەدری مومکین نییە لەناو ئەو کێشە گەورەیە دەربچین، سازاندن و رەخساندنی ئەو ناوەندەش تەنها لە میانی دەسەڵاتیکی نەرم و لەمیانی ئەو دەزگا و دامەزراوانە ئەنجام دەدری کە دەرفەتیك بۆ ئازادی وعەقڵ برەخسینن تا کاری خۆیان بکەن، لەبەر ئەوەی وایدەبینم گرفتی راستەخۆ لە سروشتی دەسەڵاتدایە، دەسەڵاتە عەرەبییەکانی ئەمرۆش تەنانەت ئەگەر بەهێزی ئاتاج بتوانن لە دامەزراندنی بەرهەمهینان وبنیاتنانی کارگە و کۆمپانیاشدا سەرکەوتوو بن، بەڵام ئەو دەسەڵاتانە، لە پیکهاتە زانراوەکەیاندا، ناتوانن تەنگژەکان جیبهیلن.

* هەموو دەستکەوتیکی کەلەکەکراو تیك دەدەن وپەرەسەندنەکەی ئیفلیج دەکەن.

– بەلی تیکی دەدەن ودەیکەن بە شوینی بەرتیل و بەرژەوەندیی تایبەتی.

* بەڵام ئاخر گرفت وکیشەی گۆران هەر دەمینی. کی ئەو بارودۆخە دەگۆریت؟ لە سەردەمیکی زوودا دەمانووت چینی کریکار خاوەنی پرۆژەی گۆرانە، بەڵام ئاکامەکان بە پیچەوانەی ئەو بۆچوونە بوون و ئەو تیۆرییەش فەشەلی هینا.

– ئیستا چینی کریکار هەلگری پرۆژەی فەساد و جیگیری و چەقبەستووییە.

* هەروەها دەمارگیریش. ئیستا جەماوەر بووە بە میگەل ودەبینین ئەهلی ئەشکەوت لە فەندەمینتالیستەکان ریبەرایەتی دەکەن، ئەمە وەك لە جەزائیر ومیسر و ئەفغانستاندا دەیبینین، هەروەك پیشتریش لە لوبنان رووی دا(1).

– بگرە بووە بە هاوپەیمانی رژیم و پاشکۆی دەسەلات.

* وەك بلیی ئیستا کۆمەلگەی عەرەبی بووە بە فەزایەکی تەماوی. ئەمرۆ کەسی نییە پرۆژەیەکی کۆمەلایەتیی بۆ گۆرانکاری هەلگرتبێ، تەنها بیرمەندە عەقلانی و رۆشنگەرەکان و پیشکەوتنخوازەکان هەلگری ئەو بیرو باوەرانەن، کەچی هیزە

کۆمەڵایەتی وبزووتنەوە سیاسیەکانی کۆمەلگای عەرەبی وەك بلیی بوونیان نەبی و خەریکە لە نیو بچن.

– بە داخەوە، راستە، ئەمرۆکە پرۆژەکان بۆ گۆرانکاری نین بەلکو بۆ پشتگرتن و چەسپاندنی دەسەڵاتن.

* ئەو پرۆژە نویکارییانەی بورژوازیی تەقلیدی و دەستەبژیرە رۆشنگەرەکان ریبەرییان دەکرد، فەشەلیان هینا، لەگەلیدا پرۆژەکانی پەرەپیدانیش فەشەلیان هینا تەنانەت ئەوانەیشی کە نوخبە سەربازییەکان ریبەرییان دەکرد، چەپیش نەیتوانی هیچ یەکی لە بەرنامەکانی خۆی جیبەجی بکات. ئایا پیویستیمان بە (عەسای مووسا) یەکی نوی هەیە؟ باوەرم وایە ئەو شۆرشە پیشەسازییەی ئەمرۆ لە جیهاندا هەیە وا لەدنیای بی بزاوتی عەربی دەکا بە ناچاریو بە زۆر بچیتە ناو کەشوهەوای زانستەوە، یانیش بۆ یەکجاری لە میژوو بیتە دەری وبگۆری وببیَ بە کەلەکەیەکی بەشەری بەبی چالاکی وبەبی ئامادەبونیکی ئاکتیڤ لەم ناوچەیەدا بژین.

– کاتی بیر لەو توانا گەورەیەی عەرەب دەکەمەوە، بەتایبەتی کە ئەم ولاّتانە بە ناو هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەفەریقیادا دەکشین و کەلەپوور ومیژوویەکی دیرینیان هەیە، کاتی گشت ئەم شتانە لەگەڵ بارودۆخی ئیستاماندا بەراورد دەکەم کە هیچ ئامادەبوونیکی خولقینەرانەمان، وەك دامەزراو و وەك میللەت، نییە، جگە لە هەندی کەسی درەوشاوە، بە راستی ناتوانم لەو شتانە تیبگەم کە روودەدەن تەنها ئەگەر لەو گریمانەیەوە قسە بکەم کە دەلی ئیمە میللەتیکین لە نیو دەچین، سۆمەرییەکان لە نیو چوون، فیرعەونەکان لە نیو چوون، گریکەکان لە نیو چوون، شارستانیەتەکان لە نیو دەچن ومیللەتانیش هەروەها لە نیو دەچن، ئیمەش لە قۆناغی لە نیو چووندایین، من بە هیچ جۆری لەم بارودۆخەی ئیستامان تیناگەم تەنها لەو سەمتەدا نەبی کە خەریکە لە نیو دەچین. لە نیو چوونی ئیمە، بیگومان، لە نیو چوونیکی مرۆیی

نییە، مرۆڤ دەمینی و زاوزی دەکا وزیاد دەبی، بەلکو لە نیو چوونی ئیمە لە نیو چوونی ئەو بەهاو بینین وتیگەیشتنانەن کە ئاراستەکانی ئیمە دیاری دەکەن و تا ئەمرۆش لەسەری دەژین.

* وەك چۆن لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا تۆپەکانی ناپلیۆن پۆناپارت عەرەبیان لە خەوی قووڵ راپەراند، لەو دەچی ئەمرۆ پیویستیمان بە کۆمەلی تۆپی نوی هەبی تا لەو خەوە قورسە بە ئاگامان بینی کە زۆر دریژەی کیشا.

- هەر دەبی بنچینەکانی جیگیری وبی بزاوتیی ئەمرۆ، بلەقینرین، دەبی ئەو نەریت وترادیسیۆنانە بلەرزینرین کە بوونەتە ریگر و بەربەستی گەورە، دەبی گەشتی دەرچوون لەم بارودۆخە بچەسپینین.

* ئەمرۆ ژمارەیەك لە بیریاران کیشەیەك دەورووژینن، ناوەرۆکی کیشەکە بریتییە لەوەی کە رۆلی رۆشنبیر لەم جیهانەدا خەریکە دەبیتە رۆلیکی بیهیز و نائەکتیڤ، بگرە رۆشنبیر لە زۆر حالەتدا بووەتە بەرگریکاری بەها کۆنەکان. ئایا رۆشنبیر مردووە یان تەنها رۆلی رۆشنبیر پاشەکشەی کردووە؟

- ئیمە لە بارەی کۆمەلگەی عەرەبی قسە دەکەین. باوەرم وایە رۆشنبیر لە هەموو میژووی ئیمەدا هیچ رۆلیکی راستەخۆی لە پەرەپیدانی بونیادی کۆمەلگەدا نەبووە. دەشی رۆلیکی تەعلیمییانەی هەبوو بی. رۆشنبیر فیکرەکان دەگوازیتەوە بی ئەوەی کاریکی لە بونیادنانی کۆمەلگە و لە گۆرینی تیروانینی ئەو هەژموونە هەبی کە کۆمەلگەی داگیر کردووە. فیکر لە کۆمەلگەی عەرەبیدا هەمیشە فیکریکی وەزیفی بووە، فیکریك نەبووە بگەری یان شتیك بخاتە سەر مەعریفە، هەرگیز دانی بە رۆشنبیری عەربیدا نەناوە تەنها بە سیفەتی فەرمانبەریك دانی پیداناوە، لەبەر ئەوە فیکری عەرەبی فیکریکی وەزیفی بووە نەك فیکریك بە قوولی باوەری بەوە هەبی کە لیرەدا حەقیقەتیك هەیە، گەرانیش لە پیناوی گەیشتن بە حقیقەت گەرانیکی

هاوبەشە لە نیوان کۆی رووناکبیران، حەقیقـەتیش لـە پشـتمانەوە نییـە بـەلکو لـە پیشمانەوەیە. رۆشنبیری عەرەب لـە کۆمەلگەیـەکدا ژیـاوە ئـەو کۆمەلگەیـە بـە توندی باوەری بەوە هەبووە کە حەقیقەت لە پشتمانەویە وئیمە دەبی شیی بکەینەوە وراڤەی بکەین پاشان تەبشیری پیبکەین، سا ئەگەر ئەو رژیمە، بۆ نموونـە، لـە دیـدی ئیمـەوە نزیـك بـوو، ئـەوا تــەمجیدی دەکــەین، ئەگــەر دووریــش بــوو، هــەجووی دەکــەین. رۆشـنبیریی ئیمـە گـۆراوەو بـووە بـە رۆشـنبیریی سـتایش و داشـۆرین وتەبشـیرو راڤەکردنی شتە هەنووکەیی ومەوجودەکان. لەبەر ئەوە باوەرم وایـە رۆشـنبیر، بـە سیفەتی رۆشنبیریکی سەربەخۆ، رۆلیکی نییە. رۆشنبیر ئەوکاتە رۆلی دەبی کە وەك ئەندامیك دانی پیدابنری لەگەران بە دوای راستی ولەگەران بە دوای نادیار وپالنانی کۆمەلگە بەرەو ئەو روانینـە. لیرەوە پیچەوانـەی هـەموو ئـەو کەسانەم کە بە شـوین رۆلـی رۆشـنبیردا دەگـەرین. دەبـی یەکـەمجار کـار بـۆ ئـەوە بکـەین دان بـە رۆشـنبیردا بـنری، دەبـی رۆشـنبیر شـوینیکی هـەبی تـا رۆلیشـی هـەبی، مادامـەکی شـوینی نییـە کەواتە رۆلیشی نییە. کاتی دەزگاکانی ئاسایش داوایان لە سەرۆك دیگۆل کرد جان پـۆل سـارتەر زینـدانـی بکـات بـە هـۆی ئـەو رۆلـە گـەورەیـەی لـە شـۆرشـی قوتابیـان لـە ئایـاری سـالی 1968 دا هـەیبوو، دیگـۆل پـاش بیرکردنـەوە وتـی:( دەتانــەوی ڤـۆلتـیر زینـدانـی بکـەم؟ کـی دەتوانـی ڤـۆلتـیر زینـدانـی بکـات؟ ) هـەرکاتیکیش لـە لای ئیمـە عەقلیـەتیکی لـەو جـۆرە سـەری هـەلدا کـە وەك دیگـۆل تەماشـای رۆشـنبیری عـەرەب بکات، ئەوسا دەتوانین بلیین رووناکبیری عەرەب رۆلی هەیە[(2)].

* بە جۆری وەسفی سارتەر کراوە کە دوا فەیلەسووف ئەم چەرخەیە. لیرەدا گـەلی نـاوی دیکـە هـەن، لـە سـەردەمی سـارتەر یـان لـە پـاش ئـەویش، هـەولیان دا شـوینو پایەی فەلسەفە بگەریننـەوە، بـەلام ئـەوەندەیان پـی نـەچوو کـەنارگیر بـوون، وەك ئـەو فەیلەسووفە نوییانەی کە ئامادەبوونیان لە چوار سالٚ زیاتری نەخایاند وپاشـان بـزر

بوون. ئەمرۆش خەریکە چەند ناویکی وەك فرانسیس فۆكۆیاما وساموێل هنتنگتۆن و نوام چۆمسکی وبەر لەوانیش لوی ئالتۆسیر وکلۆد لیڤی شتراوس و رۆلان بارت(3) و گەلیکی تر دەبن بەیادوەرییەکی نزیکی میژووی فیکرەکان، وەك بلیی فەلسەفە وهزرە گەورەکان شوینی خۆیان بۆ زانستی پراکتیکی چۆل کردبی.

**ئاخۆ ئەم چەرخە چەرخی لەناو بردنی فیکرەکانە؟**

– پرسیاریکی زۆر گرنگە. ئەگەر مەبەست لە فیکرەکان ئەو فیکرانەیە کە لەسەر فەلسەفەی یۆنانی بنیات نراون، ئەوا لەو باوەرەدام ئەم چەرخە چەرخی لەناوبردنی ئەو فیکرانە نییە بەلکو چەرخی کۆتایی ئەو فیکرانەیە. بەم مانایە (هایدگەر)[4] فەیلەسووفی راستەقینەی سەدەی بیستەمە کە زەمینەی بۆ کۆتایی گشت ئەو فیکرانە خۆشکرد، هەروەها زەمینەی بۆ کۆتایی فەلسەفەی یۆنانی وسەرەتای فیکریکی نوی خۆشکرد کە لەسەر تەکنۆلۆژیا رادەوەستی نەك لەسەر تیرامانی وجود وگرفتەکانی بوون ورۆیشتن بەرەو خوا ومرۆڤ وپاشان سەیرکردنی ئەوەی سینتەری جیهان لە کویدایە. هایدگەر بوو ئیشی لەسەر هەلوەشاندنەوەی فیکری یۆنانی کرد وپاشان سەرلەنوی بە جۆریکی تر خویندیەوە، بەلام سارتەر تەنها یەکی بوو لە قوتابییەکانی هایدگەر، بەلام سارتەر بەمانایەك لە ماناکان دوا فەیلەسووفی راستەقینەی دنیای هاوچەرخە، ئەوانەی لە دوای سارتەریشەوە هاتن هەر تەنها راڤەکاری بابەتی ئۆریجینالی بوون یاخود بەدوا داچوونیان لە بارەیەوە هەبوو. لەگەل سارتەردا فەلسەفەی یۆنانی کۆتایی پیهات، دەشی سارتەر سەرەتای کۆتایی هینانی ئەو فەلسەفەیە وسەرەتای دەستپیکردنی فیکری تەکنۆلۆژی بی. لەبەر ئەوە ئەمرۆ فەلسەفە، بە مانای وردی وشەکە، تەواو بوو، فەلسەفە بەمانا کلاسیکییەی تەواو بوو، هەروەك شیعری ستوونیش کۆتای پیهات بەلام شیعر کۆتایی نەهاتووە، فەلسەفە کۆتایی پیهات بەلام فەلسەفەکاری کۆتایی نەهاتووە، بیگومان فەلسەفەی

دیکە سەرهەلدەدا بەڵام بە تیروانینی جیاوازو لەسەر بنچینەی جیاواز، کەچی فۆکۆیاما وهنتنگتۆن وکەسانی دیکەی وەك ئەوان، باوەرم وایە ئەمانە بە هیچ جۆری روناکبیر وبیریاری گەورە نین، عەرەب زیاد لە شایستەی خۆیان بایەخی پیداون، فۆکۆیاما وهنتنگتۆن دوو روناکبیری ئاساییںو راوبۆچوونی سیاسییانەیان هەیە، واتە ئەوەی ئاراستەیان دەکا سیاسەتە نەك فیکر، من خۆم گرنگی بە فۆکۆیاما و هنتنگتۆن نادەم، نوام چۆمسکی لەو دووکەسە گرنگترە.

* لە رابردوودا تیۆری کۆپەر نیکۆس(5)و دۆزینەوکانی گالیلۆ(6)، پایەی کلیسەیان جیلەق کردو بەشیکی زۆری دەسەڵات وئامادەبوونی کلیسەیان لیسەندنەوە. ئیستاش شۆرشی زانیارییەکان وفۆتۆکۆپیی زیندەگی وچوونە نیو فەزا، بەشیکی زۆری بیرباوەرە کۆنەکانی مایە پووچ کردۆتەوە. ئاخۆ کاریگەریی ئەم دەستکەوتە زانستییە گەورە وسەرسورهینەرانە بەسەر ئایین و کۆمەلگە وفیکر وژیان پیکرا، چۆن دەبی؟

– ئەوەی کاریگەر دەبی تەنها شتی زیندووە. شتی بیگیان ومردوو کاریگەر نابی. من لەوە دەترسم کۆمەلگەی عەرەبی، بەتایبەتی لە رووە ئاینییەکەیەوە، لە ناو مردووان دابنری، پتر لەوەش، دەترسم هیشتا ئەو کارتیکردنانە نەگەیشتبنە ئیمە. ئەمە وەڵامیکی قورس ودلرەقانەیە، بەڵام من ئەم شتە دەبینم. وا هەستدەکەم (عەقڵ) ی عەرەبی – ئیسلامی عەقلیکی شیوە جیگیر و بەبەردبوو بی کە بەهیچ شتی کاریگەر نابی، عەقلیکی مردوو ئاسا.

* بەڵام بەداخەوە تا ئەمرۆش مردووان لە پشتی گۆرەکانیانەوە حوکمی ئیمە دەکەن، ئەمرۆ مۆمیاکان حوکمی ئیمە دەکەن.

– ئەمە ریك هۆیەکە لە هۆیەکانی مەرگی کۆمەلگە، مردووان زیندووان دەمرینن مادامەکی تەحەکوم بە چارەنووسیان دەکەن.

* سـەرمایەداری، ســەرباری ئەکتیڤـە ئابوورییەکـەی، لەگـەل خۆیـدا رەھـەندیکی شارسـتانی ونـرخ ونۆرمیکـی نویـی هــەلگرت، مــژدەی خۆشــگوزەرانی وئــازادیو یەکسانیی راگەیاند، ئەگەر چی بەشیکی زۆری ئەو بەلینانە جیبەجی نەکران کە چی ئەمرۆ جیهانگیری لە زمان وگوتاریدا رەھەندی شارستانیی تیادا لاوازەو وەك بلیـی لەسەرمایەداری درندەتر بی. ئایا دەتوانی خالی هاوبەش وخالی جیاوازی نیـوان سەردەمی یەکەمی سـەرمایەداری وجیـهانگیریی ئـەمرۆ، لـە دەرکەوتەیـەکی نویـدا، دیاری بکەیت؟

– لـە مەسـەلەی سـەرمایەداریدا پسـپۆر نیـم، لەبـەر ئـەوە خـۆم لـە بـەراورد کـردن دەپاریزم، پیم وایە جیهانگیری زۆر جیاوازە لە سەرمایەداری، من بەلای ئەوەدا دەچم جیهانگیری بە چەشنیکی روون وشەفاف داگیرکەر بچوینم، بە چەشنیکی ئاوریشـمی کە جیاوازە لە سەرمایەداریی تـەقلیدی. جیهانگیری مەسەلەیەکە ناتوانی خۆتـی لی لابدەیت، جیهانگیری مەسەلەیەکی یونیڤیرسالی و گەردوونییە، دەکرا بەشیوەیەك لە شیوەکان دژایەتی سەرمایەداری بکری، بەلام هەرگیز و هیچ کەسـی نـاتوانی لـە دژی جیهانگیری بووەستی، ئیمە پیمان خوشبی یـان نـا راکیشـراوینەتە نـاوی، گرنگـترین شـت لـە کۆمەلگـەی عـەرەبیدا ئەوەیـە کـە پیشـوەخت بـە عەولەمـەکراوە، نـەوت بـە عەولەمــەکراوە، ئابووریــەکی پابــەندی نــەوت بـــە عەولەمـــەکراوە، راگــەیاندن بــە عەولەمەکراوە، بەلام هـەندی شـتی بنچینـەیی کـە دەشـی پشـتی پـی ببەسـتری لـە پیناوی پاراستنی شوناس یان لە پیناوی قوولکردنەوەو دەولەمەندکردنی شوناس، دەبینـین رژیمـەکان ژیـر پیـی دەخـەن و لـەناوی دەبـەن. سـەیرە لـەم چەرخـەدا تـا ئیستاش وتاریکی سادە کە راوبۆچوونیکی سادەی لەخۆگرتبی، رژیـم دەترسـینی، تەنها وتـاریك رژیمیك دەترسـینی. مـن نـازانم چـۆن دەشـی بـە کۆمەلگەیـەکی لـەم چەشنەو لەم بارودۆخەدا بەرەنگاری و بەربەرەکانی جیهانگیری بکری، ئەمە مەحالە.

* لەم دەرکەوتەیە ولەم دەرپەرینە خیرایەی کە سەرانسەری دنیای گرتۆتەوە، ئیمە شوینیکمان نییە.

– تەنیا ئەگەر موعجیزەیەك رووبداو هەموو شتی بگۆری، دەنا ئیمە بەبی ئیرادە و هەلبژاردەی خۆمان بەرەو چارەنووس راگویزراوین. لە ئایندەشدا ئەو ولاتانەی مل نادەنە یاساکانی جیهانگیری ئەوا لە بازاردا رەتدەکرینەوە، واتە لە جیهان رەتدەکرینەوە.

* لە ولاتە عەرەبییەکانی ئیمەدا کەسانی وا هەن بانگەشەی لیدان و رووبەرووبوونەی جیهانگیری دەکەن کە گوایە لە دژی هیرشی رۆشنبیری وەستاون، ئەوانە لە راستیدا لە ئاستی فیکری و زانستی وزانیارییەکانی سەردەمدا دواکەوتووترین تویژی کۆمەلن(7). لە زیندەوەرزانیدا جۆرە زیندەوەریك هەیە ئەگەر دووچاری هەرەشەیەکی دەرەکی ببی ئەوا قەوقەعەیەك لە دەوری خۆی دروست دەکا تا خۆی پی بپاریزی و داکۆکی لە خۆی بکات، ئەمە لە لای ئیمە روودەدا وئیمە لەو حەشەرەیە دەچین، ئیمە لەم دەستکەوتە زانستییە گەورە ونوییەدا و لەم چەرخە نوییەی ئمرۆدا تا ئیستاش قەوقەعە بە دەوری خۆمان دروست دەکەین.

– ئەمرۆ هیچ پەردەیەك نییە بتوانی شتەکان بشاریتەوە، ئەمەیان مەحالە، تەنانەت ئاینیش ناتوانی ببی بەو پەردەیە، جیهانگیری لەم چەرخەدا نابووتیی دەستکەوتی سیاسی وکولتووری وئابووریی عەرەبی ئاشکرا دەکا، ئەم نابووتییەش بە پلەی یەکەم دەگەریتەوە بۆ نابووتی رژیمەکان، لەبەر ئەوە دەبنیین رۆشنبیرانی ئەو رژیمانە لە ترسی جیهانگیری دەگرین کە گوایە لەترسی شوناس دەگرین. پرسیاری راستەقینە ئەمەیە: ئەو رۆشنبیرانە ورژیمەکانیان چییان بۆ دەولەمەندکردنی ئەو شوناسە کردووە؟ ئەوەتانی ئەوانە بۆ دوورخستنەوەی پرسیاریکی لەوجۆرە، هیرش دەبەنە سەر جیهانگیری.

مومكین نییه جیهانگیری بتوانی مەعەری وئیبن عەرەبی وئیبن سینا وفارابیو ئیبن خەلدوون وموتەنەبی بشاریتەوه، جیهانگیری شتی خولقاوو جیاواز ناشاریتەوه، جیهانگیری ئەو كەسانه لە نیو دەبا كە ئامادەبوونیكی گەورەو خولقینەریان نییه.

خراپترین وەسفیك بۆ عەولەمە ئەو وەسفەیه كە گوایە ناویكی نوی یان شیوەیەكی نویی داگیركەری كۆنەو وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا یەكەمین جولینەریتی، جیهانگیری دیاردەیەكە بە چەك وتوندوتیژی تەعمیم ناكری، جیهانگیری چەكی دیكەی هەیە: چەكی بەرهەم هینان. جا بۆ ئەوەی هەموو گەردوون راپیچ بكاتە ناو جەنگەوه، گەردوون دەكا بە بازار. لیرەوه جیهانگیری شیوەیەكه نابەزینری وشتیكیش نییه بتوانی پیشی بگری، هەروەكو مەسەلەیەكی لۆكالی نییه بەلكو یونیڤیرسالییه.

جیهانگیری داهینان رەتناكاتەوه بەلكو رۆشنبیریی ئەو كەسانه رەتدەكاتەوه كه رۆشنبیریی خۆیان رەتدەكەنەوه، مەبەستم ئەو كەسانەیه كە لە وتاری رۆژنامەیەك دەترسن ورۆژنامەكه قەدەغه دەكەن، هەروەها ئەو كەسانەی تا ئیستاش كتیب بە دوژمنی یەكەم دادەنین و قەدەغەی دەكەن. ئەمرۆ زمانی عەرەبی فەزایەكە پرە لە زیندان، زیندانەكانیش پرن لە كتیب وفیكر وهیواو خەونەكان، بە مسۆگەری عەولەمە ئەو فەزایە نوقم دەكا هەروەكو چۆن تۆفان هەمووشتی نوقم دەكا، بەلام عەولەمە ناتوانی موتەنەبی وئیبن سینا بكوژی، عەولەمە كەسی دەكوژی داهینانو شوناسی نەبی، عەولەمە رۆشنبیریی رژیمە عەرەبییەكان دەكوژی، بۆیە ئەوانەی لە عەولەمە دەترسن دەبی یەكەمجار لە رۆشنبیریی رژیمەكانی خۆیان بترسن، لە سیاسەتی رۆشنبیری و لەتاكانەیی كویرانەی ئایدیۆلۆژیاكان بترسن، لە ون بوونی دیموكراسییەت وپلورالیزم بترسن. لیرەدا ئەو كارانەی عەرەب لە ناوەوە دەیكا

پارسەنگی ئەو کارانەیە کە عەولەمە لە دەرەوە دەیکا بۆ ئەوەی دنیای عەرەبی لە هەر داهینانیکی رۆشنبیری دابمالی ودنیای عەرەبی بکا بە کۆمەلی دەسەلات ورژیمو بیکات بە مەوقعیکی جوگرافی.

بە راستی کارەساتیکی گەورەیە کە عەرەب سەرباری ئەوەی میژوویەکی دوورو دریژ وشارستانیەتیکی دیرینیان هەیە، کە چی لە جەنگی عەولەمەدا رۆلی پاشکۆیان هەبی. من باوەرم وایە کە ئیمە بە پیی واقیعی خۆمان جگە لە بازاریك شتیکی تر نیین. جا لەبەر ئەوەی عەرەب کە لە دەروازەکانی هەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەفەریقیادا بلاًبوونەتەوە، تەنها بازاریکن وهیچی تر، ئەوا عەولەمە دەیانکات بە مەوقعیکی جوگرافی.



# بەشی نۆیەم:

# ڕۆشنگەریو عەلمانییەت

# ئایینو سەلەفییەت

*** عەلمانیەتو دیموکراسیەت دوو کلیلی سیحری نین، ئەگەر ئەمانە کۆمەڵێ عەقلی گەورەو**

# مۆرالیکی گەورەو پرۆسیسی گەورەیان لەپشت نەبێ، ئەوا تەنها دەبن بە دوو بیژەو هیچی تر

# * بەخۆرئاواییکردن و هیرشی رۆشنبیری دوو دەستەواژەن هیچ پەیوەندییەکیان بەرۆشنبیرییەوە نییە، ئەمانە دوو دەستەواژەی سیاسیی ئایدیۆلۆژین

ئةدؤنيس ثيي واية ذمارةيك لـةو زاراوانـةي لـة طوتـاري عـةرةبيدا رةواجيـان هةية، بؤ نموونـة (خؤرئاوايي كردن) و(هيرشي رؤشنبيري)، ثاسـاويكن دةسـةلآت بؤ سةركوتكردني هاوولآتيان بة كاري دةهيني تا لة بيركردنةوة لـة ضارةنووسـي خؤيان دووريان بخاتةوة، ئةدؤنيس دةلَـي ئـةم زاراوانـة هيض ثةيوةندييـةكيان بـة فيكرةوة نيية وثتر طوزارشت لـة مؤركيكـي ئـايديؤلؤذيي سياسـي دةكـةن. لـيرةوة ئةدؤنيس وايدةبيني فيكري عةرةبي وئيسلامي ئـةمرؤ فيكريكـي داخـراوةو توانـاي كرانةوةي بةرامبةر بة ئةويدي نيية وناتواني مامةلَةي لةطةلَدا بكات، ئةمة فيكريكي دووثات كراوة ورةسةنايةتي تيا نيية. ئةدؤنيس طرفتة هةنووكةييـةكاني نةتـةوةي عةرةبي دةطةرينيتةوة بـؤ داخسـتني دةرطاكـان بـة رووي عـةقلدا، عـةقليك ثـةكي كـةوتووةء بووةتـة هـؤي ثتـةوكردني بيركردنـــةوةي ســةلةفيانة، ئـــةم بارودؤخـــة ئاسؤكاني ئايندةي لة بةردةم عةرةبدا داخسـتووة. ديسـان ئـةدؤنيس بةرثرسياريي رووداوةكان دةخاتة ئةستؤي دةسةلآتي عةرةبي وبونيادةكاني ئةو دةسةلآتة، ليرةوة شيكردنةوةيةكي ميتا فيزيكيانةي فيكري ئاتةئيزمى نـاو ئيسـلام دةكـات، تـيروانينى خؤى لـةبارةى بيركردنـةوةى فةندةمينتاليسـتانةي دنيـاي ئيسـلامي دةردةبـري بـةو ثييةي فيكري فةندةمينتاليزم فيكريكي ئةفسانةيي بةشةرعكراوة، هةر لةم رةوتةشدا ئاماذة بؤ سروشتى فيكري كؤنى ئةفسانةيي دةكـا لـة ناوضـةي رافيدةيـن وهيلالـي خصيب بة شيوةيةكي طشتي وثةيوةندي ئةم فيكرة بةسي ئايينة يةكتاييةكان كة بةثيي

ئـةدؤنيس ئـةم سـي ئايينـة فيكـري ئةفسـانةييان بـة ياسـا كـردووة وئةفسـانةيان لــة سيبةرةكاني شاعيريةت وسيبةرة فيكريية جوانةكان داماليوة.
ديسان ئةدؤنيس ثرسيار لةو هؤية دةكات كة بؤضي رؤلــي عـةقلاً لـة ئيسـلامدا رةتكرايةوة لة كاتيكدا عةقلاً لة سةردةمي (مةئمون) دا ريبةري ثيشكةوتن بوو، وا ديارة ئةدؤنيس لـيرةدافيكرى موعتةزيلـة دةخاتـةروو لـة ثـةيوةنديدا بـة سـرووش ودنياي غةيبانييةت.

## **رۆشنگەری و عەلمانییەت**

## **ئایین و سەلەفییەت**

*** نزیکـەی چارەکـە سـەدەیەکە کۆمـەڵی فیکـری وەك: رزگـاریخوازی وپیشـکەوتن و سـەربەخۆیی وعەدالــەتی کۆمەڵایــەتی، وردە وردە پاشەکشــە دەکــەن لــە کــاتیکدا ئایدیۆلۆژیاکـانی شـوناس بـە هـیزیکی گـەورەوە دەردەکـەون. ئایـا ئـەم دیاردەیـە نابووتی وپارچە پارچەیی کۆمەڵگەی عەرەبی پیچەوانە دەکاتەوە؟**

**– ئـەو شتـەی هـەندی کـەس بـە بـەرەو هەلکشـانی ناودەبـەن، ئـەوەی کـە لـە هـەندی گرایشـی ناسیونالیسـتی وهـەندی مــەیلی ئـایینـدا دەردەکــەوی، مـن بـە دابـەزین ونزمبوونی دادەنیم، بەلکو ئەمە شیوەیەکە لە شیوەکانی لیژبوونـەوە، ئەمـە جۆریکە لە گەرانەوە بۆ خود، نەك بۆ ئەوەی تیگەیشتنیکی زیاترمان هەبی بۆ خـود بـەلکو بـۆ ئەوەی بەردەوام بیجوینەوە، ئـەم جـۆرە گەرانەوەیـە جۆریکـە لـە دابـران لـە جیـهان لـە کـاتیکدا ئیمـە پیویستیمان بە جۆریك لـە پـەیوەندیکردن بە جیهانـەوە هەیـە تـا لیـی تیبگەین و لە میانی ئەم پەیوەندییە دیالیکتیکییەوە لە خۆشمان تیبگەین. بیگومان بیرۆکەی پیشکەوتن ورزگاری هەرەسی هینا، هەندی لە بیرمەندان ئەو گەرانەویە بـەم فەشەلە راڤە دەکەن، من باوەرم وانییە ئەم فەشەلە پاساو بی بۆ ئەو گەرانەوەیە، بەلام وەك دەبینـین جـەنگی عـەرەبی ـ عەرەبییـەکان وجـەنگی ئیسـلامی ـ ئیسـلامییەکان**

بەردەوامن، ئەمانە جەنگیکن لەسەر کلۆربوونی ناوەکی وەستاون، ئەمانە جەنگیك نین لە پیناوی چاکسازی وکرانەوە وپیشکەوتن بەلکو لە پیناوی ئەوەیە دەسەڵاتیك شوینی دەسەڵاتیکی تر بگریتەوە، ئەمەش بەلگەیە بۆ دارمانی دنیای ئیسلامی و عەرەبی بە جۆری لە سەرانسەری میژوودا وینەی نەبووە. ئەمرۆ دنیای عەرەبی کیلگەیەکە دەیان دیاردەی شکست ودارمان وتیکشکان وداخورانی ناوەکی و دواکەوتوویی تیادا بلاو دەبیتەوە. بە راستی ئەمە کارەسات و ویرانییە.

* ئەمرۆکە هیرش وپەلاماریکی فراوان وبەربلاو هەیە بۆ سەر فیکری رۆشنگەری و رووناکبیرە رۆشنگەرەکان. بە بۆچوونی تۆ ئەم هیرشە تواناو جەسارەتی خۆی لە کویوە دەهینی؟

– ئەمە لە راستیدا هیزی خۆی لە رۆشنبیریی باو ولە رۆشنبیریی میراتگەرا وەردەگری. لە رووی زانستییەوە ناکری فیکریك بە دواکەوتوو تاوانبار بکری، کەسانی هەن ئیسلام بەوە تاوانبار دەکەن کە بنچینەی دواکەوتوویییە، باشە، هەر ئەم ئیسلامە لە سەردەمی مەئموونندا ریگەی پیشکەوتن بوو، کەواتە من پتر مەیلی ئەوەم هەیە بلیم تەئویلکردنی دەق کلیلی تیگەیشتنە. من ئایینخواز وباوەردار نیم، عەقڵ لە لای من ـ وەك ئاتەئیستە کۆنەکان دەلین ـ پیش ئایین دەکەوی. دەبی ئایین پاشکۆی عەقڵ بی نەك بە پیچەوانەوە.

* ئەمە هەلویستی (ئەبو عەلای مەعەری) یە کە جەسارەتی ئەوەی کردووە بلیت ئیمامیك نییە جگە لە عەقڵ.

– دروست وایە، جگە لە عەقڵ ئیمامیك نییە. ئەگەر تەئویلی باوی ئیستا لە ئاییندا سەرچاوەی ئەو جورئەتە بی کەسەری دەرهیناوە ئەوا ئەو تەئویلە نەزۆك ونەخۆشە هانی جەسارەت وبویرییەکی زیاتری داوە. هەرەس و رووخانی هەموو شتیکیش لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا رووی داوە (داروخانی خیزان و داروخانی

قوتابخانه وزانکۆ وئەو دامەزراوانەی له سەردەمی سەربەخۆییەوه تا ئیستا بنیات نراون). تا هانی پشتگیریی بیرکردنەوەی سەلەفییانه بدات، ئەم جۆره فیکره وئەم جۆره بیرکردنەوەیه به هاوکاریکردنی لەگەڵ دەسەڵاتدا، لەرووی بابەتییەوە، ئاسۆکانی ئایندەی له بەرامبەر عەرەبدا داخستووه یان خەریکه دایدەخات. دوو پاتی دەکەمەوە: گرفتەکه له بونیادی دەسەڵاتدایه، به راستی ئەمه شتیکی سامناکه له کۆتایی سەدەی بیستەمدا تەنها تویژیك که ئازادیی تەواوی رادەربرین‌و قسەکردنی هەبی، تویژه تاریکەکان بن، ئەم تویژه تاریکخوازانه به ئازادییەکی تەواوەوه تەعبیر له فیکرەکانی خۆیان دەکەن و هەر تەنها ئەوان مافی قسەکردنیان هەیه.

*مینبەرەکانی ئەو تویژه تاریکه له مزگەوتەکاندا هەن وجەماوەریش بۆ ئەوان ساز وئامادەیه وئایدیۆلۆژیاش حازره، له راستیدا ئەم تویژانه هەموو بنەماکانی حزبیان تیدایه.

– نەك تەنها مینبەرەکانی رۆژانی هەینی، بەلکو گۆڤار ورۆژنامه وپارەیەکی زۆرو هۆیەکانی گەیاندن وئازادیی کۆبوونەوه وبانگەشەکردن و.. هتد.

* ئایا پیت وایه عەلمانییەت‌و دیموکراسییەت دەروازەیەك بن بۆ چارەسەری مومکینی هەندی کیشەی دنیای عەرەبی پاش ئەوەی شۆرشی کۆمەڵایەتی پاشەکشەی کردووه؟

– باوەرم وایه عەلمانییەت‌و دیموکراسییەت دوو هەنگاون‌و هەر دەبی هەبن، بەڵام عەلمانییەت‌و دیموکراسییەت دوو کلیلی سیحری نین، دیموکراسییەت وهەروەها عەلمانییەتیش پەروەردەو رۆشنبیریه. خۆ ئەگەر عەلمانییەت‌و دیموکراسییەت کۆمەلی عەقلی گەورەو مۆرالیکی گەوره و کۆمەلی پرۆسیسەی گەورەو پەروەرده کردنیکی بەرزیان بۆ نەرەخسی، ئەوا تەنها دەبن به دوو بیژه وهیچی تر. بەڵام

هەرگیز ناتوانیت دەسبەرداری دیموکراسیەت وعەلمانییەت بی و ئەمانە بەزەروورەت بونیان دەبی وبوونیان هەیە.

* شەپۆلە هاوچەرخەکانی فەندەمینتالیزم پییان وایە عەلمانییەت ناحەز ونەیاریکی راستەقینەیە. ئایا تۆ لە فەندەمینتالیزمی هەلکشاودا ناحەزیکی راستەقینە دەبینی؟

- با مانای فەندەمینتالیزم دیاری بکەین، هەندی لە تویژەران ئەمە ناو دەنین (ئەسلانییەت)، لەوانەیە ئەم گوزارشە باش بیت. هەیە بایەخ بە ئەسلەکان دەدات، من لەو کەسانەم بایەخ بە بەشی لە ئەسلەکان دەدەم، بەلام ئەگەر فەندەمینتالیزم بە مانا ئاینییەکەی یان بە مانا باوەکەی ئەمرۆ وەربگرین، پیم وایە ئەمە هەر تەنها نەیاریکی فیکری نییە بەلکو نەیاریکی بەشەری‌و مرۆییشە. فەندەمینتالیزم لەم خاکەو لەم کۆمەلگەیەدا ناحەزی مرۆڤە چونکە هەر تەنها ئاسۆکانی ئازادییەکی رەخساو لە ناو نابات، بگرە جەوهەری مرۆڤانەی مرۆڤیش لەناو دەبات ومرۆڤ دەکات بە جۆرە ئامیریك. فەندەمینتالیزم، بە مانا باوەکەی، ئامیریکی نابینایە وهیچ شتی نابینێ، جگە لە بزاوتەکانی خۆی هەموو شتی رەتدەکاتەوە، ئەمە ترسناکترین شتیکە رووبەروومان دەبیتەوە.

* ئەم رەوتانە وزە وتواناکانی کۆمەلگە لەکاردەخەن و هەموو ئەگەرەکانی ئاینده لە ناو دەبەن.

- تواناکانی کۆمەلگە لە کار دەخەن وهەموو روالەتەکانی ژیان ناشیرین دەکەن‌و هەروەها ئازاردەریشن، چەندین تیرۆریان ئەنجام داوە، بۆ نموونە (حسين مروه)[1] و (مهدي عامل)[2] و (فرج فوده)[3] و(نجيب محفوظ)[4] جگە لە سەدان قوربانی لە جەزائیرو چەندین ولاتی دیکەی عەرەبی.

* هـەندی لـە رەوتـە فیکرییـەکان، بەتایبـەتی ئەوانـەی لـە نـاو ناسـیونالیزمی کلاسـیکییەوە هاتوونەتـە دەری، بـە هەنجـەتی (بـەخۆر ئـاواییبوون) لـە ونبوونـی شوناس دەترسن. هـەندی رەوتـی ئاینیش، بەتایبـەتی ئەوانـەی لـەناو سـەلەفییەتی نویدا نشونمایان کردووە، لە دژی ئەو حالەتە تیدەکۆشن کە بە (هیرشی رۆشنبیری) ناو دەبری. چۆن رەخنە لە پاساوەکانی ئەو دوو رەوتە دەگریت؟

– بەخۆر ئاواییکردن و هیرشی رۆشنبیری دوو دەستەواژەن و هیچ پەیوەندییـەکیان بە رۆشـنبیرییەوە نییـە، ئەمانـە دوو دەسـتەواژەی سیاسـی ئایدیۆلۆژین، ئەگـەر ئـەو کەسانە بەراستی لە بەخۆرئاواییکردن دەترسن، ئـەوا ئەمانـە پیشـتر بـەخۆرئاوایی کراون، هەموو شتەکانی ژیانی رۆژانـەمان وژیـانی عەمـەلیمان لـە نـەریت وجلوبـەرگ وخـۆراك وخانووەکانمـان وهۆیـەکانی گواسـتنەوەمان، گشـت ئەمانـە خۆرئـاوایین، هـەموو شـتی لـە خۆرئـاواوە هـاتووە، ئەگـەر خویندنـەوەی فرۆیـد یـان مـارکس خۆرئاواییکردن بی ئیتر نـازانم چـۆن باسـی خۆرئـاواییکردن وهیرشـی رۆشـنبیری دەکەن، بە راستی ئەم قسانە هیچ مانایەکیان نییە، من دەلیم ئەم پاساوە داپۆشینی ئـەو پاشەکشـە سیاسـییەیە کـە لەبەرامبـەر ئیسـرائیلدا کـراوە، هـەروەها بـۆ داپۆشـین وشاردنەوەی دیمەنە دزیوەکانی ناو کۆمەلگەیە، هەروەها گۆرینی ئاراستەی بینینـی خەلکییـە تـا بـیر لـە چارەنووسـە راسـتەقینە وناوەکییـەکانی خۆیـان نەکەنـەوە کـە بەردەوام رووبەروویان دەبیتەوە، بە بیانووی ئەوەی دوژمنیك لە دەرەوە هەیە. بە پیی ئەو دەسەلاتە گەندەلانە هەردەبی گرفتە گەورەکان بشاردرینەوە، لەبەر ئەوە من لـە رەگوریشـەوە دژی ئـەو جـۆرە چـەمك وتیگەیشـتنانەم، هیرشـی رۆشـنبیری و بەخۆرئاواییکردن هیچ مانایـەکیان نییـە[5]. پاشـان شـوناس هـەر چـەندی کـارلیك لەگەڵ ئەویدیدا بکات ئەوەندە گەشە دەکات، ئاخۆ شوناس بریتییە لە قالبی شـەکر ئەگـەر بخریتـە بـەر هـەتاو دەتویتـەوە؟ شوناسـی زینـدوو ئـەو شوناسـەیە کـە لەگـەڵ

جیهان وبەرەنگابوونەوەکانی جیهاندا کارلیك دەکا. شوناس شتی نییە لە نیو سنووقیکدا هەلبگیری وهەواو وهەتاوی لێ قەدەغەبکری، شوناس بە سروشتی خۆی ئاشکراو بەرچاوەو دەدریتە بەر بای جیهان سا ئەو بایە لە هەر لایەکەوە هەلبکات، لە راستیدا ئەمە دەبیتە هیزو وەزی شوناس.

* پیم وایە بیرۆکەی بەرەنگاربوونەوەی بەخۆرئاواییکردن و بەرەنگاربوونەوەی هیرشی رۆشنبیری بەهانەیەکی وەهمییە و هەندی کەس دایاننناوە بۆ ئەوەی گرفتە بنەرەتییەکان لە بیر بچنەوە. تەنانەت ئیرانیش کە بەمانەیەك لە ماناکان دەولەتیکی فەندەمینتالیستییە، هەر لەسەرەتاوە کۆمەلی وشەو زاراوەی نا ئیسلامیی بەکارهیناوە، بەلکو وشەی تەواو خۆرئاوایی بەکارهیناوە، وەك: دەستور، کۆماری، هەلبژاردن، کەچی وشەی ئیسلامیی وەك موبایەعە وخەلافەت و...هتد بەکارنەهیناوە.

– بزووتنەوەی میژوو وبزاوتی واقیع بەریان پیناگیری.

*یەکی لە پارادۆکسەکانی میژووی هاوچەرخی ئیمە ئەوەیە ناوچەی عەرەبی کە ئایینی تیا لە دایك بووە، هیچ بزووتنەوەیەکی فیکریی بۆ رەخنەگرتن لە ئایین بەرهەم نەهیناوە. ئەمە بۆ چی دەگەرینیتەوە؟

– لەم پرسیارەدا جۆریك لە بەگشتیکردنی خیرا هەیە. بە پیچەوانەوە من باوەرم وایە سەرەتاکانی بزووتنەوەی فیکری وگرنگترین بزووتنەوەی رەخنەگرتن لە ئایین، لە سەدەکانی ناوەراستەوە تا ئەمرۆ، لەم ناوچەیەدا سەریان هەلداوە، واتە لە بەغدا ولە دیمەشق، زۆرن ئەو بزووتنەوە فیکری و ئەو بیرمەندانەی رەخنەیان لە ئایین گرتووە.

*مەبەستت بۆ نموونە (ابن الراوندی)[6] یە؟

– ئیبن راوەندی وغەیری ئیبن راوەندیش. ئیبن راوەندی راستەوخۆ رەخنەی لە ئایین گرتووە و کەسانی دیش ناراستەوخۆ رەخنەیان گرتووە، میژووی ئیمە پریەتی لەو جۆرە بزووتنەوانە، زۆر کەسیش بە هۆی ئەم هەلویستەیانەوە کوژراون. ئیستا دەتوانم لە میژووی فیکری عەرەبیدا، ئەو بزووتنەوانەی رەخنەیان لە ئایین گرتووە، بەم جۆرەی خوارەوە ریز بکەم:

یەکەم:– بزووتنەوەی ئاتەئیزم (ئیلحاد) ئەمەش لەمەبەست وئامانجەکانیدا روون وئاشکرایە. دووەم:– بزووتنەوەی سۆفیزم، ئەمەش بزووتنەوەیەکی رەخنەگرانەی قووڵ بوو لە فیکری ئایینی. سییەم:–بزووتنەوەی تەئویلی، ئەویش دیسان بزووتنەوەیەکی رەخنەگرانەیە لە ئایین بەڵام بە ریگەی تایبەتی خۆی. چوارەم:– شیعری عەرەبی، ئەویش رەخنەگریکی مەزنی ئایین بوو، ئەم رەخنەیە لە (ئەبونەواس) و(ئەبو عەلای مەعەری)[7] دا پتر دەردەکەوی، تەنانەت هەندی لە پیاوانی دەسەلات بەشدارییان لەو رەخنە توند ورەگوریشەییە لە ئایین کردووەو ئاتەئیستی خۆیان دەرخستووە. هەموومان هەلویستی (الولید بن یزید)[8] لە بارەی قورئانەوە دەزانین کاتی لەگەڵ قورئاندا قسەی کردو وتی ئەگەر خوایەکەی تۆ لە رۆژی حەشردا هاتە لات پیی بلی خودایە وەلید پارچە پارچەی کردم[9]. کەواتە لیرەدا کەلەپووریکی گەورە وهەمە چەشن هەیە کە بەشیوەی جیا جیا رەخنەی لە ئایین گرتووە. بەڵام گرفتەکە لەم چەرخەی ئیستاماندایە، ئەوەی بەراستی شوینی سەرسورمانە ئیمە لە سەردەمی مارکسیزمدا ولە سەردەمی فەلسەفەکانی ئاتەئیزمو لە چەرخی زانستدا بە جیاوازیی ئاست وشیوەکانی، هیچ بزووتنەوەیەك بۆ رەخنەگرتن لە ئایین نابینین یان بۆ رەخنەگرتن لە فیکری ئایینی بە مانای ریشەیی وشەی رەخنە. راستە لیرەدا جۆرە رەخنەگرتنیك هەیە بۆ هەندی رەفتار وپراکتیکی ئایینی، بەڵام تا ئیستا پرسیاریکی مەعریفی یان پرسیاریکی فەلسەفیی قووڵو

راستەقینە، وەك ئەم پرسیارە، نەخراوەتە روو: ئەمرۆ نرخ وبەهای مەعریفیی سرووش (وەحی) چییە؟ بیریاری یان فەیلەسووف یان تویژەریکی کۆمەڵایەتی نییە پرسیاریکی لەو چەشنەی خستبیتەروو کە لە میژووی فیکری ئیمەدا ئەم چەشنە پرسیارە بە شیوەیەك لە شیوەكان كراوە. ئەمە پتر ئەو وتەیە دەردەخات کە دەلی: ئەو ئۆپۆزیسیۆیانەی خۆیان وەك ئەلتەرناتیڤیك پیشكەش دەكەن وگەلی كەسی حزبی وعەلمانی وماركسیستیان لەگەلدایە، ئەمانە لە قووڵاییدا ولە بونیادی عەقلییاندا، دەسەڵاتخوازن، چونكە ئامانجەكانیان لەوەدا كورت دەبیتەوە كە دەسەڵاتیك لابەرن ولە شوینیدا دەسەڵاتیكی تر دامەزرینن، كە چی جیلەقكردنی بنچینەكانی كۆمەڵ وجیلەقكردنی بیری كۆمەڵ و، بنیاتنانی فیكری نوی ودەزگاو دامەزراوی نوی لە ئامانجی ئەواندانییە. باوەرم وایە ئەمە لە بنچینەكانی ئەو هەرەسە گەورەیەدا پەنهانە كە لە دنیای عەرەبیدا بە ئەزموونی حزبی ناودەبری.

* شەپۆلی ئاتەئیزمی كۆن لە كەلەپووری عەرەبیدا بەرەو رەخنەگرتنیكی ریژەیی هەنگاوی هاویشتووە نەك بەرەو رەتكردنەوەی خوداوەند وەك ئەوەی بۆ نموونە لە لای ئەبو بكری رازی(10) وكەسانی دیكەشدا هەیە.

– نا، رازی وئیبن راوەندی وغەیری ئەوانیش هەلویستیان ئەوە بووە یان ئایین لەگەڵ عەقلدا دەگونجی، یانیش ناگونجی. كەواتە هەرچۆنی تەماشای ئایین كرابی، ئەوا عەقڵ پیش ئایین دەكەوی و هەر عەقڵ پیوەرە، باوەرم وایە ئەم هەلویستە نكولیكردن لە چەمكی خودا لەخۆ دەگری، خودا بەو پییەی سرووش هیناویەتی، بەلام ئاتەئیستە كۆنەكان چەمكیكی نوی وجیاوازیان بۆ خودا دەرنەخستووە وەك خۆیان پییان وایە، بەلكو نكۆلییان لە چەمكی خودا كردووە بەو پییەی سرووش هیناویەتی.

* تۆ دەلیی من ئایین وەك باوەریکی شەخسی وەرناگرم بەلكو وەك دیاردەیەكی ئەنترۆپۆلۆژی. ئەم هەلویستە بەرەو كویت دەبا؟ ئاخۆ بەرەو رەتكردنەوەی خورافەتەكانی ئایین وباوەری غەیبانیات وبەرەو موعجیزەكانت دەبا، یان بەرەو ئاتەئیزم؟

– بەرەو هەمووئەو شتانەم دەبا. بەلاّم دەبی لیرەدا لە ئاست وشەی ئاتەئیزمدا بوەستین. ئاتەئیزم لە رەوتی قسەكانماندا بریتییە لە باوەر نەبوون بە چەمكی خودا وەك ئەوەی تەئویلی ئیسلامی یان سرووشی ئیسلامی پیشكەشی دەكا. چەمكی ئیسلامی، خودا وەك خالیكی دابراو لە دنیا پیشكەش دەكا، لەم چوارچیوەیەشدا دەشی خۆم بە ئاتەئیست ناو ببەم، بەلاّم ئەگەر بە تیروانینیكی تر سەیری چەمكی خودا بكەین، مرۆڤ خۆی دەبی بە سینتەر كە دەشی خودای تیادا دەربكەوی، چونكە خودا بە چەمكیكی تر، نهینیەكی مەوجوودە لە جیهاندا، ئەگەر بشی ئەو نهینییە بە (نادیار) ناو ببری، ئەوا پیوست ناكا كەسیك ناوی خۆی بە ئاتەئیست ببات. من لەو باوەرەدام نهینییەك لە دنیادا هەیە، ئەو نهینییەش ناوی (خودا)ی لینانیم، من لە رەهەندە جیاوازەكەیەوە لەم مەسەلەیە تیدەگەم، واتە دەشی ئەو نهینییە هەر هەمان ئەو هیزە گەردوونیە یونیڤیرسالییە بی كە لەوانەیە ناولیبنی خودا. بەلاّم من خۆم پتر بۆ ئەوە دەچم بلیم جیهان دیاردەیەكی سروشتی وگەردوونییە وخودی مرۆڤیش دیاردەیەكی سروشتییە، باوەرم بەوەش نییە غەیب بە مانا میتافیزیكییەكەی، هەبیت، لەبەر ئەوە باوەرم بەوە نییە كە زیندووبوونەوەو بەهەشت ودۆزەخ هەبیت. ئەمە بەراشكاوی باوەری منە.

* تۆ سەرپەرشتیی لە چاپدانی هەرسی بەشی كتیبی (دیوان الاساطیر)(11) ت كردووە. بۆچی لە كەلەپووری ئیسلامیدا ئەفسانە وداستان نابینین؟

– هیوادارم وەرگیرانی ئەم کتێبە بەردەوام بێت تا هەمووی تەواو دەبێ وگشت ئەو دەقە دێرینانەش بگرێتەوە کە بەر لە ئاینەکان هەبوون، ئەو دەقە دێرینانەی لەم ناوچەیەدا وبەدیاریکراویش لە دۆڵی رافیدەین و لە میسریش هەبوون. تۆ بە تەواوی ئەوە دەزانیت بۆ چی ئیسلام ئەو دەقە دێرینانە رەتدەکاتەوە، ئیسلام جارێک بەناوی وەسەنیەت وجارێکی تر بەناوی خورافەوسیحرەوە رەتیاندەکاتەوە، بەڵام سەیر لەوەدایە ئیسلام زۆربەی ئەو چیرۆکانە تەبەنی دەکا بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە یەهوود، وەك: عەسای موسا وتۆفان وهەروەها ئەوەی کە گوایە لە میسردا دەریا لە بەردەم کۆچی یەهوودییەکاندا شەق بووەو بووە بە دوو لەتەوە. ئەگەر چی ئیسلام رەخنەی لە ئەفسانە وفیکری ئەفسانەیی گرتووە، کەچی لەمیراتی ئیسلامیدا گەلی ئەفسانە هەیە. باوەرم وایە فیکری باوی ئیسلامی لە شکلە فەندەمینتالیستەکەیدا فیکرێکی ئەفسانەییە بەڵام فیکرێکی ئەفسانەیی بەشەرعکراو، واتە ئەم فیکرە شیعرو شەفافیەتی ناو ئەفسانە کۆنەکانی بزر کردووە وکردوویەتی بە ئەفسانەیەکی بەشەرعکراو ومۆرکی یاسای وەرگرتووە، ئەمەش بزاوتی فیکری ئیسلامی وخەیاڵگەی ئیسلامیی دوچاری بەستەلەك کردووە. من لەو باوەرەدام دەبێ فەیلەسووف وبیریارە پسپۆرەکان بەو چەشنە لە فکری باوی فەندەمینتالیزم بکۆڵنەوە وەك ئەوەی فیکرێکی ئەفسانەیی بەشەرعکراوە(12).

* ئەمانە کۆمەلی بیروران پێویستیان بە مشتومرێکی قووڵ وکراوە هەیە وبگرە پێویستیان بە زۆر لەمە دوورتریش هەیە، پێویستییان بە ئازادییەکی بێسنوور هەیە، بەڵام من وایدەبینم جیاوازییەك لە نێوان خورافە وئەفسانەدا هەیە، کاتی ئەفسانە گەشە دەکا کە (عەقڵ) بەر پرسیارە گەردوونییە قورسەکان دەکەوی ولێرەدا عەقڵ هەوڵ دەدا بەرێگەیەکی ناعەقلانی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، ئیتر وەڵامەکانیش تێکەلەیەك دەبن لە شیعر ومێژوو وحەپەسان.

- بەلی، بیگومان، ئەفسانە، شیعر وشەفافیەت و واقیع، پیکەوە، لەخۆ دەگری..

* کە چی خوارفە هەولدانیکە بۆ پیکهینانی وینەیەکی تەوەهومی بۆ ئەو هەستپیکراوانەی تەفسیر ناکرین، خورافە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی عەقڵ بەپرسیارە جەوهەرییەکانەوە سەرهەلنادات بەلکو لە سرووتە ئاینییەکانەوە سەرهەلدەدات، خوارفە کچەی پەرستنە تەوتەمییە کۆنەکانە ودایکی گەلی حالەت ودیاردەی جادووگەریی باوی کۆمەلگەکانی ئیستامانە کە لەسەر (تەوەکەل بەخوا)ی خەلك وملکەچی میگەل ئاسا وریکردن لە پشتی شتی باو ومیراتەوە گەشە بە خۆی دەدا.

- ئەمە راستە.

* لە نیوان تەورات و ئەفسانەکانی (بین النهرین) دا پەیوەندییەکی پتەو هەیە، دەشی تەورات بە هەموو ئەفسانەکانیەوە، لە ئەفسانەکانی ولاتانی رافیدەین وەرگیرابی. ئایا لە ناوچە مەسیحی - ئیسلامییەکانی ئیمەدا پەیوەندییەك لە نیوان ئایین و ئەفسانەدا دەبینی؟

- ئەمە گومانی تیا نییە، بەشیکی زۆری دەقەکانی ناو تەورات نووسینیکی تری ژماریەك لە ئەفسانە کۆنەکانە.

* بۆ نموونە (سفر التكوين)..

- سفر التكوين وسفر ايوب وسفر أرميا و نشيد الانشاد، گشت ئەمانە لە دەقەکانی پیشترەوە وەرگیراون، بەلام ئیسلام بەشیکی زۆری ئەفسانەکانی ناو تەوراتی وەرگرتووە کە چی مەسیحیەت بە تەواوی ئەو ئەفسانانەی توور داوە وپشتی بە هیچیان نەبەستووە تەنیا یەك ئەفسانە نەبی ئەویش ئەفسانەی تەمووزە، واتە ئەفسانەی مردن وزیندووبوونەوە، لەبەر ئەوە مەسیحیەت دریژکراوی وەسەنیەت بوو، لە راستیدا مەسیحیەت دریژکراوی شەفاف وەسەنیەتی کۆن بوو، بایەخی

مەسیحیەت لیرەدایە، مەسیحیەت بەردەوامبوونی فیکری دەولەمەندی مرۆڤایەتی و فیکری یۆنانی – سۆمەریی کۆنە، مەسیحیەت دریژکراوەیەکی سروشتیی گشت ئەمانە بوو، کەچی یەهوودیەت دابرانیك بوو، هەروەها ئیسلامیش دابرانیك بوو. پیم وایە ئەم دابرانە لایەنیك لە لایەنەکانی قەیرانی فیکری ئیستای عەرەبی پیکدەهینی چونکە ئەمرۆ ئەو فیکرە لەناو کۆمەلگەدا باوە، بەڵام مەسیحیەت خەریکە تەواو پەراویز دەکری و لە رەوتی فیکری . رۆشنبیریدا بوونی نییە، تەنانەت کلیسەش لە ناو کۆمەلگەی ئیسلامیدا بە مانایەك لە ماناکان بە ئیسلامیکراوە، لەبەر ئەوە مەسیحیەتی خۆرهەلاتی ئامادەبوونیکی فیکریی نییە چونکە بەمەزەنەی من مەسیحیەت ماوەیەکی دریژە بە ئیسلامکراوە، واتە مۆرکی کۆمەلگەی ئیسلامیی وەرگرتووە و تەنها بووە بە کۆمەلی سرووتی ئایینی، خودی ئیسلامی باویش فیکری تیا نییە. ئەگەر ئیسلامی ئەمرۆ بە سیفەتی فیکر وەربگرین، ئەوا یەك بیرمەندی بە هاداری تیا نابینین، خۆ ئەگەر بیرمەندی هەبی تا ئەندازەیەك ئامادەبوونی هەبی ئەوا فیکری ئەو بیرمەندە شتیك نییە جگە لە نووسینەوەی نووسینی فیلۆلۆژیستە کۆنەکان (فوقەهاکان)، ئەمرۆکە فیکری نویی ئیسلامی بە هیچ جۆری بوونی نییە، ئەم قسەیە بۆ ئیسلامی سەرانسەری سەدەی بیستەم راستە، لەگەڵ ئەوەی بەردەوام قسە لەسەر ئیسلام دەکری ولیرەدا قسەکردن وئاخاوتنیکی ئیجگار زۆر هەیە لە بارەی سەحوەی ئیسلامی وبووژانەوەی ئیسلامی وفکری ئیسلامی، بەڵام لە رووی مرۆیی وعەقلییەوە هیچ فیکریکی نوی وزیندوو نەخراوەتە سەر ئەو شتانەی موسلمانە کۆنەکان وتوویانە، هەموو شتیکیش گۆراوە وبووە بە کۆمەلی سرووت وشەرع، تەنیا شتیك بوونی هەبی شەرع وقانونە. بیگومان فیقه شتیکە وفیکر شتیکی ترە. وا دیارە ئەو ئیسلامەی ئەمرۆ پرۆسیسە

دەکری وهەروەها ئایینەکانی تری ئەم ناوچەیە لە دەرەوەی فیکرو لە دەرەوەی عەقلدان وپتر لە ناو سرووت وپەرستن و تەشریعەکاندان.

* با منیش شتیك بخەمە سەر قسەكانت. ئیسلامی ئەمرۆ بە دوو شیوەیە: یان ئیسلامیكی بزیوە وەك لە جەزائیر وئەفغانستان ومیسردا دەیبینین كە لەویدا تەكفیركردن وكوشتنی هەمەجییانە پیادەكری، یان ئیسلامیكی بیجوولە ونەبزیوە كە میشكی خۆی بە عەمامەیەكی توركی گۆریوەتەوە وەكو ماری هیندی بەسەر یەوە دەبەستی وهیچ كیشەیەكی نییە جگە لەخۆ خەریك كردن بەوەی كە ئەم شتە حەڵاڵەو ئەویتر حەرامە وگوایە وینەگرتن حەرامە وگەمەی منداڵان حەرامە وخەتمی ئاڵتوون حەرامەو ریشدریژكردن زیاد لە ناو لەپی دەست حەرامە، كەچی ئەتك كردنی ئافرەتان لە چیاكانی (الزبربر) لە جەزائیر حەڵاڵە(13). هەر لە دریژەی قسەكاندا دەلیم مەسیحیەت میراتگری ئایینە بەپیتەكانە كە لە ناوچە كشتوكالییە سەقامگیرەكاندا بڵاوببۆوە، كەچی یەهوودیەت ئاینیكی شوانكارەیی دوور لە شارستانیەت و سەقامگیرییە.

– سەیر ئەوەیە چۆن ئەم ئایینە سەرەتایی وشوانكارەییە دۆخیكی وای بۆ جوولەكە خولقاند كە جۆرە هاوسەنگییەك لە نیوان ئایین وعەلمانییەتدا دامەزرینی. ئەمرۆ كۆمەلگەی ئیسرائیلی لە دیویكدا كۆمەلگەیەكی عەلمانییە، لە دیویكی تریشدا دیموكراسییە، چۆن كەسانی خاوەن ئەم ئایینە سەرەتاییە توانییان دیموكراسیەت و عەلمانییەت بهیننە ناو كۆمەلگاكەیانەوە وسەرباری ناكۆكی وجیاوازیی قووڵی نیوانیان دیالۆگی نیوان خۆیان دامەزرینن بی ئەوەی لەساتەوەختی دیالۆگدا شەربكەن ویەكتر بكوژن. چۆن توانییان كۆمەلگەیەك بخولقینن كە بەشیوەیەكی دیموكراسییانە دیالۆگی تیادا ئەنجام بدەن. كەچی ئیسلامی دیرین كە لەرووی ئایینەوە ئاستیكی بەرزتری لە چاو یەهودیەتدا هەیە، هەرگیز نەیتوانیوە بگاتە ئەو

پلەیە. باشە چۆن مەسیحیەت لە پاش چەندین شۆرشی توندوتیژ وجەنگی خویناویدا توانی بگاتە ئەم کۆمەلگایانەی ئەمرۆ، کەچی ئیسلام لە پاش 1400 ساڵ تا ئیستاش خۆی دووبارە دەکاتەوە وهەمان ئەو دەسەڵاتە بەرهەم دەهینیتەوە کەبەر لە 1400 ساڵ دایمەزراندووە؟

* رەوتی عەلمانی لە بزووتنەوەی زایۆنیزم وعەلمانییەکانی کۆمەلگەی ئیسرائیلی باوەریان بە تەورات وەك دەقیکی پیرۆز نییە، بگرە پییان وایە تەورات تەنها دەقیکی فۆلکلۆرە وخزمەتی بیرۆکەی جوولەکە بۆ نەتەوە دەکات، 87٪ ی ئیسرائیلییەکان (تلمود)یان نەخویندۆتەوە، کەچی لە جیهانی عەرەبیدا تا ئەمرۆش ئەگەر بمانەوی سیاسەتی ئیسرائیل تەفسیر بکەین دەچین سفریەشووع دەگرین ودەیخوینینەوە وەك بلیی سیاسەت وجەنگەکانی ئەمرۆ لەسەر دەقی ئایینی بنیات نرابن.

– لە راستیدا ژمارەیەکی گەورەی جوولەکە رۆشنبیرەکان گاڵتە بە چیرۆکەکانی تەورات وحیکایەتی پیغەمبەرەکان دەکەن.



# بەشی دەیەم:

# زایۆنیزمو فەلەستین

# ئازادیو خەون

* قووڵترین ئازاری من ئەوەیە بەدەگمەن کەسێ دەبینم بەتێگەیشتنێکی ڕاستەقینەوە لەمن بگات

* ئازادی وێنەیەکی دیکەی نییە ئازادی نەبێ، فیکر هیچ یاسایەکی نییە ئازادی نەبێ

# * دەسەڵات شتێکە دەبێ بەردەوام دژایەتی بکەین، ئیتر هەر دەسەڵاتێ بێ، تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتی منیش بێ

لة دوا بةشي ئةم طفتوطؤيةدا ئةدؤنيس باسي سروشتي هةلويستةكان لة بارةي يةهوود و زايؤنيزم دةكا ودةلي ئيستاكة زايؤنيزم بايةخيكي ئةوتؤي نيية وثةيوةنديي بة ثرؤذةي يةهووديية نيية ضونكة كةرةستةكاني ئةو ثرؤذةية تةءاوبوونة ولةكار كةوتوون، لة راستيدا ئيستا لؤذيكي دةولةت ئامادةبووني خؤي بةسةر كؤمةلطةي ئيسرائيلدا دةسةثيني، ليرةوة ـ وةك ئةدؤنيس دةلي- ئيسرائيل ثيويستى بة ثيناسيك هةية تا لةو ضوارضيوةيةي تيايدا دةذي خؤي ثيناسةبكات وبةشوين فؤرمولةيةكي لؤكالييةوة بي تا ببيتة قةوارةيةكي قبولكراو، هةروةها باسي هةذاريي رؤشنبيريي ئيسرائيلي دةكا ودةلي لة ئيسرائيلدا رؤشنبيرييةكي جيهاني نيية بةلكو رؤشنبيريي جيهاني سيية‌مة. ئةطةر ضي ئةدؤنيس لة دابينكردني ئاشتيدا رةشبينة بةلآم ثيي ءاية ثرؤسةي ئاشتي وةسيلةيةكة بؤ لابردني دةمامكةكان ورووتكردنةوة وروبةرووبوونةوةي ئةويدي ـي ئيسرائيلي.

لة رةهةنديكي تردا ئةدؤنيس قسة لةسةر كؤتايي ثشكؤي شيعريي خؤى دةكا و دةلي هةركاتي هةستي بةوةكرد خؤى دووبارة دةكاتةوة ئةوسا واز لة شيعر نووسين دةهيني بةلآم بة ضةند شيوةو وريطةيةكي تر لةسةر نووسين بةردةوام دةبي و لةو جؤرة نووسينةشدا ديسان كةرةستةكاني شيعر بةكار دةهيني.

لة تةك بلآوبوونةوةي ئةم طفتوطؤيةدا لة رؤذنامةي (القدس العربي)، بةردةوام نامةي جياواز وجؤراوجؤر بؤ رؤذنامةكة دةنيردران كة هةنديي لةو نامانة بة توورةيي وبيزارييةوة هةستي خؤيان دةردةبري و هةنديكي ديكةشيان بة دلخؤشييةكي طةورةوة ستايشي ئةدؤنيس وبيروراكانيان دةكرد.

# جوولەکەو زایۆنیزم وفەلەستین

* تۆ لە ئەوروپا ژیاویت ولەنزیکەوە چاودیریی چۆنیەتی کارکردنی دەزگاو دایرەکانی کۆمەلگای مەدەنیت کردووە. ئاخۆ ئەو قسەیە راستە کە لووبیی یەهوودی تەحەکوم بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەکا، یان بە پیچەوانەوە ئیدارەی ئەمریکی بریارەکانی ئیسرائیل بە دەستەوە دەگری؟ ئایا لەو باوەرەدا نیت هیزی لووبیی یەهوودی لە ئەمەریکا وئەوروپادا پتر لەویوە هاتووە کە ئیسرائیل سامانیکی ستراتیژییە بۆ ئەمەریکا وئەوروپا نەك لەویوە هاتبی کە جوولەکە هیزیکی خۆیی هەیە؟

– وەلامی راستەقینەی من ئەوەیە هیزی یەهوود لەوەوە هاتووە کە ئیسرائیل لەو ناوچەیەدا بایەخیکی زۆری بۆ ئەمریکا وخۆرئاوا هەیە. سەبارەت بە لووبیی یەهوودیش دەبی یەکەم دان بەو واقیعەدا بنیین کە یەهوود نفوز ودەسەلاتیکی گەورەیان لە هۆیەکانی راگەیاندندا هەیە، لەوانە: سینەما وتەلەڤیزیۆن ورۆژنامەگەری ودەزگاکانی بلاوکردنەوە و دەزگا داراییەکانی ئەمەریکا وئەوروپا، دووەم دەبی دان بە زیرەکییاندا بنیین، ئەوان بۆ تەنیا جاریکیش باسی ئەوەیان نەکردووە کە بەسیفەتی یەهوود لە فەرەنسا یان لە ئەمەریکا دەژین، بەلکو بە جۆری قسەدەکەن کە بەشیکن لەو کۆمەلگەیەی تیایدا دەژین، دەبینین جوولەکەکانی فەرەنسە وەك فەرەنسییەك قسە دەکەن وجوولەکەکانی ئەمریکا وەك ئەمریکییەك قسەدەکەن‌و..هتد، کاتیکیش فیکریکی دیاریکراو یان بیروڕایەکی دیاریکراو دەردەبرن، وەك فیکر وبیروڕایەکی – بۆ نموونە – فەرەنسیی سەربەخۆ دەریدەبرن وبەرژەوەندیی میللەتی فەرەنسی لەبەرچاو دەگرن. بەلام جالیەی عەرەبی بە پیچەوانەوە، ئەمانە یەکسەر بەمجۆرە قسەدەکەن: ئیمە عەرەبین وئیوەش فەرەنسین. زۆر جاریش ئەم جالیە عەرەبییە رەگەزنامەی فەرەنسییان هەلگرتووە ولە نیو

جەرگەی ژیانی فەرەنسیدا دەژین، لە لای جالیەی عەرەبی هەمیشە جیاوازییەك هەیە: (ئیمە) و(ئیوە). کەچی یەهوود ئەوەندەی من ئاگادار بم هەرگیز ئەم کارە ناکەن و ئەو رەفتارە نانوینن، لیرەوە یەهوود هیزی ستراتیژیی خۆیان وەرگرتووە، وەك فەرەنسییەك یان وەك ئەمریکییەك قسە دەکەن وخۆیان جیاناکەنەوە، بەم مانایە لە هیچ ولاتیکی ئەوروپیدا دەسەلاتیك نییە یەهوود بەشیك نەبی لیی، بەلام لە ناوجەرگەی دەسەلاتدا زۆر کەسی یەهوودیی بیلایەنیش هەن، بۆ نموونە (جاك لانگ)[1] لە فەرەنسە هاوسۆزیی لەگەڵ کیشەی فەلەستیندا هەبووە وپیی لەسەر داواکارییەکانی میللەتی فەلەستینی دادەگرت کە دەولەتیکی سەربەخۆیان هەبی. بەلام یەهوودیەك نابینی (زۆر کەم نەبی) گومانی لەوە هەبی کە دەبی جوولەکە مافی دەولەتی ئیسرائیلییان هەبی، هەموو یەهوودییەك بە شیوەیەك لە شیوەکان لایەنگیری ئیسرائیلن کە چی هەموو یەهوودیەك لایەنگیری سیاسەتی ئیسرائیلی نییە، لیرەدا فەرقیکی گەورە هەیە، دەبی عەرەب ئەم فەرقە بزانیت. لیرەدا کەسانی هەن جوولەکەن وبەکردەوە داکۆکی لە مافی فەلەستینییەکان دەکەن پتر لە زۆربەی ئەو عەرەبانەی داکۆکی لەو مافە دەکەن، هەروەها کەسانیکیش هەن، کە ژمارەیان کەمە، جوولەکەن و لە دژی ئەو دەولەتە راوەستاون کە بە ئیسرائیل ناودەبری، بەلام ئەو ژمارە بچووکە وەك ناو و وەك هیما کەسایەتیی زۆر گرنگیان تیدایە، لەوانە بۆنموونە (یەهودا مینۆحین)[2] کە بۆ چەند جاری یەکترمان بینیوە، ئەم پیاوە یەکیکە لە کەمانچەژەنە مەزنەکانی دنیا، بەردەوام لە دژی ئیسرائیل وەستاوە، من خۆم لە یەکی لەو مشتومرە توندانە ئامادەبووم کە لە بەردەم ژمارەیەکی زۆری روناکبیراندا لەگەڵ یەکی لە ئیسرائیلییەکاندا کردی، ئەو دەمە یەهودا مینۆحین هەلویستیکی زۆر توندی لەبەرامبەر ئیسرائیل وسیاسەتەکانیدا وەرگرت. لە راستیدا مەسەلەکە

زۆر لەمە ئالۆزترە کە لەلای راگەیاندنی عەرەبی ودەسەڵاتە عەرەبیەکاندا هەیە، ئەمە مەسەلەیەکی ئالۆز وبەنیویەکدا چووەو دەبی بەدوور ودریژی دیراسەی بکەین.

* تیروانینی عەرەب بۆ جوولەکە تیروانینیکی گشتگیرە وهەرگیز جیاوازی و کەلەبەرەکان نابینی، زۆربەی تویژەرانی عەرەب قەوارەیەکی یەکپارچە ویەکگرتوو لە جوولەکە دەبینن، وەك بلیی جوولەکە لە دەرەوەی میژوو بن‌و وەك بلیی یاساکانی سۆسیۆلۆجیا بەسەر ئەواندا پراکتیزە نەبی.

– ئەمە لە راستیدا تیروانینیکی سادەکارییانەیە وهەلەیشە. پەیوەندیی جوولەکە بە دەسەڵاتەکانی خۆرئاواوە پەیوەندییەکی ئالۆزەو زەحمەتە بەشیوازە باوەکان شیبکرینەوە. بۆچی کەمایەتییەکی بچووکی وەك جوولەکە بۆ نموونە لە فەرەنسەدا کە ژمارەیان نزیکەی 600 هەزار کەسە، ئامادەبوونیکی ئابووری ورۆشنبیری‌و سیاسی گەورەیان هەیە، کەچی سی ملیۆن موسلمان لە فەرەنسە بەهیچ جۆری ئامادەبوونیان نییە؟ ئەگەر سوشیالیستەکان بینە سەرحوکم ئەوا جوولەکە لە نیوجەرگەی دەسەڵاتدا شوینیك دەگرن، ئەگەر دیگۆلییەکان بینە سەرحوکم ئەوا دیسان جوولەکە لە نیوجەرگەی دەسەڵاتدا دەبن، هەر دەسەڵاتیك بیتە سەرحوکم ئەوان بەشیوەیەکی ئۆرگانی لەو دەسەڵاتەدا بوونیان هەیە. بۆچی؟ ئەم پرسیارە پیویستی بە لیکۆلینەوەیەکی دریژو قووڵ‌و وورد هەیە. بەڵام دەبی جاریکی تر دان بەوەدا بنیین جوولەکە زیرەکن وگەلی بەهرەی جۆراوجۆر وگەورەیان هەیە وخاوەنی رۆشنبیرییەکی بەرزن، ئەوان بە راستی بە مەعریفەیەکی راستەقینە و بەجدیەتیکی زۆرەوە کارو چالاکییەکانی خۆیان بە شیوەیەکی ئاکتیڤ ئەنجام دەدەن، ئەوانە کەسانی نەزان ونەخویندەوار نین.

لە جەنگەکانی عەرەب – ئیسرائیلدا، ئیسرائیلییەکان بە جۆری شەریان دەکرد شارەزاییەکی تەواویان لە سەرانسەری ناوچەکانی ئیمە هەبوو ودەیانزانی چۆن‌و بە

چ ئاراستەیەك دەجولینەوە، ئەوان بەبی دیراسەکردن وپلانریژی وسووسەکردن هیچ کـاریکی سـەربازی وهیـچ هـیرش وپـەلاماریك ئـەنجام نـادەن. کـەچی ئیمـە ئەگـەر دەسپیشـکەری لەهـەر کـاریکی سـەربازی یـان سووسـەکردن بکـەین، بـە تـەواوی شـارەزای ناوچـەکانی نیشـتیمانی خۆمـان نـین، واتـە ئاگامـان لـە وردەکـاریی ئـەو شوینانە نییە کە ئیسرائیل داگیریان دەکات، واتە ئاگامان لە تەفسیلاتی ناوچەکانی فەلەستین نییە، فەلەستین گۆرانی بەسەردا هاتووە وئیمەش هیچ شتی لـەبارەی ئـەو گۆرانکارییەوە نازانین.

* سەد ساڵ پترە، واتـە لـە سـەرەتای کۆچکردنـی جوولەکە بۆ فەلەستین لە 1882 و لـەدوای پـەنجا سـالیش لـە دامـەزراندنی ئیسـرائیلدا، کـەچی ئیمـە تـا ئیسـتاش بەتەواوی ئیسرائیل ناناسین.

– کەواتە چۆن لەگەڵ نەیاریکدا بجەنگین هیچی لینازانین؟ ئاخۆ ئەمە یەکی نییە لە هۆیەکانی هەرەس وشکستیمان کە ژمارەیان ئیجگار زۆرە.

* ئیسـتا چـۆن ریتمـی سیاسـەتی عـەرەبی دەخوینیتـەوە کـە بـە پەلـەکردن و بەخیراییـەکی زۆرەوە بـەرەو چارەسـەرکردنی ململانیـی عـەرەبی – زایۆنـی هـەنگاو دەنین بەو شیوەیەی ئەمرۆ دەیبینین؟

– بە داخەوە، مـن شـتیك دەلیـم لەوانەیـە ئـەم شـتە یەکـەمجار زالمانـەبیت. رژیمـە عەرەبیەکان – پی لەسەر ئەو گوتەیە دادەگرم – بۆ تەنیا جاریکیش جیدی وراستگۆ نەبوونـە لـە رەگ هەلکیشـانی ئـەو شـتەی بـە رژیمـی ئیسـرائیلی یـان بـە دەولـەتی ئیسـرائیلی نـاوی دەبـەین، بگـرە جۆریك لـە دانپیانـان بـە ئیسـرائیل هـەبووە. کـەچی جەنگیش جۆریك بووە لە خۆپاراستن پتر لـەوەی جـەنگی رزگـار بوون بی لـە دەسـت ئەو قەوارەیە. تەنها هەولدانیك کە بەفیعلی ویستوویەتی ئیسـرائیل لـەناو ببـات ئـەو چالاکییـە جیهادییانـە بـوون کەبـەر لەسـالی 1948 تـا سـەرهەلدانی فیدائییـەکان و

بزووتنەوە چەکدارییەکان، ئەنجام دەدران. ئەوان بەراستی لەو سەردەمەدا بیریکی وایان هەبوو ئەو قەوارەیە لەناوبەرن کە ئەودەمی بە قەوارەی یەهوودی ناودەبراو دواتریش بە قەوارەی زایۆنی ناوبرا. کەچی رژێمو جەنگەکان تەنها رژێم وجەنگی خۆپاراستن بوون، تۆ بروانە جۆری قسەکردنی رژێمە عەرەبییەکان چۆن لە لەهجەی (احمد الشقیری) یەوە دەگۆردری بۆ لەهجەی ئەو رژێمانەی لەپاش الشقیری هاتن. ئیمە لە رابردوودا وشەی (ئیسرائیل) مان لە نیو دووجووت کەوانەدا دەنووسی. کەچی ئەمرۆ تەنها گلەیی لیدەکەین، گوتاری ئیمە گوتاری گلەیی کردنە، ئیمە وەك برادەریك گلەیی لیدەکەین کە بەپیی پیویست وداواکاری کارەکان ئەنجام نادات. لیکۆلینەوە لە دیالیکتی گوتاری سیاسیی عەرەبی ئەوە ئاشکرا دەکا کە ململانی لەگەڵ ئیسرائیلدا بە هیچ جۆریك ململانییەکی قەوارەیی نەبووە، لیرەشەوە دەلیم ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل لە کاتیکدا رووی دا کە لەگەڵ میسردا وەك گەورەترین دەولەتی عەرەبی ریککەوتننامەی مۆر کرد، ئەوەیشی مایەوە بریتی بوو لە هەندی تەفاسیلی بچووك. سیاسەتە گەورەکانی ئەم ناوچەیە لە دەوری ئەم شتانە دەخوولانەوە: چۆن فلانە سەرۆك رازی بکەین؟ چۆن پەیوەندی خۆمان لەگەڵ فلانە سەرۆك ریك بخەین؟ ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا لە سالی 1979 وە ئەنجام دراوە، ئەوەیشی ماوەتەوە بارمتەکراوە بەکاتی گونجاو وریکخستنی دەرهینان ورازیکردن وشلەقاندنی هەندی مەسەلەی ئەمنی وجوگرافی. ئیمە ئیستا لەگەڵ ئسرائیلدا لە ئاشتییەکی ریژەییداین، هەموو کۆمەلگەی عەرەبی بە شیوەیەك لە شیوەکان لەگەڵ ئیسرائیل لە ئاشتیدان.

* دەووتری مۆرکردنی ئاشتیی نیوان میسر وئیسرائیل بیگومان کۆتایی بە جەنگ هینا ولەگەڵ مۆرکردنی ئەو ئاشتییەدا ململانیی عەرەبی – زایۆنی لە رووی سەربازییەوە تەواو بوو. بەلام ئاشتی بە چەمکە سەرجەمگیرییەکەی نەبوو بە

حەقیقەتیکی راستەقینە تەنها ئەو کاتە نەبی کە ریککەوتتنامەی( ئۆسلۆ) لەگەڵ ریکخراوی رزگاریخوازی فەلەستیندا لە 1993/9/13 مۆر کرا، ئەوە تاقە ریککەوتنیکە خاوەنی مۆری کیشەی فەلەستینییە.

– ئەوە ئاشتییەکی بی فاتیحە بوو. بەڵام ئیستا کاتی ریکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی ریککەوتننامەی ئۆسلۆی مۆر کرد، ئیدی فاتیحە خویندرا.

* ئیمە ئیستاکە لە قۆناغی ئاشتیداین ولە دوا قۆناغیداین. کیشەی ئاشتیی داهاتوو لە ناوچەی عەرەبیدا چییە؟ ئاخۆ ئەم مەسەلەیە دەبیتە هۆی روودانی گۆرانکاریی جەوهەریی لە بونیادی قەوارەی ئیسرائیلی ولە خودی زایۆنیزم وەك چۆن ئەمرۆ باسی پۆست زایۆنیزم دەکری؟ ئاخۆ ئەم ناوچەیە بەرەو دیموکراسی و ئازادی هەنگاو دەنی یان بەرەو ستەم و داپلۆسینیکی پتر؟

– ئەمە دەمانگەرینیتەوە بۆ ئاراستەکانی دەسەڵاتی ئیستای کۆمەلگەی عەرەبی. وایدابنی ئەو سوپا وتوانا گەورانەی زۆر پشتگیری دەکرین وپەرەیان پیدەدری، بگۆردری وببی بە سوپایەك داکۆکی لە رژیم بکات، ئەو سوپایە دەبیتە روانگە کراویك بۆ پاراستنی دەسەڵاتی فەرمانرەوا، گریمانەی دووەم وایدابنی ئەگەر ئەو سوپایانە هەلبووەشینەوە (لایەنی پارادۆکسی ولایەنی سەیری ئەم مەسەلەیە ئەوەیە ئیسرائیل مەرج بۆ هەندی دەولەتی عەرەبی دادەنی هیزەکانیان کەم بکەنەەو) و ئەگەر ئەو رژیمانە هەندی لە سوپاکەی خۆیان کەم بکەنەوە کە لە بنەرەتدا لەسەر چەوسانەوە وسەرکوت دامەزراوە، ئەو رژیمانە چییان بەسەردی؟ باوەرم وایە بۆ پاراستنی ئەو رژیمانە چەند هیزیکی شاراوە دەهینرین.

من خۆم زۆر گەشبین نیم بە ئاشتی چونکە مەسەلە قوولەکە لە پشتی ئاشتییەوەیە و لەشوینیکی دوورتردایە، لە هیز و وزە وپرۆژە و بارودۆخی ئیستاماندایە، دەشی بۆ نموونە وزەو پارەی میللەت – کە بۆ جەنگیکی وەهمی

هەلنەگیرساو دانرابوون – بۆ پاراستنی دەسەڵاتیکی چەوسینەر وداپلۆسینەری توندوتیژ ئاراستە بکری. ئەو قسەیەی کە دەلی مومکینە دیموکراسی وئازادی لە کۆمەلگەی عەرەبیدا دەربکەوی، جۆریکە لە خەون. من زۆر گەشبین نیم بە ئاشتی، بەڵام، لەهەموو حالەتەکاندا، من پتر بەلای ئەوەدا دەچم کە بلیم ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا توانایەکی زیارترمان دەداتی بۆ کردنەوەی کۆمەلی توانای دیکە بۆ رووبەرووبونەوە، پتر لە حالەتی ئەو جەنگەی وزەیەکی زۆری میللەتی بەخەسار داو ئەمە لە هیچ باریکیشدا جەنگ نەبوو. لەبەر ئەوە من پتر مەیلی ئاشتیم هەیە چونکە ئاشتیی بریتییە لە کردەی رووتکردنەوە وداماڵین وکەشفکردنی رووبەرووبوونەوە ولابردن وسرینەوەی گشت وەهمەکان، لەو باوەرەدام ئیمە پیویستیمان بەو لایەنە هەیە، ئەو رووتکردنەوە وداماڵینە تەنیا رووتکردنەوەی پەیوەندیمان نییە بە فەلەستینەوە، بەلکو رووتکردنەوە ولابردنی دەمامکی رژیمەکانیشمانە. ئەوەی لیرەدا دەمەوی بیلیم ئەوەیە کە چەك لە ململانیی نیوان میللەتاندا تەنیا ریگەیەك نییە بۆ سەرکەوتن، بەلکو لیرەدا چەندین چەکی دیکە هەیە کە دەتوانی لە بارودۆخیکی دیاریکراودا زۆر لە چەکی ماددی کاریگەرتر وچالاکتر بی، بۆ نموونە ئەمریکا وژاپۆن وەربگرە: ئەمریکا بە چەکی ماددی بەسەر ژاپۆندا سەرکەوت، بەڵام ژاپۆن گەرایەوەو بە چەکی مەعریفەو بە چەکی تەکنیك وتەکنۆلۆژیا وبە چەکی زانست بەسەر ئەمەریکا دا سەرکەوت، بگرە ئەمریکای لەناو ماڵەکەی خۆیدا بەزاند. ئیمە هیوامان وایە ـ ئەمەش تەنها هیوایە ـ ئەمە نموونەیەك بی وبتوانین سوودی لیوەربگرین ولەژیر سیبەری ئەم خۆبەدەستەوەدانە وپاش ئەویش بتوانین شوین پیی ئەو نموونەیە هەلبگرین.

* مەسەلەکە هەر چۆنیك وبەهەر باریکدا بکەویتەوە، دەبی ئاشتی کۆمەلی ماف بۆ فەلەستنییەکان بهینی.

- ئەگەر لیرەدا دەریچەیەك بۆ دەرچوون لە قەیران وتەنگژەی عەرەبی هەبی ئەوا من باوەرم وایە ئەو دەریچەیە لە ریگەی فەلەستینییەکانەوە دی، ئەگەر لیرەدا دەریچەیەك بە مانای رۆشنبیری وشارستانی بۆ قەیرانی کۆمەلگەی عەرەبی هەبی، ئەوا من زۆرتر باوەرم وایە ئەو دەریچەیە لە پەنجەرەکانی فەلەستینەوە دیت. فەلەستینییەکانی ئەمرۆ، سەرباری هەموو گیروگرفتەکانیان، بارمتەیەکی ژیاری ورۆشنبیرین لە پیناوی گۆرانکاریی کۆمەلگەی عەرەبی بە شیوەیەکی گشتی، من بە جۆری سەیری رەگەزی فەلەستینی دەکەم بە سیفەتی ئەوەی ئامیزانبوونیکی ژیاری ورۆشنبیریی سەرانسەری ناوچەی عەرەبییە. هیواردام لەمەدا راست بم.

* ئایا وینای بارودۆخیکی وا دەکەیت کە لە دنیای عەرەبیدا هەلبژاردنیکی واقیعی سەرهەلبدات و لەمیانیدا ئیسرائیل بتوانی ئاویزانی ناوچەی عەرەبی بیت؟ سا ئەگەر ئامیزانبوون ببیتە شتیکی واقیعی، مەرجەکانی ئەو ئامیزانبوونە چین؟

- من ئەو شتەم لە سالی 1994 لە غەرناتەدا وتووە، لە ویدا وتم ئەم ناوچەیە کە ئیستا ئیسرائیلی تیادا راست دەبیتەوە ولانی کەم لە رووی جوگرافییەوە ئینتیما بۆ ئەم ناوچەیە دەکا، هەر لەسەردەمی سۆمەرییەکانەوە بەرەو ژووتر لەسەر ئامیزانبوونی رەگەزەکان وئامیزانبوونی کولتورەکان راوەستاوە، پاشان ئایینەکان هاتن تا ئەو ئامیزانبوونە لە خۆبگرن، ئاینی مەسیحی ئەو ئامیزانبوونەی لەخۆگرت و ئیدی رەهەندیکی کولتووریی بە دەستهینا جگە لەوەی رەهەندیکی ئاینیشە، پاشان ئیسلام هات وئەویش خۆشبەختانە ئەو ئامیزانبوونەی لەخۆگرت، لە ژیر سیبەری ئیسلامدا جوولەکە ومەسیحی وەك دوو رەگەزی پیکهینەری دەسەلات ودەولەتی ئیسلامی، ژیانیان دەگوزەراند. عەرەب ئەم ئامیزانبوونەیان لە ئەندەلووسدا بە جۆری دابینکرد کە لە هیچ نەتەوەو لە هیچ شارستانیەتیکدا

نەبووە. بەڵام ئەمرۆ پرسیار ئەوەیە: ئایا ئیسرائیلییەکان ئامادەن پەیوەندیی خۆیان بە شوناسی خۆیانەوە بگۆڕن؟ ئایا ئەوان قەناعەت بەوە دەهینن بەرامبەر بە ئەویدی بکرینەوە؟ ئایا ئەوان ئامادەن کۆمەلی پرسیاری یەکلاکەرەوە لە بارەی میژوو و بەهاو کولتووری خۆیان بخەنەروو؟ ئاخۆ ئەوە مومکینە جوولەکەیەك لە فەلەستیندا دەژی چاوەریی ئەوە بکات وەزیریکی مەسیحی وەزارەتیکی ئیسرائیلی بگریتە دەست بۆ ئەوەی ببیتە نوینەری ئیسرائیل نەك نوینەری کەمایەتییەکی مەسیحی؟ هەروەها وەزیریکی موسلمان شوینیکی گرنگ بگری وهەمان رۆلی هەبی؟ بەمانایەکی تر ئاخۆ ئەو دەرفەتە بۆ شوناسی ئیسرائیلی دەرەخسیت کە بەرامبەر غەیری خۆی بکریتەوە یا خود هەر بە داخراوی دەمینیتەوە؟ ئەمرۆکە ئەمانە پرسیارن. جۆری وەلامدانەوە لە مەودایەکی دووردا بریار لەسەر جەوهەری شوناسی ئیسرائیلی دەدا. مومکینە ئاشتی لە نیوان رژیمەکاندا دابین ببیت نەك لە نیوان میللەتان، قەیرانی راستەقینەی ئیسرائیل لیرەدایە، من باوەرم وایە ئاشتی بەزەرورەت کۆمەلگەی ئیسرائیلی بەرەو تەقینەوەیەکی ناوەکی دەبات، ئەم تەقینەوەیەش شتیکی حەتمییە ئەگەر کۆمەلگە بەسەر دەرەوەدا نەکریتەوە، بەم مانایە شوناسەکەی دەگۆردری. رژیمە عەرەبییەکان بە دریژایی پتر لە پەنجا ساڵ نەیانتوانی قەوارەی ئیسرائیل کلۆر بکەن، ئەمرۆکەش هیچ هیزیکی دەرەکی نییە بتوانی ئیسرائیل کلۆر بکات، ئیسرائیل لە ناوەوە کلۆر دەکری، بە فاکتەرە بابەتی و بەکارلیککەرە قەیراناوییەکان لەیەك کاتدا کلۆر دەکری. بۆیە بەردەوام دەمووت: دەبی ئیسرائیل لە نیعمەتی بوونی دوژمنیك بۆی، بیبەش بکەین.

*ئەمە پرسیاریکە ئیستا لە ئیسرائیلدا بە تەواوی خراوەتەروو. ئیستا جیدالی فکری وسیاسی دەرژیتە سەر جۆرە پرسیاریکی وەك: ئایا ئیسرائیل هەروەکو دەولەتیك بۆ جوولەکە دەمینیتەوە یان دەبیتە دەولەتیك بۆهەموو هاوولاتیان؟ ئایا

مافی گەرانەوە هەر تەنها لە مافی گەرانەوەی جوولەکەکاندا قەتیس دەکری یان دەبیتە مافیك بۆ جوولەکە وفەلەسینییەکان پیکەوە؟

– مەحالە ئیسرائیل وەکو جاران یاخود وەکو ئیستای خۆی بمینیتەوە، ئیسرائیل ناتوانی وەکو قەلایەك بمینیتەوە، بەلام هەتا جەنگ ورۆحی جەنگ وسەرباز بمینن ئەوسا هەروەك قەلایەك دەمینیتەوە. ئاشتی بۆ عەرەب لە چوارچیوەی نیو دەولەتیی ئیستا دا وزالبوونی ئیسرائیل لە هەموو لایەنەکاندا، تەنیا جەنگیکی مومکینە لە دژی ئیسرائیل. ئەمەیە مەزەنەی من.

* ئایا موتابەعەی گۆرانکارییە خیراکانی ئەم رۆژانەی کۆمەلگەی ئیسرائیلی دەکەی؟

– بەپیی تواناو ئەوەندەی بۆم برەخسی موتابەعەی ئەدەب وهونەرەکان دەکەم. باوەرم وایە ئەدەب وهونەری عەرەبی زۆر پیشکەوتوتر وگرنگترە لە ئەدەب هونەری ئیسرائیلی. دەتوانم بلیم کۆمەلگەی ئیسرائیلی لەناو دوو جۆر کولتووردا دەژیی: یان کولتووریکی میراتگەرا کە بریتییە لە کەلتووری تەورات لە لای ئایینخوازەکان، ئەمەش کولتووریکی بەسەرچووەو هیچ نرخ وبەهایەکی نییە،یانیش کولتووریکی تەواو خۆرئاوایی، لیرەدا کولتوریکی راستەقینە نییە لەو کۆمەلگەیەدا نەشونمای کردبی بە چەشنی ئامادەبوونیکی گەورەی لە جیهاندا هەبی. رۆشنبیریی ئیسرائیلی رۆشنبیرییەکی لابەلاو سانەوییە، بگرە رۆشنبیریی جیهانی سیهەمە بەبی زیدەرۆیی، بەلام هیزی ئەو رۆشنبیرییە هیزیکە لە دەوەوە وەریدەگری، لە خەرمانەی جوولەکەیی دەرەوە وەریدەگری پتر لەوەی لە ناوەوە وەریبگری، بۆیە پیم سەیرە چۆن عەرەب لە رۆشنبیریی ئیسرائیلی دەترسن.

* ئەمە خوارفەی هیرشی رۆشنبیرییە، هەروەها ترسی گەورەیە لە ئیسرائیل.

- بیگومان خوارفەیە. تەنها عەرەب دەتوانی پرۆسەی هیرشی رۆشنبیری بۆ سەر ئیسرائیل بکات، لەگەڵ لاریم لە بەکارهینانی زاراوەی هیرشی رۆشنبیری.

* لە قودس و تەلئەبیب چەندین گەرەك هەن بە تەواوی بە گەرەکی عەرەبی دادەنرین، کەسی بەو گەرەکانەدا تیپەری گویی لە دەنگی لەیلا موراد وفەرید ئەترەش و(أمان یالاللی) دەبی، بەتایبەتی ئەو گەرەکانەی جوولەکە عیراقییەکانی تیا دەژین، ئەوانەی تا ئەمرۆش رۆحی بەغدادییانەی خۆیان پاراستووە(3). لیرەدا ناوی هەندی کەسایەتیم لە جوولەکەکانی عیراق لەبیرە، ئەوانەی بەبی خواستی خۆیان ناچارکران بەغدا بەجیبهیلن، بۆ نموونە (شمعون بلاص) و(سمیر نقاش).

- ئەمە خالیکە پیویستی بەتەفسیلیکی جیاواز هەیە.

* ئیستا لە ئیسرائیلدا قسە لەسەرپۆست زایۆنیزم دەکری، شەپۆلی باو لە ئیسرائیلدا دەیەوی ئایدیۆلۆژیای زایۆنیزم بگۆری وئارەزووی ئەوەی هەیە ئیسرائیل لە نۆرمی قەلا وپەرژینەوە بگۆری بۆ نۆرمی دەولەتیکی ئاسایی. وەچەی نویی لاوان لە وەچەی ریبەرانی پیشوو ناچن کە دەولەتیان دامەزراند، ئیستا لاوان دەیانەوی وەك ولاتانی تر بژین، دەیانەوی ئازادانە پرۆسەی سەفەر وبازرگانی بکەن‌و بچنە نیو ژیانی سەردەمەوە. ئایا لە مەودایەکی دوورتردا وینای ئیسرائیلیك دەکەی بەبی زایۆنیزم؟ ئاخۆ باوەرت وایە مومکین بی قسە لەسەر ئیسرائیلیکی دیموکراتی بۆ هەموو هاوولاتیان بکری؟

- زایۆنیزم لە رووی عەمەلییەوە کۆتایی هاتووە یان با بلیین ئیسرائیل پیویستی بە زایۆنیزم نەماوە. زایۆنیزم هەرچۆنیکی شی بکەینەوە دەبینی لە رووی تیۆرییەوە دیلی ناو کتیبەکانە، لە رووی واقعیشەوە تەواو بووە وکاری خۆی جیبەجی کردووە لە بەسوپاکردن و مۆبیلیزەو هەستانەوە ودامەزراندنی دەولەتدا. ئەمرۆش، بە

مەزەنەی مـن، لۆژیکـی دەولـەت زالـترە بەسـەر لۆژیکـی ناسیونالیسـتی زایۆنـیزمی تـەقلیدی، بۆیـە ئـەمرۆ ئیسـرائیل دووچـاری قـەیرانیکی گـەورە بـووە. جـا ئەگـەر زایۆنیزم لەوە بوەستی ببی بە ئایدیۆلۆژیای دەولەت، ئەدی چ شتیکی دیکە شوینی دەگریتـەوە؟ ئیسـرائیل خـاوەنی رۆشـنبیری نییـە و ناشـتوانی بـە مانـای زینـدووو خولقینـەر رۆشـنبیری بخولقیـنی تەنها بەکار لیککـردن نـەبی لەگـەڵ ئـەویدی، واتـە یەکەمجار کارلیککردن لەگەڵ فەلەستینی وپاشان لەگەڵ عەرەب. کاتیك ئیسرائیل قودرەتـی ئـەوەی هـەبی ئـەو جـۆرە رۆشـنبیرییە بخولقیـنی وشوناسـیکی لۆکـالیی پەیوەست بە ناوچەکەی هەبی نەك شوناسیکی پەرت یان شوناسیکی خۆرئاوایی لە خاکیکی نامۆدا چینراو، ئەوسا دەشی قسە لەسەر گۆرانیکی راستەقینە لە بونیادی دەولـەتی ئیسـرائیلدا بکـەین. ئـەو قەیرانانـەی لـە ئاسـتی شـوناس و لەئاسـتی خولقاندنی رۆشنبیرییەکی تایبەتدا رووبـەرووی ئیسـرائیل دەبنـەوە، قـەیرانی زۆر توندو زۆر گـەورەن و زۆریش لـە قەیرانـەکانی عـەرەب زراو ریژتـرن، چونکـە عـەرەب رووبەریکی نـەرمیان هەیـە وتیـایدا دەجوولینـەوە کـەچی ئیسـرائیل بواریکـی نییـە، پاشان زایۆنیزم هەرگیز وەکو جاران رەگەزیکی کاریگەر وسوودبەخش نییـە لـە هیچ ئاستیکدا، بەم مانایە زایۆنیزم پەکی کەوتووەو هیچ بەهایـەکی جەوهـەریی نـەماوە، بەڵام پرسیاری گرنگتر ئەمەیە: پاش زایۆنیزم چییان دەوی؟ ئەمە پرسیاریکی پر لـە دلـەراوکی وتەماوییـە وقـەیرانیکی قـووڵ وراسـتەقینە لـەناو ئیسـرائیلدا پیچەوانـە دەکاتەوە، دەبی روانگەی بگرین وئاگادری بین وبەجیدی دیراسەی بکەین.

## دیلی وئازادی وخەون

* تۆ دان بەوەدا دەنیی لە نائاگاییتدا کۆتکراوی و ناویری هەموو ئەو شتانە بلیی کە دەتەوی لە بارەی سیکس وئایین وسیاسـەت قسـەیان لەسـەر بکـەیت، بـە شـیوەیەکی

ناراستەوخۆ لە بارەیانەوە دەدوییت. ئایا شیعر لەو کۆت وزنجیرانە رزگاری نەکردوویت؟

– دەبی شیعر رزگاریبەخش بی، شیعر نەزری ئازادییە، ئەم پرسیارەش ئاراستەی کەسیکی وەك، بۆ نموونە، ئەبو عەلای مەعەری ناکری، یان کەسیکی وەك ئەبو نەواس کە دەیووت: (ئایینی خۆم بۆ خۆم وئایینی خەلکی دیش بۆ خۆیان) یان ئەبو عەلای مەعەری کە دەلی:

اثنان اهل الارض ذو عقل

بلا دین وآخر دین لا عقل له

بەڵام ئەمرۆ شیعر لە کۆمەلگەی عەرەبیدا بە داخەوە ناتوانی لە سیبەری بارودۆخی ئیستایدا بگاتە ئەو جۆرە ئازادییە. کاتی ئەو فەتوایە لە دژی سەلمان روشدی دەرچوو، ئەم پیاوەش کە خاوەنی رۆمانی (ئایاتی شەیتانی) یە، وتاریکی سەرەکی نووسی وتیایدا داکۆکی لە خۆی کردووە، منیش ئەو وتارەم وەرگیرایە سەر زمانی عەرەبی وناردم بۆ بەیرووت تا لەژمارەی داهاتووی گۆڤاری (مواقف) بلاوبکریتەوە، بیگومان ئەو کاتە گۆڤارەکە دەردەچوو، لە پریکدا بۆمان دەرکەوت ئەو کەسەی پیتەکانی تەنزید دەکرد رازی نەبووە ئەو ووتارەی سەلمان روشدی تەنزید بکات، پاشان پەیوەندیمان بە خاوەنی چاپخانەکە کرد، ئەویش وتی: (بەلی راستە هەلویستی ئەو پیاوەی تەنزید دەکا بەو جۆرەبوو، بەڵام باشە ئەگەر حزب الله یان هەر دەسەڵاتیکی تر بیتە سەرمان وچاپخانەکەم تیك بشکینی، کی پشتیوانیم دەکا وکی لە تەکم دەوەستی؟ ئەو کاتە ئیوەی نووسەران لە کوی دەبن؟) بەمجۆرە نەمانتوانی ئەو ووتارەی سەلمان روشدی بلاوبکەینەوە، من ئەو دەمە وتم: وای دابنیین سەلمان روشدی لەبەردەم دادگا راوەستاوە، ئایا مافی بەرگری لە خۆ کردنی نییە؟. ئەگەر لە هەمانکاتدا ئەندازەی ئەو ئازادییەی من هەمە لەگەڵ ئەندازەی ئەو

ئازادییەی شاعیریکی خۆرئاوایی هەیەتی، بپیوم، (ئەگەر چی من حەز لە بەراورد کردن ناکەم)، وا هەستدەکەم من لە رووبەریکی زۆر تەسکدا دەجوولیمەوە کە چی شاعیریکی خۆرئاوایی لە ئاسۆیەکی بیکۆتاییدا ری دەکا. لەوەش زیاتر، لیرەدا چەندین دەستەواژە و بگرە چەندین ئایەت لە قورئاندا هەن وەك (( ومريم ابنة عمران التي احصنت فرجها))[4]، خۆ ئەگەر ئەمرۆ ووشەی (فرج) لەهەر رۆمانی یان لە هەر قەسیدەیەکدا بەکاربهینری ئەوا لەزۆربەی ولاتە عەرەبییەکاندا قەدەغە دەکری وئیتر دەرگاکانی دۆزەخ بۆ ئەو نووسەرە یان ئەو شاعیرە دەکرینەوە. بە داخەوە شیعر رزگاری نەکردووم، من تا ئیستاش کۆتکراوم.

* بیستوومانە پاش ئەوەی کتیبی (الكتاب: امس المكان الان) تەواو دەکەیت، واز لە نووسینی شیعر دینیت. ئاخۆ پشکۆی شیعر لە تۆدا کوژاوەتەوە؟ ئایا گری ناوەوە لەویژدانتدا دامرکاوەتەوە تا واز لە نووسینی شیعر بهینیت؟

– هەر دەبی رۆژی بیت ئەو گرە خامۆش بیتەوە وبکوژیتەوە، بەلام هەر دەشبی لە شتیکی تردا گوزارشت لە خۆی بکات. ئەگەر بمەوی لە شیعر نووسین بووەستم ئەوا لەبەر ئەوەیە هەستم بەوەکردووە کەرەستەو شیوازەکانی دەربرینم گەیاندۆتە ئاستیك ئیتر نەتوانم تەجاوزیان بکەم، ئەوسا نامەوی خۆم دووبارە بکەمەوە، لەبەر ئەوە دەبی لە بەرامبەر خۆمدا بیلایەن بم و بەکەرستە و بەریگەی تر خۆم دەربخەم، بەم مانایە دەتوانم بلیم واز لە نووسینی شیعر دەهینم بەلام بە چەند ریگەیەکی تر دەنووسم، دەشی بە فۆرمیکی دیکەی شیعری بنووسم کە تەواو جیاواز بی، بەلام من لە هەموو حالەتیکدا جگە لە بازنەی شیعر وجگە لە بواری شیعر، خۆم لە شوینیکی تر نابینمەوە، تەنانەت ئەو کاتەی فیکریك یان چیرۆکیك یان هەر جۆرە نووسینیکی تر دەنووسم، تەنها لە چوارچیوەی شیعردا خۆم دەبینمەوە.

* تۆ ئاگریکت کردەوە هەرگیز ناکوژیتەوە..

- هیوادارم وا بیت.

* لەم رۆژانەدا خەون بەچییەوە دەبینی؟ ئاخۆ ئیستاش خەونەکانت (باخچەی ئاگر)ن؟ ئاخۆ تا ئیستاش لە (مەلەکوتی با)(5) دا دەژیت؟

- تا ئیستاش لە مەلەکوتی بادا دەژیم. تا ئیستاش لەگەڵ هیراکلیتس دەژیم کە دەیووت (دووجار خۆت لە ئاوی رووباریك نادەی)، کەچی لە کۆمەلگەی عەرەبیدا مرۆڤ سەدان جار خۆی لە هەمان ئاو دەدا.

* ئەو رووبارە لیخن وقوراوییە.

- بەلی لیخنە. رووبارەکان لیخنن. لەگەڵ ئەوەی من رقم لە بەراورد کردن دەبیتەوە کەچی هەندیجار ناچارم بگەریمەوە بۆی چونکە ئیمە کۆمەلگەیەکین لە ناو تیکرای هۆیەکانی تەکنیك و لەناو ئەو ژیارەدا دەژین کە هەموو کۆمەلگە خۆرئاواییەکان تیایدا دەژین، ئیمە بەشیکین لەم جیهانە، کەواتە ئیمە ناچاری جۆری لەو بەراوردکردنەین. کاتی وەك شیعرو وەك رۆمان و وەك تەکنۆلۆژیا دەستکەوتەکانی جیهان بە دەستکەوتەکانی خۆمان بەراورد دەکەم، وەختە بلیم مرۆڤ شەرم دەکا لەوەی سەر بەجیهانیکی لەم چەشنەی لای خۆمانە، پاشان کە دادوەرییە عەقلی وفکرییەکان دەخوینمەوە یان کە بۆچوون وگفتوگۆ ومشتومرو خەم وهیواو خواستەکانی کۆمەلگەکانی ئەم چەرخە دەخوینمەوە، پاشان کە سەیری ئەو شتانە دەکەم کە لە کۆمەلگەی ئیمەدا باو وبلاوون، هەست بە خەم وکەسەریکی قووڵ دەکەم، چونکە گرنگترین شتیك کە خەمی تاکی عەرەبیە وتەنها شتیك کە خۆی پی سەرقال دەکات، شەرەفی ئافرەتە، تراژیدیاکە ئەوەیە شەرەفی ئافرەت ومەزنی قەوارەی ئافرەت لە ئەندامی سیکسییاندا قەتیس دەکری، بیرۆکەی حەرام وحەلاڵ بەسەر هەموو شتیکدا زالە، ئەمانە لە راستیدا کۆمەلی کیشەی بچووکن و کەچی مرۆڤ

ودنیای ئیمە گزگڵو گورنەتەلە دەکەن، تەنانـەت گەیشـتۆتە ئـەو رادەیـەی کەسـی شەرم بکات لەوەی سەربەم جۆرە کەلتوورەیە، بەراستی شەرمیکی قووڵ دایدەگری.
* تۆ لە (اغاني مهيار الدمشقي) دا دەلییت : ( اتجه نحو البعيد والبعيد يبقى، هكذا لا اصل ولكنني اضيء)، پیم وایە ئەم وینە شیعرییە زۆر قوولترو وجوانترە لە وینەی سیزیفو ئازارەکانی سیزیف. ئەی (ساحیری تەپوتۆز)(6) ئازاری تۆ چییە؟
– ئەم پرسیارە زۆر جوانە، من نامەوی لـە رووی عەقلییـەوە وەڵامـی بدەمـەوە، بـەلکو بە ویژدان وڵامی دەدەمەوە. قووڵترین ئازاری من ئەوەیە بە دەگمەن کەسی دەبینم بە تیگەیشتنیکی راستەقینەوە لەمن تیبگـات، ناوەکـەم زۆر ناسـراوە وزۆریـش بـڵاوە بەڵام ئەوانەی تیمدەگەن زۆر دەگمەنن، ئەم مەسەلەیە لە ناخـەوە زۆرم ئازار دەدات، ئازارەکـەش لـەوە دایـە مـن خـۆم ئـەم شـتە دەزانمو درکـی پیدەکـەم. تـۆ دەزانیـتو وا هەستدەکەی کە بەرەو رووناکی دەرۆیت کەچی هەرکەسـی تەماشات دەکا بـەجۆری وەسفت دەکا کە گوایە بەئاراستەی تاریکی دەرۆیت، ئەمە بۆ من ئازاریکی گەورەیـە، ئازارەکە لەوەشدایە من زۆر چاك کۆمەلگاکەی خـۆم دەناسـم (مـن خـۆم وا دەبینـم کـە شارەزای ورد ودرشتی کۆمەلگاکەمم، میژووی کۆمەلگەی خۆم لە 1500 سـاڵ بـەر لـە ئـەمرۆوە تـا ئیسـتا دەزانم، هـەموو شـتە شـاراوەکانی شـارەزام، ئاگـاداری لـە ئەلفـەوە تایائی بەرهەمەکانیم، بەبی خاکەراییەکی درۆزنانە دەلیم هیچ کەسـی ئەوەندەی مـن میـژووی نەخویندۆتـەوە، میـژووم لـە هـەموو ئاسـتە شـیعری وفەلسـەفی وجوگـرافی وفیلۆلۆژی وزانستییەکانی خویندۆتەوە).
* لــە کتیبــی (مقدمــە للشــعر العربــی)(7) دا دەلیــی: (کــاتی دەرگاکــانی ئــازادی دادەخرین، گوناه دەبی بەشتیکی پیرۆز). ئەو گوناهـە پیرۆزانـەی تـۆ چین کـە دانـت پیداناون یاخود ئەوانەی تا ئیستا دانت پیدانەناون؟

- هەموو ئەو شتانەی ئازادی قوولتر دەکەنەوە، هەموو ئەو شتانەی یاساکان دیودەرە دەکەن، هەموو ئەو شتانەی جەخت لەوە دەکەن کە ئازادی وینەی تری نییە ئازادی نەبی، گشت ئەمانە گوناهەکانی منن، فیکر هیچ یاسایەکی نییە ئازادی نەبی، من هەست ناکەم بوونم هەیە تەنها لەو شتانەدا نەبی کە دیودەرە دەکرین، لیرەوە من ئەو قسەیەی ئەبو نواس دەلیمەوە: (انفت نفسي العزيزة ان تقنع الا بكل شيء حرام)، ریگە پیدراوەکان گرنگ نین، دەبی بگەینە ئەودیوی حەرامکراوەکان. گوناه لەلای من، هەر رەنگیکی هەبی، لە هەموو ئاستیکدا پیرۆزە، سا خۆی لە هەرشتیکدا بگری: دەسەلأتی باوك بی یان دەسەلأتی خیزان یان دەسەلأتی قوتابخانە یان دەسەلأتی سیاسەت، ئەم دەسەلأتانە لە راستیدا بریتین لە تیرۆر و ستەم وسەرکوت وچەوسانەوە، دەسەلأت شتیکە دەبی بەردەوام دژایەتیی بکەین، واتە هەر تەنها رەتی نەکەینەوە بەلکو لە دژیشی بجەنگین، ئیتر هەر دەسەلأتی بی، تەنانەت ئەگەر دەسەلأتی منیش بی، من لە (اغاني مهيار الدمشقي) دا وتوومە: (امحو وانتظر من يمحوني)، بەبی ئەم کارە مومکین نییە پیشبکەوین ومومکین نییە هیچ داهینانیك . بەمانای راستەقینەی وشەی داهینان . لە لای ئیمە سەرهەلبدات.

*هەر لە کتیبی (مقدمة للشعر العربي) دا شەتری بەیتیکی (عدي بن زيد العبادي)ت هیناوەتە کە دەلی : (ما غبطة حي الى الممات يصير). ئایا تۆ پریت لە خۆشنوودی؟ ئەی چۆن رووبەرووی بیرۆکەی مەرگ دەبیتەوە؟ ئاخۆ ئەو پرسیارانە بە زۆر پیتەوە دەنووسین کە بیرۆکەی مەرگ دەیانوروژینی؟

- من بەژیان پرم لە خۆشنوودی وکامەرانی، هەر تەنها بە ژیان، بەختەوەریی یەکەمی من هەر تەنها ژیانە، چونکە ژیان لە هەموو سامان ولە هەموو مولکیك مەزنترە، تۆ وەك مرۆڤیك تەنها یەکجار ژیانت پیدەبەخشری، لەبەر ئەوە گرفتی سەرەکیی من ژیانە نەك مردن، مردن شتیکە ناچیزەیە و لەبەینی هەمووواندا

هاوبەشە، پیشتر ئەم قسەیەم کردو ئیستاش دووپاتی دەکەمەوە، مرۆڤ لەمەدا یەکسانە بە ئاژەڵ و بوونەوەرەکانی تر، کیشە وگرفتی راستەقینە خودی ژیانە، من تیدەکۆشم لە پیناوی ئەوەی هەرچی زیاتر ژیانم جوان بیت، بەلاّم بە داخەوە چەکەکانم بە پیی پیویست یارمەتیم نادەن، هیچ شتی لە ژیان مەزنتر نییە، دەبی هەموو شتی لە پیناوی ژیاندا تەرخان بکری، دەبی ئامانجی فیکرو پرەنسیپ وبیروباوەرەکان بریتی بی لە مرۆڤ وژیان، مومکین نییە وناشبی ژیان ببی هۆیەك یان ببی بەکەرەستەیەك لە پیناوی شتیکی تردا.

* ئەمە گەورەترین نرخ وبەهای وجودی بوونەوەری بەشەرییە کە هیچ نرخ و بەهایەکی تر لە سەروویەوە نییە. نرخی فیکر وبیروباوەرەکان چییە ئەگەر وجودی بوونەوەر دەولەمەندترو پرتری نەکا.

– بەلی ژیان لە خۆیدا بەهایەکی گەورەیە، ئەمەیە خەباتی من لەم دنیایە و ئەمەیە گرفتی من، ئەوە ئاسان نییە بژیت، قبولکردنی مردن زۆر ئاسانترە لە قبولکردنی ژیان.

*بەلاّم چەکەکانی تۆ بیهیز نین، تۆ بیست وهەشت پیتت کرد بە مولکی خۆت و کۆمەلی سوپای گەورە وبەهیزت لی دروست کردن.

– کۆمەلی سوپا لەسەر کاغەز(8).

* بەلاّم سوپاکانی تۆ سوپای چالاکن وکاریگەرییەکی گەورەیان هەیە، راستە تۆ نەبوویتە زەعیمیکی سیاسیی بەلاّم بە فیعلی بوویت بە زەعیمی بیست وهەشت پیت کە بربیتین لە پیتی هیجای عەرەبی، بەو پیتانە سوپایەکت لە شیعر وفیکرو هەلویست دروست کرد. چۆن ئەزموونی فیکری وئیبداعیی خۆت هەلدەسەنگینی؟

– ئەمە پرسیاریکی زۆر جوانەو زۆریش موحریجە وزۆریش زیرەکانەیە. بەراستگۆییەکی تەواوەوە وا هەستدەکەم هەموو رۆژی سەرلەنوی دەست پیدەکەم تا

ئەو سوپایە پیکبهینم، هەستکردنیش بە دەست پیکردن لەهەموو رۆژیکدا، هەستکردنی کەسیکە لە ئاسۆیەکی نادیاردا ریدەکا ونازانی چۆن دەست پیدەکاو چۆنیش تەواو دەبی، بەم مانایە واهەستدەکەم هیچ شتیکم بەدی نەهیناوە، بۆیە هیوادارم مردن بەر لە وادەی خۆی نەمباتەوە بەلکو بتوانم شتیك بەدی بهینم، ئارەزوو وگرفتی من ئەوەیە ئەوەی کە خواستم بوو جیبەجیی بکەم هیشتا پیی نەگەیشتووم و جیبەجیم نەکردووە.

* ناگەیت بەڵام رۆشنایی دەبەخشیت.

– هیوادارم وا بیت، لەو باوەڕەدام کە دەبی وابیت، ئەوەی دەمەوی هیشتا پیی نەگەیشتووم.

* ئەدۆنیس، من ستایشت ناکەم، بەڵام ریگەم بدە رستەیەك بلیم، ئەو رستەیەش کورتەی ئەو بۆچوونەمە کە لە ماوەی سی سالی خویندنەوەی شیعرەکانت وفیکرو شەرەکانت پیکم هیناوە: تۆ شاعیریکی مەزن ومرۆڤیکی خانە دانیت.

<u>پەراویزەکانی بەشی یەکەم:</u>

1–نەواویس: گۆری فیرعەونەکانی میسر.

2–لەم دواییەدا قورعەی (گرووپی بەرەنگار بوونەوەی تەتبیع) کەوتە سەر سمیح القاسم–ی شاعیر. ئەم گرووپە هەمیشە پیویستییان بە نیچیریك هەیە، وەك چۆن دەسەڵاتەکان پیویستییان بە جەلادو کاهین و ریش سپی هەیە.

3–بیروت، دار مجلە (شعر)، 1957.

4–(قصابین) ئەو گوندەیە شاعیری تیدا ژیاوە، دەکەویتە باکووری سووریا لە تەنیشت شاری (جبلە)ی میژوویی لە ناوچەی (اللاذقیة)، ئەدۆنیس لە چەندین قەسیدەدا ناوی ئەو گوندەی هیناوە، بە تایبەتی لە دیوانی (مفرد بصیغة الجمع).

5–لە رۆژێکی زستاندا باران بە خور دایدەکرد، ئەدۆنیس لە قوتابخانەیەکی دووەرەوە. بەپێ بەرەو ماڵەوە دەگەڕایەوە، ئەوەندەی نەمابوو ئاوی رووبارەکە راپێچی بکات، ئەم رووداوە بووە هۆیەك کە واز لە قوتابخانە بێنێ.

**پەراوێزەکانی بەشی دووەم:**

1–ئەدۆنیس دووجار گریا، جاری یەکەم کاتێ برادەرانی منداڵی بیرکەوتەوە، جاری دووەم کاتێ باسی زیندانی کرد.

2–ئەم بەرنامەیە لە کەناڵی فەزایی لوبنانی LBC لە ساڵی 1998 پەخش کرا.

3–عەبلە خوری لە ساڵی 1919 لە ناوچەی (الکفیر)ی لوبنانی لە دایك بووە، ئەسڵی خێزانەکەی سەر بە گوندی (عین حلیا)یە لە ناوچەی (زبدانی)ی سووری، لە ساڵی 1949 لە ئیستگەی سوریا کاری کردووەو یەکەم ئافرەت بوو وەك بێژەر کاری کردبێ. لە ریکەوتی 1992/11/12 کۆچی دوایی کرد.

4–ناوی تەواوی ئەدۆنیس بە پێی ناسنامەکەی: عەلی ئەحمەد ئەسبر، سەرەتا بەناوی عەلی ئەحمەد سەعید دەینووسی لەتەك ناوی ئەدۆنیس کە پاشان هەر بەو ناوەی دووەم دەینووسی و ناودار بوو. ئەدۆنیس لە ساڵی 1930 لە گوندی (قصابین) لە سوریا لە دایك بووە، لە ساڵی 1956 بۆ یەکجاری چووەتە لوبنان و لەویدا جێگیر بووە. لە ساڵی 1957 لە دامەزراندنی گۆڤاری (شیعر) بەشداریی کردو بوو بە سەرنووسەر، ئەم گۆڤارە تاساڵی 1963 بەردەوام دەردەچوو. پاشان گۆڤاری (مواقف)ی دامەزراند کە تا ئیستاش دەردەچێ. وەك مامۆستای ئەدەبی عەرەبی لە کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی لوبنانیدا دەرسی وتۆتەوەو تا ساڵی 1978 بەردەوام بووەو پاشان گواستراوەتەوە بۆ کۆلیجی ئەدەبیاتی هەمان زانکۆ. لە زانکۆی قەدیس یوسف لە بەیرووت بروانامەی دکتۆرای دەوڵەتی لە ئەدەب بەدەست هینا، تیزی دکتۆرانامەکەی بە ناوی (الثابت و المتحول: بحث في الأتباع و الأبداع عند العرب) لە چواربەشدا. (ئەم زانیارییانەم لە کتێبی– الأسلام و الحداثة، ندوة مواقف، دار الساقي، ط1، 1990–وەرگرتووە "وەرگێر").

5–ئەنتوان سەعادە: دامەزرینەری حزبی سووری نەتەوەیی کۆمەڵایەتییە، یەکێکە لە گەورە روناکبیرەکانی عەرەب لە سەدەی بیستەم. لە 1904/3/1 لە دایك بووەو لە ریکەوتی 1949/7/8

دەسەڵاتی لوبنانی، لە پاش موحاکەمەیەکی شەکلی بە تۆمەتی خۆئامادەکردن بۆ شۆڕش لە دژی ڕژێم، لە سیدارەی داوە.

6-المزه: بەندیخانەیەکی ناودارە لە سوریا.

7-بنات یعقوب: پردیکە سوریا بە فەلەستین دەگەیەنیت، ئەوکاتەی ئەدۆنیس لەویدا خزمەتی سەربازیی دەکردو ئەرکی عەسکەریی لەسەر نەبوو، ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو گەلێ بەرهەمی بە زمانی فەرەنسی خوێندەوە، بۆ نموونە: ریلکەو ماکس جاکوبو ئەپۆلینیرو رینێ شارو جیمس جۆیس، هەر لەویشدا قەسیدەی (مجنون بین الموتی)ی نووسی کە پاشان لە ژمارە (1)ی گۆڤاری (شیعر)دا بڵاوکرایەوە.

8-لیرەشدا چاوەکانی ئەدۆنیس پڕ بوون لە فرمیسك، کاتێ بیر لە هەلویستە جوانەکان دەکاتەوە یەکسەر چاوەکانی تەر دەبن.

9-ئەم یانەیە مینبەریکی رۆشنبیریی (جمعیة العروة الوثقی) بوو لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیرووت، لە نیو کەشوهەوای ئەو کۆمەلەیەدا ژمارەیەك ناسیونالیستی عەرەب چالاکانە کاریان دەکرد، بۆ نموونە: قسطنطین زریق، ولید الخالدي، جورج حبش، رامز شحادة، برهان الدجاني، هاني الهندي، احمد الخطیب.

10- د. قوستەنتین زورەیق : روناکبیریکی ناسراوی سوریا، لە سالی 1909 لە دیمەشق لە دایك بووە، سەرۆکی زانکۆی سوریا بوو، لە سالی 1952 چووەتە لوبنانو پاشتر بوو بە سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی لە بەیرووت.

**پەراویزەکانی بەشی سییەم:**

1-البئر الأولی ناونیشانی بیۆگرافیاکەی جبرا ئیبراهیم جبرایە.

2-الحسین بن حمدان الخصیبی (260-346)هیجری لە میسر لە دایك بووەو پاشان چووەتە عیراقو دواجاریش بۆ لای سیف الدوله الحمدانی لە حەلەب، ریگەی سۆفیگەری گرتووەو پاشان بووە بە سەرۆکی رۆحیی عەلەوییەکان. المنتجب العانی (595 ه) شاعیر بووە. الحسن المکزون (583 ه) میری سنجار بووەو پاشان چووەتە ناو دنیای سۆفیگەرییەوەو چەندین شیعری پڕ لە رەمزو تەمو مژی نووسیوەو لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە. النفری: ناوی محەمەد بن عبدالجبار النفری-یە لە سالی (965 ه) کۆچی دوایی کردووە، لە بەرهەمەکانی (المواقف)و

(المخاطبات)، ئەدۆنیس گۆڤارەکەی ناو ناوە (مواقف). محی الدین ابن عربی: لە ئەندەلوس لە دایك بووەو لە دیمەشق لە سالی 1240 ز کۆچی دوایی کردووە، لە بەرهەمەکانی؛ (ترجمان الأشواق)و (فصوص الحکم).

3-فریدریك هیگل (1770-1831) فەیلەسووفیکی ئەلمانییەو کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر فیکری سەدەی نۆزدە هەبووە.

4- تۆمای ئەکوینی راهیبیکی دۆمنیکانییە، لە سالی (1225)ز لە ئیتالیا لە دایك بووەو لە سالی 1274ز کۆچی دوایی کردووە.

5-ئەم کتیبە لە نیوان سالانی 1964و 1968 لە بەیرووت بە سێ بەش چاپ کراوە.

6-هەشت بەشی ئەم کتیبە لە گۆڤاری (الزوبعة) بلاوکراوەتەوە کە لە سالی 1942 لە بۆینیس ئایرس دەردەچوو، پاشان لە سالی 1943 لە کتیبیکی سەربەخۆدا چاپ کرا.

7-ئەم قەسیدەیە بە رادەیەکی زۆر ناودار بوو بە تایبەتی لە دوای لە سیدارەدانی ئەنتوان سەعادە لە 1949/7/8 بلاوکرایەوەو پاشان لە سالی 1954 لە دیمەشق لە کتیبیکدا چاپ کراوە.

بدوی الجبل: شاعیرو سیاسیو خەباتگیرە، لە سالی 1908 لە دایك بووەو ناوی محمد سلیمان الأحمد-ە، لە دژی ئینتیدابی فەرەنسی خەباتی کردووە، لە سەردەمی سەربەخۆییشدا بووە بە وەزیر، لە ریکەوتی 1981/1/19 کۆچی دوایی کردووە.

8- سەعید عەقل شاعیریکی لوبنانییەو بە رەسەن سوورییە، لە سالی 1912 لە دایك بووە.

9-جەواهیری: دوا نوینەری قەسیدەی کلاسیکیی عەرەبییە، لە 1899/7/26 لە شاری نەجەف لە عیراق لە دایك بووە، لە 1997/7/27 لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە.

10-هیراکلیتس: لە سالی 576 پ.ز لە شاری ئەفسسی یۆنانی لە دایك بووە، دەیووت: جیهان لەیەك کاتدا یەك جیهانەو فرە جیهانیشە، ناونیشانی دیوانەکەی ئەدۆنیس (مفرد بصیغە الجمع) لەو وتەیەی هیراکلیتس وەرگیراوە.

فریدریك نیچە: یەکیکە لەو بیرمەندانەی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر فیکری هاوچەرخ جیهیشتووە، لە 1844/10/15 لە ئەلمانیا لە دایك بووە، لە سالی 1900 کۆچی دوایی کردووە، لە بەرهەمەکانی: (هکذا تکلم زرادشت) و (ارادة القوة).

## پەراویزەکانی بەشی چوارەم:

1–ئەدۆنیس دەڵێ: (بەراستی ئەمە دیاردەیەکی سەرسورهێنەرە کە لەرووی لاهووتییەوە فیکریکی ئایینی– بە مانای قوڵوتایبەتی ئەو دەستەواژەیە– لە لوبناندا نەبینین، بۆ نموونە ئیمە کتیبیك یان تویژینەوەیەك نابینین کە لە فیکری هاوچەرخی ئایینیدا بەشداریکردنیکی لوبنانییانە پیشان بدات (...) لە لوبناندا فیکریکی ئایینی خولقینەر نییەو ئایینیش ئامادەبوونیکی رۆشنبیریی نییە کە بەشداری لە نویکردنەوەی (بینین) بکاو لە گیروگرفتەکانی ژیان تیبگات (...)بگرە ئایین لە لوبناندا بریتییە لە کۆمەڵێ سرووت) (ئەدۆنیس، ها انت ایها الوقت، بیروت–دار الأداب، 1993)

2–سەعدوللا وەنوس: لە ساڵی 1941 لە سوریا لەدایك بووە، یەکیکە لە باشترین نووسەرانی شانۆی عەرەبی، لە ریکەوتی 1997/5/15 بە نەخۆشیی شیرپەنجە کۆچی دوایی کردووە، لە بەرهەمەکانی ..( فیلەکەت ئەی خاوەن شکۆ)و (پاشا پاشایە).

3–ئەنتۆنیۆ گرامشی.. یەکیکە لە کۆمۆنیستە دیارەکانی ئیتالیا لە 1889/1/27 لە دایك بووەو لە 1937/4/27 کۆچی دوایی کردووە.

4–یوسف الخال: شاعیریکی سورییەو لە 1917/12/25 لە دایك بووە، یەکەم کۆمەڵە شیعری لە ساڵی 1944 بە ناوی (ئازادی) چاپ کردووە. محەمەد الماغوت: لە ساڵی 1934 لە سوریا لە دایك بووە لە پەنجاکاندا بەهۆی ئەندامیتی لە حزبی سوری نەتەوەیی بەرەو بەیروت هەڵاتووە بەڵام لە ساڵی 1962 گەراوەتەوە بۆ سوریا، یەکیکە لە دیارترین شاعیرانی پەخشانە شیعر. نذیر العظمة: لە ساڵی 1930 لە دیمەشق لەدایك بووە، لە ساڵی 1956 چۆتە لوبنان، نزیکەی 8 کۆمەڵە شیعری چاپکراوی هەیە. فوئاد رفقە: لە ساڵی 1930 لە سوریا لەدایك بووە، لەو کودەتا شیعرییەدا بەشداری کردووە، کە گۆڤاری (شیعر) ریبەرایەتیی دەکرد. کەمال خیربك: لە سوریا لە دایك بووە لە ریکەوتی 1980/11/5 لەبەیروت تیرۆر کرا، پاش ئەوەی وازی لە شیعر هینا چووە ریزەکانی خەباتی فەلەستینیو بە نهینی کاری دەکرد، چەند دیوانە شیعریکی چاپکراوی هەیە لەگەڵ کۆمەڵێ بەرهەمی تر کە تا ئیستا چاپ نەکراون.

5–سەعدی یوسف: شاعیریکی عیراقییەو لە ساڵی 1932 لە دایك بووە، چواردە دیوانە شیعری هەیە، یەکەم دیوانە شیعری لە ساڵی 1952 بە ناوی (القرصان) چاپ کردووە، لە زمانی ئینگلیزییەوە بەرهەمەکانی کاڤافیو ریتسۆسو لۆرکای وەرگیراوە.

6–جۆرج صەیدەح: شاعیریکی مهجەری سورییە لە ساڵی 1893 لە دیمەشق لە دایك بووەو لە ریکەوتی 1978/10/10 لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.

7–خلیل بن احمەد الفراهیدی: دانەری زانستی عەروزە، خاوەنی کتیبی (الجمل فى النحو)، لە 175هیجری کۆچی دوایی کردووە.
8–میشیل عەفلەق : لە سالی 1910 لە دیمەشق لەدایك بووە لە سالی 1932 لە زانکۆی سۆربۆن مۆلەتی لە میژوو وەرگرتووە، لە سالی 1948 لە شەرەکانی فەلەستیندا بەشداریی کردووە، لە 1947/4/7 حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دامەزراندووە کە لەسالی 1963 لە سوریاو عیراق دەسەلاتیان گرتە دەست، لە ریکەوتی 1989/6/24 لە پاریس کۆچی دوایی کردووەو لە بەغدا نیژراوە.
9–زەکەریا تامر: لە سالی 1931 لە دیمەشق لەدایك بووە، لە وەزارەتی راگەیاندن وەك چاودیر کاری کردووە، لە بەرهەمەکانی: (صهیل الجواد الأبیض) و (النمور في الیوم العاشر). علي الجندي: لە سوریا لە دایك بووەو چۆتە ریزەکانی حزبی بەعس، لە وەزارەتی راگەیاندن بووە بە بەریوەبەری هەوالەکان، لە سالی 1962 یەکەم کۆمەلە شیعری بە ناوی (الرایة المنکوسة) چاپ کردووە.

**پەراویزەکانی بەشی پینجەم:**

1– توفیق صایغ: خەلکی سوریایەو لە 1923/12/14 لەگوندیکی شاری – السویدا – لەدایك بووە، لەگەڵ خیزانەکەی بەرەو فەلەستین کۆچیان کردووەو لەسالی 1948 پەنای بۆ لوبنان بردووە، لە نۆڤەمبەری سالی 1962 تائایاری سالی 1967 گۆڤاری (دیالۆگ)ی دەرکردووە لەسالی 1973 لەئەمریکا کۆچی دوایی کردووە.
2–میشال طراد: شاعیریکی لوبنانییەو بەزمانی میللی دەینووسی، لە1912/10/21 لەدایك بووەو لە1998/2/8 کۆچی دوایی کردووە طلال حیدر: شاعیریکی لوبنانییەو لە 1937/8/22 لە بعلبك لەدایکبووە.
3– ئەدۆنیس دەلیّ: ( بەهای هونەری لەدەستپیکردنی زەمەنیدا نییە، بەشار بن بورد لەمیژووی شیعری عەرەبیدا دەستی بەتازەگەریی شیعری عەرەبی کرد، کەچی ئەبونەواس کەلەدوای ئەوهات، لەویش مەزنترە، لوی بیرتراندی شاعیری فەرەنسی یەکەمین کەس بوو لەئەدەبی فەرەنسیدا پەخشانە شیعری نووسی کەچی لەرووی شیعرییەوە بە بۆدلیرو رامبۆو مالارمیّ بەراورد ناکریّ. واتە مەرج نییە دەسپیشخەریی زەمەن بەزەوورەت دەستپیشخەری هونەری یان ئیبداعیش بیت) بروانە ئەو چاوپیکەوتنەی لەژمارە 405ی گۆڤاری (الوسط) لە 1999/11/1 دا بلاوکراوەتەوە.

**ئیمەش بەشیکی ئەو چاوپیکەوتنەمان وەرگیراوەو لەژمارە 303ی (برایەتی ئەدەبو هونەر) لە 2000/11/17 بڵاو کراوەتەوە. هەروەها بروانە لاپەرە(   ) ی ئەم کتیبە .**

**4- لەم ماوەیەدا ئەدۆنیس پیشانگایەکی شیوەکاریی لەگەلەریی (ئەربیا) لەپاریس کردەوە کەبۆماوەی مانگیك بەردەوام دەبیٚ و تیایدا کۆمەلیٚ تابلۆی پر لەهەستی شیعریی نمایش کردووە، پیشانگاکە لە 2000/11/10دا کرایەوە تا 2001/1/15 بەردەوام دەبیٚ. (رۆژنامەی – الحیاە- ژمارە 13780 لە 2000/12/3).**

## پەراویزەکانی بەشی شەشەم:

**1-سلیمان القانونی: لەگەڵ سولتانەکانی عوسمانیدا ژیاوەو پیاویکی زۆر ناودار بووە، لەسەردەمی ئەودا دەولەتی عوسمانی گەیشتە لوتکەی گەشانەوە. یاساو شەرائعی دارشتووەو گەلیٚ چاکسازیی لە بواری ئەدەبو هونەرەکاندا کردووەو چەندین کۆمیسیۆنی بۆ ئەوروپا ناردووە. لە سالی 1520ز لە دایك بووەو لە سالی 1566ز کۆچی دوایی کردووە.**

**مدحت پاشا: خاوەنی دەستووری عوسمانییەو والی سوریا بوو، پاشان بووە بە (صدرالاعظم). لە سالی 1822 لە دایك بووەو لە سالی 1884 لە زیندان کۆچی دوایی کردووە.**

**محمد علی الکبیر: لە سالی 1805 لە دایك بووەو لە سالی 1849 کۆچی دوایی کردووە. هەولیدا حوکمیکی عەرەبی لە نیوان میسرو شام دروست بکات.**

**2-محمود سامی البارودی: لە شاعیرانی سەردەمی رینیسانسی عەرەبییە، لە سالی 1840 لە قاهیرە لە دایك بووەو لە سالی 1904 هەر لەویدا کۆچی دوایی کردووە.**

**ولی‌الدین یکن: لە سالی 1873 لە ئوستانە لە دایك بووە، لە سالی 1921 لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە، بەردەوام لە دژی زولمو ستەم خەباتی دەکرد، لە بەرهەمەکانی: (الصحائف السود).**

**الامام عبدالرحمان الاوزعی: فەقیهیکی موسلمانەو لە سالی 707ز لە بەعلەبەك لە دایك بووە، لە سالی 774ز لە بەیرووت کۆچی دوایی کردووە. لە بەرهەمەکانی:(س السنن)و (المسائل).**

**3-ئەدۆنیس سەر بە تایەفەی عەلەوییە، ئەم تایەفەیە کۆمەلیٚ ناوی گەورەی تیاهەلکەوتووە، بە تایبەتی لە شیعرو هونەرو رۆشنبیریو سیاسەتدا لەوانە: بدوی الجبل، سعدالله ونوس، زکی الاورسوزی، صالح العلی، حیدر حیدرو زۆری تریش.**

4-جـورج حنـین: لـە 1914/11/20 لـە قاهـیرە لـە دایـك بـووە، لـە سـالی 1937 گرووپـی "هونـەرو ئازادی"ی دامەزراندو لە سالی 1938 یەکەم دیوانە شیعری چاپ کرد، کەسیکی ترۆتسکیست بوو، پـەیوەندیی هاوریـیـەتی لەگـەڵ ئـەندرێ بریتـۆن زۆر نزیـك بـوو، لـە سـالی 1973 کۆچــی دوایــی کردووە،.

خانم جویس منصور: لە سالی 1928 لە ئینگلتـەرە لـەدایك بووە، بە مندالی لەگـەڵ خیزانەکـەیدا هاتوونەتە قاهیرە، لە قاهیرە هینری میشۆی شاعیری ناسیوەو شیعرەکانی پیشان داوە، ئـەویش زۆر سەرسام بووە پیـیو پاشـان بـۆ پـاریس بانگهیشـتی کـردووە، ئـەم خانمـەش لـە سـەرەتای پەنجاکاندا چووەتە پاریسو لەویدا ئەندرێ بریتۆنی ناسیوە.

رمسـیس یونـان: لەسـالی 1913 لـە دایـك بـووە، لـە سـالی 1923 قوتابخانــەی هونـەرە باڵاکـانی تەواوکردووە، بەشدار بووە لە دامەزراندنی گرووپی "هونەرو ئازادی"، لە 1966/12/25 لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە.

5-ئەم ناوە لەبنەرەتدا لەوشەی"بارناسوس"ەوە هاتووە کە ناوی شاخیکە لە یۆنانو دوو لوتکـەی هەیـە، گریکـەکان باوەریـان وابـوو ئـەپۆلۆی خواوەنـد لـە لوتکەیـەکیدا دەژیو خواوەندەکـانی هونەریش لە لوتکەکەی تریدا دەژین، پاشان ئەم مانایە فراوانتر بووەوەو تیکرای شیعرو شاعیرانی گرتەوە. بەرناسیزم قوتابخانەیەکی شیعرییەو لە کۆتایی سەدەی نۆزدە لە فەرەنسە دامەزراوە، ئەم ناوەشیان لە گۆڤاریکی ئەدەبی وەرگرتووە بە ناوی (بەرناسوسی هاوچەرخ) کە لە سالی 1866 دەرچووەو لـە سـالی 1876 وەسـتاوە، سـتیڤان مالارمـێ یـەکێ بـوو لـەو شـاعیرە گرنگانـەی لـەو گۆڤارەدا دەینووسی.

6-سـوریالیزم: زاراوەیەکە شاعیری فەرەنسایی گیـوم ئـەپۆلینیر(1880-1918) لـە سـالی 1917دا دایهیناوە. لە سالی 1924 یشدا ئەندرێ بریتۆن مانیفیستی سوریالیزمی دەرکردو لە دایك بوونی رەوتیکی نویی شیعریی راگەیاند کە ناوی لینـا "سـوریالیزم". سـوریالیزمیش بزووتنەوەیـەکی هونەرییـەو رەگی ئـەم رەوتـە شیعرییە لـە قەسـیدەکانی رامبـۆو لـە "گۆرانییـەکانی مـالدۆرۆر"ی لۆتریـامۆن هەیـە، سوریالیزم هـەر لە سـەرەتاوە بەرەو ئـەوە دەچوو داهینـان لە کۆتـەکانی عـەقڵو ئـایین رزگـار بکـات، ئـەم رەوتـە هونەرییە لـە راسـتیدا بزووتنەوەیەکـە لـە دژی سـتەمو سـەرکوتو داپلۆسینو پۆلیسـی فیکـری، ئـازادیش لـە ریگـەی لـەنیو بردنـی سانسـۆری ئاگـاییو لـە میـانی خەیالـەوە بـەدی دیـت کـە دەبێ لـەویوە عـەقلی نـاوەوەش رزگـار بکـرێ. سـوریالیزم دریـژە پیدانــی

دادایزمە کە تریستان تزاراو فیلیپ سۆبۆ دایانمەزراند. لە نیوان ساڵانی 1930 تا 1940 سوریالیزم بە رادەیەکی زۆر گەشەی کرد بەڵام لە پاش داگیرکردنی پاریس لەلایەن هیزەکانی ئەلمانیاوە، بنکەی ئەم بزووتنەوەیە گواسترایەوە بۆ ئەمریکاو پاشان وردە وردە خامۆش بۆوەو نەما. بەڵام لەو میژووە کورتەدا کۆمەڵێ ناوی گەورەی بەرهەم هینا، بۆ نموونە: ئەنتۆنین ئارتۆ، سلڤادۆر دالی، لویس بۆنۆیل، ئەلبیرتۆ جیاکۆمیتی، ماکس ئەرنست، رینێ شار، ئۆکتاڤیۆ پاز.

7–ابن تیمیة: ناوی تەواوی–تقی الدین احمد بن تیمیة–، فەقیهیکی حەنبەلییە، لە ساڵی 1263 ز لە سوریا لە دایك بووە، لە ساڵی 1328 ز لە زیندان کۆچی دوایی کردووە.

**پەراویزەکانی بەشی حەوتەم:**

1– ئەم دیوانە (الکتاب: امس المکان الآن) یەك قەسیدەی دووردوریژە وبونیادیکی شەبەکییانەی هەیە وبەشیوەیەکی ئۆرکیسترالی دادەبەزی و هەلدەکشی وخامۆش دەبی وبلند دەبیتەوە ودەقیژینی و دەچرپینی و ون دەبی و دەردەکەویتەوە ولە بزاوتیکی پیکداچوودا شپرزە دەبی وهیوریش دەبیتەوە و ئاماژە بۆ دەریای میژوویمان دەکا. ئەم کتیبە لە ساڵی 1995 بە دوو بەش لە (دار الساقی) دا لە بەیرووت چاپ کراوە.

2– مالارمی: یەکیکە لە دیارترین شاعیرانی سیمبۆلیزم، لە 1842/3/18 لە پاریس لە دایك بووە ولە 1898/9/9 کۆچی دوایی کردووە.

3– ئۆلیس Ulysse لە جەنگی تەروادە یەکی بوو لە پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی یۆنان. پاشای ئیتاکا و میردی پینلۆپ بووە، قارەمانیتی ئەم پاڵەوانە لە (ئۆدیسە)ی هۆمیرۆسدا باسکراوە. جیمس جۆیسیش لە ساڵی 1922 رۆمانی ( یۆلیسیس) ی لەم کارەکتەرەوە دارشتووە. جۆیس رۆمانووسیکی ئەمریکی بەرەسەن ئیرلەندییە، لە ساڵی 1882 لە دایك بووە لە ساڵی 1941 کۆچی دوایی کردووە.

4– جورج تەرابیشی: نقد نقد العقل العربي، دار الساقي . بيروت . 1996.

5– جۆرج تەرابیشی: نووسەر و رووناکبیریکی سوورییە، لە ساڵی 1931 لە شاری حەلەب لە دایك بووە، لە ساڵی 1972 چۆتە لوبنان وپاشان لە سەرەتای هەشتاکاندا چووەتە پاریس، گەلی کتیبی وەرگیراوە وئەم کتیبانەشی نووسیوە (شرق وغرب / رجولة وانوثة) 1989، (مذبحة التراث في الثقافة العربية المعاصرة) 1993.

**محمد عابد الجابری: روناکبیریکی مەغریبی یە، لە 1935/12/27 لە دایك بووە، لە سالی 1970 بروانامەی دکتۆرای لە زانکۆی (الرباط) وەرگرتووە وئیستا لە هەمان زانکۆدا مامۆستای فەلسەفە و فیکری ئیسلامییە. لە کتیبەکانی : (نحن والتراث) 1980، (الخطاب العربي المعاصر) 1982، (بنية العقل العربي) 1986...هتد.**

**محمد ئارکۆن: روناکبیریکی جەزائیرییە وە لە پاریس دەژی، لە سالی 1969 بروانامەی دکتۆرای بەدەست هیناوە، لە زانکۆی سۆربۆندا مامۆستای میژووی فیکری ئیسلامییە. لە کتیبەکانی (الفكر الاسلامي . قراءة علمية) 1987، (الاسلام، اوروبا، الغرب) 1995، (قضايا في نقد العقل الديني) 1998، (الفكر الاصولي واستحالة التأصيل) 1999.**

**عبدالله العروی: روناکبیریکی مەغریبی یە، لە 1933/11/7 لە دایك بووە، یەکیکە لە دامەزرینەرانی یەکیتی نیشتمانی هیزە میللییەکان. لە کتیبەکانی (الايدولوجية العربية المعاصرة) 1967، (العرب والفكر التاريخی) 1970، (مفهوم التاريخ) 1992، (مفهوم العقل) 1996.**

**حسن حنفی: روناکبیریکی میسرییە و لە سالی 1935 لە قاهیرە لە دایك بووە، سەرۆکی بەشی فەلسەفەیە لە کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی قاهیرە. لە کتیبەکانی: (مقدمه فی علم الاستغراب) و (التراث والتجديد) و (من العيقدة الى الثورة).**

**6- کتیبی (فی الشعر الجاهلی) ی طه حسین بۆ یەکەمجار لە سالی 1926 لە قاهیرە چاپ کراوە.**

**7- منصور فهمی: نووسەریکی میسریە لە سالی 1886 لە دایك بووە لە پاریس خویندنی تەواو کردوە، لە سالی 1959 کۆچی دوایی کردووە. لە سالی 1913 دا کتیبیکی نووسیوە بە ناوی (احوال المرأة في الاسلام) ئەم کتیبە هەر لە زانکۆدا هەلگیرا بوو وچاپ نەکرا تا لە سالی 1997 دا (دار الجمل) لە ئەلمانیا چاپی کرد.**

**8- علی عبدالرازق: لە سالی 1888 لە دایك بووە، لە سالی 1925 کتیبی (الاسلام واصول الحكم) ی نووسیوە، لە سالی 1971 کۆچی دوایی کردووە.**

**9- (خۆرهەلاتی ناوەراست) ناونیشانی رۆمانیکی ناوداری رۆماننووسی سعوودی (عبدالرحمن منيف) ە کە لە سالی 1977 لە بەیرووت چاپ کراوە.**

**10- ئەم کتیبەی ئەدۆنیس لە سالی 1974 لە چاپخانەی (دار العودة) لە بەیرووت چاپ کراوە.**

**11- ئەم کتیبەی جابری لە سالی 1984 لە چاپخانەی (دار الطليعة) لە بەیرووت چاپ کراوە.**

12- ئەم زانکۆیە لە دواییدا ناوەکەی گۆردراو بووبە : زانکۆی ئەمەریکی لە بەیرووت.
13- ئەمرۆ پیی دەوتری: زانکۆی قاهیرە.

**پەراویزەکانی بەشی هەشتەم:**

1- ئەو چینانەی زۆر هەژارن، زۆر تر کۆنەپەرستن، هەژاری بواریکی زیندووە کە نەخویندەواری و تاوانکاری تیایدا سەوز دەبی وپاشکەوتوویی ونەزانینی تیادا بڵاو دەبیتەوە. لەم نیوەندەدا دەسەڵاتەکان پیاوەکانی خۆیان ساز دەدەن وشەپۆلە فەندەمینیتالیزمەکانیش موریدەکانی خۆیان لە پیاوکوژان هەلدەبژیرن. ئاخۆ عەقلی دەستە بژیرە رۆشنگەرەکان دەتوانی ئەو تویژە بە دوای خۆیدا رابکیشی و نەهیلی ببنە ئامرازیکی سەرکوت وستەمکار ونەهیلی ببنە ئەو تویژە تاریکەی لە دژی رووناکبیرە ئازادەکان بووەستن.
2- جان پۆل سارتەر لە سالی 1958 و لە ساتەوەختی شۆرشی جەزائیریدا، بانگەوازیکی بلاوکردەوە وتیایدا داوای لە لاوە فەرەنسییەکان کرد خزمەتی سەربازی رەت بکەنەوە وسەرۆك دیگۆل بە جەلاد وەسف بکەن، وەزیری ناوخۆش پیشنیاری کرد سارتەر بگرن وزیندانی بکەن، بەڵام دیگۆل وتی: ئایا دەشی ڤۆلتیر زیندانی بکری؟
3- ئالتۆسیر: رووناکبیریکی مارکسیی گەورەیە، لە سالی 1918 لە دایك بووە، دوچاری شیزۆفرینیایەکی توند بوو ولە ریکەوتی 1980/11/16 ژنەکەی خۆی خنکاند، خۆشی لە ریکەوتی 1990/10/22 کۆچی دوایی کرد. (فۆکۆیاما) ئەمریکییە وبەرەگەز ژاپۆنییە لە سالی 1952 لە شیکاگۆ لە دایك بووە، لە سالی 1989 وتارە بەناوبانگەکەی بە ناوی (کۆتایی میژوو) نووسیوە. هنتنگتۆن لە سالی 1927 لە نیویۆرك لە دایك بووەو لە سالی 1993 وتارە بەناوبانگەکەی بەناوی (ململانیی شارستانیەکان) نووسیوە. نوام چۆمسکی جوولەکەیەکی ئەمریکییە و بەرەچەلەك رووسیە، لە سالی 1928 لە دایك بووە. لیڤی شتراوس جوولەکەیەکی فەرنسییە ولە 1908/11/28 لە دایك بووە، (ئەنترۆپۆلۆژیای بویناگەری 1958) یەکیکە لە گرنگترین بەرهەمەکانی. (رۆلان بارت) نووسەریکی فەرەنسییە لە سالی 1915 لە دایك بووە وە لە سالی1980 بە کارەساتی ئۆتۆمۆبیل کۆچی داویی کردووە.

4– هایدگەر: گرنگترین فەیلەسووفی سەدەی بیستەمە، لە 1889/9/26 لە ئەلمانیا لە دایك بووە، لە سالی1920 پەیوەندیی بە کاسۆلیکیەت پچریوە، لە ریکەوتی 1967/5/26 کۆچی دوایی کردووە. لەبەرهەمەکانی (الكينونه والزمان).

5– کۆپەر نیکۆس: زانایەکی گەردوونیی پۆلۆنییە لە سالی1473 لە دایك بووە، ئەم زانایە سەلماندی کە زەوی بە دەوری خۆیدا دەسووریتەوە و بە دەوری هەتاویشدا دەسووریتەوە لە سالی1543 کۆچی دوایی کردووە.

6– گالیلۆ: زانایەکی گەورەی زانستی فیزیا و گەردوون وبیرکاری یە، گالیلۆ ئەوەی سەلماند کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسووریتەوە، پاشان کلیسە دژایەتییان کرد تاناچار بی لەو رایە پاشگەز بیتەوە.

7– جیهانگیری باوەریك یان تەوژمیك نییە تا رەتی بکەینەوە یان قبولی بکەین یان دژایەتی بکەین، بەلکو پیشکەوتنیکی میژووییە وبازادنیکی ژیاریشە کە دنیا راستەوخۆ کەتۆتە ژیر کاریگەریی شۆرشە زانستی وتەکنۆلۆژییەکان. بۆ زیاتر شارەزابوون بروانە ئەم کتیبەی (عەلی حەرب) ی رووناکبیری لوبنانی (علي حرب، حديث النهايات: فتوحات العولمة ومأزق الهوية، الدار البيضاء ـ بيروت، المركز الثقافي العربي، 1999).

**پەراویزەکانی بەشی نۆیەم:**

1_حسین مروە، لە 1987/2/18 لە بەیرووت تیرۆر کرا.

2_مهدی عامل، لە 1987/5/18 لە بەیرووت تیرۆر کرا.

3_فرج فودة، لە 1993/6/8 لە قاهیرە تیرۆر کرا.

4_نجیب محفوظ، لە 1994/10/14 هەولی تیرۆرکردنی دراوە.

5_رۆشنبیری هیرش نابات، بەلکو پرۆسەی بزاوتەکانی خۆی وگەشانەوەو رەونەقی خۆی دەکا، ئیدی فراوان دەبیتەوەو بە هەموو لایەکدا بلاودەبیتەوە، لە راستیدا فراوانبوونەوەو بلاوبوونەوە دوو خاسیەتی جەوهەریی رۆشنبیرین نەك هیرش وپەلاماردان. دۆخی رۆشنبیریی یۆنانی لە چاخی کۆندا بە مجۆرە بوو، دۆخی رۆشنبیریی عەرەبی لەسەدەکانی ناوەراستدا بەمجۆرە بوو، دۆخی رۆشنبیریی خۆرئاواییش لەم چەرخە نوییەی ئەمرۆماندا بەمجۆرەیە.

6_ئیبن راوەندی دەیووت: ئەگەر ئایین لەگەڵ عەقلدا ریك بیت ئەوا پیویستیمان پیی نییە، ئەگەر لەگەڵ عەقلیشدا جیاواز بیت ئەوا رەتی دەکەینەوە. ئیبن راوەندی لە سالی 210 ی هیجری لە

دایك بووە و لە سالی 250 ی هیجری کۆچی دوایی کردووە، لە بەرهەمەکانی: (فضیحة المعتزلة) و (الزمرد).

7_دوو دیرە شیعری ئەبوعەلای مەعەری هەیە هەلویستی ئەو لە بارەی ئایین رووندەکەنەوە:

اثنان اهل الارض ذو عقل

بلا دین ودین لاعقل له

افیقوا افیقوا یاغواة فأنما

دیاناتکم مکر من القدماء

8_الولید بن یزید: خەلیفەیەکی ئومەوییە ولە سالی 707ز لە دایك بووە، لە پاش مەرگی هشام بن عبدالملك کراوە بە خەلیفە، لە سالی 744ز لە خەلافەت لابراوەو پاشان کوژراوە. کەسیکی شەهوانی بووە وحەزی لە شەراب وبەزم رەزمی ئاهەنگ وگۆرانی بووە.

9_المسعودی لە کتیبی (مروج الذهب ومعادن الجوهر) دا ئەم بابەتەی باسکردووە، ئەم کتیبە لە سالی 1964 لە قاهیرە چاپکراوە.

10_ئەلرازی: ناوی محەمەد کوری زەکەریا ئەلرازیە، نکولی لە پیغەمبەرایەتی دەکرد و کتیبە پیرۆزەکانی رەتدەکردەووە.لەکتیبەکانی (العلم الالهی) و(مخاریق الانبیاء).

11_قاسم الشواف ئەم کتیبەی وەرگیراوەتە سەر زمانی عەرەبی و ئەدۆنیس پیشەکی بۆ نووسیوە، لە سالی 1996 لە دار الساقی لە بەیرووت چاپکراوە.

12_هەندی لە تویژەران وایدەبینن چیرۆکەکانی قورئان گیرانەوەی رووداوگەلیك نین کە بەراستی لە میژوودا روویاندابی، بەڵام کۆمەلی حیکایەتن و مەبەستی مەوعیزە دادانیان تیا هەیە. لەبەر ئەوە نابی ئەو چیرۆکانە وەك کۆمەلی رووادوی راستەقینە تەماشا بکرین بەلکو وەك کۆمەلی هیما تەماشا دەکرین.

13_بروانە فەتوای ابو حمزة المصري (مصطفی کامل) لە رۆژنامەی (الحیاة) لە 1997/5/1 کە ریگە بەیەکی لە میرەکانی گرووپی ئیسلامی جەزائیر (عنتر الزوابري) دەدا چیژ لە ئافرەتە جەزائیرییەکان وەربگری چونکە ئەوانە ژنی موشریکەکانن وەك چۆن ابوبکر الصدیق ئەم کارەی لەگەڵ ژنی موشریکەکان کردووە.

**پەراویزەکانی بەشی دەیەم:**

1_جاك لانگ: فەرەنسییەکی یەهوودییە، لە سالی 1939 لە دایك بووە. لە سالی 1981 بووە بە وەزیری رۆشنبیریی فەرەنسا.

2_یەهودا مینۆحین: یەهوودییەکی بە رەسەن رووسییە، لە سالی 1917 لە دایك بووە ولە سالی 1999 کۆچی دوایی کردووە.

3_گەرەکی (رامات غان) لە تەلئەبیب تا رادەیەکی زۆر بە گەرەکیکی عیراقی دادەنری.

4_قورئانی پیرۆز، سورەتی (التحریم)، ئایەتی (17).

5_(باخچەکانی ئاگر) و (مەلەکوتی با) لە قەسیدەی (ملك مهیار) و لە دیوانە شیعری (اغانی مهیار الدمشقی) دا، ئەم شیعرە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری (شیعر) سالی 1961لە بەیرووت بلاوکراوەتەوە.

6_ناونیشانی قەسیدەیەکە لە کۆمەلە شیعری (اغانی مهیار الدمشقی) دا.

7_بیروت، دار العودة، 1971.

8_ئەدۆنیس لە (اغاني مهیار الدمشقي) دا سوپاکانی خۆی لە درەخت وبەردو شیو وگژوگیاکان کورت دەکاتەوە ودەلی : (شجرة تغیر اسمها وتأتي الي، حجر یغتسل بصوتي، سهل یکتسي بأوراقي...هذه جیوشي وسلاحي العشب).

## سەرچاوە:

ئەم گفتوگۆیە لە 10 ژمارەی رۆژنامەی (القدس العربی) بلاوکراوەتەوە لە ژمارە (3468 ) هەتا 3477) لە 2000/7/5 هەتا 2000/7/16. پاشان لە دوو تویی کتیبیکدا لە سالی 2000 لە (المؤسسة العربیة للدراسات والنشر) لە بەیروت چاپکرا.

# هەندێ گفتوگۆی دیکە

## ئەگەر ئیمە تەنیا دیوە جوانەکەی میژوومان ببینین واتە میژووی خۆمان نابینین !

دوا كتيبى شيعريي (ئةدؤنيس) ي شاعير، كتيبيكة بة نيوي (كيتاب) كة لة سالي (1995) لـة (دار الساقي) ضـاثكراوة، ئـةم كتيبـة لـة ناونيشـاني بابـةت وفؤرمـدا جياوازييةكي زؤري لةطةلأ ئةو ديوانة شيعريانةدا هةيـة كـة تائيستا ضـاثكراون، نةران وررووذاندووة.

ئـەدۆنیس ئـەم كتیبـەى نـاو نـاوة (**الكتـاب ـ أمـس المكــان الان**) لــة خوارةوةشــدا نووسیويةتي (**مخطوطه تنسب الى المتنبي يحققها وينشرها أدونيس**) واتة، ئةمة دةستنووسيكة دةدريتة ثالأ موتةنةبي و ئةدؤنيس ليي دةكؤليتةوةو بلآوي دةكاتةوة.
بؤ زياتر شارةزابوون لةم كتيبةي ئةدؤنيس، بروانة طؤظـاري (**الموقـف الثقـافي**) ذمارة (5) سالي (1996) كة رةخنةطري عيراقي (**طـراد الكبيسـي**) ليكؤلينةوةيـةكي جواني لةسةر فؤرم ونـاوةرؤكي دةقـةكان نووسـيوة لـة تـةك هينانـةوةي ضـةندين نموونة لة دةقةكان.
بة بؤنةي دةرضووني ئـةم كتيبـةوة كـة دواتـر لـة رؤذنامـة وطؤظـارة ئةدةبيـة عةرةبييةكاندا زؤري لةسةر نووسرا، طؤظاري (العالم) لة ذمارة (664) ي مانطي ئاداري سالي (1999) دا ديمانةيةكي لةطةل ئةدؤنيس سازكردووة، ليرةدا تـةواوي ديمانةكة وةردةطيرين ضونكة ئةو بؤ ضوونانةي لة فيكري رؤشنبيريكي طةورةي وةك ئةدؤنيس دةردةضي، شويني بايـةخ ثيدانيكـي طةورةيـة، رةخنـةكاني ئـةو لـة ميـذوو وكؤمـةلطاي عـةرةبي، تـا ئةندازةيــةكي زؤر بةســةر ميذووكؤمةلطــةي ئيمةشدا دةضةسثي.

***دوا بەرهەمی تۆ بەناوی (الکتاب) هەر لە ناونیشانەکەیەوە تا ناوەرۆك وبونیادی فۆرمەکەی، گەلی پرسیاری ورووژاندووە، ئاخۆ لە کاتی هەلبژاردنی ناونیشاکەیدا تاچ ئەندازەیەك قورئانی پیرۆز لە زەینی تۆدا ئامادە بووە؟ بیگومان لیرەدا (کتاب) ی (سیبویە) یش هەیە.**

**– بیگومان ناتوانم قورئانی پیرۆز لەبیر بکەم کەناو نراوە (الکتاب) هەروەها ناشتوانم (سیبویە) لە بیربکەم، بەلأم جگە لەوانە چەندین کتیبی دیکەی ئایینی هەن، قورئانی پیرۆز بەو کۆمەڵ و گرووپانەی بەر لە سەرهەلدانی ئیسلام هەبوون پییان دەلی (ئەهلی کیتاب)، ناوی (کتیب) لە کەلەپووری ئیسلامیدا هەیە، ئەمەش فیکرەیەکی بنچینەییە سەبارەت بە گواستنەوەی قۆناغی زارەکی بۆ قۆناغی نووسین. هەروەك چۆن (سیبویە) خواستی ئەوە بوو کتیبیکی بنچینەیی بۆ زانستی زمانی عەرەبی دابنی، ئەوا منیش خواستی خۆم لەوەدا ناشارمەوە کە دەمەوی لە تیروانینی**

خۆمەوە کورتەی ئەزموونی خۆم لە پەیوەندیم بە شارستانیەت وکولتووری عەرەبییەوە پیشکەش بکەم، من ئەم کتیبەم بە ئەنقەست ناوناوە (کیتاب) تا هەمان ئەو ناوەی پی ببەخشم هەروەها بۆ ئەوەی رەهەندیکی دیکەیشی بدەمێ کە رەهەندیکی بەربڵاوو گشتیگرە بە جۆریك ناکری لە دوای (الکتاب) شیعرییانە قسە لەسەرشارستانیی عەرەبی بکەم، بەلکو لیرەدا سەبارەت بە پەیوەندی وبە تیگەیشتنم بۆ شارستانیی عەرەبی، دوا قسەی خۆم دەکەم، بەڵام ئەو ناولینانە ریژەییە چونکە لە خوارەوە ناونیشانیکی بچووکم بۆ دانا (الکتاب أمس المکان الان)، ئیتر لە چوارچیوەی چەمکی رەهای کتیبدا نەمامەوە، بەم جۆرە مەسافەیەك لە نیوان من ودەلالەتی ئایینی و وشەی کتیبدا هاتەکایەوە، ئەم وتە ئایینییە دەبەستمەوە بە شوین وجوولانەوەی زەمەن وبزاڤی میژوو.

*ئەی سەبارەت بە بونیادی فۆرم کە لە (الکتاب) دا هەیە، چی دەلیی؟

– بۆ ئەوەی خۆم بەم کولتووری عەرەبی وبەم میژووە عەرەبیەوە بگرم، دەبوایە خۆم لە ناو ئەو قەسیدەیە دەربهینم کە گشت توخمە خودی وبابەتییەکان بە بینایەکی یەکگرتوو وبەشیوەیەکی داخراو دەتوینیتەوە، من دەمەوی وینەیەکی لیکدراوی ئەم میژووە، بەرەهەندە جیاوازەکانیەوە، ببەخشم، لەبەر ئەوە ماوەیەکی زۆر خۆم خەریك کرد تا دواجار گەیشتمە ئەو بونیادی فۆرمەی لەم کتیبەدا هەیە، بەم جۆرە هەر لاپەرەیەك سی دەقی لەخۆگرتووە، دەقی لای راست (پەراوین) گریمانی ئەوەی لیدەکری کە یادەوەریی (موتەنەبی) بی : ری نیشاندەری من لەم زەمەنەدا، ئەم یادەوەرییەش لە سالی (11)ی کۆچییەوە دەستی پیکردووە، لیرەدا تەرکیزم کردۆتە سەر زۆربەی ئەو رووداوانەی بە میژووی ئیمەدا تیپەریون کە دەلالەتیکی سیاسییان لە پەیوەندیی نیوان دەسەڵات وهاووڵاتیدا هەبووە، بەڵام دەقی دووەمی هەمان لاپەرە ئیستلهامی ژیانی موتەنەبی دەکا، ئەمەش بە شیوەیەکی ئالۆز لە رووی سیاسی

وكولتـووری وكۆمەڵایەتیـەوە تیکـەڵ بـە ژیـانی عـەرەبی بـووە، نـەك تـەنیا لــە نـاو كۆمەلگـەی عـەرەبی بـەلكو لـە پـەیوەندیی ئـەم كۆمەلگـەیـە بەئـەویترەوە، بـەڵام دەقـی سییەم بریتییە لە خاتیرەیەكی سەربەستی شیعریی، واتـە بریتییـە لـە قسـەی شـاعیر پاش ئەوەی لە میژوو وژیانی رۆشنبیری وسیاسی كۆمەڵایەتی عەرەبی رادەمینی.

لـەم فۆرمـە نوییـەدا ویستوومە ئـەو لاپـەرەیـە فرەدەنگیـی تیـدا بـی وەك درەختیـك لقەكانی بە هەموو ئاراستەیەك دریژ بكاتەوە بەچەشنی كارلیك لە نیوان تـوخمـەكانی ئـەو لاپـەرەیـەدا هـەبی تـا لـەو سیسـتمە تەقلیدیـە دەرچـین، هـەروەها لـە دەنگـی لیریكیـەتی نـاو میـژووی شیعری عـەرەبی دەرچین، هـەروەها ئـەو دەنگـە لیریكییـەی بەسەر چووە، من لیرەدا شتەكان لـە هـەمان چركەساتدا دەبینم، زۆریش سوودم لـە هونەری سینەما وەرگرتووە چونكە شاشەی سینەما دەتوانی لەیـەك سـاتدا رابردوو وئیستا وپیشبینییەكانی ئایندەمان پیشان بدات، واتـە تویژیكـی تـەواوی ژیـانی فكری ودەروونی وهونـەریی دەنوینـی، ویستم لەهەر لاپەرەیەكدا تویژیكی خودیـی بابـەتی لـە ژیـانی كولتـوور وسیاسـی پیشكەش بكـەم، لەبـەر ئـەوە، ئـەم كتیبـە سـی كتیبە لە یەك كتیبدا، كتیبەكەشم دابەش كردۆتە سەر حەوت پاژ، هـەر پـاژیكیش لـە بیست وهەشت دەق پیكدی واتـە بـە قـەدەر ژمـارەی پیـتی ئەبجـەدی، لـە كۆتـایی پاژەكەشدا بە (پەراویزە عەرەبییەكان) دا تیدەپەرم، پەراویزەكان بریتـین لـە گـەورە نووسەران وشاعیران وروناكبیران، ئەوانەی بەشداری خولقاندنی شارستانیی عەرەبی وئیسلامییان كردووە، ئەوانیشم ناونـاون (پـەراویزەكان) چونكـە چارەنووسـی ئـەوان وابوو هەمیشە دژایەتی دەكران و دەخرانە پەراویزەوە، یان لە بـەر هـەر هۆیـەك بوایـە دەكوژران.

*بـەڵام بۆچـی سـووریت لەسـەر ئـەوەی تـەنیا لایـەنی رەشـی میـژووی عـەرەبی ببینـی وبینووسیتەوەو تـەدوینی بكـەی؟

– بیەلە بامنیش بپرسم بۆچی ئەمرۆ گشت عەرەب بەدلرەقی و توند وتیژییەوە باسی ئیستا دەکەن بەڵام کاتی سادەترین رەخنە لە رابردوو دەگرین ئیدی هەلدەچن وەك بلیی ئیمە دەبی تەنیا دیوە رەونەقدارەکەی ببینین و قسەی لەسەر بکەین، دەبی ئەو میژووە رووت بکەینەوە کە لیوەی هاتووین، میژوویەك رینوینیمان دەکا وئیمەش تەنیا لایەنی ئایدیۆلۆژیی دەبینین کە ئەمەش میژوو دەشیوینی، ئەگەر ئیمە تەنیا دیوە جوانەکەی میژوو ببینین مانای وایە نایبینین، جا بۆ ئەوەی راستیی میژووی خۆمان ببینین دەبی وەك گشتیك بیبینین ئەوسا دەتوانین بۆچوونیکی دروست لەسەر ولات وژیان وئایندەمان پیك بنیین، بەم مانایە میژوونووسە کۆنەکانی عەرەب لە میژوونووسەکانی ئیستامان زۆر بویرترو راستگۆترو واقیعیتر بوون،میژوو نووسە تازەکانمان میژوو وەك جوانی وچاکەو مەزنی پیشکەش دەکەن، کە باسی ئەندەلوس دەکەن تەنیا وەسفی مەزنی وجوانیی پاشماوە دیرینەکانی ئیسلامی دەکەن، باسی ئەو جەنگە دوور ودیژە ناکەن کە بە دریژایی (700) ساڵ بەردەوام بوو.

سەرنجم چۆتەسەر بابەتیکی دی، کەسیك باسی مەزنیی مرۆڤدۆستیی لە لای تاکی کۆنی عەرەبی نەکردووە کە چۆن دژایەتیی دەسەلاتدارانی کردووەو، ژیانی لەو پیناوەدا بەخشیوە یان بەناچاری ژیانی ئاوارەیی وپر لە ئازاری هەلبژاردوە، بەلام ئەو کاتە سنوورەکان دانەخرابوون، بۆنموونە ئەگەر شاعیری لە بەغدا تووڕە بوایە ونەیتوانییبایە لەویدا بەبی ترس بژی ئەوا دەیتوانی بچیتە شاریکی دی بی ئەوەی کەسی ریی لی بگری.

* باشە بۆچی (موتەنەبی) ت هەلبژارد لە کاتیکدا موتەنەبی لە رووی هونەرییەوە شاعیری یەکەمی تۆ نییە وەك خۆت زۆر جار ئەمەت درکاندووە؟

– ئەمە راستە، موتەنەبی لەرووی هونەرییەوە شاعیری یەکەمی من نییە بە پێی رەوتی شیعریی من، لە راستیدا رەوت وئاراستەکان دابەش دەکەمە سەر دووبەش: یەکەم – ئەو شاعیرانەی لە نێو پێدراوی کەلەپوور ونەریتی باودا دەنووسن کە دەشی هەندیجار رەخنەیان لێ بگیری بەڵام رەخنەکان هەرچەندیکیش توونت بن ئەوا هەر لەناو هەمان ئەو پێدراوی مەقبوڵ وباودا دەمیننەوە، بەڵام ئاراستەی دووەم: ئەو پێدراوە باوە رتدەکاتەوەو بنچینەکەی دەلەقینی وهەولدەدا ئاسۆیەکی دی بۆ نووسین وبەهای نووسین وچەمکی شیعر بکاتەوە، خۆم سەر بە ئاراستەی دووەمم، بەم تیگەیشتنە، موتەنەبی شاعیری یەکەمی من نییە، بەلکو من (ئەبونەواس)م پێ باشترە چونکە ئەبونەواس بەهایەکی دیکەی ئیستاتیکی وجیهانیکی دیکەی خولقاندووە کە جیاوازە لە جیهانی باو وجیهانی (بادیە). شیعری ئەبونەواس، بۆ یەکەم جار لە میژووی شیعری عەرەبیدا، شیعری مەدەنیەتە، بەداخەوە ئیمە لە زانکۆکانماندا وەك شاعیریکی بەدمەست و وەك شاعیریکی بەرەڵایی سیکسی (ماجن) دەیناسینین، لە کاتیکدا ئەو یەکیکە لە گەورەترین ئەو شاعیرانەی لە شیعری عەرەبیدا هەستی نوی وبەهای ئیستاتیکیی نویی دامەزراندووە، بەڵام هەلبژاردنی من بۆ (موتەنەبی) دەگەریتەوە بۆ چەند هۆیەکی دی، موتەنەبی لەناو شیعری عەرەبیدا بەشاعیری دەسەڵات دەژمیردری، هەروەها تەماهییەك لە نیوان ژیان وشیعری ئەم شاعیرەدا هەیە بەرادەیەك دژایەتییەکی ئیجگار زۆر دەردەخات کە لەگەلیدا دژایەتییەکانی ژیانی سیاسی ورۆشنبیری وکۆمەڵایەتی وئابووری عەرەبی دەردەخات، لەگەڵ ئەمانەشدا موتەنەبی شاعیریکی مەزنە، ئەم لایەنانە وایان لیکردم موتەنەبی هەلبژیرم تا بتوانم لەویوە دژایەتیە جیاوازەکانی ژیانی عەرەبی ببینم.

* هەندی کەس وای دەبینن لەلای تۆدا (فیکر) بەسەر کەشوهەوای (شیعر)دا زالە؟

– ئەمە بۆچونیکە بە تەواوی شیعر لە فیکر جیادەکاتەوە، من خۆم یەکیکم لەو شاعیرانەی شیعر وفیکر بەیەکەوە گری دەدەم، لەو باوەڕەشدا نیم بەبی یەکگرتوویی شیعرو فیکر، شیعریکی مەزن هەبی، ئەگەر هەموو شاعیرانی دنیا بخوینیتەوە لەوانە بیگومان شاعیرە گەورەکانی عەرەب وتەنانەت شاعیرانی تەسەوف وئەوین، دەبینی فیکر لە نووسینی شیعرییاندا شتیکی بنچینەییە، بۆ نموونە، (موتەنەبی) دەلی:

على قدر اهل العزم تأتي العزائم

وتأتي على قدر الكرم المكارم

یان (ابو علاء المعري)دەلێ :

جسدي خرقة تماط الى الارض

فيا خائط العوالم خطنى

ئەمە فیکرە لە شیعردا، ئەگەر شیعر فیکری لەناودا نەبی ئەوا نابی بە شیعریکی مەزن، بەڵام بیگومان لە شیعردا جیاوازی لە نیوان فکریك وفکریکی دیکەدا هەیە، دەبی بزانین چۆن ئەم فکرەیە هەلدەبژیرین، فیکر لە شیعردا وەك بۆنی گوڵ وایە، من دان بەوەدا دەنیم شاعیریکم هەلەم کردووە، ئەگەر ئەو هەلەکردنانەش نەبوونایە قیزم لەخۆم دەبۆوە، جا لەبەر ئەوەی من دان بەو هەڵانەدا دەنیم واتە هەوڵ دەدەم هەلەکان تیپەرینم، دەشی لە هەندی شیعردا فیکر زۆرتر بی بەڵام ئاراستەی سەرەکیی من ئەوەیە کە فیکر لە شیعردا زیاد بکەم تاوەك بۆنی عەتریکی لیبی کەلە ئاخاوتنەوە دەردەچی.

*بۆچی هەمیشە باسی رابردوو دەکەی، وەك بلیی دواکەوتوویی ئیمە لە رابردوومانەوە بی؟

– بۆ سەیرکردنی میژوو چەند ئاستیك هەیە، یەکەمیان ئاستی (زمانە) کە قسەی پیدەکەین وپییدەنووسین، ئەم زمانە تەنیا موفرەدەو فەرهەنگ نییە بەلکو بە سۆزو

دەلالەت وچەند مانایەك بارگاوی کراوە کە تەنیا بە تیگەیشتن وشارەزابوون لە رابردوویان دەتوانین تییبگەین، بەم جۆرە ئەستەمە بتوانین بە زمانیکی وا، ئیستاتیکایەکی نوی دروست بکەین، کە ئاگادرای رابردووی ئەو زمانە نەبین یان ئاگاداری ئەو جوانیە نەبین کە لە رابردوودا هەیبووە، دیسان ئەستەمە بتوانین لە نیوان (وشە) و(شت)دا پەیوەندییەکی نوی بخولقینین ئەگەر لە پەیوەندییە کۆنەکەیان تینەگەین.

بەلام لە ئاستی دووەمدا، ئاستی کۆمەلایەتی وئابووری وسیاسی، ئەوا لە میژووی عەرەبیدا هیچ دابرانیکی بنچینەیی رووی نەداوە تا چەند بەهایەکی مەدەنی ودیموکراسی ومرۆیی دامەزرینی کە (مرۆڤ) لە ناو تەوەرەکانی بایەخپیداندا ببیتە تەوەرەیەکی سەرەکی، بەلکو هەمیشە رابردوو گرنگیی پیداوین ولە گشت ئاستەکانی قوتابخانە وخیزان وسیاسەتدا تیاماندا دەژی هەروەها لەسەر ئاستی سیستەمی کۆمەلایەتیش. ئیمە بۆچی ئەمە بشارینەوە؟ ئیمە زۆرمان نەماوە بچینە ناو سەدەیەکی نویوە وکۆمەلگەی عەرەبیش لە دوو کیشوەری ئاسیا وئەفەریقیادا بە (300) ملیون کەسەوە ژیان دەگوزەرینن، ئیمە شارستانیەتیکی کۆنینەی (5000) سالیمان هەیە ولانکەی مرۆڤایەتی لە زەوییەکانی ئیمەوە دەرچووەو هیزیکی بەشەریی زۆر وهیزیکی ماددیی مەزنمان هەیە وزۆر قسەی دیکەی لەم بابەتە کە بیزاربووین ئەوندە باسیان بکەین، جگە لەمانە، کاتی ئیمە دەچینە ناو شارستانیەتیکەوە کە لە رەگەوە ولە گشت لایەنیکەوە جیاوازە لەگەڵ ئەو شارستانیەتەی ئەمرۆی ئیمە، دەبینین شارستانیەتی فەزاو کۆمپیوتەر هیچ پەیوەندییەکی بەشارستانیەتی ئیمەوە نییە بەلکو لەوە دەچی ئیمە لەسەردەمی بەر لە میژوودا بژین، عەرەب یەك کۆمەلگەی مەدەنیشی نییە بۆیە دەلیم رابردوو هەمیشە لەناوماندا دەژی وجیگیربووە، بەلام ئەوەش نالیم کە رابردوو لە

دواکەوتوویی ئیستە بەرپرسیاربی.. (دواکەوتوویی) خۆمانین، دواکـەوتوویی ئـەو واقیعەیە کە تیایدا دەژین، هۆیـەکانی دواکـەوتن لـە ئیستای ئیمـەدا خـۆی حەشـار داوە، بەڵام بە بی پەیوەندی قوولی دواکەوتوویی (ئیستا) بە (رابـردوو) ەوە نـاتوانین لە (ئیستا) تیبگەین، بۆ ئەوەی لە ئیستا تیبگەین دەبی لە رابردوو تیبگەین.

– زەمـەنی لەیـەکچوونی نیـوان سـەردەمی (ئـەدۆنیس) وسـەردەمی (موتەنـەبی) چییە؟

– لەیەکچوونی نیوان زەمەنی (موتەنەبی) وزەمـەنی (ئیستا) بەباوەری مـن زەحمەتـە چەند بەشیکی میژوویی وا هەبی دوور لەیەك وبەڵام وەك یەکیش بن، هەندی دیاردە هـەن ئـەوەندە جیگیر وکەلەکە کـراون، ئـەوەندە ماونەتـەوەو بـەردەوام بوونـە، وامـان لیدەکا پیمان وابی هەندی شت لە میژوومـاندا بە جیگیری دەمینیتەوە، لەگەڵ ئەوەی من باوەرم بەشتی جیگیر ونەگۆر نییە لە هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی وئابووریدا، ئەو جیگیرییـە تـەنیا لـە ئـاییندا هەیـە، ئـاین جیگـیر ونـەگۆرە چونکـە خـۆی بــەجۆری پیشکەش دەکا کەبینینی ئاین بۆ جیهان و گەردوون بینییکی کۆتاییە، تەنانەت لەناو ئاینیشدا کەسی وا هەیە لە تەقەلای خۆیدا بە تەئویلکردن چەند رەهەندیکی نوی بە دەقی ئاینی دەبەخشی دواجار ئەو دەقە فیکری نویی دیکە هەلدەگری کە لـە پیشتر ولە رابردوودا هەلگری ئـەو فیکـرە نوییـە نـەبووە.. واتـە بـە هیـچ جـۆری شـتی نـەگۆر بوونی نییە.

ئـەم دیاردانـە کەلەکـە دەبـن وبـەردەوامیتی وەردەگـرن، بەتایبـەتی لـە ئاسـتی دەسـەڵات وهاووڵاتیـاندا وهـەروەها لــە ئاســتی دامودەزگــادا، مــن ئیســتاکە هیــچ گۆرانیکی قووڵ وجۆرەکی (نـەوعی) بــە بـەراورد لەگـەڵ رابـردوودا، بـەدی ناکـەم، بەگشتی دەتوانین بڵیین گۆرانەکانی ئیمـە لـەچاو قـەبارەی میژووەکـەمان، زۆر لاوازە، خۆئەگـەر بـەراوردیك لـە نیـوان نوسـەریکی عـەرەب ونووسـەریکی فەرەنسـیدا بکـەین

(ئەگەر چی من لەگەڵ بەراوردکردندا نیم چونکە هەر کۆمەلگەیەك بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە)، ئەگەر ئەو دوو رووبەرە ئازادە بپیوین کە هەریەك لە نووسەرە عەرەب ونووسەرە فەرەنسییەکە تیایدا دەجولینەوە، ئەوا دەبینین ئیمە لە مەودایەکی زۆر تەسك وبچووکدا دەجولیینەوە، کەچی ئەوروپییەك لە فەزایەکی بی سنووردا دەجولیتەوە..ئەمە لە ئاستی پەیوەندیمان بەخۆمانەوە، ئەی ئەگەر ئەمە لەسەر کۆمەلگەدا بەگشت ئاستە جیاوازەکانیەوە بەراورد بکەین، چۆن دەکەویتەوە؟ ئەوسا دەبینین تەنانەت تاکی عەرەبی وەك ژمارەیەك دیتە بەرچاو کەبوونی نییە، بەلام روناکبیرانی سەردەمی (عەبباسی) زۆر لە ئیمە بویرترو ئازاتربوون هەروەها زۆر لە شاعیرە کۆنەکانی عەرەب لە شاعیرانی ئیستامان بویرتر بوون.

* تۆ بەوە تاوانبار دەکریی کە دەقەکانت قورسن، کە چی زۆر جار باسی ئەوەت کردووە دەق مولکی خوینەرە بەمەرجی خوینەر لە ئاستی دەقەکەدا بی، لە لای تۆ پیوەری خوینەری چاك چییە بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی دەق؟

– بۆ ئەوەی چیژ لە هونەر وەربگری دەبی خاوەنی رۆشنبیرییەکی هونەری بیت، ئیمە تا ئیستایش کە تەماشای تابلۆیەکی هونەری دەکەین تەنیا (بابەت) ەکەی دەبینین نەك خالی شیوەکارییەکەی، لە کاتیکدا بابەت لە هونەردا زۆر سانەوییە، سانەوی بەومانایەی ئەگەر لە تابلۆدا بابەتیك هەبی ئەوا دەبی لە ریگەی پیکهاتە وشیوەکارییەکەیەوە ببینین، هونەرمەند وشاعیر لەسەر فیکر کارناکەن بەلکو لەسەر کەرەستەکانیان، واتە زمانی شیوەکاری خۆی لە خۆیدا زمانیکی تاریکە، بەلام تا ئیستا تابلۆ لە لای ئیمە هەروەها شیعریش تەنیا بریتییە لە رۆشنبیرییەکی گشتی.

چۆن دەکری قسە لەسەر (کانت) بکەم ئەگەر گشت نووسینەکانی نەخوینمەوە، بە داخەوە کەسانی واهەن لە میانی خویندنەوەی وتاریك یان کتیبیك کە لەسەر کانت نووسراوە ئیتر حوکمی جۆراوجۆری بەسەر دەدەن، دیسان چۆن دەتوانم حوکم

بەسەر شیعرەکانی ئـەدۆنیس بـدەم بـی ئـەوەی گشـت نووسـینەکانی بخوینمـەوە، بیگومان خەلکی وامان هەیە جورئەتی ئەوە دەکەن حوکم بەسەر ئەدۆنیس وکەسانی تردا بدەن کەچی کتیبیکی ئەوانیشیان نەخویندۆتەوە، بیرم دی جاریکیان لە زانکۆدا لەگەڵ مامۆستایان کۆببوویینـەوە، مامۆستایەك وتـی: ئـەدۆنیس کتیبیکـی بـەناوی (الثـابت والمتحـول) لەسـەر کەلـەپووری عـەرەبی نووسـیوە ولـەویدا ئـەو کەلـەپوورەی بەجیگیر ونەگۆر تاوانبار کردووە وئیدانەیشی کردووە. مـن زۆر جـار ئـەم قسـانەم لـە خەلکی ئاسایی بیسـتووە و گویـم نـەداوەتی، بـەلام ئـەم پیـاوە مامۆسـتای زانکۆیـە وئاگادرای میژوو وزمانی عەرەبییەو لە بەرامبەر مامۆستایانی زانکۆدا ئەم قسـەیەی کرد، بۆیە بریارمدا وەلامی بدەمـەوە، پیم ووت: من بەتەبیعـەتی حاڵ وەلامـی کـەس نادەمـەوە، بـەلام لەبـەر ریـزم بـۆ تـۆ وەلامـت دەدەمـــەوە، یەکــەم ئەگــەر تەماشــای ناونیشانی کتیبەکە بکەی (الثابت والمتحول . بحث في الاتباع والابداع عند العرب) بۆت دەردەکەوی من باسی داهینان و گۆروایش دەکەم نەك تـەنیا نـەگۆر، دووەم ئایا تـۆ کتیبەکـەت خویندۆتـەوە؟ لـەپر راچلـەکی و بەراسـتگۆیی وەلامـی دایـەوە وتـی نـەخیر، وتم باشـە چۆن دەبی یـەکی لـەو شـوین وئاسـتەی تـۆدا بـی وحوکـم بەسـەر کتیبیکدا بدا کـە نەیخویندبیتـەوە. من ئەگـەر چـی بـەتوندی قسـەم لەگـەلدا دەکـرد، بەلام نەرم ولەسەرخۆش بووم. جا بۆ ئەوەی حوکم لەسـەر شـاعیری بـدەم دەبـی بـە قوولی گشت شیعرەکانی بخوینمەوە.

* تۆ بەنەرجسیەت تاوانبار دەکریی، بۆیەشە ناوی خۆت ناوە (ئەدۆنیس)، تۆ دەلیی چی؟

– ئـەدۆنیس وەك ئەدۆنیسـی نـاو ئەفسـانەکە نەرجسـی نییـە، ئـەو کاتـەی لـە پـۆلی دووەمـی نـاوەندی بـووم گـەنج بـووم وشـیعرم دەنووسـی وبـەناوی خۆمـەوە (عـەلی ئەحمـەد سـەعید) دەمنـارد بـۆ گۆڤـار ورۆژنامـەکان بـەلام هیچیـان دەقـەکانیان بـۆ بلاونەدەکردمـەوە، بیگومـان منیش تـوورە دەبـووم وەك هـەر هـەرزەکاریك حـەزدەکا

ناوی خۆی لە رۆژنامەدا ببینی. جاریکیان بە ریکەوت گۆڤاریکی لوبنانیم بەرچاو کەوت بابەتیکی دەربارەی (ئەفسانەی ئەدۆنیس) تیدابوو، منیش خویندمەوەو سەرسام بووم بە ئەدۆنیس، ئیتر بریارمدا ناوی هونەریی خۆم بکەم بە ئەدۆنیس، ئەوەبوو شیعریکم نووسی ناردم بۆ رۆژنامەی (الارشاد)لە لازقیە کە هەفتانە دەردەچوو، لە خوارەوە ناوی خۆم نووسی: ئەدۆنیس، لە دوای هەفتەیەك بلاوکرایەوە، پاشان شیعریکی دیم لەسەر فەلەستین بۆ ناردن، لە لاپەرەی یەکەمدا بلاویان کردەوە لەگەڵ تیبینیەك نووسرابوو (داوا لە ئەدۆنیس دەکەین لە نووسینگەی رۆژنامەکەمان ئامادە بی بۆ هەندی کاری پیویست)، ئیتر منیش بە جلوبەرگیکی لادییانەوە چوومە نووسینگەی رۆژنامەکە و وتم من ئەدۆنیسم، لەسەرەتادا باوەریان نەکرد بەلام لە دواییدا قەناعەتیان هینا کەمن ئەو شیعرانە دەنووسم، لەوساوە ناوی راستەقینەی من لە (عەلی ئەحمەد سەعید) ەوە بووە بە (ئەدۆنیس) و لەو باوەرەشدام دەرچوون لەناوی راستەقینەوە بۆ ناویکی رەمزی دژی نەرجسیەتە.

# * سوریالیزم و پەخشانە شیعر لە دەقی سۆفیگەریدا دەبینم

# * نووسین ئەو کاتە گرنگ دەبی کە لە پشتی فۆرمەوە میتۆدیکی تازەی بۆ شتەکان و بۆ جیهان هەلگرتبی.

ئەدۆنیس شاعیر ورةخنەطرو تیۆریستي ئەدەبیي عەرةب، بة لیکۆلینەوة ئەدەبي ونووسینة شیعرییەکانی، کاریطەرییەکي زۆري لەسەر سەرجەم نووسیني عەرةبیي جیهیشتووة، لة ثەنجاکان وشەستەکاندا هەنطاوةکاني ثەرةثیداني شیعرو نووسیني عەرةبیي خیراتر کردو، لة حەفتاکان وهەشتاکاندا طەلي ثرسیاري لة بەرانبەر شیعرییەتي عەرةبي وبونیادي نووسین قیت کردةوة، شیعري هینایة بەردەم طومان وثرسیار کردنەوة، تا هەنووکەش ئەدۆنیس لة لووتکەي هەرةمیکدا ـ کة بەنووسینەکاني ئەو هەرةمەي بنیات ناوة ـ دانیشتووة ولة(نووسین) ي عەرةبي رادەمیني و بەتیۆرییەکاني خۆشیدا دةضیتەوة. دیوانة شیعرةکاني (قصائد اولی) و (اوراق في الریح) و (اغاني مهیار الدمشقي) لەسەرةتاکاني نووسیني شیعریدا، رووي نووسیني عەرةبیي بة لاي شیوازو دەربرینیکی نویدا وةرطیرا، دواتریش (کتاب الحصار) و(**کتاب التحولات والهجرة في اقالیم النهار واللیل**) و(**هذا هو اسمي**) و(**مفرد بصیغة الجمع**) و(**المطابقات والاوائل**) ودواجاریش (**احتفاء بالاشیاء الغامضة الواضحة**) و(**الکتاب ـ امس المکان الآن**) شیوازو روانینیکي نوییان بۆ شیعري عەرةبي دایشت. لەتەك ئەم دیوانة شیعرییانەدا، نووسینة تیۆري ورةخنەییەکاني ـ وةك ثارسەنطیك ـ کۆلة ئەدەبییەکەي ثتەوتر دةکردةوة بة تایبةتي (زمن الشعر) و (**سیاسة الشعر**) و(**الشعریة العربیة**) وهەرسي بەشي کتیبی (**الثابت والمتحول**)) و(**النص القرأني وآفاق الکتابة**) وئینجا (**الصوفیة والسوریالیة**)..شایاني ئاماذة بۆ کردنة کة تەواوي دیواني (**احتفاء بالاشیاء الغامضة الواضحة**) لة لایەن د. محسن احمد عمر کراوة بة کوردي لة ذمارة 5ي طۆظاري (سەراب) بلآوکراوةتەوة.

رةخنەطري عەرةبي (فخري صالح) ئەم ضاوثیکەوتنەي ئەدۆنیسي بۆ طۆظاري **- رایة الاستقلال** - ساز کردووة، لەویدا ثێیوةندي ئەدۆنیس بەسەرجەم رۆشنبیریي عەرةبیي هاوضەرخ باسکراوة، ئەم ثرسیارو وةلآمانەي خوارةوة بەشیکن لەو هەظثەیظینەي کة لة ذمارة 16ي طۆظاري (اسفار)ي عیراقي سالي 1994 بلآوکراوةتەوة، ئیمەش لەم طۆظارةوة وةرمانطیراوة، تیایدا ئەدۆنیس باسي ثەخشانة شیعري عەرةبي دةکات.

* دەمەوی پەخشانە شیعر – کە تۆ لە رۆشنبیریی عەرەبیدا بەشدار بوویت لە دەرخستنی – بە دەقی سۆفییەوە ببەستیەوە، ئایا دەکری قسە لەسەر ئەوە بکەین کە دەقی سۆفی ی عەرەبی، پەخشانە شیعریکی بەر لەو پەخشانە شیعرە بیت کە ئیستا دەنووسریت؟

– بیگومان دەقی سۆفی پەخشانە شیعرە، واتە بەر لەناولینان، شیعرە، بەم مانایە دەکری بلیین بەر لە ناولیناذ سوریالیزمە، لیرەدا، لە کەلەپووری عەرەبیدا زۆر شت بەر لەوەی ناوی لی بنری، هەبووە. بەم مانایە ئیمە سودیکی زۆرمان لە میتۆدو ریبازەکانی خۆرئاوا وەرگرت بۆ تیگەیشتن لە کەلەپووری خۆمان. من لە ریگەی زانینی کولتوری خۆرئاواوە زیاتر لە کەلەپووری خۆمان فیربووم. شتی زۆر قولمان هەیە بەلأم هەمووی وەك بەرهەم ماونەتەوە، توانای تیۆری لە لای عەرەب زۆر کەمتر بووە لە توانی داهینان لە لایەن شاعیران ونووسەرانی. لە رۆشنبیریی عەرەبیدا، لەسەر ئاستی بەرهەمە داهینەرەکان، هیچ تیۆریزەیەك نییە. دەولەمەندیی کەلەپوور لەوەوە هاتووە کە چەندین خویندنەوەی جۆراو جۆر وجیاواز دەرەخسینی، ئەمەیش نیشانەیەکی زیندووی ئەوەیە کە کەلەپوور قابیلی تەئویلاتیکی زۆر بیت.

بە داخەوە ئەو جۆرە تەئویلاتە لە لای عەرەب زۆر لاوازە، ئیمە مەیلیکمان هەیە کە دەق بەرەو گۆر دەگویزینەوە، هەر جارەی کە دەتەوی بیخوینیتەوە وا هەست دەکەی دادەبەزیتە نیو گۆریکی پیشترو ئیدی خۆت بۆ ئەو شتانە ئامادە دەکەی کە ئەوانی دی گوتوویانە، کەچی سۆفیزم فیری ئەوەی کردووین بە جۆریك دەق بخوینینەوە وەك ئەوەی دەریایەك بیت، وەك جولأنەوەیەك، کە دەچیتە نیو ئەو دەقەوە وەك ئەوەیە بچیتە نیو ئاسۆیەکەوە.

* بەم مانایە دەتوانین بلیین دەقی سۆفی عەرەبی رەگی پەخشانە شیعری عەرەبی یە، واتە پەخشانە شیعری عەرەبی شەرعیەتی خۆی لە دەقی سۆفیی عەرەبییەوە وەردەگری، تۆ لەگەڵ ئەم لیکدانەوەیە دای؟

– ئەمە لە بنەرەتدا روون نەبوو، ئیمە پەخشانە شیعرمان لەدەقی خۆرئاواوە وەرگرت، دەبی ئەمە بزانین وئاشکرای بکەین، هەروەکو بۆدلیر پەخشانە شیعری لە ئادگار ئالان پۆ وەرگرتووە (واتە تیۆری شیعریی پۆ). رۆشنبیریەکان کارلیك دەکەن، ئیمەش پەخشانە شیعرمان لە خۆرئاواوە وەرگرتووە، بەلأم پاش بەسەرکردنەوەو خویندنەوە. دەبی ئەوەش بلیین کە ئیمە رەگیکمان هەبووە بەلأم لە بیرمان کردبوو، ئەو رەگەش کە دەتوانین پشتی پی ببەستین، بە پلەی یەکەم دەقی سۆفیزمە. ئەمرۆ دەشی چاویك بە بۆچوونەکانی پیشوومان‌دا بخشینینەوە.

*ئایا تۆ، کەم وزۆر، لەگەڵ ئەوانەدا جیاواز نەبوویت کەپەخشانە شیعریان دەنووسی؟ با بۆ نموونە ئەزموونی (انسی الحاج) بهینینەوە کە کتیبی (پەخشانە شیعر لە بۆدلیرەوە تا رۆژی ئەمرۆکەمان) ی سوزان بیرنار زۆر کاری تیکردووە، پیشەکی دیوانی (لن)ی انسی الحاج بەئاشکرا ئەو کاریگەرییە لەسەر نووسینی شیعریی ئەودا دەردەخات. هەستت بەوە نە دەکرد کە جیاوازیت؟ بەو مانایەی تۆ ئاگاداری دەقی سۆفیت؟ پرسیارەکە ئەمەیە: تۆ کاتیك پەخشانە شیعرت دەنووسی کاریگەریی دەقی سۆفی وکاریگەریی پەخشانە شیعری ئەورووپی وتیۆریزەکردنی، چۆن کارلیکیان لەتەك نووسینی پەخشانە شیعری تۆدا کرد؟

– هەر خویندنەوەیەکی ئەو شتانەی لەو بارەیەوە نووسیومە یاخود ئەوەی (انسی الحاج) ی هاوریم نووسیویەتی، ئەم جیاوازییە دەردەخات، لەبەر ئەوە پیویست ناکات قسەی لەسەر بکەین چونکە جیاوازییەکە ئاشکرایە.

سەبارەت بەمن، تەنانەت ئەو کاتەی کە رەخنەم لە نووسینی شیعری وناشیعریی عەرەبی دەگرت، من پەیوەست بووم بە زمانی عەرەبی وکەلوپووریتی زمان، هەروەها بە حەساسیەت ومەودا زمانییەکانی کەلەپووری عەرەبی، هەر شتیکی وەرم دەگرت لە نیو زمانی عەرەبی دەمتواندەوە، لەبەر ئەوە مۆرکی زمانی عەرەبی زیاتر لە پەخشانە شیعردا بەرجەستە کراوە وەك لە نووسینە عەرەبییەکانی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا نەمویست ئەو کۆپلانە لەسەر شیوەی نووسینی پەخشانە شیعری خۆرئاوایی بنووسم، بەلکو دەمویست شیوەیەکی دیکەی جیاواز بخولقینم، ئەو شیوە جیاوازەیش من بۆم نییە قسەی لەسەر بکەم بەلکو ئیوە دەتوانن دەستنیشانی بکەن. من خۆم وا دەبینمەوە (هیواداریشم ئەمە راست بی) کە لە بواری نووسینی پەخشانە شیعردا بەتەواوی جیاوازم.

* لەپەخشانە شیعری عەرەبیدا چەند ریبازیك هەیە. تۆ لە نووسینی شیعردا مۆرکیکی جیاوازت هەیە، انسی الحاج مۆرکیکی جیاوازی هەیە، محمد الماغوط -یش جیاوازە. ئیستاکە لە پاش ئەو وەچەیەی کە دەتوانین بلیین شیعری عەرەبی لەسەر دەستی ئەوان دامەزرا، ئاسۆی ئەو قەسیدەیە چۆن دەبینی؟ ئایا دەکری قسە لەسەر پەخشانە شیعریکی رەگ داکوتاوی عەرەبی بکەین بە جۆریك بەر بەرەکانیی شیعری کیشدار بکات؟

- لیرەدا دەمەوی هەندی شت بهینمەوە یاد. کاریگەریی ئیمە بە خۆرئاواوە، بەگشتی، کاریگەرییەکی فۆرمالیستی و لەرووکاردا بووە. من لە چارەکە سەدەیەکی رابوردوودا، لە رۆژانی گۆڤاری (شیعر)ەوە تاوەکو ئەمرۆ، رەخنەم لەسەر ئەو ناکاریگەرییە نووسیوە، رەخنە لە پیواری کاریگەرییەکی پتر لەو کاریگەرییەی باس دەکری، لیرەدا کاریگەرییەکی قووڵ وراستەقینە نییە نە بەنووسینی خۆرئاوایی ونە بەپەخشانە شیعری خۆرئاوایی، ئەو کاریگەرییە لەسەر ئاستی بینای فۆرم وهەندی

جاریش لەسەر ئاستی وینەو فیکرەکان ماوەتەوە، کەچی کاریگەری لەسەر ئاستی روانینی قوولی شتەکان وخولقاندنی جیهانیکی فیکری وئیستاتیکی، ئەمە هەر بەتەواوی، لەسەرجەم نووسینی عەرەبیدا وونە.

له دوا لیکدانەوەدا، شاعیر لەو جیهانە دەژی کە دروستی دەکات، ئەوەی پاساوی فۆرمی نوی دەدات ئەو جیهانەیە کە ئەو فۆرمە نوییە پیچەوانەی دەکاتەوە، ئیمە لە نووسینە عەرەبیەکانماندا ئەو جیهانەمان نییە، لە لای عەرەب لە گشت بوارەکاندا گەلی بەهرەی چاك هەیە، نووسینەکانی ئیمە لە چاو ئاستی نووسینە جیهانییەکانی دی کەمتر نین، بەلأم بە داخەوە دیاردەی فۆرم وبونیادەکان ئیمەیان فریودا، ئیمە یاریمان بە ئاوەرۆی کانییەکە دەکرد کەچی بە گویرەی پیویست پرسیارمان لە قوولی و دەولەمەندیی ئاوی ئەو کانییە نەدەکرد، ئەمە بنچینەیەکە دەبی ئەمرۆ لەویوە دەست پی بکەین. بۆیە پیشنیاری ئەوە دەکەم بەگشت ئەو نووسینانەدا بچینەوە کە لەدوا چارەکی ئەم سەدەیە نووسراون، هەروەها رەخنە لە پەخشانە شیعر ولەو شتەی بە تازەگەری ناودەبرا، دەبی وشەی نویخوازی وتازەگەری هەلبوەشینریتەوە چونکە بووە بە ووشەیەکی بی نرخ وسواو.

شتیکی دیکە دەمەوی بیوروژینم، ئەو جیاکردنەوەیەی بە بەردەوامی لە نیوان مەودای فیکری ومەودای شعوری دا دەکری وهەمیشە ئەوە دووپات دەکەینەوە کە شیعر سۆز وهەلچوونە، ئەمەش هەلویستیکی کزو تەقلیدی یە، خۆ ئەگەر لەسەر ئەو هەلویستە بەردەوام بین ئەوسا شیعری ئیمە لە خوار شیعری جیهانیدا دەمینیتەوە، مرۆڤ بوونەوەریکە بەش بەش ناکریت، شعریش ئەو (گشت) ەیە کە بەش بەش ناکریت، کەواتە ئەو مەودا فیکرییەی کە پرسیارکردن وئازارە قوولەکان لەخۆ دەگری وەختە بلیم بوونی نییە بە بیانووی ئەوەی گوایە شیعر نابی فیکر بیت. لەبەر ئەوە دەبینین تا ئیستاش مەودای تەقلیدیی چەمکی شیعر لە نووسین وبەتایبەتی لە

پەخشانە شیعردا باڵا دەستە، لەبەر ئەوە پیویستە رەخنە لە لایەنی تەقلیدی بگیری کە تا ئیستاش لە نووسینی نویدا هەر زیندووە.

دەمەوی ئەوەشت پی بلیم لیرەدا کەسانی وا هەن پەخشانە شیعر دەنووسن رەنگە زۆر تەقلیدی تر بن لەهەر شیعریکی تەقلیدی کە لەرابردوو یاخود لە ئیستادا نووسراون، و هیچیان تیدا نییە ئەوە نەبی کە بە (کیش) نەنووسراون، لەبەر ئەوە پەخشانە شیعریش خەریکە دەبی بەچەند پیکهاتەیەکی دەرەکیی فۆرمالیزمی. ئیستا پەخشانە شیعر رەواییەکی هەیە وەك ئەوەی توانایەکە بۆ دەربرینی شیعریی لە دەرەوەی کیشدا، بەڵام چەندیتی دامەزراندنی ئەو قەسیدەیە ئەوەی هەمیشە لە گۆراندا بیت، ئەوە بەهایەکی گەورەی لە دەربرینی ئەدەبیدا هەیە، ئەمەش دەگەریتەوە بۆ بەهرەی ئەو کەسانەی دەینووسن، بەڵام من لەو باوەرەدام لە هیچ کەلەپووریکدا نووسین گرنگ نابیت ئەو کاتە نەبی کە لە پشتی فۆرمەوە میتۆدیکی تازەی بۆ شتەکان وبۆ جیهان هەلگرتبی، دیسان چەند پەیوەندییەکی نویی نیوان مرۆڤ وشتەکان، مرۆڤ وزمان هەلگرتبێ، کاتیکیش دەیخوینیتەوە هەست دەکەیت کە هەموو رابوردوویەك تیایدا ساتیکە رابووردووی تیدا نییە، کاتیکیش وەك خوینەریك پرسیارت ئاراستە دەکری پیشتر ئەو پرسیارەت لی نەکراوە.

* ئایا ئاسۆی هیچ پەرەپیدانیکی پەخشانە شیعر لە ئەزموونە نوییەکانی پەخشانە شیعری عەرەبیدا دەبینیت؟ وەچەی یەکەم رەوایی خۆی پەیدا کردو بووە کۆلەکەیەکی بنچینەیی پەخشانە شیعر، ئەی رات چییە بەرانبەر بەم وەچەیەی ئیستا؟

– ئەمەیان حوکمیکی قورسە لەبەر ئەوەی شیعریك یان دوو شیعر یاخود کۆمەلە شیعریکیش بۆ شاعیریك بەس نییە تاوەکو شتیك دامەزرینی، لەبەر ئەوە تۆ داوای شتیکی قورسم لی دەکەیت، بەڵام بە هەموو باوەریکەوە دەتوانم پیت بلیم لەوەچەی

داهاتوودا گەلی نووسینی گرنگ هەیە. من (عباس بیضون) دەخوینمەوە ودەلیم ئاسۆیەك دەكاتەوە، (سمیر الصائغ) یش شتی جوانی دەنووسی بەلام لەم دواییدا بەرەو نیگاركیشان رۆیشت، ئەمەش ئەوەت بۆ دەردەخات كە نووسەر بریتییە لە كاری بەردەوام وپەیدەرپەی، دەبی لیرەدا ئەزمونیكی بەردەوامو بە دوای یەكدا هاتوو هەبیت تا بتوانین حوكمیك بدەین، دیسان هەندی بەهرەی چاك هەن كە لە گۆڤاری (مواقف) بەرهەمیان بۆ بلاو دەكەمەوە وپیویست بەناوهینانیش ناكات. من باوەرم بەوە هەیە چەند بەهرەیەكی گەورە هەن رەنگە بتوانن ئەو وەچەیەش جی بهیلن كە بەوەچەی رابەران (رواد) ناسراون، بەلام بەمەرجیك، مەرجیكی دوولایەنی، یەكەم: رۆشنبیری، واتە مەعریفەیەك وەك (با) و(هەتاو) وایە بۆ ئەزموون. دووەم: دەبی شاعیر ئەو كەرەستانە بناسی كە پیی دەنووسی، ئەو شاعیرەی بە تەواوی كەرەسە وتەكنیكی خوی نەزانی مومكین نییە بتوانی قەسیدەیەكی مەزن بنووسی، ئەمەش پیم وایە لای وەچەی نوی زۆر دەگمەنە.

*ئایا لەو باوەرەدایت ئەو مەشروعیەتەی پەخشانە شیعر لە ئاستی رۆشنبیری وبلاوكردنەوەدا بە دەستی هیناوە بتوانیت لە داهاتوودا ئەو گەمارۆیە بشكینیت كە رۆشنبیریی باو بەسەریدا سەپاندووە؟ بە جۆریك بگاتە پیناسیكی شیعریی وەها كە دابرابیت لەو پیناسە كۆنەی كیش دەكات بەمەرجیكی بنەرەتیی شیعرییەت؟

– ئەمە كاری رەخنەیە. رەخنەش لەم بوارەدا زۆر كەمتەرخەمە، كاری رەخنە ئەوەیە ئەم مەشروعیەتە لەخۆ بگری ولە رووی تیۆرییەوە بنیاتی بنی، لیرەدا بینایەكی تیۆریی سەبارەت بە نووسینی پەخشان نییە، هەندی نووسین ولیكۆلینەوە هەن بەلام كتیبی تیۆریمان لەسەر نووسینی شیعریی ـ وەك نووسین ـ نییە، جا ئەو نوسینە شیعر بی یا پەخشان، من باوەرم بەجیاكردنەوەی نووسینی پەخشانی ونووسینی كیشدار نییە وەك هەندی كەس جیای دەكەنەوە، هەندی كەسیش وای بۆ دەچن

پەخشانە شیعر پیوەریکی نوییە لە بەرانبەر شیعری کیشدار. ئەمەش هەلەیەکی زۆر گەورەیە، لە لای من نووسینی شیعریی یەك نووسینەو جیاوازییان لە نیواندا نییە، شیعری باش پەخشانی بی یاخودکیشدار هەر شیعریکی باشە، شیعر لەمیان بێ یاخود لەویان فەرق ناکات، پاشان نەك تەنیا نووسین بە پەخشان گەمارۆی لەسەرە بەلکو نووسین بەکیش دیسان بەکەمی تەماشا دەکری وقەدەغەیە، کۆمەلگەی عەرەبی هیچ پەیوەندییەکی بە شیعرەوە نییە ئەگەر بە مانای قوولی وشەکە قسە بکەین، شیعر، حالی حازر، جوانی و زەخرەفەیە و لە دەرەوەی ژیان وفیکردایە، کەچی لەولاتر رووناکبیریکی مەزنی ئەوروپی نابینین خۆی بە شیعر تیر نەکردبی وبە بەردەوامی شیعر نەخوینیتەوە. بەلأم روناکبیریکی عەرەب نابینیت لە نزیکەوە ریز لە شیعر بگریت. خوینەری عەرەب شیعر ناخوینیتەوە ئەو کاتە نەبێ کە لەسەریەتی و پیویستە بیخوینیتەوە، پاشان نەریتیکی عەرەبیی کۆن هەیە شیعر بەسەرچاوەی مەعریفە نازانیت، لە سەردەمی جاهلی دا ئایین وەك سەرچاوەیەك بۆ مەعریفە جیگای شیعری گرتەوە، بۆیە شیعریش دەبوو دوای دام ودەزگاکان بکەوی.

شیعر وەك ئەزموونیکی جیاواز ودەگمەن وئازاد، بەتایبەتی لە ریگە جۆراوجۆرەکانی گوزارشتی زمانییەوە، لە کۆمەلگەی عەرەبیدا دانی پیدا نەنراوە، سەرجەمی شیعر گومانی لیدەکری.

# کۆمەلگەی ئیمە لەگەڵ هەموو دیاردە مەدەنییەکاندا پیکهاتەیەکی خیلەکییانەی هەیە

بةبي كارة ئيبداعي وفيكرييــةكاني ئــةدؤنيس، مومكيـن نييـة بتوانيـن بـة قوولـي بروانينة ديمةنة جياوازةكاني فكر وئةدةبي عةرةبي نيوةي دووةمي سةدةي بيستةم، ئــةم شــاعيرة بةناوبانطــة بــةردةوام رةخنــة وثرســيارةكاني رووبــةرووي ثــيرؤز راطرتتي رابردوو دةكــا وثيــي وايــة ســةروةري كردنــي رابــردوو وطــةرانــةوة بـؤ ئةسلةكان، ســنورةكاني فرةيــي وجيــاوازي ئةســتووتر دةكــاو تاكرةهــةنديي فيكــري بةرهةمديني. ئةدؤنيســى خــاوةن **(التــابت والمتحـول)** بــة دوو ضــاوي وردبيـنء بــة فيكريكي قوولأ و راديكالآنةوة دةروانيتة بونيادة سست وباوةكان ولةناو زةمــةنيكي

تالأ وثر لةشكستدا بــة وزة وتوانايــةكي ئيبداعيــي طــةورةوة رةخنــة لــة كةلــةثوري شيعري وفيكري دؤطمايي دةطري.
ئيستا ئةدؤنيس سةرقالي نووسيني (قةسيدة ـ رؤمـان) يكـة لـة بيؤطرافيـا نزيـك دةبيتةوة، دةضيتة ناو كيشة طةورةكاني كؤمةلطايةكةوة كة شةفافيةت وراستطؤيي رةت دةكاتةوة، ئةدؤنيس لةم ضاوثيكةوتنــةدا باسـي ديمـةني رؤشـنبيريي عـةرةبي وبزووتنةوةي شيعري و ونبووني فةردي عــةرةبي دةكـا لـة نيـوان ثـيرؤز كردنـي رابردوو وترس لة ئايندة.
(امل الجبوري) لة ئةلمانيادا ئةم ضاوثيكةوتنةي لةطــةلأ ئــةدؤنيس سـازداوة لـة ذمارة (405) طؤظاري (ئةلوةسةت) لة (1999/11/1) بلاَوكراوةتةوة، ئيمــة لـيرةدا بةشيكي ضاوثيكةتنةكةمان وةرطيراوة.

*** گەلێ بابەتی رەخنـەیی لـە بارەی سەرەتا فیعلییـەکانی جوڵانـەوەی شیعری نویـی عەرەبی نووسراون، تۆ رات بەرانبەر ئەو بۆچوونە جیاوازانە چییە کە سەرەتای ئەو جوڵانەوەیە دیاری دەکەن؟**

**– پرسیارکردن لەسـەرەتاکانی جوڵانـەوەی شیعری نویـی عـەرەبی پرسـیارکردنێکی سروشتییە ولە هەمان کاتدا پێویستیشە ئەگەر مەبەست لەم پرسیارکردنە میژوویـی بێت، بەڵام ئەگەر بۆ ئەوە بێ کێ دەستپێشخەرە وکێ باشترە، ئەوە شتێکی بەتاڵ وپێکەنین هێنـەرە. چونکە بەهای هونـەری لـە دەسـتپێکردنی زەمەنیدا نییـە، سـەیر لەوەدایە ئەوانەی ئەو پرسیارە دەکەن وەك بلێـی ئاگایـان لـە شیعر نییـە، بۆ نموونـە (بەشـار بن بورد) لـە میـژووی شیعری عـەرەبیدا دەسـتی بەتازەگـەری شیعری کـرد، کـەچی (ابونـواس) کە لـە دوای ئـەو هـات، لـەویش مـەزنترە، شـاعیرانی (موشـحات) یەکـەمین کــەس بـوون یــەکیتی دیـری شـیعری و برگـەکانیان هەلوەشـاندەوە، بـەڵام ئەوەی دواتر لەم چوارچێوەیەدا لـە جوڵانـەوەی شیعری نویـی عـەرەبیدا ئـەنجام درا، مەودایـەکی قوولـتر ودەولەمـەند تـری هـەبوو. بـا نموونەیــەکیش لــە کەلــەپوریکی شیعریی تـرەوە بهێنینـەوە: لـوی بـیرتراند (1807 – 1841) –ی شـاعیری فەرەنسـی**

یەکەمین کەس بوو لە ئەدەبی فەرەنسیدا پەخشانە شیعری نووسی، کەچی لە رووی شیعرییەوە بە بۆدلیرو رامبۆو مالارمی بەراورد ناکری.

بیگومان دەبی ستایشی ئەو کەسانە بکری کە دەستپیشخەر بوونە، بەڵام دەبی لەوەش تیبگەین مەرج نییە دەستپیشخەریی زەمەنی بە پیویست دەستپیشخەریی هونەری یان ئیبداعیش بێ، پیم سەیرە چۆن رەخنەگرەکان ئاگایان لەم مەسەلەیە نییە.

*چۆن دەکری سەرەتایەك دیاری بکری؟

– ئەم پرسیارە هەیە وکراوە بە تایبەتی کە لەپشتی هەر سەرەتایەکەوە چەندین سەرەتا هەیە، (ئەسڵ) یش زنجیرەیەکە لە چەندین ئەسلی سەرەتایی دیکە. گرنگ ئەوەیە شاعیر چیی بەرهەم هیناوە وچۆنی بەرهەم هیناوەو لە کویدا کۆتایی هاتووە، ئەوەی پیویستە جەختی لی بکەین: رۆیشتنە بەرەو شوینیکی دوورتر وقولتر.

* تۆ هەمیشە داوا دەکەی زمان بە دابراوی لە روانین وپرۆژە ئایدیۆلۆژییەکان، لەگەڵ ئیستاتیکای خۆیدا یەکگرتوو بی، لەبەر ئەوە هەندی کەس پیت دەلین تۆ (شاعیریکی نانیشتمانی) یت، کاتی ئەم قسەیە دەبیستیت هەست بەچی دەکەی؟

– بەزەییم بەو کەسانە دیتەوە کە ئەم جۆرە قسەیە دەکەن، خەم بۆ خۆم ناخۆم بەلکو خەمبارم بۆ ئاستی هوشیاریی ئەو کەسانە، بەڵام ئەو جۆرە قسانەشم پی سەیر نییە: شیعر لە لای ئیمە، تەنانەت لە ئاگایی زۆربەی شاعیرانماندا، تا ئیستاش لە پیناوی دلخۆشکردنی (میللەت)و تەمجیدکردنی (نیشتمان) دا وەك رەبابەو تەنبوور تەماشا دەکری، لە راستیدا شاعیر بە شیعر نابی بە کەسیکی نیشتمانی یان نانیشتمانی. هەموو شاعیرە گەورەکانی دنیا: بۆدلیر ورامبۆو مالارمی وپاوەند وئیلیەت وبەرلەوانیش دانتی ومەعەری وموتەنەببی وئەبەنواس، ئەمانە لە لایەنی شیعرییەوە ناپاکییان لەگەڵ نیشتمانەکەی خۆیاندا کردووە، مەبەستم لە (نیشتمان)

بەو مانایەی ئەو (نیشتمانپەروەرانە) ئاماژەی بۆ دەکەن: دامەزراو و رژێم و دابونەریت وخەبات وجەنگەکان.. شیعریش لە دەرەوەی هەموو ئەو شتانەیە، شیعر بە دیاریکراوی ترازانیکە، یان بە پێی تیروانینی نیتشە شیعر یان دژە یان نییە.

شیعر لە درز وکەلەبەرەکانی زەمەنیکی بەردەوامدا تەقینەوەیەکی بەردەوامە، لەبەر ئەوە شیعر لە دژی (نیشتمان)ە بە هەنووکەیی دامەزراوە ئایدیۆلۆژییەکانی، دژی هەموو شتیکی باو وجیگیرە، دژی باوەرو نەریت وهەموو شتیکی گشتییە، لەم چوارچیوەیەدا ئەو شیعرەی بە (نیشتمانی) ناودەبری شیعریکی پیکەنین هینەرەو دژی شیعرە، شاعیریك وەسفی شیعرەکانی خۆی بە (شیعری نیشتمانی) بکات، جگە لە شاعیریکی خراپ شتیکی تر نییە، خراپی وپیکەنینی ئەو شاعیرە ئەوکاتە پتر دەردەکەوی کە دەبی بە هیمایەکی نیشتمانی، لیرەدا ئەو شاعیرە بە سیفەتی شاعیری تاکو تەنیا هاوشان دەبی لەگەڵ حاکمی تاکو تەنیا.

لە راستیدا زۆربەی شاعیرانی ئیمە بە سروشی ئەم (نیشتمانپەروەرییە شیعرییە) دەژین ودەنووسن، ئەوەی لەم بارەیەوە سەرنج رادەکیشی شیعری کۆنی ئیمە لە شیعری ئەمرۆمان رۆشنبیرترو مەعریفیتر بووە، شیعری کۆن رۆشنبیریی سەردەمەکەی خۆی بەتەواوی لە ئامیز گرتووە، با بۆ نموونە بروانینە ئەبونواس وئەبولعەتاهیەو ئەبو تەمام وموتەنەبی ومەعەری، ئەمانە هەر تەنیا شاعیر نەبوون بەلکو رۆشنبیرییەکی کامڵ بوون وچەند قۆناغیکی میژوویی کامڵ بوونە، لە شیعری ئەو شاعیرانەدا، لە نووسینی میژوونووسەکان پتر، لە سەردەمەکانیان تی دەگەین.

زۆربەی شیعری نویمان ـ بەتایبەتی شیعری (نیشتمانی)، بەو پیوەرە، زۆر هەژارو داماوەو وەك بلیی لە کوخیکدا دەژی و دوورە لە ژیارو گەردوون، رەبابە دەژەنی ولە تەنبوور دەدا.

*بەڵام ئەو مەودا رۆشنبیری ـ گەردوونییە، یان ئەو مەودا فیکری و فەلسەفییەی لە شیعری مەزندا دەیبینین، وەك ئاماژەت بۆ کرد، هەمان ئەو مەودایەیە کە هەندی کەسی وا لیکردووە لە دوای خویندەنەوەی هەردوو بەشی دیوانی (الکتاب) ی ئەدۆنیس، پییان وابی ئەم کتیبە خالییە لە شیعر، بۆچوونی تۆ چییە؟

_بۆجاری دووەم دەلیم ئەو جۆرە هەلویستەم پی سەیر نییە، خوینەری عەرەب پتر مەیلی ئەوەی هەیە ئەو دەقەی دەیخوینیتەوە بە پیی هەست و سۆزی خۆی ببینێ، جگە لە هەلچوونەکانی خۆی شتیکی تری تیا نابینیی، پەیوەندیی خوینەری ئیمە بە دەقەوە پەیوەندییەکی دیالۆگی وپرسیار ئامیز نییە، پەیوەندییەکی فیکری – مرۆیی نییە، بەلکو پەیوەندییەکی سۆزدارییە، بە (عەقڵ) و بە (ئیستا) ی خۆی نایخوینیتەوە بەلکو بە (یادوەری) وبە (رابردوو)ی خۆی دەیخوینیتەوە، خوینەری عەرەبی وەك میژوو وکولتوور وپەروەردە خوینەریکە ئنتمایەکی ئایدیۆلۆژیی هەیە.

دیوانی (الکتاب) یەك قەسیدەیەو بونیادیکی شەبەکییانەی هەیە، بە شیوەیەکی ئۆرکیستراڵی بەچەند هیلیك دادەبەزی وسەردەکەوی، کز دەبی، بەرز دەبیتەوە، لە جولانەوەیەکی کورت ودریژدا هیور دەبی، هیما بۆ دەریای میژووییمان دەکا بە چاڵاو وکەنارەکانیەوە... رەبابەو ئەهلی رەبابە، تەنبوور وئەهلی تەنبوور لە کویی ئەم ئاستەدان.

* ئایا نووسینی یاداشتت تاقی کردۆتەوە؟ ئایا بیرت لەو ساتەوەختە کردۆتەوە کە راناوی (من) جیابیتەوە تا لە دوورەوە لیی رابمینی؟

– تا ئیستا بەو مانایەی تۆ ئاماژەی بۆ دەکەیت هەولم نەداوە یاداشت بنوسم.

دەشی ئەمە بگەریتەوە بۆ دوو هۆ: هۆی یەکەم شەخسییە، نووسینی یاداشت وام لیدەکا هەست بەوە بکەم من ئاوینەیەکم ئەو شتانە پیچەوانە دەکەمەوە کە

روودەدەن ولەگەڵ جووڵانەوەی زەمەنیکی خاو و پەرپووت وئاسۆییدا جووت دەبی، ئەم هەستکردنە (ویرانم دەکا)، من کەسیکم بە شیوەیەکی ستوونی نەبی ناتوانم بژیم، زەمەن لای من چەند ساتەوەختیکی پەلاماردەرو تەقینەرو شپرزەیە، یان مەرگیکی ترە، نووسینی (یادداشت) یش لەم حالەتەدا مەرگیکی ترە، لەوانەیە لەبەر ئەوەبی کە ناتوانم جگە لە رۆمانی ستوونی رۆمانیکی تر بخوینمەوە، رۆمانی ستونی جۆرە شیعریکی ترە.

هۆی دووەم بابەتییە: ئیمە تا ئیستاش لە کۆمەلگەیەکدا دەژین، لەگەڵ هەموو دیاردە (مەدەنی) و(شاری) یەکان، پیکهاتەیەکی خیلەکییانەی هەیە، مەبەستم ئەوەیە نووسینی یاداشت بەو مانایەی تۆ دەیلیی، بەرپرسیارییەك دەخاتە سەرشانی نووسەر کە بەتەنیا خۆی ئەو بەرپرسیارییە هەلناگری – ئەمەش بە راستی کارەساتە – بەلکو ئەندامانی ئەو خیزانەش هەلیدەگرن کە نووسەر پەیوەستە پییان، بەتایبەتی خوشك وبراو خزمی نزیکی نووسەر، لیرەدا (تاوان) ی فەردی دەبیتە (تاوان)ی جەماعی، با نموونەیەکت بدەمی، ئەو کاتەی گەنج بووم لە ناوەراستی پەنجاکاندا گیرام، ئەم گرفتەی من کاری کردە سەر براکانیشم وهەندیکیان لە وەزیفەش دەرکران ئەگەر چی زۆریش لە فیکری رژیم نزیك بوون و لەگەڵ مندا جیاواز بوون، لە چ شوینیکی تری جیهاندا ئەم عەدالەتە دەبینی؟ ئەم جۆرە سیاسەتە و ئەم چەشنە کولتوورە لە کویی تردا دەبینی؟ جا باشە من ئەگەر رای تایبەتیی خۆم لە بارەی چەند کیشەیەکی گرنگتری وەك کیشەی ئایین وسیکس وسیاسەت دەربرم، مەسەلەکە چۆن دەکەویتەوەو چی روودەدا؟ کەواتە سوودی یاداشت چییە ئەگەر راستگۆو گشتگیر نەبی.

– ئەم قسانەی تۆ بەسەر نووسینی بیوگرافیاشدا دەسەپی؟

- بیگومان، لەبەر ئەوە نابی سەرمان لەوە سور بمینی کە بیوگرافیا ویاداشتی راستگۆیانە لە ئەدەبی عەرەبیدا نییە. ئەگەر چەند کتیبیکی وەك (الخبز الحافي) ی محەمەد شوکری و (حديقة الحواس) ی عەبدە وازن و کارەکانی لەیلا عوسمان وعالیە شوعەیب وکەسانی دی ئەو هەرا سیاسی و ئەخلاقییە بنیتەوە، ئەی ئەگەر چەند کتیبیك لەوەش دوورتر بروات، چی روودەدا؟ ئەمانە بەشیکن لەوەی دەیسەلمینن کە : تاکی ئازاد وسەربەخۆ تەنیا خۆی بەرپرسی کارو فیکری خۆی بی وبتوانی بە ئازادییەکی تەواو بەبی ترس قسەبکات، تا ئیستاش لە (ئاگایی) باوی عەرەبیدا، بوونی نییە، تا ئیستاش لە کۆمەلگەی عەرەبیدا بە جۆریٚ سەیری تاکە کەس دەکری و بە جۆری مامەلەی لەگەلدا دەکری وەك ئەوەی سەر بەکام هۆز وسەر بەچ خیلیکە وئینتمای بۆ چ فیکریك هەیە.

* لەم دواییەدا رووت کردۆتە دوو هونەری تری غەیری شیعر: رۆمان وکۆلاژ، ئایا رۆمان لە پشتی دەمامکی رۆمانئامیزەوە جۆریکە لە بیۆگرافیا؟

- ئەوەی هەوڵ دەدەم بینووسم رۆمان نییە، ناتوانم رۆمانیك بەپیی پیوەرە زانراوەکان بنووسم لەبەر چەند هۆیەك پیشتر هەندیکم درکاند، مەبەستم رۆمان وەك ژانریکی ئەدەبی تایبەت، نەخیر ناتوانم و ناشمەوی بینووسم، باشتر وایە بلیم من ( قەسیدە ـ رۆمان )یك دەنووسم، یان بە جۆریکی تر: قەسیدەیەك سنوورەکانی پەخشان وسنوورەکانی بەکارهینانی پەخشانی تیادا فراوان دەکەمەوە، زۆریشی نەماوە تەواو بی، ناونیشانەکەشی بەم جۆرە دەبی: (هن: هی انت)، ئەم کتیبە وەك لە ناونیشانەکەیدا دیارە جۆریکە لە بیۆگرافیا بەلام بەقەدەر ئەوەی ئەو هەلومەرجە ریگەدەدا کە تۆ ئاماژەت بۆ کرد، ئەگەر چی من هەوڵ دەدەم ئەو بارودۆخە بشکینم.

*** هەستت بەرامبەر بە جیهانی عەرەبی وغەیری عەرەبی چییە کە هیرش دەکەنە سەر یەکترو پەلاماری یەکتر دەدەن، بە تایبەتی لە ناوەندی رۆشنبیریدا؟**

**– وا هەست دەکەم من لە جۆرە دۆزەخیکدا دەژیم، ئەگەر ئەمرۆ دانتی زیندووبوایە، پیویستی بەوە نەدەبوو خەیالی دۆزەخی خۆی بکات، واقیعی ئیستا لە سەرووی خەیالیشەوەیە. مەسەلەکە ئەوەیە ئەم مرۆڤە خولقاوە لەسەر شیوەی ئەو خواوەندەی باوەری پییەتی، چۆن بتوانی لە خودی درندە درندەتر بی، وەك بلیی کوشتنی مرۆڤ لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا نەبووە بە بەشیك لە (جەنگ) بە قەدەر ئەوەی لە ئاستی گەردووندا بووە بە بەشی لە (گەمەیەك). رەنگە کودەتایەکی پیچەوانەی تیۆرەکەی داروین ببینین و مرۆڤ بگەریتەوە بۆ ئەسلە درندەکەی خۆی. لەوەش کارەساتتر ئەوەیە مرۆڤ خۆی هەموو شتی دەکا بۆ ئەوەی هەموو هیوایەك بە مرۆڤ بسریتەوە، کەواتە هیوامان بەچی هەبی ؟ بەسروشت؟ بە تۆفانیك زەوی ویران بکات؟**

# من یەکەم کەس بووم زاراوەی " پەخشانە شیعر"م دانا

ماوەیەك بەر لە ئیستا ئەدۆنیس بەشداریی لە کۆنفرانسیکی ئەدەبیدا کرد کە لەقاهیرە سازدرا، لەویدا (**منى عبدالعظيم**)ی ئیامنیری رۆژنامەی ( الحياة ) ئەم چاوپیکەوتنە خیرایەی لەگەڵدا کردووە.

* لەبەهاری سالی 1960 دا زاراوەی"پەخشانە شیعر"ت خستەروو، ئیستاش لەگەڵ تەقینەوەی ئەو زاراوەیەدا، گرفتیکی رەخنەیی ناوەتەوە، تۆ دەلیی چی؟
–بەلێ ، من یەکەم کەس بووم ئەم زاراوەیەم ناونا"پەخشانە شیعر"، بیگومان لەئاستی عەرەبی ولەگۆڤاری"شیعر"دا کە ئەمەش لەدارشتنە فەرەنسییەکەیەوە وەرگیراوە، ئەو کاتە وتم مومکینە زاراوەکە ئەم ناوەی لیبنریێ، بەلاّم بونیادی ئەم نوسراوە نە وتارەو نە چیرۆك، بەو مانایەی ئەمە تایبەتمەندیتی شیعریی تیدایە تا لە قەسیدەی کیشدار جیابکریتەوە، نەشمدەزانی ئەم ناولینانە ئیشکالییەت دروست دەکات، بەهەر حالّ دەبێ ئەم زاراوەیە قبولّ بکەین و ئەوەندەش لەسەری نەوەستین.
* دەلین تۆ زاراوەکانی خانمە رەخنەگری فەرەنسی(سوزان بیرنار)ت لەبارەی شیعر خۆمالی کرووە، وەك : دۆزینەوە، روانین، عەراف... ولەوانەدا گوتاری شیعریی خۆت پیکهیناوە بیئەوەی ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی بکەیت.. چۆن وەلاّمی ئەم قسەیە دەدەیتەوە؟
– ئەم زاراوانە هی سوزان بیرنار نین، ئەمانە لە کەلەپووری عەرەبیدا هەن بەتایبەتی کەلەپووری سۆفیمان کە پرە لە دەستەواژەی روانین وکەشف وتەجللی وعیرفان و نبوئەت، ئەمە زمانیکی سۆفیی عەرەبییە، لەراستیدا بیانییەکان ئەم زاراوانەیان لە عەرەب وەرگرتووە،سوزان بیرناریش تیزیکی لە بارەی پەخشانە شیعر نووسیوە،ئەو تەنها خانمیکی رەخنەگرەو بایەخیکی هیندە گەورەی نییە، کاتیکیش من وتاری "پەخشانە شیعر"م نووسی ئاماژەم بۆ کتیبەکەی سوزان خان کردووەو لەویدا وتوومە چەمکەکانی من بۆ پەخشانە شیعر لەو کتیبە وەرگیراون،دەتوانی بگەرییتەوە بۆ وتارەکەم کە بۆیەکەم جار لە پەنجاکاندا لە گۆڤاری ( شیعر)دا بلاّوکراوەتەوەو دواتریش جاریکی تر لە کتیبی "زەمەنی شیعر"دا بلاّوم کردۆتەوە.

* هەندێ کەس دەلین شیعری کیشدار هەرچیی پی بووە بەخشیویەتی، شتیکی دیکەی پینەماوە..

– ئەمە بریاریکی خیرایە، ئەمە حوکمیکە شاعیریك نایدا کە پرۆسەی نووسینی شیعریی بکاو،گیروگرفتەکانی شیعر بزانێ، ئەمە جۆریکە لە رەجمکردنی نادیار، ئەمە حوکمیکی ناشیعرییەو وردبین نییە، هەمیشە هەموو شیوەکانی دەربرین دەمینن، شیعری کیشدار و شیعری ئازاد.

*ئەدۆنیس ئەو شاعیرەی کاریگەریی لەسەر دوو وەچەو بگرە پتریشدا هەبووە،ئەی خۆی بەکێ کاریگەر بووە؟

– کاریگەریی زۆر کەسم لەسەر بووە، لەراستیدا کاریگەریی روناکبیرەکانم پتر لە شاعیرەکان بەسەرەوە بووە،یەکەمین شت کاری لیکردبم شیعری عەرەبییە کە بەبەردەوامی دەمخویندەوەو تا ئیستاش دەیخوینمەوە. لە"ئومرو ئەلقەیس"ەوە تا ئەبو عەلای مەعەری، پاشان بەبزاڤی فیکریی سۆفیزم کاریگەر بووم. نەك شیعری سۆفیگەری، بەلکو نووسینی سۆفیگەری، هەروەها کاریگەریی فیکری یۆنانیم لەسەرە بەتایبەتی هیرۆکلیتس کە دەلێ ئیمە دووجار بەهەمان رووباردا مەلە ناکەین، لەو باوەرەدام کلیلەکانی شیعری من لەم تیروانینەی هیرۆکلیتسدا زۆر نزیکە لەفیکری سۆفیگەری، بەومانایەی کەسێ بیەوێ بەراستی لە ئەزموونی من تیبگات پیویستە ئەم کلیلە هیرۆکلیتیە سۆفییە لە ئاگایی خۆیدا دابنێ، پاشان بە (نیچە) کاریگەر بووم، بەتایبەتی لایەنی تورەیی و یاخی بوون و رەتکردنەوە لەپیناو ئایندەیەکی باشتردا، دیسان کاریگەریی فیکری سۆفیزمی خۆرئاواییم بەسەرەوە بوو، لەوباوەرەدام ئایندەی شیعر بەندە بە وەرگرتنی ئەپیستیمە جۆراو جۆرەکان، چونکە قەسیدە چنینیکی تاکە کەسی و گەردوونییە.

* لەشاعیرانی نویخواز، شیعری کێ دەخوینییەوە؟

– بەهۆی کار کردنم لەهەردوو گۆڤاری(شیعر) و (مواقف)دا، هەموو شیعری نویی عەرەبیم خویندۆتەوە، لەبەر ئەوە لەم بوارەدا هەموو شتیك دەزانم، پیویستیش ناکات ناوی شاعیرەکان ریز بکەم، چونکە لیستەکە دریژە ، هیچ شاعیریکیش نییە، نەیناسم لەبەر ئەوەی شاعیران بە زۆری شیعرەکانی خۆیانم بۆ دەنیرن و هەندیکیشیان لەو گۆڤارو رۆژنامانەدا دەخوینمەوە کە لە سەرجەمی ولاتە عەرەبیەکاندا بلاودەبنەوە.

* رات چییە بەرانبەر بەو قسەیەی کە دەلیّ شیعر پاشەکشەی کردووە، زەمەنی ئیستا زەمەنی شیعر نییە، بەلکو زەمەنی رۆمانە؟

– ئەم قسەیە لەخۆرئاوادا باوە، دەشیّ ساتەوەختی میژوویی و باری رۆشنبیریی گەردوونی، بوار بۆ گەشە کردنی رۆمان برەخسینیّ ، شیعر پیویستی بەرامانە، زەحمەتە بۆ خوینەریك لە میترۆدا دیوانیکی شیعری بخوینیتەوە، بەلام دەکریّ رۆمانیك بخوینیتەوە، گیرانەوەی رۆمان لەو قەلەبالغیەدا پتر ئاتاجی خوینەر دابین دەکا، ئەمەش مانای ئەوە نییە هەموو رۆمانیّ ئاسانە، لەلایەکی تر، جیهانی شیعری جیهانیکی زۆر تایبەتە، چوونە نیو ئەو جیهانە پیویستی بە رۆشنبیرییەکی بەرزو ئەزموونیکی قووڵ هەیە، لیرەوە شیعر لە بەرامبەر گەلی فاکتەری وەك تەلەفزیۆن و سینەماو گۆڤاری وینەداردا پاشەکشە دەکا، بگرە دەشیّ کتیب نەمینیّ و بۆنموونە ببیّ بە بەشیك لە ئستیوانەی لوولەیی (مەبەستی CDیە) ، بەلام بەباوەری من هەمیشە لە هەموو شوینیك ولە نیو هەموو میللەتان و لە هەموو زمانیکیشدا، هەزار شیت دەمینیّ شیعر بخوینیتەوە، ئەوەندەش بەسە..

* چۆن تەماشای دیمەنی ئیستای رەخنە دەکەی؟ ئاخۆ رەخنە لەتەك داهیناندا رۆلی خۆی دەبینیّ؟

– بەگشتی رەخنە( دژە رەخنەیش) زیندەگییەك دەنوینیّ، رەخنەو گفتوگۆ براڤی شیعری و رەخنەیی دەولەمەند دەکەن، ئەمە لەرووی پرەنسیپەوە، بەلام لەلایەنی پرۆسەدا وایدەبینم رەخنە پابەند بووە بە هەلویستی تاکە کەسییەوە، من نیگەتیڤانە

**رەخنە لەتۆ دەگرم لەبەر ئەوەی پەیوەندی تاییبەتیمان نیگەتیڤانەیە، یان بەپیچەوانەوە، کەواتە کەش و هەوای پەیوەندییەکانمان بەسەر کەش و هەوای رەخنەییدا زالە هەروەك لایەنی ئایدیۆلۆژیوسیاسیو بگرە خیڵایەتیش زالە. لەپراکتیکیشدا هەژاریەکی مەعریفی دەبینرێ، هەندێ کەس جۆرە رەخنەیەك دەنووسن لەبنەرەتدا هیچی لینازانن، بۆنموونە کەسی رەخنە لەکیشی شیعری دەگرێ کەچی هیچ شتێ لەبارەی کیش نازانێ، تەنانەت نازانێ چۆن شیعریکی کیشدار بخوینیتەوە، یاخود کەسێ رەخنە لەپەخشانە شیعر دەگرێ لەبەر ئەوەی پیی وایە تەنها لە شیعری عەروزیدا (کیش) هەیە.ئەمە تەسك بینیە،چونکە زمانی عەربی زۆر فراوانترە لە وەزنە شیعرییەکانی، زمانیك کە(16) بەحر یاخود(16) ئیقاعی لیبووبیتەوە، لەتواناشیدا هەیە چەند شیوەیەکی ئیقاعیی دیکە دروست بکات،زمان پیش ئیقاع دەکەوێ نەك بە پیچەوانەوە، لەبەر ئەوە وایدەبینم نابێ حوکمیکی وابدرێ کە گوایە لەدەرەوەی وەزندا شیعر بوونی نییە، لە کەلەپووری ئیمەیشدا کاتێ قورئانی پیرۆز دابەزی، هەندێ کەس بە شیعر ناویان برد تا سیفەتی (وەحی)ی لیدوور بخەنەوە، کەواتە سیفەتی شیعریان دا بەنووسینیك کە وەزنی شیعریی نییە، ئەمەش مانای وایە عەرەب لە کۆندا شیعریان لە نووسینی ناکیشداریشدا دەبینی.**

**سەرچاوە: رۆژنامەی الحیاة ژ/** 13289 27/7/ 1999

# داهینەری راستەقینە لەهەر شوینیکدا بێ تاراوگە کراوە

ئەدۆنیس ثتر لةضل سالة دةنووسآ، لةشيعرو نووسينةكانيدا بةردةوام خوينةر دووضاری حةثةسانء شوكء سةرسامی دةكا، ضونكة لةقوولآييدا ثرسياری تازةطةری ئاراستةی كولتوورو كةلةثوورة تةقليدييةكانی ناو فكری عةرةبی دةكاو رةخنة لةبونيادة ثةككةوتةكانی فيكری عةرةبی دةطریء دةيةوآ رؤشنبيريی عةرةبی لةقالبة مةييوو رووكةش و دؤطماكان رزطار بكات. ئةدؤنيس لةثشتی

هـەموو بزووتنـەوە نویخوازییـەکانی شـیعرو رۆشـنبیریی عـەرەبی وەسـتاوە لەئەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە تائیستا ئەم شـاعیرە رونـاکبیرە یەکیکـە لەئیشـەنطە طرنطەکانی فیکری نوێ شیعری هاوضەرخی عەرەبی.

ئەم ضاوثیکەوتنە کە (حسونة مصباحي) لـە مـەغریبدا سـازی داوەو لـەژمارە( 45)ی سالی 1987ی طۆظاری (فکرو فن)دا بلآوکراوەتـەوە، بەبۆنـەی ضـاثکردنی شیعری ( شهوة تتقدم في خرائط الماده) ئەنجام دراوە کەئەدۆنیس ئەم شیعرەی لەکۆتایی سالی 1986و سەرەتای سالی 1987 لە ثاریسدا نووسیوە. ئیمە لیرەدا طرنطترین بەشی ئەو ضاوثیکەوتنەمان لەو ژمارەیەی طۆظاری (فکر وفن)دا وەرطیراوە.

*** شـیعرە نوییەکـەت (شـهوة تتقـدم في خرائـط المـادة)م خویندـەوە، ئیحـای ئـەم قەسیدەیەت لەکەش وهـەوای پاریس وەرگرتـووە کەماوەیەکە تیـایدا دەژیـت .ئـەم قەسـیدەیە چـەند بـیریکی نـوێو هەمـە جـۆری تیدایـە. ئـەوەی لـەم قەسـیدەیەدا سـەرەنجی راکیشـام جۆری پـەیوەندیی رۆشـنبیری عەرەبـە بـەخۆرئاواوە ئیمـە واراهاتووین رۆشنبیری عەرەبی بەو جۆرە ببینین؛ یان لە خۆرئاوا دەترسێ و رەتی دەکاتەوەو گشت دەروازەو پەنجەرەکانی بەروودا دادەخات یان بەبێ داهینان لاسایی دەکاتەوەو بەبێ ئاگایی دەکەویتە ژیر کاریگەرییەکانیەوە کەچی تۆ هەلویستیکی رەخنەگرانەت لەبەرامبەر خۆرئاوادا وەرگرتووەو بەئاگاییەوە دەیدوینی، وەك ئەوەی بتەوی بە خۆرئاوا بلییت: من لەناوەوە دەتناسمو دەرك بەنهینیەکانت دەکەم، لەبەر ئەوە لەوە ناترسم ئەوەی بەزەینمدا دێ پیتی بلیم.**

**– ئەم هەلویستەی من شتیکی نوێ نییەو لەویشـەوە وەرم نـەگرتووە کەلەپارسـدا دەژیـم، پیشـتر ئـەم هەولویسـتەم لەسـالی (1965)ەوە دەربـڕوە. لـەکتیبی (المسـرح والمرایـا)شـدا کەلەسـالی (1968) لەبـەیرووت چـاپ کـراوە، بـەروونی ئامـاژەم بـۆ جیهیشـتنی ئـەوجۆرە پەیوەندییـە کـردووە کـە تـۆ لەپرسـیارەکەتدا ئاماژەت بۆ کـرد هـەروەها بـۆ ئیشـکالیەتی خۆرهـەلآتو خۆرئـاواو سـەر لـەنوێ پیداچوونـەوەی تیگەیشتنی ئیمە لەخۆرئاوا. لە چەندین لیکۆلینەوەشدا وتوومە خۆرئاواچەمکیکی**

سیاسیه پتر لەوەی چەمکیکی فیکری‌و فەلسەفی‌و ئایدیۆلۆژی بیت کاتیکیش لەمەسەلەی مرۆڤایەتیدا قووڵ دەبینەوە،دەبینین خۆرئاوا وخۆرهەلآت یەك شتن. ئەم هەستەی من بیگومان لەو کاتەدا پتر قووڵ بووەوە کەبەردەوام بەولآتە ئەوروپییەکاندا دەگەرام بەتایبەت فەرەنسە ئەم هەستەم لەو کاتەدا پتر قووڵ بوەوە کەلەپاریسدا نیشتەجێ بوم، هەروەها لەئاکامی خراپیی بارودۆخی لوبنان‌و ژیانی من لەو (تاراوگە) یەدا (وشەی "تاراوگە" دەخەمە نیوان دوو جووت کەوانەوە چونکە لەو باوەرەدام هونەرمەندی راستەقینە و رەسەن لەهەرشوینیکدا بیت،تاراوگە کراوە) وپەیوەندی بەردەوام لەگەڵ ئەو واقیعە نوییەی ئیستاکە تیایدا دەژیم.

* لەو قەسیدەیەدا ئاماژەت بۆ خۆرئاوایەکی هەرەشە لیکراو بە کارەساتیکی نەوەوی کردووە،هەروەها ئاماژەت بۆ خۆرهەلاتیك کردووە چەند نەخۆشییەکی ترسناك هەلا هەلاو ماندووی کردووە ، نەخۆشیی سیاسەت‌و نەخۆشیی ئایدیۆلۆژیا.

– من شاعیریکم باوەرم بەمرۆڤدۆستی هەیە بەمانای فراوانی وشەکە، ئەگەر چی پەیوەستم بەچارەنووسی مرۆڤی عەرەبی بەلآم وای دەبینم کەمرۆڤ لەم زەوییەدا سەر بەهەر رەگەزو رەنگی بیت، جوانترین و بەبەهاترین سامانی ژیانە . من باوەرم وایە کەخۆرئاوا چەند دیویك و چەند روویکی جیاوازی هەیە،تەنانەت ئەگەر ئەو خۆرئاوایە دوژمنیشم بیت بەلآم لەهەمان کاتدا رووەکەی ترمەو دریژکراوەی منە ، خۆرئاوای هۆلدەرلین‌و نیتشەو رامبۆ حیاوازە لەخۆرئاوای سیاسی‌و جیاوازە لەخۆرئاوای تەکنۆلۆژی، من پەیوەستیکی قوولم بە والت وایتمەن‌و رامبۆ و ئەدگار ئالان پۆ و بۆدلیرەوە هەیە، ئیمەی داهینەران لەهەر شوینیك بین پەیوەندییەکی قوولمان بەیەکترەوە هەیەو هیچ سنوریکی جوگرافی لەیەکترمان جیاناکاتەوە. بەلآم لەخۆرهەلآت ودنیای عەرەبیدا سیاسەت‌و ئایدیۆلۆژیا بوونە بەدوو نەخۆشیی ترسناك‌و مرۆڤیان شیواندووەو بەهاکانیان تیکداوە.

* تۆ دەڵیی داهێنەری ڕاستەقینە هەمیشە (تاراوگەکراوە) بەڵام ئەو تاراوگەیەی ئیستا تیایدا دەژیت زۆر جیاوازە لەو تاراوگەیەی کە لە پەنجاکاندا سوریات بەجیهیشت و چوویتە لوبنان. ئەم تاراوگە نوییە چیی پی بەخشیویت؟

– وەڵامی ڕاستەقینەی ئەم پرسیارەی تۆ ئەو قەسیدەیەیە کەلە سەرەتادا ئاماژەت بۆکرد، هێشتا واهەست دەکەم قەسیدەکە تەواو نەبووە.

* ئەو بازنانەی لەشیعرەکەتدا باسیان دەکەیت و دەڵیی: (دەمخنکینن) چ مانایەکیان هەیە؟

– من لەو شیعرەدا دەڵیم (ناوەوە بۆ من بەرتەسکەو دەرەوەش هی من نییە) ناوەوە بریتییە لەنیشتمانەکەم، دەروەش هەموو زەوییەکی ترە، گرفتی من لەوشوێندا نییە. شوێن بۆمن وەڵام نییە. لەهەر شوێنیکدا بژیم، تانانەت لەوڵاتیکی زۆر دیموکراسیشدا بژیم، وەڵامیکی کۆتایی و یەکلاکەرەوە نادۆزمەوە بۆ گیروگرفتە مرۆڤایەتییە قوولەکانم . ئیمە کاتیك وڵاتی پڕ لەستەمو دیکتاتۆریەتی خۆمان جێ دەهێلین، وەهمی ئەوەمان لا دروست دەبێ کە لەشوێنیکی ترداچارەسەری گیروگرفتەکانمان دەدۆزینەوە کەچی ئەمە شتیکی ڕاست نییە تەنیا لەرووکەشدانەبێ.

* ئایا ئەو تاراوگەیەی ڕۆشنبیرە دیموکراسییەکانی رووس لەسەدەی نۆزدەمدا لەدەستی ستەمی تزاریزم هەڵیان بژارد، لەو تاراوگەیە دەچێ کە ئیستا هەندی لەڕۆشنبیرانی ئیمە تیایدا دەژین؟

– نەخێر لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیرانی رووس لەسەدەی نۆزدەیەمدا هۆشیاریان بۆ مەسەلەکەی خۆیان هەبووو بەقوولی و دلەراوکێیوە تیایدا دەژیان . بەڵام ڕۆشنبیرانی ئیمە –بەتیروانینی من – تاراوگەکراو نین بەلکو لە تاراوگەکراو دەچن.

*ئەمە مانای چییە؟

- ئەوان بەوەهم لەحالەتی تاراوگەدا دەژین.واتە ئەوان ئەو شتانەی لەدەرەوەی وڵاتەکەی خۆیاندا دەیلین دەتوانن لەناو وڵاتەکەی خۆشیاندا بیلین.

- مەبەستت ئەوەیە چەوسانەوە لە رژیمە عەرەبییەکانی ئیستادا نییە؟

- باواز لەهەندێ حالەتی دەرهاویشتەو تایبەتی بینین کە بە باوەری من زۆر کەمن بەڵام تەماشای گشت ئەو بڵاوکراوەو گۆڤارو رۆژنامانە بکە کە لەدەرەوە دەردەچن، هەر هەموویان لەوڵاتە عەرەبییەکانیشدا بڵاو دەکرینەوەو دەفرۆشرین. ناوی یەك تاکە گۆڤاری عەرەبیم بۆ بهینە کە لە گشت وڵاتە عەرەبییەکاندا قەدەغە کرابێ.

* هیچ گۆڤاریکی لەو جۆرە نییە.

- باشە ناوی چەند رۆشنبیریکی لیهاتووو داهینەری عەرەبم پی بلێ کە پەیوەست نەبن بە یەکێ لە رژیمە عەرەبییەکان.

* نازانم هەندێ کەسی زۆرکەمو پەراویزکراو هەن.

- واتە ئەو کەسە بەژمارە زۆر کەمانە کە لیرەو لەویدا پەرتو بڵاوبوونەتەوە هیزیکیان دروست نەکردووە بتوانن پرۆژەیەکی گرنگ دامەزرینن کەپیچەوانەی پرۆژەکانی دی بیت ،بەڵام ئەمە مانای ئەوەش نییە کەئیمە لەوڵاتەکانی خۆماندا رووبەرووی کۆمەڵێ گرفتی گەورە نابینەوە.من لەو باوەرەدام کەئیمە بەئاسانی (تاراوگە) دەکەین بەشوینی خۆمان ، رۆشنبیرانی عەرەب لەتاراوگەدا نەیانتوانیوە داهینانیکی گەورە دروست بکەن.

- ئایا ئەو پەری حالەتی (تاراوگە) وای لیکردی ئەم قەسیدەیە بنووسیت؟

- بەلێ بوونی من لەپاریسدا بوونیکی لابەلاییە . پاریس بەو جۆرە کاری لی نەکردووم، بەڵام شوینیکی ئارامی پیبەخشیوم ، من لەپاریسدا گویم لەزرمەی بۆمبو تەقینەوە نابێو ناچمە ناو حەشارگەکانەوە ، ئیستا ئەو هەستەم نییە وەك

لەشەری ناوخۆیی لوبناندا هەمبوو ئەوەی کەنامەوێ بەخۆرایی بمرم . پاریس لەمە زیاتر هیچی دیکەی پی نەبەخشیوم.

* لە کەیەوە ئەم قەسیدەیە لەناختدا رسکاوە؟

– ماوەیەکی زۆرە . قەسیدە لەلای من رۆشناییەکە لەئاسۆدا، کاتیکیش دەست بەوەرگیرانی ئەو رۆشناییە بۆ شیوەی نوسین دەکەم، گەورەو فراوان دەبیتەوەوتا دەگەمە ئەوەی واهەستدەکەم دەچمە ناو ئاسۆیەکەوە نازانم ئەو ئاسۆیە چۆن تەواو دەبێ . ماوەیەکی زۆرە واراهاتووم پەلە لەنووسینی شیعرەکانمدا نەکەم و نەکەومە ناو ئەو هەرایەی لەسەرەتادا دامدەگرێ. من ئیستا کاتیك دەست بەنووسینی شیعر دەکەم کەجەستەم بووبێ بەگرکانیك،لەبەر ئەوە ئیستا زۆر کەم شیعر دەنووسم.

* تۆ لەم قەسیدەیەدا کاتیگۆریی خۆرهەلات/ خۆرئاوات رەت کردۆتەوە، هەروەك دابەشکردنی زەمەنیشت بۆ رابردوو ئیستا وداهاتوو رەت کردۆتەوە،زەمەن لەلای تۆ دەبێ بەبازنەیەك نەك بەهیلیکی راست کە لە زەینی زۆربەی رۆشنبیرانی ئیمە هەیە ئاخۆ ئەمە مانای ئەوەیە تۆ یاخیت لە پەیوەندیی رۆشنبیری عەرەب بەزەمەنەوە؟

– چونکە داهینان بەگشتی زەمەنیکی جیاوازی لە زەمەنی ماتماتیکی و زەمەنی زانستی هەیە، ئەمانە زەمەنیکی ئاسۆیین، تیۆر لە دوای تیۆر دی و زانستەکانیش یەکتر نەفی دەکەنەوە بەڵام زەمەنی ئیبداعی زەمەنیکی ستوونیی و پاشان زەمەنیکی بازنەییە. بۆ نموونە من وابدەبینم (رینێ شار) و (هینری میشۆ) لەگەڵ (ئەبو تەمام) و (هۆمیرۆس)و (دانتی) دا بەیەکەوە دەژین . زەمەنی ئیبداع یەك زەمەنە هەر چەندە شوینەکانیشیان جیاوازبیت،چونکە زەمەن ئیبداعی زەمنیکە لەقوڵاییدا. زەمەن بەتیگەیشتنی من زەمەنیکی تەقیینەوەییە ، دێ و دەرواو دەگۆری ونوێ دەبیتەوە

* دەمەوێ مەسەلەیەکی دیکە بوروژێنم،ئەویش مەسەلەی زمانە. بۆچی تۆ هەمیشە بەدەست زمانەوە گیرت خواردووە و بۆچی هەمیشە باسی زەحمەتی زمان دەکەیت لەکاتیکدا تۆ زمانیکی جوان و بەهیزت هەیەو زۆر بەوردی شارەزای زمانیت؟

– هەموو قەسیدەیەك لەلای من بەتەنها پرسیارکردن نییە لەجیهان بەلکوپرسیارکردنە لەخودی زمان خۆیشی، واتە ئەو کەرەستانەی ئەم شیعرەی پی نووسراوە . شیعر لای من پرسیاریکە ئاراستەی جیهان و مرۆڤ و سروشت وتوخم وئەو زمانەشی دەکەم کە تیامدا دەژیو رۆژانە مامەلەی لەگەلدا دەکەم. بەم مانایە من گرفتم لەگەڵ زماندا هەیە . واتە وەك چۆن لە هەموو شیعریکدا هەوڵ دەدەم (دنیایەیەکی جیاوان) بخولقینم، لەهەمان کاتدا هەولیش دەدەم زمانیکی جیاوازیش بخولقینم و ئەو هەستو بیرانەم بگوازیتەوە کەبەردەوام نوێ دەبنەوە ، پرسیاری من لە زمان لەو پرسیارە دەچی کەلەجیهانی دەکەم.

* ئەدۆنیس شاعیریکە بەردەوام پرسیار لەخۆیو سەردەمەکەیو میژووی نەتەوەکەیو لەشارستانیەتەکانی تریش دەکا، لەوانە شارستانیەتی نویی خۆرئاواییش. خەریکە لەلای زۆربەی شاعیرانی دیکەی عەرەب پرسیار ون دەبێ، هۆی ئەمە چییە؟

– هۆی ئەمە، بەبروای من کاریگەریی خراپی ئەو ئایدیولۆژییانەیە کەحوکمی کەلتووری عەرەبی وهەست وشعوری مرۆڤی عەرەبییان کردووە ، ئەو کەلتوورەی لەسەر ئایدیۆلۆژیا دادەمەزری پیی وایە وەڵامی کۆتایی بۆ هەموو شتیك پییە، لەبەرئەوە ئەم جۆرە کەلتوورە پرسیار ناکات بەلکو تەنیا وەڵام دەداتەوە. من لەو باوەردەدام مەسەلەکە لەوەدا نییە وەڵام بدەیتەوە بەلکو لەچۆنیەتی پرسیار کردنە لەجیهان، پاشان وزەی راستەقینەی مرۆڤ لەخستنەرووی وەڵامی ئامادەکراودا نییە بەلکو لە خستنەرووی پرسیاری بەردەوامە. گرنگترین گیروگرفتی رۆشنبیریی ئیمە

کەتیادا دەژین ون بوونی پرسیارە، هەر رۆشنبیرییەکیش پرسیاری گەورەی تیادا نەبیت، رۆشنبیرییەکی مردووە.

*جاریکی تر دەگەریمەوە بۆ مەسەلەی زمان: تۆ لەیەکێ لەشیعرەکانتدا دەلیی: (با زمانی سروشتەو تیشکیش زمانی پەتی) ئەمە مانای چییە؟

– مەبەستم لەوەی کە (تیشك) زمانی پەتییە ، واتە تیشك بەسروشتی خۆی شت رۆشن و روون دەکاتەوە. تیشك لەم لایەنەوە زۆر لە زمانی پەتی دەچێ کە دەتوانێ مرۆڤ و هەست و بۆچوونەکانی روناك و ئاشکرا بکات، بەڵام زمانی ئاسایی ناو خەلك، سەبارەت بەمن، وەك (با)یەکی فرە دەلالەتە هەندێ جار ناشیرینەو هەندێ جاری دیش توندەو جاری واش هەیە گەرمەو جارو باریش فینك و هیمنە (با) هیمای جیهانە لە هەمەرەنگی وفرەیی و جووڵانەوەیدا. زمانی ئاسایی قوولترین دەلالاتی مرۆڤ هەلدەگرێ چونکە بەو زمانە خەون دەبینێ و جنیو دەداو ژیانی رۆژانەی پرۆسە دەکا، لەبەر ئەوە ئەو زمانە لە (با) دەچێ. بۆیە من وای دەبینم پیویستە لەزمانی پەتیدا رۆحی زمانی ئاساییش هەبێ.

* ئایا خەون بەدەرکەوتنی (نیچە) یەکی عەرەبی دەبینیت؟

– بەلێ نیچە لای من هیمای رۆشنبیرییە لە بەر ئەوەی لەرزینیکی خستەناو ریساکانی رۆشنبیریی مەسیحی و یەهودیی ئەوروپییەوەو ئاسۆیەکی نویی بەخشییە پرسیاری چارەنووس و بوون . بەرای من کەلتووری عەرەبی پیویستی بەداهینەریکی وەك نیچە هەیە تا ریسا جیگیرەکان بلەرزینێ و لە ناو تایبەتمەندی و گیروگرفتە تایبەتییەکانی خۆیدا ئاسۆیەکی نوێ بکاتەوە.

*جگە لەنیچە لەداهینەرانی ئەلماندا کیی دیکە کاری تیکردوویت؟

– من بەتایبەتی بەرهەمی هۆلدەرلین و ریلکەو کەسانی دیکەم خویندۆتەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە لەریگەی وەرگیرانەوە خویندوومنەتەوە، لەبەر ئەوە نەمتوانیوە چیژ

لەشیعرییەتی زمانەکەیان وەربگرم . بە بروای من مەحالە شیعرییەتی قەسیدە لە شیعریەتی زمان جیابکریتەوە، ئەمەش مانای ئەوەنییە کەنەمتوانیوە بچمە ناو دنیای ئەو شاعیرانەوە، بەڵام زەحمەتە بتوانم کاریگەری ئەوان لەسەر روانینی شیعریم دیاری بکەم. دەتوانم بلیم نیچە لەشاعیرەکانی دی پتر کاری تیکردووم چونکە نیچەم وەك سەرجەمگیرییەکی فیکری خویندەوە بەڵام نەمتوانی شاعیرەکانی دی بەسیفەتی سەرجەمگیریی شیعری بخوینمەوە بیگومان بەهۆی بەربەستی زمانەوە.

* کتیبە شیعرییەکەت بەناوی (کتیبی گەمارۆ) لەدوای تیپەربوونی چوار ساڵ بەسەر گەمارۆدانی بەیرووتدا چاپ کرا . ئەم ماوە زەمەنییە بۆچی؟

– بۆئەوەی رووداویك بکەی بەدەق دەبێ مەسافەیەك لەنیوان تۆو روداوەکەدا هەبێ تابتوانی وەك (هیما) ئەو حالەتە دەربخەیت نەك وەك کۆمەلێ (رووداو) گشت ئەو جەنگو مەینەتییانەی لەجیهانی عەرەبیدا روو دەدەن دووچاری سەرسورمانم ناکەن ، تۆ دەتوانی درك بەوە بکەیت ئەو تاشە بەردەی لەسەر چیایەك وەستاوەو هیچ شتیکیش جیگیری نەکردووە، دەشێ لەهەر ساتیکدا خلۆربیتەوە، بۆیە رووداوو کارەساتەکانم پێ سەیرنین.

* زۆرجار دەوترێ رووداوی گەورە ئەدەبی گەورە بەرهەم دەهینێ، کەچی دەبینین لەناو عەرەبدا، سەرباری ئەو رووداوە گەورانەی لەچەرخی نویدا تیایدا ژیاون، تائیستا شتیکی وایان بەرهەم نەهیناوە بەقەدەر بارستایی ئەو رووداوانە بێ.

– من ئەم قسەیەم پی راست نییە ، گەلی رووداوی گەورە لەمیژوودا هەن ئەدەبیکی گەورەیان بەرهەم نەهیناوە، بەپیچەوانەشەوە هەندێ رووداوی بچووك هەن ئەدەبیکی مەزنییان بەرهەم هیناوە ، شاعیر تەنیا لە بارەی جەنگو کوشتنو ستەم نانووسێ، بەلکو لەبارەی میروولەو گوڵو زەردەخەنەو چۆلەکەو شتی زۆر بچووكو ئاساییش

دەنووسێ، گەورەیی ڕووداو بەهیچ جۆرێ پەیوەندی بەگەورەیی کاری هونەرییەوە نییە. بەڵام بۆچی ڕوداوە گەورەکانی جیهانی عەرەبی ئەدەبیکی ئیبداعی گەورەیان بەرهەم نەهیناوە، ئەمە پەیوەستە بەچەند شتیك کەپیشتر باسمان کردووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەلیم شیعری هاوچەرخی عەرەبی لەئاستی ئەو ڕووداوانەدا بووە کەتیایاندا ژیاوین، شیعری هاوچەرخی عەرەبی لەئاستی شیعری جیهانیدایەو لەوانەیە پیش شیعری هاوچەرخی خۆرئاواش بکەوێ ، بۆ نموونە هەندێ شیعری بەدر شاکر سەییاب هەن لەهیچ شیعریکی هاوچەرخی دیکەدا نمونەی وانابینین ، لەراستیدا ئیمە زۆر زولم لەخۆمان دەکەین ئەگەر پیمان وابێ شاعیری گەورەمان نییە کە لەئاستی شیعری جیهانیدا بیت.

*ڕای ئەدۆنیس لەبارەی ڕۆمانی عەرەبییەوە چییە؟

– ناتوانم لەم بوارەدا قسەیەك بکەمو ببمە دادوەر. من لە بنەڕەتدا بایەخ بەشیعری جیهان دەدەم. ڕۆمانیش جیاوازە لە دنیای شیعر، ڕۆمان لە پەخشانیکدا جیهان دەخاتە ڕوو زەمەن تیایدا شیکراوەتەوە، بەڵام شیعر بریتییە لەزەمەنیکی چڕکراو. کاتیك ڕۆمان دەخوینمەوە واهەست دەکەم جیهان هەر ئەو جیهانەیە کە لەژیانی ڕۆژانەدا دەیبینم ، لەوانەشە ئەم ڕایەی خۆم بگۆڕم ئەگەر (ڕۆمان– قەسیدە)یەکی جوانم دەست بکەوێ ئەوەی کە لە ئەدەبی نویی عەرەبیدا ونە . یەکێ لەو ڕۆمانانەی عاشقی بوومە (مۆبی دیك)ی هیرمان ملیڤلە، ئامادەم هەمیشە و بەبەردەوامی بیخوینمەوە، چونکە ئەم ڕۆمانە ڕوانینیکی شیعرییە بۆ جیهان.

# کورتەی ژیان و بەرهەمەکانی ئەدۆنیس

ناوی تەواوی (علی احمد سعید إسبر)ە، لەسەرەتای مانگی کانوونی دووەمی سالی (1930) لەگوندی (قصابین) لەسووریە لەدایك بووە، لە تۆماری رەسمیدا رۆژی لە دایکبوونی 1930/9/14 نووسراوە، لەسەر دەستی باوکی کەشاعیریکی سۆفیست بووە، فیری خویندەواری بووە، پاشان لەقوتابخانەی (لاییك) خویندوویەتی و قۆناغی ناوەندیشی لەئەنتاکیە تەواو کردووە، لەسالی (1946) کە لەپۆلی پینجەمی دواناوەندی بوو، پەیوەندیی کردووە بەحزبی نەتەوەیی سووری، لەو کاتانەدا دەستی بەنووسینی شیعر کردووە، لەسالی (1948)دا ناوی (ئەدۆنیس)ی بۆ خۆی

هەلبژارد، لەساڵانی چلەکاندا هەندێ شیعری لەگۆڤاری (القیثارة) بڵاو کردەوە، لەسالی (1950)دا (خالیدە سەعید) ی لەدیمەشق ناسی کەدواتر بوو بەخیزانی، لەسالی (1954) دیوانە شیعری (قالت الارض)ی چاپکرد. لەزانکۆی دیمەشقدا بەشی فەلسەفەی تەواوکردو پاشان ماجستیری بەدەست هینا، بابەتی ماجستیرەکەی بەناوی (الهو هو عند المکزون النجاری) کەشاعیریکی هاوچەرخی (ابن الفارض) بووە، (الهو هو) تەعبیریکی سوفیگەرانەیەو واتای (مانا) و(وینە) دەگەیەنێ.

لەسالی (1954) بەهۆی ئەندامبوونی لەحزبی سووری نەتەوەیی خرایە زیندانەوە، هەروەها خالیدە سەعیدی خیزانیشی هەر لەو سالەدا خرایە زیندانەوە، لەسالی (1956) لەزیندان بەربوو و بەرەو بەیرووت کۆچی کرد، لەویدا یوسف الخالی ناسی کەلەنیویۆرك هاتبووەوەو پیکەوە گۆڤاری (شیعر)یان دەرکرد، لەژمارەی یەکەمی گۆڤاری شیعرو لەسالی (1957)دا ئەدۆنیس شانۆنامەیەکی شیعریی کورتی بەناوی (مجنون بین الموتی) بڵاو کردەوە، هەرلەو سالەشدا لەبەیروت سەیابی ناسی.

ئەدۆنیس لەبەیروتدا ژیانیکی شیعریو رۆشنبیریی نویی دەستپیکرد، بەمجۆرە لەگۆڤاری (شیعر)دا بەردەوام شیعرو بابەتی دیکەی دەنووسی و خۆی بەکاری وەرگیرانەوە خەریك دەکرد، لەسالی (1957) دیوانی (قصائد اولی)ی چاپکرد، ئەدۆنیس لەهیچ شوینیکی رەسمیدا وەك فەرمانبەر دانەمەزراوە، لەسالی (1958) لەگەڵ حەلیم بەرەکاتو عادل زاهیر گۆڤاری (افاق)یان دامەزراند، هەر لەوسالەشدا دیوانە شیعری (اوراق فی الریح)ی بەچاپ گەیاند، لەسالی (1960) منحەیەکی لەحکومەتی فەرەنسی دەستکەوت تابۆماوەی سالیك لەپاریسدا بژی، لەپاریسدا لەنزیکەوە بزاوتی شیعریو رۆشنبیریی و کۆمەلێ شاعیری ناسی، لەوانە: هینری میشۆ، تریستان تزارا، پییرئیمانۆئیل، ئیف بۆنفوا، ئۆکتاڤیۆپاز، پییرجان جوف، جاك بریڤیر، پۆل سیلان، میشیل دۆکی، زۆربەی شیعری ئەم شاعیرانەی

وەرگیراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لەگۆڤاری (شیعر) بڵاوی کردوونەتەوە، لەسالی (1961) لەبەیرووت کۆمەڵە شیعری (اغاني مهيار الدمشقي)ی چاپکردو هەر لەوساڵەدا چووە ئیتالیا تابەشداری لەکۆنگرەی ئەدەبی رۆمادا بکات و لەویدا بابەتیکی بەناونیشانی (شیعری عەرەبی و گرفتی نویکردنەوە) پیشکەش کرد، لەبەهاری ساڵی (1963)دا لەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (شیعر) بوو بەناکۆکییان و لییان جودا بووەوە، لەسال (1965) دیوانی (كتاب التحولات والهجرة في اقاليم النهار والليل)ی چاپکرد. لەسالی( 1968)دا گۆڤاری (مواقف)ی دامەزراند کە هەر لەوساڵەدا دیوانە شیعری (المسرح والمرايا)ی چاپکرد.

لەسالی ( 1970 ) لەزانکۆی بەیرووتدا بوو بەمامۆستا، لەسالی (1973 ) دکتۆرای دەولەتی لەزانکۆی قەدیس یووسف لەبەیرووت بەدەستهینا، تیزی دکتۆرانامەکەی بەناونیشانی (الثابت والمتحول:بحث في الاتباع والابداع عند العرب) کەبریتی بوو لەسێ بەش، بەشی یەکەمی لەسالی (1974) بەناوی (الاصول) چاپکردوبەشی دووەمیشی لەسالی (1977) بەناوی (تاصيل الاصول) وبەشی سییەمیش لەسالی (1978) بەناوی (صدمة الحداثة). بەدریژایی ئەو ماوەیە لەزۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە، بەتایبەتی لەهەردوو رۆژنامەی (السفير) و (النهار)و گۆڤاری (الموقف الادبي) و(المسرح) وگۆڤاری ESPRIT لەپاریس و گۆڤاری (المجله) لەقاهیرە و (الكرمل) لەبەیرووت و نیقۆسیا و(الطريق) لەبەیرووت و (الثقافة الجديدة) لە مەغریب و (كلمات) لەبەحرەین.

لەنیوان ساڵانی (1980–1981) لەزانکۆی سۆربۆن لە فەرەنسە دەرسی وتۆتەوە، لەسالی (1983) بوو بەئەندامی دەستەی باڵای کۆلیجی فەلسەفە لەپاریس . لەسالی (1985) بەهۆی شەری ناوخۆوە بۆیەکجاری بەیرووتی بەجیهیشت و چووە پاریس، پاشان بۆ ماوەی چوار مانگ لەزانۆی جۆرج تاون لەواشنتۆن دەرسی وتۆتەوە،

پاشان بووه بەنوینەری هەمیشەیی زانکۆی ولاتە عەرەبییەکان لەیۆنیسکۆ لەپاریس بەڵام لەسالی (1990)دا دەستی لەکارکیشاوەتەوە.

## بەرهەمەکانی :

### 1- شیعر

(دليلة)، 1950، دیمەشق.

(قالت الارض)، 1954، دیمەشق

(قصائد اولى) ، بەیروت، چاپی یەکەم، 1957.

(اوراق في الريح) بەیرووت، چاپی یەکەم، 1958.

(اغاني مهيار الدمشقي) بەیرووت، چاپی یەکەم،1961

(كتاب التحولات والهجرة في اقاليم النهار والليل)، بەیرووت، چاپی یەکەم، 1965،

(المسرح والمرايا)، بەیرووت، چاپی یەکەم، 1968.

(وقت بين الرماد والورد)، بەیرووت، چاپی یەکەم 1970.

( مفرد بصيغة الجمع)، بەیرووت، چاپی یەکەم 1975.

(كتاب القصائد الخمس) بەیرووت، چاپی یەکەم، 1979

(المطابقات والاوائل)، بەیرووت، چاپی یەکەم،1980.

(كتاب الحصار)، بەیرووت، چاپی یەکەم، 1985.

(شهوة تتقدم في خرائط المادة)، دار توبقال للنشر ، المغرب، 1987.

(هذا هو اسمي)، بەیرووت، چاپی یەکەم، 1988.

( احتفاء بالاشياء الواضحة الغامضة)، بەیرووت، چاپی یەکەم 1988.

(ابجدية ثانية ) بيروت - 1994 .

(الكتاب: امس المكان الآن) بەیرووت، 1995.

(**فهرس لاعمال الريح** ) – 1998 .

## 2- لیکۆلینەوە

(**مقدمه للشعر العربی)، بەیرووت، چاپی یەکەم** 1971.

(**زمن الشعر) بەیرووت، چاپی یەکەم،** 1972.

( **الثابت والمتحول- بحث في الاتباع والابداع عند العرب)**

**أ- (الاصول-** 1974.

**ب- تأصيل الاصول-** 1974.

**ج- صدمة الحداثة-** 1978.

(**فاتحة لنهايات القرن) بەیرووت، چاپی یەکەم،** 1980.

(**سياسة الشعر- دراسات في الشعرية العربية المعاصرة)، بەیرووت، چاپی یەکەم** 1985.

(**الشعرية العريبة)** ، **بەیرووت، چاپی یەکەم** 1985.

(**كلام البدايات) بەیرووت، چاپی یەکەم/** 1989.

(**الصوفية والسوريالية)، بەیرووت، چاپی یەکەم**1992.

( **مختارات من شعر يوسف الخال)، بەیرووت، چاپی یەکەم،** 1962

(**مختارات من شعر السياب)، بەیرووت، چاپی یەکەم،** 1967.

(**مختارات من شعر شوقی) ،بەیرووت، چاپی یەکەم** 1982.

(**مختارات من شعر الرصافي)، بەیرووت، چاپی یەکەم** 1982.

(**مختارات من شعر الكواكبي)، بەیرووت، چاپی یەکەم** 1983.

(**مختارات من شعر محمد عبده)** ، **بەیرووت، چاپی یەکەم**1983

(**مختارات من شعر محمد رشيد رضا)** ، **بەیرووت، چاپی یەکەم**1983

(مختارات من شعر الزهاوي) ، بەیرووت، چاپی یەکەم1983
(ئەم شەش کتیبەی دوایی لەگەڵ خالیدە سەعید شیعرەکانیان هەلبژاردووەو پیشەکییان بۆ نووسیوە).
(النظام و الكلام) – بيروت – 1993 .
(النص القراني و افاق الكتابة) – بيروت – 1993 .
( ها انت ايها الوقت : سيرة شعرية ثقافية ) – 1993 .

3- **وەرگیران:**
(الاعمال المسرحية الكاملة لجورج شحادة)، الكويت، 1972–1975.
(الاعمال الشعرية الكاملة – سان جون بيرس)، دمشق، 1976–1978.
(مسرحيتان لراسين)، (فيدر) الكويت 1975، (الشقيقان العدوان) دمشق 1975.
(الاعمال الشعرية الكاملة– ايف بونفوا)، دمشق، 1986.

تێبینی: ئەم زانیارییانەم لەم کتێبانە وەرگرتووە:
1– محمد بنيس، الشعر العربي الحديث (3) الشعر المعاصر، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، ط2، 1996.
2– ادونيس، النص القراني وافاق الكتابة، دار الاداب– بيروت) ط1–1993.
3– صقر ابو فخر، حوار مع ادونيس: الطفولة، الشعر، المنفى– المؤسسة العربية للدراسات والنشر– ط1– بيروت 2000.



# صقر ابو فخر

- نووسەریکی فەلەستینییەو لە لوبنان دەژی.

- 1953 لە دایك بووە.

- 1976 بەکالۆریۆسی لە ئابووری وەرگرتووە.

- 1984،1985 سکرتیری نووسینی گۆڤاری (المصير الديمقراطي) بووە.

- 1992 ئـەندامی دەسـتەی نووسـەرانی فـایلی (معلومـات) کـە لـە ڕۆژنامـەی (السـفیر) دەردەچوو.

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی (مجلة الدراسات الفلسطینیة)یە .

**هەندێ لە بەرهەمەکانی:**

★ الجنس عند العرب، دار الجمل- المانیا 1991.

★ حوار بلا ضفاف مع الدکتور صادق جلال العظم، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر – بیروت 1998.



# نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

- 1962 کەرکوك

- 1986،1987 بەکالۆریۆس لە زمانو ئـەدەبی عـەرەبی/ کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین.

**بەرهەمە چاپکراوەکان:**

★ شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خویندنەوە (دەق و رەخنە)، چاپخانەی رەنج- سلیمانی 2001.

★ بیری رەخنەیی هاوچەرخ- کۆمەلێ وتاری وەرگیردراو، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی- هەولیر 2001.

## ئامادەیە بۆ چاپ:

★ ئایین و عەلمانییەت و کۆمەلگای مەدەنی- گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن، سازدانی هاشم صالح، (وەرگیران).

★ بازنەی کراوە- کۆمەلێ وتاری رەخنەیی و ئەدەبی.

★ مەملەکەتی تیشکەکان – کۆمەلێ چیرۆکی وەرگیردراو.

★ مالئاوا ئەی شاعیران- سێ شانۆنامەی وەرگیردراو.

★ نصوص کردیة حدیثة- مجموعة قصائد وقصص مترجمة الی العربیة.

★ کتاب الشعر – قصائد مترجمة للشاعر الکردي احمدی مەلا- بالاشتراك مع صباح آرام.